حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان

# بەشداریی نەخشەی زمانیی تاک لە ڕێککەوتنی زمانییدا

## (بەشدارییە زمانییە ئەلیکترۆنییەکان بە نموونە)

تێزێکە

**محمد حسین احمد**

پێشکەشی کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

(٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم تێزە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕۆژ: ٦ / ٨ /٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم:

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ٥ / ٩ /٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول
ئەندام
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

ناو: پ.د. یوسف شریف سعید
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. تریفە عمر احمد
ئەندام
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. نەوزاد انور عمر
ئەندام
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

ناو: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. ئازاد عزیز سلێمان
ئەندام
ڕۆژ: ٨ / ١٠ /٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ١٥ / ١٠ /٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- ✓ ئەو دوو میهرەبانەی، کە نزاکانیان سەرچاوەی سەرکەوتنەکانمن (دایک و باوکم).
- ✓ خوشک و براکانم.
- ✓ هاوسەری ژینم
- ✓ هەر کوردزمانێکی دڵسۆز، لەوانەش:

بەڕێز کاک (بۆکان حەسەن جاف)، کە خزمەتێکی بێوێنەی لە پێشخستنی زمانی کوردیدا کردووە.

# سوپاس و پێزانین:

سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆ:

- ✓ پەروەردگاری جیهان، کە هەرگیز بەندەکانی بێئومێد ناکات.
- ✓ مامۆستای بەڕێزم (پ.د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتووەتەئەستۆ.
- ✓ هاوسەر و هاوخەمی ژینم (ئاسوودە خان)، کە بە هەموو شێوەیەک هاوکارم بووە.
- ✓ مامۆستایانی بەڕێز: (پ.د.کاروان عومەر، پ.د.ئاڤێستا کەمال، پ.د.شیلان عومەر)، هەروەها هاوپیشە و هاوڕێ دڵسۆزەکانم: (د.هۆگر عومەر ئەحمەد، د.لیمۆ تەوفیق، د.هەژار والی، د.نالی ئەدهەم)، کە لە دەستخستنی سەرچاوە و بەپێزکردنی تێزەکەدا درێغییان نەکردووە.
- ✓ هەموو ئەو هاوڕێ و هاوکارانەی، کە بە هەر جۆرێک و لە هەرکاتێکدا یارمەتییانداوم.

## لیستی زاراوەکان

| ز | بە زمانی کوردی | بە زمانی ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ١. | ئەرکی میتازمانی | Metalanguage function |
| ز | ئیدیۆلێکت/ زمانی تاک | Idiolect |
| ٢. | باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن | Dominance and Control |
| ٣. | بەرزی و نزمیی دەنگ | vocal pitch |
| ٤. | بۆشایی ڕەهەندە هەمەچەشنەکان | multi-dimensional space |
| ٥. | پرسیاری ڕەوانبێژی | rhetorical question |
| ٦. | پەرژین | Hedge |
| ٧. | پێڕەوی زاریی | Diasystem |
| ٨. | تاکگەرایی | Individuality |
| ٩. | تاکگەرایی دەربڕین | expressive Individuality |
| ١٠. | توانستی پەیوەندیکردن (لای هایمز) | Communication Competence |
| ١١. | توانستی زمانی (لای چۆمسکی) | Linguistic Competence |
| ١٢. | تیۆری بێدەنگی | Silence Theory |
| ١٣. | تیۆری قبوڵکردن یان ڕەزامەندیی دەسەڵات | acceptance or consent theory of authority |
| ١٤. | تیۆری ناسینەوەی دەنگ | Voice Identification Theory |
| ١٥. | تیۆری نێوان زمانی | Inter-language Theory |
| ١٦. | تیۆری ئاخاوتنی منداڵ | Baby Talk Theory |
| ١٧. | جووتزمان | Bilingual |
| ١٨. | جیاوازییە دەنگییەکان | phonological differences |
| ١٩. | چاپ/ مۆرە دەنگییەکان | voice-prints |
| ٢٠. | چڕکردنەوەکان | Intensives |
| ٢١. | چڕکەرەوە زمانییەکان | Linguistic intensity |
| ٢٢. | چۆنێتیی گۆکردن | Pronunciation |
| ٢٣. | دانە وشەییەکان | vocabulary items |
| ٢٤. | دەرکردە زمانییەکان | The linguistic output |
| ٢٥. | دەسەڵات و هاوکاری | Power and Solidarity |
| ٢٦. | دەنگی فیزیکی | The Physical Voice |

| | | |
|---|---|---|
| Dualism | دووانەیی | .٢٧ |
| Hesitation | دوودڵی | .٢٨ |
| The phenomenon of error | دیاردەی هەڵەکردن | .٢٩ |
| Rate | ڕادەی خێرایی دەربڕینی دەنگ | .٣٠ |
| Emergent Grammar | ڕێزمانی لەپڕدەرکەوتوو | .٣١ |
| Genderlect | زاری توخمی | .٣٢ |
| Geographical Dialect | زاری جوگرافی | .٣٣ |
| Class Dialect | زاری چینوتوێژ | .٣٤ |
| Ecolect | زاری خێزانی | .٣٥ |
| Acrolect | زاری فەرمی | .٣٦ |
| Sociolect /Social Dialect | زاری کۆمەڵایەتی | .٣٧ |
| Patois | زاری گشتی (ناوخۆیی) | .٣٨ |
| Chronolect | زاری ماوەیەکی دیاریکراو | .٣٩ |
| Basilect | زاری نافەرمی | .٤٠ |
| Ethnolect | زاری نەژادی | .٤١ |
| Mesolect | زاری نیوەفەرمی | .٤٢ |
| Cognitive Linguistics | زانستی زمانی درکپێکردن | .٤٣ |
| Stylistics | زانستی شێواز/ شێوازناسی | .٤٤ |
| linguistic individual | زمانەوانیی تاک | .٤٥ |
| I-Language (internal language) | زمانی (ناوەوە)ی تاک لای چۆمسکی | .٤٦ |
| Powerless Language | زمانی بێهێز | .٤٧ |
| Private Language | زمانی تایبەتی | .٤٨ |
| women's language | زمانی ژن/ ژنان | .٤٩ |
| E-language (external language) | زمانی هاوبەش (دەرەکی) لای چۆمسکی | .٥٠ |
| Power Language | زمانی هێز | .٥١ |
| linguistic strategies | ستراتیژە زمانییەکان | .٥٢ |
| persuasive strategy | ستراتیژی قایلکەر | .٥٣ |
| Topic | سەرباس | .٥٤ |
| Sociophonetic | دەنگسازیی کۆمەڵایەتی | .٥٥ |
| Identification | شوناس | .٥٦ |

| | | |
|---|---|---|
| powerful style | شێوازی بەهێز | ٥٧. |
| powerless style | شێوازی بێهێز | ٥٨. |
| Registers | شێوەکانی دووان | ٥٩. |
| politeness strategy | فۆرمی بەڕێزانە | ٦٠. |
| Individual patterns | قاڵب/ تەرزەکانی تاک | ٦١. |
| Persuasion | قایلکردن/ ڕازیکردن | ٦٢. |
| Influence | کاریگەری | ٦٣. |
| act identity | کردەی شوناس | ٦٤. |
| tag question | کلکەپرسیار | ٦٥. |
| linguistic generation gaps | کەلێنە زمانییەکانی نێوان نەوەکان | ٦٦. |
| Quantitative Sociolinguistics | کۆزمانەوانیی ڕێژەیی | ٦٧. |
| Cognitive Sociolinguistics | کۆزمانەوانیی درکپێکردن | ٦٨. |
| Speech Community | کۆمەڵی ئاخاوتنی | ٦٩. |
| mixed ethnic | نەژادتێکەڵ | ٧٠. |
| Homogeneous | هاوشێوەیی | ٧١. |
| empty adjectives | هاوەڵناوە بەتاڵەکان | ٧٢. |
| Conformity | هەڵکردن | ٧٣. |
| Power | هێز/ دەسەڵات | ٧٤. |
| Language power | هێزی زمان | ٧٥. |
| social power | هێزی کۆمەڵایەتی | ٧٦. |

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ١-٣ |
| ١) ئیدیۆلێکت و جیاوازییە زمانییەکان لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە | | ٤-٤٥ |
| ١/١) | بەهای ئیدیۆلێکت لە لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانیدا | ٤ |
| ١/١-١) | کۆزمانەوانیی پەیوەست بە زمان و زارەوە | ٤ |
| ١/١-١-١) | زار و شێوەزار | ٧ |
| ١/١-١-٢) | پەیوەندیی ئیدیۆلێکت بە زاری کۆمەڵایەتی و زاری جوگرافییەوە | ٨ |
| ١/١-١-٣) | بەراوردی نێوان زاری کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلێکت و شێواز | ١١ |
| ١/١-٢) | چەمکی ئیدیۆلێکت (بنەمای تیۆری) | ١٥ |
| ١/١-٢-١) | ئیدیۆلێکت (Idiolect) لە ڕوانگەی تیۆرە زمانەوانییەکانەوە | ١٥ |
| ١/١-٢-٢) | ئیدیۆلێکت (زاراوە و ناساندن) | ١٨ |
| ١/١-٢-٣) | پێگە و بەهای ئیدیۆلێکت لە کۆزمانەوانیدا | ٢٠ |
| ١/٢) | جیاوازییە زمانییەکان و هۆکارەکانی | ٢٥ |
| ١/٢-١) | چەمکی جیاوازییە زمانییەکان | ٢٥ |
| ١/٢-٢) | هۆکارەکانی جیاوازییە زمانییەکان | ٢٩ |
| ١/٢-٢-١) | بۆماوە و ژینگە | ٣٠ |
| ١/٢-٢-٢) | نەژاد | ٣٢ |
| ١/٢-٢-٣) | تەمەن | ٣٥ |
| ١/٢-٢-٤) | توخم | ٣٨ |
| ١/٢-٢-٥) | چینی کۆمەڵایەتی | ٤٣ |
| ٢) ڕۆڵی نەخشەی زمانیی لە دارشتنی شێوازی زمانیی تاکدا | | ٤٦-٩٨ |
| ٢/١) | نەخشەی زمانیی تاک لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا | ٤٦ |
| ٢/١-١) | گرنگیی زمانی تاک لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا (بنەمایەکی پێویست) | ٤٦ |
| ٢/١-٢) | ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی تاک | ٥٢ |
| ٢/١-٣) | تاکگەرایی (Individuality) و هەڵکردن (Conformity) | ٥٥ |
| ٢/١-٤) | نەخشەی زمانیی تاک (چەمک و ناساندن) | ٦١ |
| ٢/١-٥) | نەخشەی زمانیی تاک پەیوەست بە هێزی زمان و زمانی هێزەوە | ٦٧ |
| ٢/٢) | شێوازی زمانی بەهێز و بێهێز لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە | ٧٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١-٢/٢) | هێز و دەسەڵات (power) لە زماندا (بنەمایەکی تیۆریی) | ٧٣ |
| ٢-٢/٢) | دەسەڵات و هاوکاری (power and Solidarity) | ٧٥ |
| ٣-٢/٢) | شێوازی بەهێز (powerful style) و شێوازی بێهێز (powerless style) | ٧٨ |
| ٤-٢/٢) | کاریگەری و قایلکردن وەک بنەمای دەسەڵات | ٨٣ |
| ٥-٢/٢) | ستراتیژە زمانییەکانی شێوازی بەهێز/ بێهێز | ٨٦ |
| ١-٥-٢/٢) | پەرژین (hedge) | ٨٧ |
| ٢-٥-٢/٢) | فۆرمی بەرێزانە | ٨٩ |
| ٣-٥-٢/٢) | فۆرمی پرسیاری | ٩٠ |
| ١-٣-٥-٢/٢) | کلکەپرسیار | ٩٠ |
| ٢-٣-٥-٢/٢) | پرسیاری رەوانبێژی (rhetorical question) | ٩٠ |
| ٤-٥-٢/٢) | دوودڵی (hesitation) | ٩١ |
| ٥-٥-٢/٢) | چڕکەرەوە زمانییەکان (Linguistic intensity) | ٩٢ |
| ٣) شێوازی زمانی وتاری ئاینی و رۆڵی لە رێککەوتنی زمانیدا | | ١٤٦-٩٩ |
| ١/٣) | رێکارەکانی لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە | ٩٩ |
| ١-١/٣) | بوار و سامپڵی توێژینەوەکە | ٩٩ |
| ٢-١/٣) | میکانیزمی وەرگرتنی نموونەکانی سامپڵی توێژینەوە | ١٠٠ |
| ٣-١/٣) | تایبەتمەندییە زمانییەکانی وتاری ئاینی | ١٠٢ |
| ٤-١/٣) | ئاماری کۆی ستراتیژە زمانییەکان لە وتاری ئاینیدا | ١٠٤ |
| ٢/٣) | شیکردنەوەی ستراتیژە زمانییەکانی وتاری ئاینی | ١٠٥ |
| ١-٢/٣) | فۆرمی بەرێزانە لە وتاری ئاینیدا | ١٠٥ |
| ٢-٢/٣) | پەرژین لە وتاری ئاینیدا | ١٠٧ |
| ٣-٢/٣) | فۆرمی پرسیاری لە وتاری ئاینیدا | ١١٠ |
| ١-٣-٢/٣) | کلکەپرسیار | ١١٠ |
| ٢-٣-٢/٣) | پرسیاری رەوانبێژی | ١١٠ |
| ٣-٣-٢/٣) | پرسیاری ئاسایی | ١١٣ |
| ٤-٢/٣) | روونکردنەوە لە وتاری ئاینیدا | ١١٦ |
| ١-٤-٢/٣) | بەڵگەهێنانەوە | ١١٧ |
| ٢-٤-٢/٣) | نموونەهێنانەوە | ١١٩ |
| ٣-٤-٢/٣) | هاوواتایی | ١٢٣ |
| ٤-٤-٢/٣) | دووبارەکردنەوەی جەختیانە | ١٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥-٢/٣) | چرکەرەوە زمانییەکان لە وتاری ئاینیدا | ١٢٧ |
| ٦-٢/٣) | سوێندخواردن لە وتاری ئاینیدا | ١٢٩ |
| ٧-٢/٣) | دوودڵی لە وتاری ئاینیدا | ١٣٢ |
| ١-٧-٢/٣) | هەڵەی زمانەوانی | ١٣٣ |
| ١-١-٧-٢/٣) | هەڵەی فەرهەنگی | ١٣٣ |
| ٢-١-٧-٢/٣) | هەڵەی ڕێزمانی | ١٣٣ |
| ٢-٧-٢/٣) | پچڕاندن/ تێپەڕاندنی باس | ١٣٧ |
| ٣-٧-٢/٣) | دووبارەکردنەوە | ١٣٧ |
| ٤-٧-٢/٣) | خۆڕاستکردنەوە | ١٣٩ |
| ٥-٧-٢/٣) | هەڵەی زانستی | ١٤٠ |
| ٣/٣) | ستراتیژە زمانییەکانی وتاری ئاینی و شێوازی زمانی بەهێز/ بێهێز | ١٤٢ |
| | ئەنجامەکان | ١٤٨-١٤٧ |
| | سەرچاوەکان | ١٥٨-١٤٩ |
| | پاشکۆکان | ١٨٨-١٥٩ |
| | پاشکۆی ژمارە (١) | ١٥٩ |
| | پاشکۆی ژمارە (٢) | ١٦٨ |
| | پاشکۆی ژمارە (٣) | ١٧٣ |
| | پاشکۆی ژمارە (٤) | ١٧٧ |
| | پاشکۆی ژمارە (٥) | ١٨٢ |

# پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بەشی یەکەم: دابەشبوونی هەرەمیی زمان | ٩ |


# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | **بەشی یەکەم: تێڕوانینی "سۆسێر" و "چۆمسکی" و ئەوانی تر لە شیکردنەوەی زماندا** | ١٨ |
| ٢ | **بەشی دووەم: کارلێکی نێوان توانای (هزری، زمانی، پەیوەندیکردن) لە بەرهەمهێنانی چالاکییە مرۆییەکاندا** | ٤٧ |


# پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **خشتەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١ | **چوارچێوەی تیۆریی شیکردنەوەی زمانەوانی** | ١٥ |
| ٢ | **هاوواتایی و فرەچەشنیی وشەیی لە فەرهەنگی شێوەزاری گەرمیاندا** | ٣٥ |
| | **خشتەکانی بەشی سێیەم** | |
| ١ | **ژمارە و ڕێژەی سەرجەم ستراتیژە بەکارهاتووەکان لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٠٤-١٠٥ |
| ٢ | **خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی سەرجەم نموونەکانی فۆرمی بەرێزانە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٠٦ |
| ٣ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پەرژینی زمانی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٠٧ |
| ٤ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پرسیاری ڕەوانبێژی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١١١ |
| ٥ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پرسیاری ئاسایی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١١٤ |
| ٦ | **سەرجەم ستراتیژەکانی بەڵگەهێنانەوە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١١٨ |
| ٧ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی نموونەهێنانەوە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٢١ |
| ٨ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی هاوواتایی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٢٤ |
| ٩ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی دووبارەکردنەوەی جەختیانە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٢٦ |
| ١٠ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی چرکەرەوە زمانییەکان لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٢٨ |
| ١١ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی سوێندخواردن لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٣١ |
| ١٢ | **ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی دوودڵی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا** | ١٣٢ |

## پێشەکی

### ١/٠) بوار و ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە بە ناونیشـــانی (**بەشـــداریی نەخشـــەی زمانیی تاک لە ڕێککەوتنی زمانییدا بەشدارییە زمانییە ئەلیکترۆنییەکان بە نموونە**)، هەوڵێکە بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمک و بواری کارکردنی "نەخشـــەی زمانیی تاک" و "ئیدیۆلێکت" و ڕۆڵیان لە ڕێککەوتنی زمانیدا. تێزەکە دەچێتە خانەی کۆزمانەوانییەوە. مەبەســـت لە "زمانی ئەلیکترۆنی"یش وەک لە ناونیشـــانی لاوەکیدا هاتووە، بوارێکی فراوانی هەیە و ســـەرجەم ســـیســـتەمە ئەلیکترۆنییەکانی بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، بە ئاخاوتن و نووسینەوە، بۆیە سامپڵی تێزەکەمان تەنها لەسەر زمانی وتاری ئاینی لە ماڵپەڕی یوتیوبدا سنووردارکردووە.

### ٢/٠) گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

گرنگیی تێزەکە لەوەدایە، کە بۆشـــاییەکی گەورەی لە بواری کۆزمانەوانیدا پڕکردووەتەوە، چونکە تاکو مێژووی نووسینی ئەم تێزە، هیچ کارێکی زانستیی سەربەخۆ لەبارەی (نەخشـەی زمانیی تاک، ئیدیۆلێکت)ەوە لە زمانی کوردیدا ئەنجامنەدراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشـــانەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێســـتا وەک نەریتێکی باو، زمانی تاک و جیاوازییە زمانییەکان وەکو گرفت و بەربەست لە بەردەم ڕێککەوتن و هەڵکردنی زمانیی و زمانی ستاندارد و تەنانەت هۆکاری لێکترازان و پەرتەوازەبوونی زار و شێوەزارەکانیش لێیڕوانراوە. لەم تێزەدا پێچەوانەی ئەوە سەلمێنراوە، بەوەی دەکرێت جیاوازییە زمانییە تاکگەراییەکان (لە ڕێگەی بەکارهێنانی شـــێوازی زمانیی بەهێزەوە) ببنە فاکتەرێکی بنەڕەتیی ڕێککەوتنی زمانیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ.

### ٣/٠) ڕێباز و کەرەستەی تێزەکە:

ڕێبازی پەسنیی شیکاریی پەیڕەوکراوە، سوود لە ڕێبازی ئاماریش وەرگیراوە. بەمەبەستی سنووردارکردنی چوارچێوەی کاری تێزەکە و قوڵبوونەوە تێیدا، تەنها (بواری ئاینی)مان هەڵبژاردووە، (زاری ناوەڕاست)یش وەک "زمانی فەرمیی وتاردان" کراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە.

### ٤/٠) سامپڵی تێزەکە:

ســـامپڵی تێزەکەش بریتییەلە (**پێنج گرتەی ڤیدیۆیی وتارە ئاینییەکانی دیارترین وتارخوێنانی هەرێمی کوردســـتان**)، کە وتار و وانەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبنەوە و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بینەران (بە سەرجەم چینوتوێژەکانەوە) هەیە.

له چوارچێوەی ســــامپڵی تێزەکەدا، داتاکان بریتین له (١٣١٦) نموونەی ســــتراتیژەکان، کە له وتارەکان دەرمانهێناون و پەیوەست بە کلتوری کوردی، شیکارمان کردوون.

## ٥/٠) کێشه و گریمانەی تێزەکه:

کێشـــەی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە بە گشـــتی و وەک نەریتێکی باو، ئیدیۆلێکت وەک بەربەســـت و دژیەکی ڕێککەوتنی زمانی لێکدراوەتەوە، بۆیە لەم تێزەدا هەوڵی ســـەلماندنی پێچەوانەکەی دەدەین و گریمانەی ئەوە دەکەین، کە نەخشـــەی زمانیی تاک بەشـداریی و ڕۆڵی دیاری لە ڕێککەوتن و هەڵکردنی زمانیدا هەیە.

## ٦/٠) ناوەڕۆکی تێزەکه:

ناوەڕۆکی تێزەکە (جگەلە پێشەکی، ئەنجامەکان)، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:
بەشـــی یەکەم: لە دوو پاری ســـەرەکی پێکهاتووە: پاری یەکەم بۆ خســـتنەڕووی بەهای ئیدیۆلێکت لە کۆزمانەوانیدا تەرخانکراوە، لەگەڵ بەراوردکردنی زاراوەکە بە هەردوو زاراوەی (زاری کۆمەڵایەتی و شـــێواز) و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوانیان. پاش ناســـاندنی چەمکی ئیدیۆلێکت، بۆچوونی شـــارەزایان ســـەبارەت بە بەهای ئیدیۆلێکت لە دوو ئاڕاســـتەی دژبەیەکدا خراونەتەڕوو: ئاڕاســـتەی یەکەمیان ئاخاوتنی کۆمەڵ دەکاتە چەقی لێکۆڵینەوەکان و لەوێوە بۆ پێکهاتە بچووکەکان/ "ئاخاوتنی تاک" شـــیدەکاتەوە، ئاڕاســـتەی دووەمیان بە پێچەوانەوە ئاخاوتنی تاک دەکاتە ناوەند و بنەمای شـیکردنەوە زمانییەکان و لە ڕێگەیەوە پەی بە کۆی سـیسـتەمی ئاخاوتنی کۆمەڵ دەبرێت. لە پاری دووەمدا بە وردی، تیشـکخراوەتەسـەر چەمکی جیاوازییە زمانییەکان و هۆکارەکانی، دەرخراوە، کە ســـەرجەم جیاوازییەکان بە دەوری فاکتەری (بۆماوە، ژینگە/ فێربوون)دا دەخولێنەوە، ئەو دوو فاکتەرەش بە تەواوی ئاوێتەی یەکترن و لە کارلێکی بەردەوامدان.
بەشـــی دووەم: لە دوو پاری ســـەرەکی پێکهاتووە: پاری یەکەم تایبەتکراوە بە ناســـاندنی چەمکی نەخشـــەی زمانیی تاک و ڕۆڵی لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بە ڕەچاوکردنی هەرســێ گۆڕاوی (توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی). پاری دووەم کاری لەســەر چەمکی هێزی زمان و زمانی هێز کردووە، هاوکات سـەرچاوەی دەسـتخسـتنی ئەو دەسـەڵاتە و کاریگەریی لەسـەر قایلکردنی وەرگران بە چڕی تاوتوێکراوە. دواتر لەو ســـتراتیژە زمانییانە کۆڵراوەتەوە، کە کەرەســـتەی ســـەرەکیی توێژینەوە هاوچەرخەکانن، ســـەلماندوومانە، کە ناتوانرێت ئەو ســـتراتیژانە بە ڕەهایی بکرێنە بنەما و ســـیمای بەهێز، یان بێهێزی شـــێوازی زمان، مەگەر ڕەهەندەکانی کلتور و دەوروبەر و توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر و وەرگری تێدا ڕەچاوبکرێت.

بەشـــی ســـێیەم: بۆ پراکتیزەکردنی هێزی ســـتراتیژە زمانییەکان لە وتاری ئاینیی زمانی کوردیدا تەرخانکراوە، لە کۆی حەوت ســـتراتیژی بەکارهاتوو، توانیومانە (١٣١٦) نموونە و داتا لە ســـامپڵی تێزەکە دەربهێنین، پاشـــان یەکبەیەکی ســتراتیژەکانمان بە نموونەی پێویســتەوە شـیکارکردووە، بەو ئامانجەی ســـتراتیژە بەهێز و بێهێزەکان لە یەکتر جیابکەینەوە، هەروەها ڕوونیبکەینەوە، کە چۆن ئەو وتارخوێنانە بە لێهاتووییە زمانییە تاکگەراییەکانیان توانیویانە ســـتراتیژە زمانییەکان لە شـــێوازێکی زمانیی بەهێزدا دابڕێژن و بەو هۆیەشـــەوە قایلکردن و ڕەزامەندیی وەرگران و ڕێککەوتنی زمانی بەدەســتبهێنن، بە جۆرێک هەموو ســتراتیژە زمانییە بەکارهاتووەکانی وتارخوێنان، جگەلە (ســتراتیژی دوودڵی)، وەک تایبەتمەندیی شێوازی زمانی بەهێز خۆیاننواندووە.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکان، لیســـتی ســـەرچاوەکان، پوختەی تێزەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم:
# ئیدیۆلێکت و جیاوازییە زمانییەکان
# لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

## ١) ئیدیۆلێکت و جیاوازییە زمانییەکان لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

## ١/١) بەهای ئیدیۆلێکت لە لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانیدا

### ١/١-١) کۆزمانەوانیی پەیوەست بە زمان و زارەوە:

کۆزمانەوانی، یان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە وەک بوارێکی فراوان و پڕبایەخی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و یەکێک لە گرنگترین لقەکانی زانستی زمانی هاوچەرخ دەرکەوت و بە خێرایی گەشەیسەند، چەندین زمانەوانی وەک: Burling(1970), Pride(1971), Fishman(1972), Robinson(1972), Trudgill(1974), Bell(1976), Dittmar(1976), Wardhaugh(1976) نووسین و لێکۆڵینەوەی بەهێزیان لەو بوارەدا بڵاوکردەوە، هەر لەو کاتەوە تاکو ئێستا زۆرترین لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەم بوارەدا ئەنجامدراون (بڕوانە: هدسون، ت: عیاد، محمود، ١٩٩٠: ١٢-١٣). لێکۆڵینەوە لە زار و شێوەزارەکان و گەڕان بە دوای پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵدا (کە دەچنە خانەی سنووری کۆزمانەوانییەوە)، لە مێژە جێی بایەخی زمانەوانان بووە، بەڵام لە دوای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، لقێکی زانستی زمان لە سنوورێکی فراوانتر و بە کۆمەڵێک ڕەهەندی بەهێز و فرەچەشنەوە بۆ خزمەتی ئەم بوارە تەرخانکرا.

پیتەر ترادگڵ لە پێشەکییەکەیدا، کە بۆ کتێبی (The Sociolinguistics Of Society) نووسیویەتی، پێیوایە کۆزمانەوانی زانستێکە توانای ئاوێتەکردنی بایەخپێدراوە زمانییەکان و بایەخپێدراوە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕێژەیەکی جیاواز هەیە، نووسەری کتێبەکەش ( Ralph W. Fasold) ئاماژە بەوە دەکات، کە بواری ئەم زانستە بە دەوری بایەخی کۆمەڵایەتیبوونی زمان لەناوگروپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخولێتەوە. ئەگەر سەرجەم تاکەکانی گروپێک بە هەمان شێوە و شێوازی یەکتر قسەبکەن، ئەوا هەرگیز شتێک بە ناوی کۆزمانەوانییەوە سەرهەڵنادات، چونکە زمان تەنها بۆ گۆڕینەوەی بیر و گوزارشتکردن لە هەستی مرۆڤ بەکارناهێنرێت، بەڵکو چەندین لایەنی ورد و گشتیی زمان بە مەبەستی زانین و ناسینەوەی ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئاخێوەران و گوێگران کارادەبێت (فاسولد، رالف، ت: الفلاي، ابراهیم، ٢٠٠٠: ط).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی زانستی زمان، بە دەگمەن لێکۆڵینەوە دەبینینەوە (لە هەر زمانێکدا بێت)، کە بە تەواوی لە مێژووی ئەو زمانە دابڕابێت، یان لە دابەشکردنی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دابڕابێت، یاخود دەگمەنە پەیوەندیی زمان بە دەوروبەر و ڕووداو و قسەکەر و گوێگر و ....، لە ژیانی ڕاستەقینەدا جیاکرابێتەوە، ئەم هۆکارە وای لە کۆمەڵێک زمانەوان کرد، کە تێڕوانینەکانی "چۆمسکی" سەبارەت بە "ناکۆمەڵایەتیبوونی زمان" بە بۆچوون و کارێکی بێدەرئەنجام هەژماربکەن، چونکە

چۆمسکی بە ڕاشکاوی هەموو پەیوەندییەکانی نێوان "زمان" و "بەکارهێنەرانی زمان"ی ڕەتدەکردەوە (Wardhaugh, Ronald, 2006: 9-10).

زارناسان لە مێژە ئەوەیان سەلماندووە، کە زمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، کۆزمانەوانەکانیش ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە، کە جیاوازیی زمانی لەنێوان ئاخێوەرانی یەک شوێنی جوگرافیشدا بوونی هەیە، بەڵام تەنها دۆزینەوە و زانینی ئەو جیاوازییانە گرنگ نین، بەڵکو دۆزینەوەی یەکبەیەکی فاکتەرەکانی گۆڕان و زانینی ڕێژە و چۆنێتی و چەندێتی و چییەتیی ئەو گۆڕانە زمانییانە، بە گرنگترین ئەرکەکانی کۆزمانەوانی دەژمێردرێت ( Chambers, J.K. and Trudgill, P., 2004: 70).

هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بەبێ ئاماژەکردن بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی، دەبێتە مایەی لەدەستدان و وەلانانی کۆمەڵێک ڕەهەندی زۆر ئاڵۆز و سەرنجراکێشی زمان، هاوکات وازهێنانە لە ڕێگاکانی بەرەوپێشچوونی لایەنی تیۆریی زمان. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەکردنی لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی بریتییەلەو ڕاستییەی، کە زمان دیاردەیەکی گۆڕاو و پەرەسەندووە، ئەمەش هاوشان و هاوئاراستەی گۆڕانەکانی کۆمەڵە، ئێستا زمانەوانان لەوە تێگەیشتون، کە زمان هەر کۆدێکی سادە و سانا نییە، کە لەلایەن خەڵکەوە بە یەک شێوە بەکاربهێنرێت. کەواتە کۆزمانەوانی "زمان" وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری شیدەکاتەوە، کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بەتایبەتی زانستەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی، جوگرافیای مرۆیی، کۆمەڵناسی (بڕوانە: ترادگیل، پیتر، و: قازی، حەسەن، ٢٠٢١: ٣٤).

شارەزایان کۆمەڵێک بیروڕایان سەبارەت بە ناساندنی چەمک و زاراوەی (کۆزمانەوانی) خستووەتەڕوو، سەرجەم بۆچوونەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکترەوە نزیکن، یاخود تەواوکەری یەکترن. (Hudson) و زۆرێک لە شارەزایانی تر لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم زانستە لە سەرجەم لایەنەکانی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە ( هدسون، ت: عیاد، ١٩٩٠: ١٢) ( Crystal, David, 2008: 440).

گەلێک بوار لە کۆزمانەوانیدا جێی بایەخن، لەوانە: زمان و شوناس، هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە زمان، کێشەی زمانی ستاندارد و زمانی ناستاندارد، پلانی زمانی، سیاسەتی زمان، شێواز و پێویستییەکانی بەکارهێنانی زمانی نیشتمانی، هەمەچەشنیی کۆمەڵایەتی و ئاستەکانی زمان، پێکهاتەی کۆمەڵ و فرەزمانی، هەمەچەشنی و گۆڕانی زمان، ... (Crystal, 2008 :441).

یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی کۆزمانەوانی بریتییەلە "جیاوازیی و جۆراوجۆریی زمانی"، کە هەوڵی تێگەیشتن لە چەمکی زمان دەدات بەو شێوەیەی، کە لە واقیعدا بوونی هەیە، هەروەها

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کێ قسە دەکات؟ بۆچی؟ لە کوێ؟ کەی؟ چۆن؟) دەبنە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان (زروقي، عبدالقادر، ٢٠١٨: ٩٩٦) (کزار، حسن، ٢٠١٨: ١٥).

بە بڕوای (Gumperz) کۆزمانەوانی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان پێکهاتەی زمانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چاودێریکردنی هەر گۆڕانکارییەک، کە ڕوودەدات، (Chambers)یش پێیوایە ئەو زانستە بریتییەلە لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان (Wardhaugh, 2006: 11)، هەر لەمبارەیەوە (Fishman) لەو باوەڕەدایە، کە کۆزمانەوانی بە دوای کارلێکی نێوان هەردوو لایەنی ڕەفتاریی مرۆڤدا دەگەڕێت: "لایەنی بەکارهێنانی زمان" و "لایەنی پێڕەوی کۆمەڵایەتیی ڕەفتار" (زروقي، ٢٠١٨: ٩٩٦).

ئەم زانستە وەک زۆرێک لە زانستەکانی تر بە دوو ڕێگە توێژینەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت:

١. ڕێگەی ئەزموونی: تایبەتە بە کاری مەیدانییەوە بۆ کۆکردنەوەی بابەت و داتاکان.
٢. ڕێگەی تیۆری: تایبەتە بە خۆیەکلاکردنەوە، بە مەبەستی بیرکردنەوە و شرۆڤەکردن و تاقیکردنەوەی ئەو ڕاستیی و داتایانەی، کە بەدەستهێنراون (هدسون، ت: عياد، ١٩٩٠: ١٣).

هەریەک لەم دوو لایەنە گرنگیی تایبەتییان هەیە، ڕێگەی تیۆری بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێگە بە پێکهێنانی سەرەتاکانی چوارچێوەی شیکاریی دەدات، کە کۆمەڵێک زاراوەی وەک: (زمان، ئاخاوتن، ئاخێوەر، گوێگر، سەرباس "Topic" ، ...) دەگرێتەوە. ئەزموون و شارەزایی کەسیی توێژەران، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ دەستخستنی زانیاری لەبارەی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ، بەڵام نابێت بە تەنها پشت بە لایەنی ئەزموونی کەسی ببەسترێت، لەبەر دوو هۆکار:

١. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەزموونە کەسییەکانەوە، ڕەنگە هەڵەی گەورە ئەنجامبدرێت، چونکە زۆربەمان درککردنێکی ئاگاییانەی تەواومان بۆ ئەو جیاوازییانەی، کە لە ئاخاوتنەکانەوە دەیبیستین، یان وەڵامی دەدەینەوە، نییە، بەڵکو زانیارییەکانمان تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە، کە ئەزموونەکانی پێڕاگەیشتووە.
٢. ئەزموونی کەسی سەرەتایەکی زۆر سنووردارە، بە شێوەیەک، کە ناتوانرێت لە ڕێگەیەوە گشتاندن بۆ زمانی کۆمەڵێک، یان گرووپێک بکرێت، چونکە ڕەچاوی تایبەتمەندیی گروپ و کۆمەڵەکانی تر ناکات، کە دەکرێت پێڕەوێکی زمانیی و کۆمەڵایەتی و کلتوریی زۆر جیاوازیان هەبێت (هدسون، ت: عياد، ١٩٩٠: ١٣) (عبدالعزيز، محمد حسن، و: خۆشناو، نەریمان، ٢٠٢١: ١٣-١٤).

### ١-١-١/١) زار و شێوەزار:

زمانی هەر کۆمەڵێک بەپێی شـــوێن و کات و ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و ڕادەی خوێندەواری و پلەی کۆمەڵایەتی و ....، هەمیشـــە لە پێواژۆی گۆڕان و جۆراوجۆریدایە، لەم ڕوانگەیەشـــەوە زارناســـان و کۆزمانەوانان بە مەبەســـتی ســـنووردارکردن و چڕکردنەوەی بواری لێکۆڵینەوەکانیان، هەوڵیانداوە زمان بەســـەر کۆمەڵێک زاراوەی زانســـتیی وەک (زار، شـــێوەزار)دا دابەشـــبکەن، هەریەک لەو دوو زاراوەیەش بە شێوەیەکی هەرەمی بەسەر چەندین جۆری تردا دابەشدەبن.

ئەگەرچی دەیان پێوەر و بنەمای زمانی و نازمانی بۆ جیاکردنەوەی ســـنووری هەردوو زاراوەی "زمان" و "زار" خراونەتەڕوو، بەڵام تاکو ئێســـتا نەتوانراوە بە تەواوی ســـنووری هەریەکەیان جیابکرێتەوە (بڕوانە: ئەحمەد، محەمەد حوسێن، ٢٠١٦: ١٦-١٩)، بە وێنە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، زمان پێکهاتەیەکە لە کۆی زارەکانی، کە پێوەرێکی ســـتانداردی هەیە و بە زار/ زمانی ســـتاندارد ناسراوە، لە ڕووی مێژووییەوە زۆرجار لە یەکێک، یان زیاتر لە زارە هەرێمی، یان کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدادەبێت. بەمپێیە دەکرێت زمان بە پێڕەوی زاریی (Diasystem) پەســـنبکرێت، واتە پێڕەوێکە بە تەنها لەسەر بنەمای زارە هەرێمی و کۆمەڵایەتییەکان یاسابەندکراوە، بۆیە سنووردانان لەنێوان زمان و زاردا ئاڵۆز و پڕ کێشە دەبێت (Swann, Joan et al, 2004: 141).

پێویســـتە تێبینیی ئەوە بکەین، کە لە زمانناســـیی ئەوروپیدا زاراوەی "زار" بۆ ئاماژەدان بە هەمەجۆریی جوگرافی و هەرێمی بەکارهاتووە و بە دەگمەن بۆ پەســـنکردنی هەمەجۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنراوە (سەرچاوەی پێشوو)، هەر ئەمەش وایکردووە، کە دابەشکردنی زمان بۆ زار و شێوەزارەکان، مۆرکێکی جوگرافییانە وەربگرێت، واتە بنەمای جوگرافی و دابەشکردنی گشت بۆ بەش پەیڕەوکراوە. بەم پێودانگە زمان لە کۆمەڵە زارێک پێکدێت، هەر زارێکیش بۆ چەند شـێوەزارێک دابەشـدەبن. هەرچەندە لەم دابەشـکارییەدا بنەمای جوگرافی سـەنگی مەحەکە، بەڵام لە بۆتەی سنووری هەر زار و شـێوەزارێکیشـدا تایبەتمەندییە زمانییەکانی وەک فۆنۆلۆجی و ڕێزمان لە جیاکردنەوەی سنوورەکاندا ڕۆڵی دیار دەبینن.

سـەبارەت بە هەردوو زاراوەی "زار" و "شـێوەزار" سـەرەڕای چەندین پێناسـە و ڕوونکردنەوەی جیاواز، بە مەبەستی خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانیان و جیاکردنەوەی سنوورەکانیان لەیەکتر، هێشتا بابەتەکە هەر ئاڵۆزە، ئەگەر بە پێوەرە زمانییەکان لە چەمکی زارو شێوەزار بڕوانین، ئەوا "زار" ئاماژە بە تایبەتمەندییە گشـــتگیرەکانی (دەنگســـازی، وشـــەســـازی، ڕێزمان) دەکات و خۆی لە جیاوازیی فەرهەنگی و ڕێزمانی و گۆکردن (Pronunciation)دا دەبینێتەوە، "شـــێوەزار"یش تەنها لایەنی دەنگســـازی و چۆنێتیی گۆکردن دەگرێتەوە (هدســـون، ت: عیاد، ١٩٩٠: ٧٣) (Hernandez-Campoy, Juan M., 2016: 37). ناساندنێکی تری زار ئەوەیە، کە پەسنی نەریتە جیاکەرەوەکانی

ئاخاوتن (گۆکردن، فەرهەنگ، ڕێزمان، پراگماتیک)ی ناوچەیەکی جوگرافی، یان هەرێمی، یاخود گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەکات (Swann et al, 2004: 76).

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو پێوەر و جیاکارییە جوگرافی و زمانییانە بدەین، ئەوا کەموکورتییەکی زۆر بەدیدەکەین، چونکە هیچ پێوەرێک نەیتوانیوە بە شێوەیەکی دابڕ (قطعی) سنووری (زمان و زار و شێوەزار) لە یەکتر جیابکاتەوە (بڕوانە: هدسون، ١٩٩٠: ٥٢-٦٩). ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە "سروشتی زمان و گەشە و گۆڕانی بەردەوام تێیدا، کە هاوتەریبە لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ. یەکێکی تر لە هۆکارەکان پەیوەستە بەوەی، کە دیاریکردنی سنووری نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی ئەستەمە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، بۆیە زمانی چینوتوێژەکانیش وەک زنجیرەیەکی تێکچڕژاوی بەناویەکداچوو تێکەڵدەبن و لێکجیاکردنەوەیان ئاسان نابێت، هەردوو کۆزمانەوان (Chambers and Trudgill) ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکەنەوە و پێیانوایە لە واقیعدا زۆرجار ناکرێت قەوارەی زار و شێوەزارەکان لێکجیابکرێنەوە، دەڵێن: ((زار و شێوەزارەکان زۆربەی کات تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەبن، بەبێ هیچ لێکپچڕاندنێک)) (Chambers and Trudgill, 2004: 5).

## ١/١-١-٢) پەیوەندیی ئیدیۆلێکت بە زاری کۆمەڵایەتی و زاری جوگرافییەوە:

کۆزمانەوانان سەرەتا تەنها دوو جۆری زاری جوگرافی و زاری کۆمەڵایەتی (Sociolect)یان جیاکردەوە، دواتر زاری چینوتوێژ (Class Dialect)یش وەک پێویستییەکی لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان سەریهەڵدا، هەروەها زاری گشتی (عامي/ Patois) و چەند زارێکی تری ناستاندارد (کە لە ئاستی دامەزراوەییدا نەنووسراو و نەناسراو بوون) دەرکەوتن. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە زاری کۆمەڵایەتی و زاری چینوتوێژ وەک هاوشانی زاری هەرێمی/ جوگرافی دەرکەوتن (Hernandez-Campoy, 2016: 36) (Swann et al, 2004: 76).

پاش دۆزینەوە و دەرخستنی تایبەتمەندیی و جیاوازییە سەرەکییەکان، شارەزایانی کۆزمانەوانی گەیشتنە ئەوەی، کە دوو شێوازی زمانی (جگەلە زار/ زمانی ستاندارد) لەسەر بنەمای "کۆمەڵایەتی" و "جوگرافی" جیابکەنەوە:

١. زاری جوگرافی/ ناوچەیی
٢. زاری کۆمەڵایەتی

١. زاری جوگرافی/ ناوچەیی: زمان بەپێی ناوچەی جوگرافی دەگۆڕێت، تاکو سنووری ناوچە و گوند و شارەکان لە یەکتر دووربکەونەوە، جیاوازییە زمانییەکان لە ڕووی فەرهەنگ و وشەسازیی و ڕێزمانەوە زیاتر دەبن و هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاواز گەشە و گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە

زۆرجار ئەو ناوچانەی ســـنووری جوگرافییان لە یەکترەوە دوورە، بە زەحمەت لەیەکتر دەگەن، یان هەر لەیەکتر ناگەن (بڕوانە: Chambers and Trudgill, 2004, 5-6) (کراز، ٢٠١٨: ٤٦-٤٧).
بنەمای دابەشـــکردنی زمان بۆ زارەکان لە لێکۆڵینەوە باوەکاندا (تەنانەت تاکو ئێســـتاش) زیاتر لە ڕوانگەی جوگرافییەوە بووە، بە وێنە (لە دابەشـــکردنێکی درەختیدا زمان بۆ زارەکان دابەشـــدەکرا، زارەکانیش بۆ شـــێوەزار، شـــێوەزارەکانیش لە کۆمەڵێک ئیدیۆلێکت پێکهاتوون) (بڕوانە: Hanna, Sami A. et al, 1997: 99) (ڕەشید، سەلام ڕەحیم، ٢٠١٤: ١١) ( :Hernandez-Campoy, 2016 37).

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زمان | | | | | | |
| زار | زار | زار | ... | | | | |
| | | شێوەزار | شێوەزار | شێوەزار | ... | | |
| | | | | ئیدیۆلێکت | ئیدیۆلێکت | ئیدیۆلێکت | ... |

شێوەی ژمارە (١) دابەشبوونی هەرەمیی زمان

لەم دابەشکردنەدا، زمان لە "گشت"ەوە بۆ "بەش" بەپێی بنەمای چەندێتی و ڕووبەری جوگرافی جیاکراوەتەوە، واتە بۆ نموونە ناکرێت ژمارەی ئاخێوەرانی شێوەزارێک لە زارێکی هەمان زمان زیاتر بێت.

سەبارەت بەو پێگەیەی "ئیدیۆلێکت" کە لە سەرەوە باسکرا، پێمانوایە ئیدیۆلێکت پەیوەندییەکی تاکلایەنەی بە هۆکاری جوگرافییەوە نییە، بەڵکو چالاکی و شـــێوازێکی ئاخاوتنی تاکەکەســـییە. شـــیکردنەوەی تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئیدیۆلێکت ســـەلمێنەری ئەوەن، کە ئیدیۆلێکت لە زاری کۆمەڵایەتییەوە نزیکترە وەک لە زاری جوگرافی.

٢. زاری کۆمەڵایەتی: کۆمەڵێک لە کۆزمانەوانان ئەم زاراوەیەیان بۆ ئاماژەدان بە هەمەجۆریی زمانی لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی – بە پێچەوانەی ناوچەییەوە- بەکارهێناوە (Crystal, 2008: 440).

جیاوازیی نێوان (چینوتوێژە کۆمەڵایەتییەکان، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و پەروەردەیی، جۆر و چۆنێتیی بیرکردنەوە، ئاســـتی بژێوی، بار و ژیانی خێزان، ژینگەی کۆمەڵایەتی، دابونەریت، کلتور، کار و پیشەی جۆراوجۆر، ...) سەرچاوەی دروستبوونی زارە کۆمەڵایەتییەکانن، لە لایەکی تریشـــەوە تاک لە هەر چینوتوێژێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێت، پێویســـتیی بە وردی و خێرایی گوزارشـــتکردن و دروســـتکردنی ئەو زاراوە و دەســـتەواژانە هەیە، کە لە بوارەکەیدا زۆر

دووبارەدەبنەوە. ئەم جیاوازیی و گۆڕانانە لە هەر چینوتوێژێکی کۆمەڵایەتیدا بە ئاڕاستەیەکدا گەشەدەکات، لە ئەنجامیشدا جیاوازیی (فەرهەنگی، شێوازی گۆکردن، پێکهاتەی ڕستە، واتای وشە، ...)ی لێدەکەوێتەوە (بڕوانە: وافي، علي عبدالواحد، ١٩٨٣: ١٢٩-١٣٢) (رئيس، أحمد، ٢٠١٧: ٣٩-٤٠)، ئەمەش لە کۆزمانەوانیدا بە (زاری کۆمەڵایەتی) ناسراوە. جیاوازیی پێکهاتە زمانییەکان لەم جۆرە زارانەدا بە ئەندازەی جیاوازیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەو کەسانەی لە هەمان ئاستی کۆمەڵایەتیدان، دەبن بە خاوەنی زارێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش (رئيس، ٢٠١٧: ٤٠).

شارەزایان چەند جۆرێکی زاری کۆمەڵایەتییان جیاکردووەتەوە، وەک (زاری پیشەیی، زاری توخمی، زاری فەرمی، زاری نافەرمی، زاری گشتی، ئیدیۆلێکت، ...). ئیدیۆلێکت زۆرجار لە چوارچێوەی زاری کۆمەڵایەتیدا لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێکجاریش – وەک پێشتر باسکرا- بە بچوکترین لقی زاری جوگرافی ناسێنراوە، پاش زمان و زار و شێوەزارەکان، خانەی خوارەوەی هەرەمەکەی بۆ تەرخانکراوە.

ئەگەر بە وردی تیشکبخەینەسەر فاکتەری جیاوازییە زمانییەکان – کە سەرچاوەی دۆزینەوەی ئیدیۆلێکتەکانن- ئەوا دەردەکەوێت، کە فاکتەری جوگرافی هاوشانی فاکتەرەکانی (چینوتوێژی کۆمەڵایەتی، نەژاد، تەمەن، توخم، بۆماوە، ژینگە، پیشە، ...) ڕۆڵ و کاریگەریی دیاری لە پەیدابوونی جیاوازیی ئاخاوتنی تاکدا هەیە، بە وێنە کاتێک کەسێک گێڕانەوە، گفتوگۆ، وتارێک پێشکەشدەکات، دەکرێت سەرجەم تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتییەکانی و فاکتەری یەکبەیەکی ئەو تایبەتمەندییانە دەستنیشانبکرێت (بڕوانە نموونەی ١):

١) چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی، وتاری باشی لەسەر <u>دەنووسێنرێت</u>.

لە نموونەی (١)دا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر: (ا) لە چینێکی خوێندەوارە و هەوڵدەدات بە زمانێکی ئەدەبی بدوێت (بنەمای کۆمەڵایەتی). (ب) هاوکات بەکارهێنانی وشەی (دەنووسێنرێت) مۆرکێکی جوگرافیانەی هەیەو زیاتر لە ناوچەی خانەقین و دەوروبەریدا بەکاردەهێنرێت (بنەمای جوگرافی). خاڵی (ا، ب) دوو لە تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتییەکانی ئاخێوەر پێکدەهێنن.

جگەلەو فاکتەرانەی باسکران، هەندێکجار لێهاتوویی و داهێنانی زمانیی تاک، چەندین وشە و دەستەواژە دەهێنێتە ناو فەرهەنگ و زمانی کۆمەڵەوە و خێرا پەسەنددەکرێت، بە وێنە ڕستەیەکی کورتی وەک نموونەی (٢)، کە تاکێکی کورد لە گرتەڤیدیۆیەکی کورتی ڕەخنەگرانەدا ئاڕاستەی دەسەڵاتی کوردیی کرد، لە ماوەیەکی کەمدا سنوورێکی فراوانی وەک هەرێمی کوردستانی تێپەڕاند. ئێستا وەک پەند و قسەی نەستەق، ڕۆژانە بۆ پەشیمانبوونەوە لە بابەت و بواری جۆراوجۆر لەسەر زاری تاکی کورد دووبارە دەکرێتەوە (وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کەسانەی، کە داکۆکییەکی زۆریان لە هەڵوێستێک کردووەتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک لە ژێر فشاردا، پەشیمانکراونەتەوە):

٢) وامزانی ڕادیۆیە.

لە ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوەیەی ســـەرەوەدا دەرکەوت، کە ئیدیۆلێکت زارێکی ســـەربەخۆیە، بەو واتایەی، کە بە تەنها لەســـەر بنەمای جوگرافی، یاخود کۆمەڵایەتی دروســـتنەبووە، بەڵکو هەردوو بنەماکە (جوگرافی و کۆمەڵایەتی) هاوشـــانی بەهرە و داهێنان و لێوەشـــاوەییە تاکگەراییەکان دەبنە فاکتەری دروســـتبوونی ئیدیۆلێکت، لەمبارەیەوە هەریەک لە کۆزمانەوانان (Swann) و (Deumert) و (Lillis) و (Mesthrie) (2004: 141) دەڵێن: ((دەکرێت زارە کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکان وەک گروپێک ئیدیۆلێکتی لێکچوو -نەک هاوشێوە- تێبگەین)).

## ٣-١-١/١) بەراوردی نێوان زاری کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلێکت و شێواز:

هەردوو زاراوەی "زاری کۆمەڵایەتی" و "ئیدیۆلێکت" لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ زاراوەکانی وەک (Ethnolect/ زاری نەژادی)، (genderlect/ زاری توخمی)، (ecolect/ زاری خێزانی)، (acrolect /زاری فەرمی)، (basilect/ زاری نافەرمی)، (mesolect/ زاری نیوەفەرمی)، (Chronolect/ زاری ماوەیەکی دیاریکراو)دا نزیکدەبنەوە و بە لێکچوو پەسندەکرێن (Hernandez-Campoy, 2016: 37).

دەکرێت (زاری نەژادی) و (زاری توخمی) و (زاری ماوەیەکی دیاریکراو) و (زاری خێزانی) وەک فاکتەرەکانی پەیدابوونی ئیدیۆلێکت لێبکۆڵینەوە، (دواتر بە وردی لە (١/٢-٢)ی ئەم بەشـــەدا باســـیدەکەین). (زاری فەرمی) و (زاری نیوەفەرمی) و (زاری نافەرمی) دەچنە ناو بازنەی شـــێوازەوە (style) و لە زانســـتی شـــێوازدا (stylistics) لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکرێت. کەواتە بەمپێیە چۆن سنووری ئیدیۆلێکت و زاری کۆمەڵایەتی و شێواز لە یەکتر جیادەکرێتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە، پێویســـتە بەراوردی نێوان هەرســـێ زاراوەکە بکەین، بە مەبەستی دۆزینەوەی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوانیان.

ئیدیۆلێکت و زاری کۆمەڵایەتی، تاڕادەیەکی زۆر ســـنوورەکانیان دیارە، بەوەی هەردووکیان پشـــت بەو کۆدە زمانییانە دەبەســـتن، کە ئاخێوەر، یان نووســـەر بەکاریدەهێنێت، بەڵام ئیدیۆلێکت بەکارهێنانی تاکگەراییانەی زمانە و زاری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی زمانە لەلایەن گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە. ڕوونتر بڵێین: ئیدیۆلێکت بریتییەلە لێکچوونە پشـتپێبەستراوەکانی تاک لە بەکارهێنانی زماندا، بە وێنە ئەو دەقانەی لەلایەن نووســـەرێکەوە نووســـراون، لێکچوونێکی زیاتریان پێوە دیارە، وەک لە دەقی نووســـەرانی تر، بەڵام زاری کۆمەڵایەتی بریتییەلە لێکچوونە پشـــتپێبەســـتراوەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتی لە بەکارهێنانی زماندا، بە وێنە ئەو دەقانەی، کە لەلایەن نووســـەرانی ســـەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە نووسـراون، لایەنی لێکچوو و هاوبەشـیان زیاترە، وەک لە دەقی نووسەرانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر (بڕوانە: Louwerse, Max, 2004: 207).

ماوەتەوە جیاوازیی نێوان (ئیدیۆلێکت و زاری کۆمەڵایەتی) لەگەڵ (شـــێواز)دا ڕوونبکەینەوە، چونکە زۆرجار ســـنووری هەریەکەیان ئاوێتەی ئەوی تر دەبێت و تەنانەت شـــارەزایانی بوارەکەش بەئاســـانی پەی بە جیاوازییەکانیان نابەن، (David crystal) ئیدیۆلێکت هاوشـــێوەی (شـــێواز) پێناســـەدەکات و پێیوایە بریتییەلە پێڕەوی زمانەوانیی ئاخێوەری تاک و تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتییەکان زیاتر لە نووسـینی ئەدەبیدا وەک پیشـاندەری شـێوازی نووسـەر بەرچاودەکەون. دواتر ئاماژە بەوە دەکات، کە بواری بەکارهێنانی زاراوەی (ئیدیۆلێکت) لەلایەن هەندێک زمانەوانەوە بەرتەسـککراوەتەوە و تـەنها بۆ ئـاماژەدان بـە خووی ئـاخـاوتنی تـاک لـە کـاتێکی دیـاریکراو و لـە چوارچێوەی گروپێکی هـەمـەجۆردا بـەکارهێنراوە (Crystal, 2008: 235). زمـانـەوانـان لـەچـاو داهێنـەران و ڕەخنـەگرانی ئەدەبیدا کەمتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئیدیۆلێکتەوە کردووە، تەنانەت لە بواری ئەدەبیدا لە ڕێگەی چەمکی شێوازەوە پەسنی ئیدیۆلێکتیان کردووە و لێیانکۆڵیوەتەوە. (Rabatel, Alian, 2005: 93)

(Znamenskaya) پـاش ئـەوەی دوو جۆری (شـــێوازی ئـەدەبی) و (شـــێوازی زمـانی) جیادەکاتەوە، پێیوایە ئیدیۆلێکت یەکێکە لە خاڵە هاوبەشـــەکانی نێوان ئەو دوو جۆرە (Hernandez-Campoy, 2016: 18)، بەڵام لە زمانەوانیی هاوچەرخدا و بەتایبەتی لە کۆزمانەوانیدا، ئیدیۆلێکت وەک زاراوەیەکی سـەربەخۆ کاری لەسـەر کراوە و توانراوە سـنوور و ئەرک و ڕۆڵەکانی بە تەواوی لە یەکتر جیابکرێتەوە.

لە دیارترین هۆکارەکانی لەیەکترنزیکبوونەوە و تێکەڵبوونی هەردوو چەمکی ئیدیۆلێکت و شـێواز، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە:

١. کەرەســـــتەی لێکۆڵینەوەی هەردوو زاراوەکە هاوبەشـــــە و بریتییەلە (ئاخاوتنی زمانی تاک)، ئەمەش گرنگترین خاڵی هاوبەشە لە نێوانیاندا.
٢. هەردوو زاراوەکە تایبەتمەندیی ئاخێوەری تاکگەرا دەستنیشاندەکەن و دەیناسێنن.
٣. داهێنان و لێهاتویی زمانیی، ڕۆڵی ســـەرەکی لە ئاڕاســـتەکردنی هەردوو شـــێواز و ئیدیۆلێکتدا هەیە، بە وێنە پاش میواندارێکردن و لە کاتی ماڵئاواییکردندا، دەکرێت بە ڕســـتەیەکی وەک نموونەی (٣) هەسـتی ماڵئاوایی و سـوپاسـگوزاری بۆ خاوەنماڵ دەرببڕدرێت، کە لە لایەکەوە شـێوازێکی نوێیە، لەلایەکی تریشـەوە شـێوازەکە بە لای کۆمەڵی ئاخاوتنیی کوردییەوە نامۆ نییە، پێکەوە مۆرکێکی ئیدیۆلێکتیی ئاخێوەری تاکگەرا دەنوێنن:
٣) ماڵتان هەمیشە ئاواو ئاوەدان بێت.
٤. هەردوو چەمکی ئیدیۆلێکت و شـــێواز بە تێپەڕبوونی کات بەر گەشـــە و گۆڕان دەکەون و ناتوانن بە جێگیری بمێننەوە.

لەبەر ئەو هۆیانەی ســـەرەوە، هەندێکجار ئەســـتەمە (ئەگەر مەحاڵیش نەبێت)، هەردوو زاراوەکە لە یـەکتر جیـابکرێتـەوە، (Rabatel) (2005: 112) پێیوایـە نـاتوانرێت پێگـەی ئیـدیۆلێکـت و گرنگییـە

زمانییەکەی پەیوەست بە شێوازەوە وەلابنرێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئیدیۆلێکت وەک شێواز خودی تاکەکان لە ڕێگەی شوناسی زمانییەوە شیکاردەکات)).
جیاوازییەکانی نێوان ئیدیۆلێکت و شێوازیش دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختبکەینەوە:

١. ئیدیۆلێکت تایبەتە بە تاکێکەوە، بەو واتایەی، کە ئاوەزمەندیی تاک لە توانا زمانەوانییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بەمەش دەتوانین بە تەواوی لە ڕاستییەکانی پەیوەست بە تاک بگەین (Louwerse, 2004: 209)، بەڵام شێواز پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانەوە بەپێی کات و شوێن و بابەت و هەڵوێست لە وەڵامدانەوەی بەرامبەردا.
٢. گۆڕینی شێوازی زمانی ئاسانترە وەک لە گۆڕینی ئیدیۆلێکت (Rabatel, 2005: 112).
ئیدیۆلێکتەکان لە ژینگەی تاکزمانیدا دەکرێت لە چەندین (شێواز و شێوەکانی دووان/ registers) پێکهاتبێتن.
٣. هیچ کەسێک ناتوانێت بە زیاتر لە ئیدیۆلێکتێک بەشداری لە ئاخاوتندا بکات ( George, Alexander, 1990: 282)، بەڵام شێواز بەو شێوەیە نییە.
٤. ئیدیۆلێکت زیاتر بە ئاخاوتنەوە پەیوەستە، بەڵام شێواز زیاتر بە نووسینەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین (زاری کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلێکت و شێواز و شێوەکانی دووان) لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێستە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنەردا لە پەیوەندیدان، بەڵام:

- جیاوازییەکانی پەیوەست بە "بەکارهێنانی زمان"، کەرەستەی لێکۆڵینەوەی (شێواز و شێوەکانی دووان)ن.
- جیاوازییەکانی پەیوەست بە "بەکارهێنەر"ەوە دەبنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی (زاری کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلێکت و تەنانەت زار و شێوەزاری جوگرافیش)، وردتر بڵێین، زار و شێوەزار و ئیدیۆلێکت و زاری کۆمەڵایەتی بە ئاخێوەرەوە پەیوەستن، بەڵام شێواز پەیوەستە بە (هەڵوێست)ەوە، (شێوەکانی دووان) بە (سەرباس/ topic)، یان (بابەت-subject)، یاخود بە (چالاکی)یەوە پەیوەستە (Hernandez-Campoy, 2016: 37).

یەکێک لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە کۆزمانەوانیی چەندێتی ( Quantitative Sociolinguistics)[١] پێیگەیشتووە، بریتییەلە دروستکردنی پەیوەندیی واتاداری ئاماری و

[١]- کۆزمانەوانیی ڕێژەیی، لقێکی کۆزمانەوانییە، کە وەک پرسێکی ناوەندی، گرنگیی بە ژمارە و ڕێژە و بڕی هۆکارە زمانی و نازمانییەکان دەدات لە دەستنیشانکردنی گۆڕان و جیاوازیی زمانیدا. ئەم ڕێبازە جەخت لەو توێژینەوانە دەکاتەوە، کە داتای زارەکی لە نموونە (سامپڵ) گەورەکان وەردەگرن و گشتاندن بۆ تێکڕای شێوازەکانی زمان دەکەن (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Díaz-Campos, Manuel, 2014). لەم ڕوانگەیەوە کۆزمانەوانیی ڕێژەیی زیاتر جەخت لەسەر پێڕەوی ڕێزمانی و زمانەوانیی دەکەنەوە و دەیکەنە کەرەستەی توێژینەوەکانیان، نەک زمانی ئاخێوەری تاکگەرا.

کۆمەڵایەتیی نێوان زاری کۆمەڵایەتی و شـێواز، بۆئەوەی خودی گۆڕاوەکانی زمان وەک پێشـاندەری هەردوو چینی کۆمەڵایەتی و بارودۆخ کاربکات، چونکە کرۆکی هەردوو چەمکەکە لە (جیاوازی بەپێی دەوروبەری ئاخاوتن)دا خۆیدەبینێتەوە (سەرچاوەی پێشوو).

ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشـــوو دەرخەری ئەو ڕاســـتییەن، کە زاری کۆمەڵایەتی لە گروپێک ئاخێوەری ئیدیۆلێکتی پێکدێت، هەریەک لەو ئاخێوارانە خاوەنی شێوازی تایبەت بە خۆیانن. سەرەڕای هەندێک جیاوازی لە ڕووی ئەرک و کارکردنی هەریەک لە ئیدیۆلێکت و شـــێواز، کەچی پێناســـە و تایبەتمەندییەکانیان لە ئاخاوتنی تاکگەرادا زۆرجار ئاوێتەدەبن، تەنانەت هەندێکجار ئیدیۆلێکت بە هاوواتا و هاوشـــێوەی شـــێواز لێکدانەوەی بۆکراوە[٢] (Hazen K., 2006: 512)، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا "شـــێوازی زمان" وەک یەکێک لە دیارترین ســـیما و تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتییەکانی ئاخێوەری تاکگەرا دەناسێنین، بۆ زیاتر جەختکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەمان و زانینی ڕادەی نزیکیی هەردوو زاراوەکە، گرنگترین ناساندنەکانیان دەخەینەڕوو:

شـێواز: بریتییەلـە مـەودا و ڕەهەنـدەکانی زمـان، کـە ئـاخێوەرە تاکگـەراکان دەتـوانن بـەپێی تایبەتمەنـدیی خۆیـان هـەڵیانبژێرن، ڕێگاکـانی ئاخـاوتن بـەپێی هەڵوێسـت و بۆنـەکان دەگـۆڕێن، ئـەم ڕێگـا جیاوازانـە هـەڵگری واتـای کۆمەڵایـەتیی جیـاوازن، ئەمـەش نوانـدنی تواناکانمانـە بـۆ هـەڵگرتنی پێگـەی کۆمەڵایـەتیی جیـاواز، هاوکـات کاردەکاتـە سـەر تێڕوانینـی خـەڵک بەرامبـەر بـە ڕەفتارە زمانییەکانمان (Llamas, Carmen et al, 2007, 95).

ئیدیۆلێکت: لە بنەڕەتدا چەمک و بیرۆکەیەکی شـــێوازییە (Kristiansen, Gitte and Dirven, Rene, 2008: 257) و بەشـــێوەیەکی گشـــتی بریتییەلە جیاکردنەوەی ئاخێوەرێکی تاکگەرا لە بەکارهێنانی زماندا، کە پێویسـتە کۆی لایەنەکانی خوو و شـێواز و ڕەفتارە زمانییە تایبەتییەکانی تاک لەخۆبگرێت (Kuhl, Joseph W., 2003: 4)، یاخود ئیدیۆلێکت: شـــێوازی کەســـی ئاخێوەرە لە بەکارهێنانی زماندا[٣].

واتا دیاریکراوەکانی ئیدیۆلێکت زیاتر لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە کۆی زمانی تاکێکە، بەجۆرێک ســـەرجەم ئاخاوتنەکانی بگرێتەوە، ڕوونتر بڵێین: دەرکردە زمانییەکان (The linguistic output)ی کەســـێکە، نەک کۆزانینی ناوەکی، کە لە ئاوەزی مرۆڤدایە. مەرجێکی تر بۆ ئەم پێناســـەیە بریتییەلە دیاریکردنی کات، ڕەنگە ڕەفتاری کەســـەکان بە کاتێکی دیاریکراوەوە پەیوەســـت ببن. بەمشـــێوەیە (ئیدیۆلێکت) و (شێواز) تاڕادەیەک یەکساندەبن (Hazen, 2006: 512).

---

[٢]- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

- https://thesaurus.plus/related/idiolect/style

[٣]- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

- http://web.mnstate.edu/houtsli/tesl551/Socio/page4.htm

## ٢-١/١) چەمکی ئیدیۆلێکت (بنەمای تیۆری):

### ١-٢-١/١) ئیدیۆلێکت (Idiolect) لە ڕوانگەی تیۆرە زمانەوانییەکانەوە:

پێش ئەوەی بچینە ســـەر باســـکردنی چەمک و زاراوە و ڕۆڵی ئیدیۆلێکت، بە پێویســـتی دەزانین پێداچوونەوەیەکی خێرا بە کرۆکی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، بەتایبەتی بە کارەکانی سۆسێردا بکەین، بە مەبەســـتی زانینی فەلســـەفەی کارکردنی زمانەوانان و چۆنێتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ زماندا (لە ناویشیاندا زمانی تاک).

لە بواری زانستی زمانی گشتیدا، زۆرجار بیرۆکەی دووانەیی (dualism) دەبێتە کرۆک و بنەما و فەلسەفەی دامەزراندنی تیۆر و ڕێبازە زمانییەکان، بە وێنە (زمان) و (ئاخاوتن) لە کارەکانی سۆسێردا وەک دوو جەمســـەری دژیەک و بەرامبەر لێکۆڵینەوەیان لەســـەر کراوە، لە دروســـتەکاریی ئەمریکیدا (زمان) بەرامبەر بە (زار) و (ڕێزمانی) بەرامبەر بە (ناڕێزمانی)، لە ڕێزمانی بەرهەمهێنیشدا، چۆمسکی (توانســـت - competence) و (توانا – performance)ی لە یەکتر جیاکردەوە، کە دواتر ناوی (I-language) و (E-language)ی لێنان، لە کۆزمانەوانیی هاوچەرخیشدا، جیاوازیی و بەرامبەریی و پەیوەندییەکانی هەردوو چەمکی (Idiolect) و (Sociolect) بەم دواییە تاوتوێکران و خرانەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە (Kuhl, 2003: 6).

| | |
|---|---|
| **Ferdinand de Saussure** (1916) | |
| Linguistique interne (langue) | Linguistique externe (parole) |
| **Noam Chomsky** (1965) | |
| Competence (I-Language) | Performance (E-Language) |
| **William Labov** (1966) | |
| Linguistics | Sociolinguistics |
| **John Lyons** (1977) | |
| Micro-linguistics | Macro-linguistics |
| **Roy Harris** (1981) | |
| Autonomous linguistics | Integrational linguistics |
| **Fred Peng** (1982) | |
| Narrow linguistics | Broad linguistics |
| **Roger Lass** (1986) | |
| Speaker free | Speaker centered |

خشتەی ژمارە (١)

**(چوارچێوەی تیۆریی شیکردنەوەی زمانەوانی) لە (Hernandez-Campoy, 2016: 83) وەرگیراوە.**

له خوارەوە بە پوختی بۆچوونی ئەو تیۆرییانە پەیوەست بە "زمانی تاک"ەوە دەخەینەڕوو:

سـۆسـێر لە کتێبەکەیدا بە ناونیشـانی (Course in General Linguistics) هەردوو چەمکی (زمـان) و (ئـاخـاوتن)ی لـە یـەکتر جیاکردەوە و پێیوابوو ئـاخـاوتن دوو لایـەنی هـەیـە: تـاکگـەرایی و کۆمەڵایەتی، هەردووکیان پێکەوە بەهادارن و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تر جێبەجێنابن. لەبەرئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە کۆمەڵ ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆئەوەی تاکەکان برەو بە توانا هزرییەکانی خۆیان بدەن. سـۆسـێر ئاخاوتن و چالاکی بە (Parole) ناوبردووە و دەڵێت: چالاکی هەمیشە پێواژۆیەکی تاکگەراییە (بڕوانە: De Saussure, Ferdinand, 2011: 7-19).

بەگشـتی تێگەیشـتنی سـۆسـێر بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەوەیە، کە "زمان" سـیسـتەمێکی کۆمەڵایەتیی سـەربەخۆیە و لە کۆمەڵێک کۆدی زمانیی پێکهاتووە، ئاخاوتنیش پراکتیککردنی ئەو سـیسـتەمە زمانییەیە، کە کۆمەڵ لە سـەری ڕێککەوتوون، واتا ئاخاوتن کردەیەکی تاکگەراییە، بۆیە هەندێکجار ملکەچی کارتێکەرە ناکۆمەڵایەتییەکانی وەک (جەستەیی، دەروونی، ...) دەبێت، بەڵام "زمان" بە پێچەوانەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە سـروشـتی کۆمەڵەوە لەژێر سـەرپەرشـتیی (ئاوەزی کۆمەڵ) دروسـتدەبێت، بۆیە جگەلە فاکتەری کۆمەڵایەتی، هیچ کاریگەرییەکی تری لەسـەر نییە (وافي، علي عبدالواحد، ١٩٨٣: ١٤٢) (Hanna et al, 1997: 121).

لە دروسـتەکاریی ئەمریکیدا، زمانی تاک جگەلە دەسـتپێشـخەرییەکەی (Bloomfield)، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و وەک لایەنێکی بێبەرهەم و بێبەها پەسـنکراوە، کە شـایسـتەی لێکۆڵینەوە نییە، هەروەها بۆ دەرەوەی پێڕەوی کۆمەڵایەتیی زمان پەراوێزخراوە، تەنانەت (Bloomfield)یش لە کتێبی (Language)دا "زمانی تاک"ی بە چەمکێکی ئاڵۆز و ڕاسـتییەکی بەڵگەنەویسـت ناسـاندووە، بەڵام نەیویستووە زۆری لەسەر بدوێت و لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەنجامبدات (Kuhl, 2003: 7).

Bloomfield "تاک"ی بەرامبەر بە "کۆمەڵی ئاخاوتنی" (Speech Community) بەراوردکردووە و هەوڵی تێگەیشـتنی ئەو دیاردەیەی داوە، لەوبارەیەوە دەڵێت: (دیاریکردنی دەقاودەقی تاکەکان لە هەموو بارودۆخێکدا، کە ئایا سـەر بە هەمان (کۆمەڵی ئاخاوتنی)ن، کارێکی سـەختە، یاخود ئەسـتەمە، ئەمەش بە ڕێکەوت ڕووینەداوە، بەڵکو لە سروشتی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانەوە سەرهەڵدەدات، ئەگەر بە وردی تێبینیبکەین، ئەوا پێویسـتە بزانین، کە هیچ دوو کەسـێک، بەڵکو ڕەنگە یەک کەسـیش – لە کاتی جیاوازدا- نەبن بە تەواوی بە یەک شێواز قسەبکەن) (Bloomfield, 1933: 45).

هـەرچـەنـدە (Bloomfield) خـۆی بـەدوورگرتووە لـە ئـەنجامدانی لێکۆڵینـەوەی ورد لـەبارەی گەشـە و پێشـکەوتنی ئیدیۆلێکتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا جەختی لەسـەر گرنگیی پەیوەندیی ئیدیۆلێکتیی لە هەردوو ڕەهەندی نەریتی ئاخاوتنی تاک و نەریتی ئاخاوتنی کۆمەڵدا دەکردەوە (Kuhl, 2003: 8).

ڕێبازی بەرهەمهێنیش کەمتازۆر گرنگیی بە زمانی تاک داوە، ئەگەرچی کەرەستەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانیان بریتیبووە لەو توانست و یاسا زمانییانەی، کە لە ئاوەزی مرۆڤدان، بە مەبەستی گەیشتن بە سروشتی کارکردنی ئاوەز. چۆمسکی پێیوایە (زمان) بوونێکی بابەتیی نییە، جگەلە نواندنی ئاوەزیی، کە لە هزری ئاخێوەراندایە (Smith, Barry, 2001:284).

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کۆزانینی زمان، ڕێبازی بەرهەمهێن پێیوایە جگەلە توانای پەیوەندیکردن و سەرەڕای دارشتنی کۆمەڵێک ڕستەی دیاریکراو، هیچ دوو ئاخێوەرێک نییە، کۆزانینی زمانییان وەکیەک بێت (Smith, Neil, 2004: 6)، بەو واتایەی جۆراوجۆری و جیاوازیی تاکگەرایی و بوونی زمانی تایبەتی (Private Language) بەڵگەی جیاوازیی کۆزانینە تاکگەراییەکانن، بەڵام بوونی جیاوازیی تاکگەرایی و زمانی تایبەتی لەم ڕێبازەدا واتای ئەوە نییە، کە تاک خاوەنی زمانێکی سەربەخۆ بێت و ئەندامانی تری کۆمەڵ لەو زمانە بێبەشبن، ئەگەر وابێت، ئەوا تاک ناتوانێت پێواژۆی پەیوەندیکردن مسۆگەربکات، چونکە ئەو یاسا و ڕێسایانەی پەیڕەویدەکات، لەگەڵ یاساکانی ئاوەزی ئەندامانی تری کۆمەڵدا یەکناگرنەوە (Smith, 2004: 157-158).

لەبارەی پێواژۆی پەیوەندیکردن و جۆراوجۆریی زمانییەوە، ڕێبازی بەرهەمهێنان و بەتایبەتی چۆمسکی پێیوایە، ئاخێوەرانی زمانێک هاوشێوەن (Homogeneous) و بەپێی ناوچە و هەرێمەکان ئاخاوتنەکان جیاواز نابن، چونکە زمان هۆ و ئامێری کردەی لەیەکتر گەیشتن و پەیوەندیکردنە (بڕوانە: مەحمود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٣: ١٢ ). بەڵام لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە هەڵەیە، وەک لە پێناسەکانی جۆراوجۆریی زمانی و (ئیدیۆلێکت)دا خرایەڕوو، نەک زمانی هەر ناوچەیەک لە یەکتر جیاوازن، بەڵکو لە ناو ئەندامانی خێزانێکیشدا جیاوازیی تاکگەرایی بەدیدەکرێت، زیاتر لەوەش هەر تاکێک بەپێی کات و هەڵوێستی جیاواز، شێوازی جیاواز بەکاردەهێنێت.

(I-Language) زاراوەیەکی نوێی ڕێبازەکەیە و بە لای چۆمسکییەوە بریتییەلە پێرەوی زمانیی تاک، (Mufwene) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (I-Language) بە ئیدیۆلێکتەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە (I-Language) لە بنەڕەتدا ئیدیۆلێکتە. سەرەڕای ئەوەش، گرنگییەکی ئەوتۆ بە زاراوەکە، یاخود زمانەوانیی تاک (linguistic individual) نەدراوە، تەنانەت چۆمسکی هەمیشە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە زمانی تاکگەرا لە بواری ئەدەبیدا زۆر گونجاوترە، چونکە بڕوای وایە، ئەوەی تاکەکان دەیڵێن، یاخود ڕێگەکانی گوزارشتکردن لە بیرۆکەکانیان، ئەزموونێکی کەم بە مرۆڤ دەبەخشن (بڕوانە: Kuhl, 2003: 30-32).




**هێڵکاریی ژمارە (١)**

**(تێڕوانینی "سۆسێر" و "چۆمسکی" و ئەوانی تر لە شیکردنەوەی زماندا) لە (Hernandez-Campoy, 2016: 84) وەرگیراوە.**

پێداچوونەوەکانی پێشـــوو دەرخەری ئەو ڕاســـتییەن، کە ئیدیۆلێکت، تاکو پێش ســـەرهەڵدانی کۆزمانەوانی، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و بە گشـتی وەک لایەنێکی بێبەها و لاوەکیی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، ئاماژەپێکراوە.

درکپێکردن و دۆزینـەوەی چـەمکی ئیدیۆلێکت لـە ئـەنجامی پـەیوەنـدیی زمـان و کۆمـەڵـەوە ســـەرچاوەدەگرێت. زۆرینەی بەشـــە پێکهێنەرەکانی زمانناســـی، پێش پەیدابوون و ســـەقامگیربوونی کۆزمانەوانی، بە تەواوی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵیان فەرامۆشـــکردبوو، یەکێک لە بنەما و هۆکارەکانی درککردن بەو پەیوەندییانە، بریتیبوو لە ناســـاندنی چەمکی "ئیدیۆلێکت"، کە بە ڕای "ترادگڵ" ئاخاوتنی تاکە کەسێکە لە کاتێکدا و بە یەک شێواز. ئەم چەمکە دەستپێکێکی پێویست بوو، کە چەندین بەرەوپێشچوونی تیۆریی بەدوایخۆیداهێنا (بڕوانە: Trudgill, Peter, 2000: 21).

## ٢-٢-١/١) ئیدیۆلێکت (زاراوە و ناساندن):

لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە زاراوەکە پەیوەســـتە بە پێشـــگری (idio)ی یۆنانییەوە، کە واتاکانی (تایبەت، کەســـی، تایبەتی، نامۆ"peculiar"، جیا، جیاواز) دەگەیەنێت، پێکهاتەی دووەمیش (Lect) بە واتای (زمان، زار) دێت، پێکەوە (زمانی تاک)، یاخود (بەرهەمی زمانیی تاک) دەگەیەنن ( ,Hazen 2006: 512). هـەر لـە زمـانی یۆنـانیدا، وشـــەی (idios) بە واتـای (خود/ کەس) دێت، وشـــەی (Lectos)یش بە واتای (وشـــە، یان دەربڕینی هەڵبژێردراو) دێت (Kuhl, 2003: 4) (حداج، زینب، ٢٠١٨: ٩). بـەمپێیە پێکـەوە واتـای (دەربڕین و ئـاخـاوتنـە هـەڵبژێردراوەکانی تـاک) دەگـەیـەنێت. جێی سـەرنجە هەردوو واتای پێشوو لە یەکترەوە نزیکن، هاوکات لەو چەمکە بڵاوەی ئێستا بەکاردەهێنرێت زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە.

زمانی تاک "ئیدیۆلێکت" وەکو چەمک و دیاردە، لەمێژە سەرنجی فەیلەسوفان و ئەدیبان و زمانەوانانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. (ئەم زاراوەیە لە بواری ئەدەبدا بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان لەلایەک و ناسینەوەی نووسەری دەقەکان لە لایەکی ترەوە سوودی لێوەردەگیرێت)[٤].

لە سنووری کاری زمانەوانیدا زۆرجار دیاردەکە لە چوارچێوەی باسی گۆڕان و جۆراوجۆریی زمان و پەیدابوونی زار و شێوەزاری کۆمەڵایەتی و هەرێمی و پیشەییدا خراوەتەڕوو، بۆیە هەندێک بەوە پێناسەی ئیدیۆلێکتیان کردووە، کە (بریتییەلە هەمەجۆریی زمانی و پەیوەستە بە تاکە ئاخێوەرێکەوە) (Dalarna, Högskolan, 2009: 2).

زمانەوانی ئەمریکیی بە نەژاد ئیتاڵی "Mario Pei" لە باسی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی زارەکاندا، پاش ئەوەی ڕوونیدەکاتەوە، کە هەریەک لە شار و شارۆچکە و گوندەکان زاری تایبەت بە خۆیان هەیە، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە جۆراوجۆریی ئاخاوتنی تاکەکانیش دیاردەیەکی حەتمییە، لەمبارەیەوە دەڵێت: (فەرەنسییەکان بەمشێوە ئاخاوتنە ناوخۆییە زارەکی (نەنووسراو)یە دەڵێن "patios" ، ئەگەر پشکنین و شیکاریی وردتر بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین هەر تاکێک تایبەتمەندیی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەوانی تر جیایدەکاتەوە، تەنانەت لەناوئەندامانی خێزانەکەیشیدا جیاواز دەردەکەوێت، بە شێوەیەک، کە هاوڕێ و ناسراوەکانی بەبێ ئەوەی ببینن، لە ڕێگەی دەنگیەوە دەیناسنەوە. ئەم شێوە ئاخاوتنە تاکگەراییە پێیدەوترێت ئیدیۆلێکت) (پای، ماریو، ت: عمر، أحمد مختار، ١٩٩٨، ٦٩).

هەرچەندە زاراوەی ئیدیۆلێکت لە زمانەوانیدا زۆر ناسراوە، بەڵام تاکو ئێستا پێناسەیەکی ورد و تەواوی دیاردەکە لەئارادا نییە، زمانەوانان هەریەکەیان لە ڕوانگەی شارەزایی خودی و ئەو میتۆد و تیۆرییانەی کارپێیدەکەن، بۆچوونی جیاواز و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ چەمکەکە خستووەتەڕوو، بەڵام تاکو ئێستاش مشتومڕی لەسەرە.

(Dittmar) بەوە پێناسەی ئیدیۆلێکت دەکات، کە ((بریتییەلە زمانی تاک، بەهۆی خووی بەدەستهێنراو و سیماکانی شێوازی کەسییەوە لە کەسانی تر جیاواز دەبێت، ئەم جیاوازییانەش لە قۆناغەکانی تری ژیانیدا وەک یاسایەکی گشتی دەردەکەوێت)) (Barlow, Michael, 2010: 1). بەم پێودانگە ((ئیدیۆلێکت تایبەتە بە تاکە کەسێکەوە و ڕەنگدانەوەی توانا زمانەوانییەکانییەتی)) (Heck, Richard G., 2006: 61)، یاخود بەوە پێناسەکراوە، کە ((پوختەیەکە لە ژینگەی گۆڕاوی ئاخاوتنی تاکگەراکان)) (Llamas et al, 2007: 216).

پاش گەڕان و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان و بەپێی تێگەیشتنمان لە چەمکەکە، گەیشتین بەو بڕوایەی، کە (ئیدیۆلێکت سەرجەم تایبەتمەندییە خودییەکانی شێوازی ئاخاوتن و نووسینی تاکگەرا

---

[٤]- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

- http://web.mnstate.edu/houtsli/tesl551/Socio/page4.htm

دەگرێتەوە، کە ڕەنگدانەوە و بەرهەمی "توانســـــتە زمانییە ئاوەزییەکان، بۆماوە، ژینگە، نەژاد، تەمەن، توخم، چینی کۆمەڵایەتی"ی تاکن).

خودی زاراوەی ئیدیۆلێکت تاکو ســـــاڵی (١٩٤٨) دەرنەکەوتبوو، بەڵام چەمکە شـــــاراوەکانی زاراوەکە لە کۆتایی ســـــەدەی نۆزدەیەمەوە بوون بە بەشـــێک لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. پێش ئەم ماوەیە زاراوەکانی تری وەک (جیاوازیی زمانی، زمانی تایبەتی، ...) بەکاردەهێنرا، هەروەها ســۆســێر (De Saussure) پێشگری (idio)ی لە گفتوگۆکانیدا و لە میانەی جەختکردنەوە لەلایەنی زمانناسیی ئێستایی (synchronic linguistic)دا بەکارهێنابوو (Hazen, 2006: 513).

## ٣-٢-١/١) پێگە و بەهای ئیدیۆلێکت لە کۆزمانەوانیدا:

لە بواری کۆزمانەوانیی هاوچەرخدا، تا ڕادەیەکی زۆر لەبارەی پێگە و بەهای ئیدیۆلێکتەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز بەدیدەکرێت، بە تایبەتی لە چێوەی پرســـــی ڕۆڵی تاک بەرامبەر بە ڕۆڵی کۆمەڵ (گرووپی کۆمـەڵایـەتی) لـە پێواژۆی گۆڕان و هـەمـەجۆریی زمـانیدا، بـە واتـایـەکی تر دوو تێڕوانینی دژبەیەک ســەبارەت بە ئاڕاســتەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دروســتبووە، کە ئایا لە "زمانی تاک"ەوە بۆ "زمانی کۆمەڵ" هەنگاوبنێین، یان بە پێچەوانەوە؟

پێش خستنەڕووی هەردوو تێڕوانینەکە، بە پێویستی دەزانین تیشکبخەینەسەر ئەوەی، کە تاکو ئەم چەند ساڵەی پێشوو، دژیەکیی دینامیکیی نێوان (ئیدیۆلێکت) و (زاری کۆمەڵایەتی) لە کۆزمانەوانیی هاوچەرخی ئەمریکی و ئەوروپیدا فەرامۆشــکرابوو، لێکۆڵینەوەی پێویســـتی لەســـەر ئەنجامنەدرابوو، بەڵکو وەک ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی، جەختیان لەســـــەر تاک دەکردەوە، واتا ئاخاوتنی تاک بەرجەســـــتەکەری فاکتەری کۆمەڵایەتییە، ئەمەش لەســـــەر ئەو گریمانەیە بنیاتنرابوو، کە گۆڕان و جیـاوازیی و هـەمـەجۆریی زمـانی لـە ڕێگـەی هێزی کۆمـەڵایـەتی و گرووپـە کۆمـەڵایـەتییـەکـانـەوە بڵاودەبێتەوە (Kuhl, 2003: 5-6)، نەک داهێنان و توانا زمانییەکانی تاک، بەڵام دواتر بۆچوونێکی دیکە بۆ پیشاندانی ڕۆڵی ئیدیۆلێکت پەیدابوو:

<u>تێڕوانینی یەکەم:</u> بریتین لە ژمارەیەکی بەرچاو لە زمانەوانان و فەیلەســـوفان، کە زاراوەی ئیدیۆلێکت ڕەتدەکەنەوە و بۆ توێژینەوەی زمانەوانی بە ڕەهەندێکی زیانبەخش و ناپێویســـــتی دەزانن، هەروەها پێیانوایە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەبێتەهۆی وەلانانی گرنگیی کۆمەڵایەتیبوون و لێکترازانی زمان، هەر لەم ڕوانگەیەوە (Barthes) و (Jacobson) وایدەبینن، کە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا جێی گرنگی نییە و زیاتر لە خەیاڵ و ئەندێشەوە نزیکە، (Barthes) دەڵێت: (ئیدیۆلێکت تا ڕادەیەکی زۆر وەک وەهمێک دەردەکەوێت)، بە هەمانشێوە (Jacobson)یش ئاماژە بەوە دەکات، کە چەمکی ئیدیۆلێکت تا ڕادەیەک

سـەلمێنەری خەیاڵێکی شێواوە (perverse fiction) (Barlow, 2010, 1). جگەلەوانەی باسکران، (Weinreich) و هاوبیرەکانیشـی، دیسـان بە شـێوەیەکی بنەڕەتی زاراوەی ئیدیۆلێکتیان لە کۆزمانەوانی دوورخستەوە و (بە توندی دژی ئەو بۆچوونە وەستانەوە، کە پێکهاتەی "زمان" بە کۆی ئیدیۆلێکتەکان پەسـندەکات، بەڵکو ئەوان بڕوایان وابوو، کە تەنها ڕێزمانی زمانی "کۆمەڵی ئاخاوتنی" ڕێسا و شـێوازێکی گونجاوە و تاکەکان یاسـا و ڕێسـاکانیان لەو ڕێزمانەوە وەردەگرن) ( Hazen, 2006: 513).

لەم ڕوانگەیەوە (Johnstone) پشـتبەسـت بە بۆچوونی بونیادگەرەکان، هەوڵی دوورخسـتنەوەی ئیدیۆلێکت لە بواری لێکۆڵینەوە دەدات، دەڵێت: (زمانەوانان لە زمانی کۆمەڵ دەکۆڵنەوە، واتە لە سـەرووی "زمانی تاک"ەوە دەکۆڵنەوە، زمان وەک موڵکی کۆمەڵ سـەیردەکرێت نەک تاک. لەم ڕوانگەیەوە بابەتی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیی دروسـتەکاریدا کۆمەڵایەتییە: کۆمەڵەکان، گروپە کۆمەڵایتییەکان، زارەکان، زمانەکان) (Kuhl, 2003: 31).

بەشـێک لە فەیلەسـوفان، کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی زمانەوە کردووە، پێیانوایە ناتوانین لە ئیدیۆلێکتەکان تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ زمانی کۆمەڵ (George, 1990: 275).

(Dummett) لە بواری فەلسـەفەی زماندا کاردەکات، پێیوایە ناکرێت ئیدیۆلێکت پێش زمانی هاوبەش (زمانی کۆمەڵ) بکەوێت، چونکە دەڵێت: (زمان بە واتا ئاسـاییەکەی لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئێمە لە واقیعدا ناتوانین لە چەمکی ئیدیۆلێکت بێ پێویست بین، کە هەمیشە تێگەیشتنی تاک لە زماندا دەنوێنێت، بەڵام مەرج نییە تێگەیشـتنێکی دروسـت بێت، بۆیە پێویسـتە ئاخاوتنەکان لە ڕووی چەمکی تێگەیشـتنی زمانی هاوبەشـەوە لێکبدرێنەوە، نەک بە پێچەوانەوە) ( Chiffi, Daniele, 2012: 421).

لە خوارەوە بە پوختی دوو لە گرنگترین ئەو پاڵنەر و بەڵگانەی، کە ئەم بۆچوونانەی لەسـەر بنیاتنراوە، دەخەینەڕوو:

١. یەکێک لە پاڵنەرە سـەرەکییەکان بریتییەلە جەختکردنەوە لە ڕێزمانی گشـتی (UG) و پێواژۆی پەیوەندیکردن، کە پێیانوایە تاکە ڕێگەی تێگەیشـتن لەوەی، کە ئایا تاک پەیڕەوی یاسـا دەکات ئەوەیە، کە بتوانێت بەشـداریی پراکتیککردنی یاسـاکان بکات، بەڵام پراکتیککردنی هاوبەش بۆ پێواژۆی پەیوەندیکردن پێویسـت نییە، بەڵکو تەنها دانان بە پراکتیکردنی زمانی ئاخاوتنی ئەوانی تر و ئەگەری تێگەیشـتنی ئەوانی تر لە پراکتیکردنی ئێمە، گرنگ و پێویسـتە، چونکە توانای ناسینەوەی پراکتیکردن پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسـای ڕێزمانی و واتایی جێگیر ناکات، بە وێنە (دیاردە پراگماتیکییەکان و چوارچێوەکانی دەوروبەر و ئیدیەم و میتافۆر و ...)، کە لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا ڕوودەدەن، مەرج

نییە ســەر بە کۆمەڵێک یاســای ڕێزمانی و واتاســازیی دیاریکراو بن (بڕوانە: Chiffi, 2012: 422-424).

٢. دیاردەی هەڵەکردن (The phenomenon of error) یەکێکی ترە لەو پاڵنەرە بەهێزانەی، کە وایکردووە مافی پێشــخســتنی زمانی کۆمەڵ بەســەر زمانی تاکدا بدەن، بیرۆکەکە ئەوەیە، کە بەبێ پەنابردن بۆ زمانێکی هاوبەش، ناتوانین ئەو ڕاســتییە بســەلمێنین، کە ئاخێوەران ئامادەن دان بە هەڵە زمانەوانییەکانیاندا بنێن و هەمواریبکەنەوە، بۆئەوەی لەگەڵ بەکارهێنانە گشــتی و دروســتەکەدا بگونجێت، ئەگەر ئیدیۆلێکتەکان لە پێشــتر و بنەڕەتی بوونایە، واتە ئەگەر بیرۆکەی ســەرەکی ئەوە بووایە، کە تاک لە کاتێکی دیارکراودا درک بە هەڵەکان دەکات، ئەوا بەمپێیە ناکرێت هیچ کەســێک لە ئاخاوتندا هەڵەبکات، چونکە ئەوکات تاکە پێوەر بۆ ڕاســتکردنەوەی هەڵە، پێویســتە لە کاتێکی دیاریکراودا هاوتەریبی درکپێکراوەکانی تاک بێت (بڕوانە: George, 1990: 287-288).

هەردوو خاڵی ســەرەوە پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆیان بە بیرۆکە فەلســەفییەکەی چۆمســکییەوە هەیە، کە لە (UG)دا خۆیدەبینێتەوە. لە زمانەوانیدا تیشــکی ســەرەکی خراوەتە ســەر ئەو تایبەتمەندییانەی بە ڕێزمانی تاکەوە پەیوەستن، کە لە ڕێگەی ستانداردەکانی (UG)ەوە لەسەر بنەمای ئەزموونی زمانی دیاریدەکرێت، دەکرێت ئەو تایبەتمەندییانە لە دوو لایەنەوە شــیکاری بۆ بکرێت: یەکەم: دەســەڵاتی ئەوەمان نییە تایبەتمەندی و یاســا ڕێزمانییەکان بە ئارەزووی خۆمان بگۆڕین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی لایەنێکی گرنگی ئەو هێزەی، کە لە لێکدانەوەی زماندا هەستی پێدەکەین. دووەم: ئاخێوەران توانای جڵەوگرتنی هەندێک لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانیان هەیە (بڕوانە: George, 1990: 294-297)، وەک ئەو بارودۆخە زمانییانەی، کە لە دەربڕینەکانی ڕســتەی باسمەند و میتافۆر و ئیدیەمەکاندا ڕوودەدەن.

پێویســتە ئەوەش بخەینەڕوو، کە کەرەســتەی لێکۆڵینەوەی لایەنگرانی بیرۆکەی (UG) و لەســەرووشــیانەوە چۆمســکی بریتییەلە (ئاخێوەری نموونەیی) و (زمانی نموونەیی)، دوور لە کارتێکەرەکانی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، دەوروبەری ئاخاوتن، ...)، بەڵام لە کۆزمانەوانیدا ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانە لە لێکۆڵینەوەکاندا پەیڕەودەکرێت، وەک لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

<u>تێڕوانینی دووەم:</u> ڕەنگە ئەو هەڵوێســتە نەرێنییانەی گروپی یەکەم ســەبارەت بە چەمکی ئیدیۆلێکت هەیانبوو، وەڵام و کاردانەوەیەک بێت بۆ پێناسە بنەڕەتییەکەی (Bernard Bloch)، کە بۆ ئیدیۆلێکت کردبووی: (کۆی گریمانەی ئاخاوتنی تاکە ئاخێوەرێکە، لە یەک کاتدا و لە میانی بەکارهێنانی زماندا، بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئاخێوەرێکی تر) (Bloch, Bernard, 1948: 7) (بڕوانە: Kuhl, 2003: 10) (Barlow, 2010: 1).

"Bloch" یەکەمین زمانەوانە، کە زاراوەی ئیدیۆلێکتی لە بواری زمانەوانیدا بەکارهێنابێت، ئەمەش کاتێک پێداچوونەوەی بۆ کۆمەڵە گریمانە و نووســـینێکی "Leonard Bloomfield" کرد (Hazen, 2006: 513). پێناسەکەی "Bloch" وەک خۆی دەڵێت"، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە:

١. زاراوەکە تایبەتە بە تاکە ئاخێوەرێکەوە.
٢. ئاخێوەرێکی دیاریکراو، ڕەنگە لە قۆناغە یەکبەدوای یەکاکانی ژیانی پیشـــەییدا، ئیدیۆلێکتی جیاوازی هەبێت.
٣. ڕەنگە تاکێک دوو ئیدیۆلێکت، یان زیاتری لە یەک کاتدا هەبێت (Bloch, 1948: 7) (Hazen, 2006: 513).

خاڵی (٣) لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی چەمکی ئیدیۆلێکتدا یەکناگرێتەوە، چونکە ئیدیۆلێکت بەرجەســـتەکەری توانا ئاوەزییەکانی تاکە و یەک پاکێجە، واتە تاک ناتوانێت لە یەک کاتدا دوو ئیدیۆلێکتی هەبێت، بۆیە ڕەنگە "بلۆچ" مەبەســـتی لە "شـــێوازی زمانیی تاک" بێت و هەردوو چەمکی (شێواز)و (ئیدیۆلێکت)ی وەک یەک زاراوەی زانستی لێکدابێتەوە.

هەرچەندە "Bloomfield" چەمکی ئیدیۆلێکتی لە نووسینەکەیدا ڕوونکردووەتەوە و بە شێوەیەکی زانســتی وێنەی کێشــاوە، بەڵام خودی خۆی (زاراوەی "ئیدیۆلێکت"ی بەکارنەهێناوە) (Kuhl, 2003: 8).

(Harris) و هاوبیرانی بانگەشـــەی ئەوەیان دەکرد، کە پێویســـت ناکات ســـەرنج و فۆکســـمان لە (کۆمەڵی ئاخاوتنی)یەوە بۆ (ئاخاوتنی تاکگەرا) بگوازینەوە، چونکە پێیانوابوو، کە تاک (کەســـێکی نموونەیی)یە و هاوئاڕاستەی پەیوەندیی زمانی گەشەدەکات (Kuhl, 2003: 40).

بۆ بەرپەرچدانەوە، یاخود وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونە، هاوشـــێوەی (Kuhl) بڕوامانوایە، کەجەختکردنەوە و گواســـتنەوەی ســـەرنجمان لە کۆمەڵی ئاخاوتنییەوە بۆ ســـەر ئاخاوتنی تاک، زۆر پێویســـتە، بۆئەوەی بتوانین چاودێریی تۆمارکردن و تێگەیشـــتنی پێواژۆ شـــاراوەکانی گەشـــەکردن و پێشـــکەوتنی ئیدیۆلێکت بکەین، هاوکات پەی بە چۆنێتیی پەیوەســـتکردنی ئاخاوتنی تاک بە جیاوازیی زمانییەوە ببەین. نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە گواســـتنەوەی زمان و زارەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، دیاردەیەکی ســـروشـــتی و لۆجیکییە، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەک ئەم هاوکێشـــەیە بەســـەر دۆخی ئیدیۆلێکتەکاندا جێبەجێنابێت، چونکە هەر ئیدیۆلێکتێک تایبەتە بە تاکێکەوە و لەگەڵیدا دەمرێت، هەروەها ڕەنگە ئیدیۆلێکتەکان وەک زمان و زارەکان خاوەنی (کۆدی جێگیر) لە وشـە و زاراوەکانیاندا نەبن، بەم پێودانگە زمان دەبێتە خاوەنی سروشتێکی ئیدیۆلێکتی و لەگەڵ تاکدا دەمرێت، لە هەمانکاتدا زمانە نوێکان لە ڕێگەی گەشـــەکردنی ئیدیۆلێکتی منداڵەوە گەشـــە و گۆڕان و پێشـــکەوتنیان تێدا ڕوودەدات. لە ســـادەترین بارودۆخدا منداڵ ئەو زارە وەردەگرێت، کە دایکوباوک و کەســـانی نزیکی قســـەیپێدەکەن، بەمپێیە منداڵەکە قســـەکەری ڕەســـەنی زمانەکە نییە، بەڵکو لەگەڵ گەورەبوونیدا فێری

چەندین زاری کۆمەڵایەتیی جیاواز دەبێت، واتا پاش قۆناغە سەرەتاییەکانی وەرگرتنی زمان، ڕووبەڕووی پێویستییەکانی خۆگونجاندن و بەردەوامیی پەرەپێدان دەبێتەوە (Kuhl, 2003: 8)، بەمەش دەبێتە خاوەنی ئیدیۆلێکتی تایبەت بە خۆی.

یەکێکی تر لە داکۆکیکارانی تیۆرانینی دووەم، بریتییەلە زانای کۆزمانەوانی "Richard Hudson"، کە بە شێوەیەکی زانستی بابەتەکە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە، ڕاستە کۆزمانەوانی لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، کە پێش هەر شتێک کۆمەڵ لە تاکەکان پێکهاتووە، هەروەها سەرجەم زانایانی کۆزمانەوانی لەسەر ئەوە کۆکن، کە پێویستە لە لێکۆڵینەوەکاندا تاک ناوەندی سەرەکیی گرنگیپێدان بێت. گرنگیی تاک لە کۆزمانەوانیدا هاوشێوەی گرنگیی خانە تاکەکانە بۆ لەشی مرۆڤ لە زانستی بایۆلۆجیدا، ئەگەر نەتوانین لە ڕەفتاری تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێبگەین، ئەوا بێگومان لە تێگەیشتنی ڕەفتاری کۆمەڵیشدا بە هەمان شێوە سەرکەوتوو نابین. یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی گرنگیدانی کۆزمانەوانی بە تاک، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو تاکمان دەستناکەوێت، بە تەواوی بە یەک شێواز قسەبکەن، ئەگەرچی دووانە بن و لە یەک ژینگەی کۆمەڵایەتی و زانستی و زمانیشدا پەروەردە ببن، ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، جیاوازیی لە ئاخاوتنیاندا بەدیدەکرێت، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات جیاوازییەکان زیاتر دەبن و هەریەکەیان سیمای تایبەتیی خۆی وەردەگرێت، هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەک لە ئەندامانی کۆمەڵ لە ڕووی بۆماوە و ئەزموون و شارەزاییە زمانییەکانەوە ناکرێت هاوتابن، ئەمە جگەلەوەی هەر تاکێک لە ڕووی ژیری و ئاوەز و باکگراوندی زمانی و کۆمەڵایەتی و چۆنێتی و چییەتیی ڕیزکردنی کەرەستەکان و گۆکردنی فۆنیم و دەنگ و یەکە زمانییەکانەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە (بڕوانە: هدسون، ت: عیاد، ۱۹۹۰: ٢٦-٢٩).

بەپێی بۆچوونەکانی "هدسۆن"، پێویستە کەرەستەی توێژینەوە لە زمانی تاکەوە وەربگیرێت، نەک زمانی کۆمەڵ، کەواتە ئیدیۆلێکت دەبێتە ڕاستییەکی بنەڕەتی و لێرەشەوە کۆی ئیدیۆلێکتەکان جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن. سەرەڕای جیاوازیی زمانیی تاکەکان، ناتوانین بڵێین هەر ئەندامێکی کۆمەڵ خاوەنی ڕێزمانێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام دەکرێت زمانی تاکگەرا بە مەبەستی زانینی کاریگەریی زارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەندێک لایەنی ڕێزمانیی شیکاربکرێت، "Labove" باس لەوە دەکات، کە ناتوانین لە ڕەفتاری تاک تێبگەین، مەگەر وەک ڕەنگدانەوەی ڕێزمانی کۆمەڵی ئاخاوتنی، هەروەها "Wunderlich"یش "ئیدیۆلێکت" بە پشکی تاک لە کۆمەڵدا دەناسێنێت (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Barlow, 2010, 2).

هەندێک لە زمانەوانان "ئیدیۆلێکت" وەک پێڕەوێکی سەربەخۆ دەناسێنن و تایبەتمەندییە زمانییەکانی دەستنیشاندەکەن، ئەم دید و بۆچوونە بۆ زاراوەکە لە پێناسەیەکدا پوختدەکەینەوە، کە

دەڵێت: (ئیدیۆلێکت پێرەوێکی زمانییە و تایبەتمەندییەکانی گۆکردن و ڕێزمان و فەرهەنگ و پراگماتیک دەگرێتەوە و لەلایەن تاکە ئاخێوەرێکەوە بەکاردەهێنرێت. بەمپێیەش دەکرێت لە زارە کۆمەڵایەتیی و هەرێمییەکان وەک کۆمەڵە ئیدیۆلێکتێکی لێکچوو (نەک هاوشـــێوە) بگەین ( Swann et al, 2004: 141) (Llamas et al, 2007: 216).

تەرزەکانی تاک (Individual patterns) وا دەردەکەون، کە:

١. بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی یەک ســـاڵ، یان دوو ســـاڵ جێگیر و پارێزراو بن، ســــەرەڕای جیاوازیی بەکارهێنانە گشتییەکانی نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجامدراون، بە شـــێوەیەکی ئاســـایی، جۆراوجۆریی و جیاوازیی ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەران لە جیاوازیی ئاخاوتنی تاکە ئاخێوەرێک لە کاتی جیاوازدا زیاترو فراوانترە.

٣. تێگەیشـــتن لە ســـروشـــتی چەمکی (ئیدیۆلێکت) پێویســـتە، بۆئەوەی باشـــتر لە هەندێک بابەتی زمانەوانی بگەین، بە وێنە کۆزانینی ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی زمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەمەش زیاتر لە جیاوازیی نێوان تێگەیشـــتن (Comprehension) و بەرهەمهێنان (Production) تێدەگەین (Barlow, 2010: 3).

لە ڕوانگەی ئەو زانیاری و شـیکردنەوانەی پێشـووەوە دەردەکەوێت، کە ئیدیۆلێکت لە نێوان زمان و ئاخاوتن و پەیوەندی و دەربڕیندا دابەشـــبووە، هەروەها لەناو ســـنووری کۆزمانەوانیدا پێرەوێکی لەگەڵ زاری جوگرافیی و زاری کۆمەڵایەتیدا پێکهێناوە (Rabatel, 2005: 94).

## ٢/١) جیاوازییە زمانییەکان و هۆکارەکانی

### ٢/١-١) چەمکی جیاوازییە زمانییەکان:

خودی مرۆڤ دروستکراوێکی ناچونیەکە، ئەم ناچونیەکی و ناهاوتاییەش چ لە ڕووی بایۆلۆجی و جەســـتە و ڕوخســـار و ... هتد بێت، چ لە ڕووی درککردنی ئاوەزی و ژیری و ئەزموونوەرگرتن و ڕەفتارەوە بێت. هیچ دوو مرۆڤێک نادۆزینەوە بە تەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەکتر بچن.

هەر لە دێرزەمانەوە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بووەتە جێی بایەخی بیرمەندان و فەیلەسـوفان، لە سـەرووی هەمووشیانەوە "ئەفلاتۆن" و "ئەرەستۆ" گرنگییەکی بەرچاویان بە جیاوازیی تاکگەرایی داوە و ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییانەشـــیان لە پەروەردەکردنی منداڵاندا بە پێویســـت زانیوە. ئەفلاتۆن بە پشتبەستن بە سیما تاکگەراییەکان لەڕووی هزری و جەستەیی و دەروونییەوە، کۆمەڵی بەسـەر سێ

چیندا دابەشــکردووە: (ا) چینی بیرمەندان (ب) چینی کرێکاران (پ) چینی لەشــکر. ئەرســتۆش لەســەر بنەمای ســیما و تایبەتمەندییە جەســتەیی و هزری و ئاوەزییەکان گفتوگۆی لەســەر بابەتی جیاوازیی نێوان کەســـــەکان و کۆمەڵەکان و ڕەگەزی نێر و مێ کردووە و هۆکارەکەشـــی بۆ ســـروشـــت گەڕاندووەتەوە. هەرچەندە ڕەهەندەکانی ئەم باسە تاکو ئێستاش جێی سەرنجی زۆرێک لە بیرمەندانە، بەڵام خودی "جیاوازیی تاکگەرایی" وەک دیاردەیەکی گشــتی لە ســەرجەم بوونەوەرەکاندا ناســراوە، هەر لە بچوکترینیانەوە تا دەگاتە مرۆڤ) (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: الزعبي، أحمد، و: عزيز، عمر إبراهيم، ٢٠١٨: ١٢-٢٠). زمانیش ڕەنگدانەوەی ئاوەز و ڕەفتاری تاکە، بۆیە بە هەمان شێوە جیاوازیی و جۆراوجۆری و گۆڕانی تێدەکەوێت. لەبەر ڕۆڵ و گرنگیی چەمکەکە و پێویســـتیی شـــارەزابوونی کۆمەڵ (بە تایبەتی مامۆســـتایان و ناوەندە پەروەردەییەکان) بە لایەنەکانی جیاوازیی تاکگەرایی، بوارێکی نوێ بە ناوی (جیاوازیی تاکگەرایی/ الفروق الفردية) لە زانســـتی دەروونناســـیدا پەیدابوو. لە زانســـتی زمان و کۆزمانەوانیشـــدا زاراوەی "ئیدیۆلێکت" و "جیاوازییە زمانییەکان" بوارێکی فراوانی لێکۆڵینەوەیان بۆ تەرخانکرا.

ســـەبارەت بە زمان، بەپێی ئەزموونی ڕۆژانەمان، هەمیشـــە دەبینین هاوزمانان و کەســـانی دەوروبەرمان لە بەکارهێنانی زمانی دایکیدا جیاوازن، هەرچەندە ســـەر بە هەمان زاری کۆمەڵایەتی و پیشـــەییش بن، (جیاوازییە کەســـییەکانیش لە هەر چوار لایەنەکەی زماندا: "ئاخاوتن و گوێگرتن و نووسین و خوێندنەوە" بەرچاودەکەون، هەروەها لە ڕووی: فراوانیی فەرهەنگ، ئاسانی بەبیرهاتنەوەی وشە، یان دەستەواژە و ڕستەی گونجاو بۆ چەمکەکان، بەرهەمهێنانی ڕستەی واتادروست و ڕێزمانی، توانای ئاخاوتن بەرامبەر بە خەڵک، وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیارییە زمانییەکان، هەروەها لە ڕووی توانای گشـــتیی بەکارهێنانی زمان لە چالاکییە بیرییەکانی تردا، جیاوازیی ئاشـــکرا دەبینرێت) (باتني، محمد رضا، و: کەریم، ئاکۆ عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ٨٥).

هەر لە سەرەتای فێربوون و وەرگرتنی زمانەوە (زمانپژان)، جیاوازیی زمانیی لای منداڵ (نێر بێت یان مێ) دەردەکەوێت، هەرچەندە هاوتەمەن بن و لە ژینگەیەکی هاوشێوەشدا گەورەبووبن، بە ئاسانی هەســـت بەو جیاوازییە دەکرێت، واتە هەر منداڵێک خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی، (شـــێوەی هەڵەکردنی زمانیی هەر منداڵێک، لە منداڵانی تر جیاوازە - ســـەرەڕای هەندێک هەڵەی گشـــتگیر، کە هەموو منداڵان تێیدا بەشدارن- ، هەروەها منداڵان لە خێرایی دەربڕین و خێرایی ڕاستکردنەوەی هەڵە زمانییەکاندا جیاوازن، هەروەک چۆن جیاوازیشـــن لە دەوڵەمەندیی فەرهەنگ و وردی و ڕوونیی ئەو چەمکەی، دەیانەوێت دەریببڕن، ... هتد) (السعران، محمود، ١٩٦٣: ٥٤).

تاک ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە سەرجەم جۆرەکانی گۆڕان و گەشە و جیاوازیی زمانیدا دەگێڕێت، چ لە ڕووی دەنگ و فۆنەتیکەوە بێت، یان لە ڕووی دەربڕین و خستنەپاڵیەکی کەرەستە زمانییەکانەوە بێت (جسبرسن، أوتو، ت: أیوب، عبدالرحمن محمد، ١٩٥٤: ٥١).

هەمەچەشنیی ئەندامانی ئاخاوتن و شێوەی گۆکردن و دەربڕینی دەنگەکان، لە دیارترین جیاوازییە زمانییەکانی نێوان تاکەکانە و هەر لە مێژە زانایان و زمانەوانان درکیان بە بوونی ئەم دیاردەیە کردووە، "Otto Jespersen" لەمبارەیەوە دوو نموونەی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو (جسبرسن، ت: أیوب، عبدالرحمن محمد، ١٩٥٤: ٤٨):

نموونەی یەکەم: کلتورێکی سەیری دورگەیەکی ڕۆژهەڵاتی کەنداوی بەنگال دەگێڕێتەوە، بە ناوی (ئەندامان)، هەریەک لە دانیشتوانی دورگەکە (لە وتنەوە و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانیاندا) خاوەنی ئاوازی تایبەت بە خۆیانن ، هەروەها بەکارهێنانی ئاوازی کەسێک لەلایەن کەسێکی ترەوە، بە دەستدرێژی و بەزاندنی سنووری شکۆی ئاوازدانەرەکە لەقەڵەمدەدرێت.

نموونەی دووەمیان: باس لە کلتورێکی دورگەی (گرینلاند) دەکات، کە گێڕانەوە و وتنەوەی شیعر تەنها موڵکی خاوەنەکەیەتی- شاعیر- و دوای مردنیشی، خاوەندارێتییەکەی وەکو میراتی بۆ کەسوکاری دەگەڕێتەوە.

زمان سیمایەکی جیاکەرەوەی مرۆڤەکانە، یەکەمین دەرکەوتەی ئەم جیاکارییەش لە جیاوازیی دەنگییەوە دەستپێدەکات، ڕاستە دەنگی ئاخاوتنی (منداڵ، گەنج، پیر، نێر، مێ) جیاوازن، بەڵام جیاوازییەکە بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو هەر لەگەڵ لەدایکبووندا، منداڵ خاوەنی مۆرکی دەنگیی سروشتیی تایبەت بە خۆیەتی (نەک بەدەستهێنراو بێت) (السعران، محمود، ١٩٦٣: ٥٥).

"أنیس فریحة" لە کتێبێکیدا، کە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بە دیاردەی جیاوازییە تاکگەراییەکان کردووە، بەوەی، کە زانستی زمان سەلماندوویەتی، هیچ کۆمەڵێکی هاوزمان لە دونیادا بوونی نییە، بەڵکو هەر تاکێک خاوەنی زارێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم سەلماندنەش لە ڕێگەی ئامێری تۆمارکردنی دەنگ و شیکارکردنی شەپۆلەکانییەوە ئەنجامدراوە، بە وێنە داوا لە کەسێک دەکرێت ڕستە، یان دەستەواژەیەک دەرببڕێت، پاش (١٥) خولەک داوای دووبارەکردنەوەی هەمان دەربڕینی پێشووی لێدەکرێت، لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئامێرەکە بۆ هەردوو دەربڕینەکە، جیاوازییەکی وا دەردەکەوێت، کە گوێی مرۆڤ ناتوانێت درکیپێبکات، ئەمە جگەلەو جیاوازییە ئاشکرایانەی، کە لە (توندی و نەرمی و بەرزی و نزمی و هێز و ئاوازەی دەنگەکان و ڕوونی و ناڕوونیی وشەکان و چۆنێتیی گۆکردنیان)دا بە ڕوونی هەستپێدەکرێت (فریحە، أنیس، ١٩٨٩: ٨٦-٨٧ ، هەروەها بڕوانە: فوزي، مها محمد، ٢٠٠٩: ١٦٦-١٦٩).

له قۆناغێکی تردا "تیۆری ناسـینەوەی دەنگ" سـەریهەڵدا، کە لە ئاشـکراکردنی جیاوازییەکاندا وردتربوو. ئەم تیۆرییە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەر تاکێک کوالیتیی دەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە و بەهۆیەوە لەوانی تر جیادەکرێتەوە. هەر کەسـێک ئامێرێکی دەنگیی (ئەندامانی ئاخاوتن) جیاوازی پێبەخشـراوە، وەک (گەروو، زمان، لێو، ددان، لووت)، شـێوە و قەبارەی هەریەکەیان جیاوازە، هاوکات نەخشـە و ئەندازەی ژێیەکانیش جۆراوجۆرە، ئەمەش یەکێکی ترە لە چالاکییە سـەرسـوڕهێنەرەکانی مرۆڤ و بە مۆرە دەنگییەکان (voice-prints) ناسـراوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Muhammadi, Tanveer Ahmed, 2016: 60-61).

مۆرە دەنگییەکان یەکێکن لەو ڕەهەندانەی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری یاسـایی و دادوەریدا بۆ دۆزینەوەی تۆمەتبار بەکاریانهێناوە، هەرچەندە وا بڵاوە، کە مۆری دەنگی بە هەمان شـێوەی پەنجەمۆر مۆرکی کەسـیی تاکی هەڵگرتووە، بەڵام (Peter Trudgill) (1984:52-53) دەڵێت: (نکوڵی لەوە ناکرێت، کە ئامێری دەنگی، ڕەنگە لە پرسـە دادوەرییەکاندا بەهاداربن، بەڵام زۆربەی زمانەوانان و دەنگناسـان زۆر بەگومانن لەو بانگەشـەیەی، کە لەبارەی مۆرە دەنگییەکانەوە خراونەتەڕوو، یەکێک لە شـارەزایان بە ناوی (Peter Ladefoged) بەشـداریی ژمارەیەکی زۆر کەیسـی دادگای کردووە و هەزاران مۆری دەنگی تاقیکردووەتەوە، دەڵێت: بانگەشـەکان سـەبارەت بە دروسـتی و وردیی مۆری دەنگی، تا ڕادەیەکی زۆر زیادەڕۆیی تێدایە. لە ڕووی لۆجیکیشـەوە هیچ کەسـێک ناتوانێت لەمبارەدا کۆمەڵگەیەک دیاریبکات و نموونەیان بۆ توێژینەوە لێوەربگرێت، بۆیە هیچ ڕێگایەک بۆ زانین و دۆزینەوەی ئەو تاکانەی کۆمەڵ نییە، کە تایبەتمەندیی دەنگیی لێکچوویان هەیە، کەواتە ناکرێت "تۆمەتبار"یش بەهۆی لێکچوونی دەنگەوە تۆمەتی بەسـەردا سـاغبکرێتەوە، چونکە ئەسـتەمە بتوانرێت ئامار بۆ سـەرجەم دانیشـتوانی کۆمەڵێک بکرێت، تا بزانرێت دەنگی تۆمەتبار هاوشێوەی هەیە، یان نە).

سـەرەڕای ئەوەی باسـکرا، دەکرێت "مۆری دەنگی" وەک سـیمای جیاکەرەوەی "پاڵپشـت" بە جیاوازییە تاکگەراییەکانی تر سـەیربکرێت، هەروەک (Barbara Johnstone) ئاماژەپێکردووە و نموونەی ئەو منداڵانەی هێناوەتەوە، کە تەمەنیان لە (٦) مانگ کەمترە، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانن دەنگی دایکیان لە دەنگی کەسـانی تر جیابکەنەوە، هەروەها ناوبراو ڕەگی جیاوازیی تاکگەرایی دەنگی فیزیکی (The Physical Voice) بۆ زانسـتی بایۆلۆجی دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە، بە شـێوەیەکی ئاسـایی دەنگی ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر بەرزترە، هۆکاری ئەمەش بۆ پێکهاتەی جەسـتەیی و بایۆلۆجی پەیوەسـت بە (قەبارە و شـێوەی پێڕەوی دەنگی و چالاکیی هۆرمۆنی) دەگەڕێتەوە ( Johnstone, Barbara, 1996: 9)، بەڵام سـەبارەت بە "سیسـتەمی دەنگی"ی ئاخێوەرانی کۆمەڵی ئاخاوتنی، ئەوا ڕەنگە هاوکێشـەکە هەمان ئەنجام بەدەسـتەوەنەدات، پەیوەسـت بەم بابەتە، (Ash) توێژینەوەیەکی ئەزموونکاریی لەسـەر ئەو کەسـانە ئەنجامداوە، کە هەوڵدەدەن دەنگیان بشـارنەوە، یاخود بیگۆڕن،

سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیبووە لە بەشێک لە دانیشتوانی باکوری ئەمریکا، ناوبراو بۆی دەرکەوت، کە خەڵکی باکوری ئەمریکا ناتوانن بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە دەنگەکانیان وەکو ئاخێوەرانی باشوری ئەمریکا بگۆڕن، جگەلە چەند تایبەتمەندییەکی کەم نەبێت، بۆیە (Ash) بانگەشـــەی ئەوە دەکات، کە ناکرێت ئاخێوەرانی کۆمەڵێکی ئاخاوتنی لەســـەر بنەمای جیاوازیی ســـیمای دەنگیی جیابکرێنەوە، لەبەرئەوەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە پێڕەوی دەنگییاندا نییە (Johnstone, 1996: 10).

لە کۆتاییدا دەڵێین: دەکرێت جیاوازییە دەنگییەکان (phonological differences) ببنە **یەکێک** لە ســـیما جیاکەرەوەکان بۆ دەســـتنیشـــانکردنی (چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، توخم)ی ئاخێوەر، هەروەها دەکرێت بەپێی ئەو دەوروبەرەی ئاخێوەر قسـەی تێدا دەکات، دەنگەکان جیاواز بن (بڕوانە: Trudgill, 1984: 62).

لەبەر پێویســـتیی زانســـتیی بابەتەکە، بە گرنگی دەزانین ســـەرەکیترین هۆکارەکانی دروســـتبوونی جیاوازییە زمانییەکان لە وەچەپاری داهاتوودا بخەینەروو.

## ٢-٢/١) هۆکارەکانی جیاوازییە زمانییەکان:

مرۆڤەکان لەســـــەر بنەمای (نەژاد، نەتەوە، ناوچەو هەرێمی جوگرافی، ئاین، توخم، تەمەن، خێزان، شـوێنی کار، ...) دەناسـرێنەوە، کەواتە شـوناسـی کۆمەڵایەتیمان ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانمان ئاڕاســتەدەکات و بەوپێیەش ڕەفتارەکانمان ئەنجامدەدەین (Muhammadi, 2016: 260) (هەروەها بڕوانە: Chambers and Trudgill, 2004: 68-69)، هەر ئەم بنەما و فاکتەرانەش بەرهەمهێنەری جیاوازییە زمانییەکانن.

لێکۆڵینەوەکانی کۆزمانەوانی لەبارەی هەمەجۆری و جیاوازیی زمانییەوە، بۆ ســەدەی نۆدەیەم دەگەڕێتەوە و لە هەوڵەکانی "Herman Paul"ەوە دەســـــتپێدەکات، کە جەختی لەســـــەر ڕۆڵی تاک دەکردەوە و پێیوابوو هەر داهێنانێکی زمانیی بۆ بەرهەمی تاکە کەسێک دەگەڕێتەوە، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی هاوشـــێوە دابهێنرێن، بەڵام گۆڕان لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان تاکەکانەوە بڵاودەبێتەوە، ئەو جۆراوجۆرییە گشـــتییە نوێیانەی ئێســـتا لە زمانەکاندا هەن و بە ملیۆنان خەڵک بەکاریدەهێنن، بەرئەنجامی گەشــە و پێشــکەوتنی پەیوەندیی قەبارەبچووکی نێوان تاکەکانن ( Johnstone, 1996: 13).

ڕێباز و تیۆر و قوتابخانە زمانەوانییەکانیش بەپێی بنەما و پرەنسیپ و فەلسەفەی کارکردنیان، بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی پەیوەندیی نێوان (ئاوەز و زمان و کۆمەڵ) لە بەرهەمهێنانی جیاوازییە زمانییەکاندا هەیە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین بە کورتی ئاماژە بە بۆچوونی هەرســـێ قوتابخانەی

(بەرهەمهێن- Generative) و (زانستی زمانی درکپێکردن- Cognitive Linguistics) و (کۆزمانەوانیی درکپێکردن-Cognitive Sociolinguistics) بکەین.

بە بڕوای قوتابخانەی بەرهەمهێن مرۆڤ خاوەنی ئاوەزێکی داهێنەرانەیە و دەتوانێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێساو یاسای سنووردار، کە لە مێشکیدایە، ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە بەرهەمبهێنێت و لێتێبگات، بەبێ ئەوەی پێشتر بیستبێتی، یان بەکاریهێنابێت (تشومسکی، نعوم، ت: حسن، عدنان، ٢٠٠٩: ٣٤-٣٩) (Smith, 2004: 26-28). لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنیشەوە، مرۆڤ لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە دەتوانێت سەرجەم زانیارییەکانی دەوروبەری ئەزموونبکات و لە ئاوەزیدا بەکۆدیانبکات و دواتر وەک شارەزایی زمانیی بەکاریانبهێنێتەوە. کۆزمانەوانیی درکپێکردنیش بە شیکردنەوە و سوودوەرگرتن لە هەردوو قوتابخانەی پێشوو، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی، کە سەرجەم بەرهەم و داهێنانی تاکەکان، لەلایەکەوە وابەستەی زیرەکیی ئاوەزی مرۆڤن و لەلایەکی تریشەوە کۆکراوەی ئەزموون و شارەزاییە بەرجەستەکراوە بەکۆدکراوەکانی ئاوەزێتی، لە کاتی داهێنانی بەرهەمەکانیدا هەمیشە سوودیان لێدەبینێت (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣: ٨٠). بە هەر یەکێک لەو بۆچوونانە بەرهەمە زمانییەکان (ئاخاوتنی تاکەکان) هەڵبسەنگێنین، زۆر بە ڕوونی جیاوازییە زمانییەکانمان بۆ دەسەلمێت، واتە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئاوەزێکی داهێنەرانە بێت و زانیارییە جۆراوجۆرەکان بەهۆی شارەزاییەوە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بەدەستبهێنێت، ئەوا لە ڕووی لۆجیکەوە هەر دەبێت جیاوازیی زمانی لە نێوان ئاخاوتنی تاکەکاندا ڕووبدات، چونکە ڕێژەی (زیرەکیی ئاوەزمەندی، توانای هەستەوەرەکان، شارەزایی، ...) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆیە دەرئەنجام و بەرهەمەکانیشیان (کە زمانە)، جیاواز دەبێت.

بە پێویستی دەزانین لە وەچەپاری داهاتوودا تیشکبخەینەسەر گرنگترین هۆکارەکانی جیاوازییە زمانییەکان، بە مەبەستی دەرخستنی ڕێژەی ڕۆڵ و کاریگەریی هەریەک لەو هۆکارانە.

### ٢/١-٢-١) بۆماوە و ژینگە[٥]:

زمان و توانستی زمانی (وەک قوتابخانەی بەرهەمهێن سەلماندوویەتی) ڕاستەوخۆ بە مێشک و ئاوەز و لایەنی بۆماوە و چالاکیی ئاوەزییەوە پەیوەستە، لە کۆزمانەوانیشدا (جگەلە ڕۆڵی ئاوەز و

---

٥ - هەندێک لە توێژینەوەکان (کات، شوێنی جوگرافی، دەوروبەری کۆمەڵایەتی، شێوازی ئاخاوتن، باری دەروونی، ...)یشیان بە فاکتەری دروستبوونی جیاوازییە زمانییەکان لێکداوەتەوە، بەڵام لەم تێزەدا "ژینگە" وەک زاراوەیەکی گشتگیر بەکارهێنراوە، کە سەرجەم ڕەهەند و فاکتەرەکانی سەرەوەی تێدا جێدەبێتەوە، وەک (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی پەروەردەیی، ژینگەی جوگرافی، ...)، بۆیە هەوڵمانداوە هۆکاری جیاوازییە زمانییەکان لە تەنها (٥) خاڵدا پوختبکەینەوە.

بۆماوە)، ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی بە فاکتەری سەرەکیی گەشەسەندنی توانا و چالاکییە زمانییە تاکگەراییەکان هەژمارکراوە.

زۆرینەی دەروونناسەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە هۆکاری جیاوازیی زمانی بۆ فاکتەری بۆماوەیی و ژینگەیی (فێربوون) دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی لەسەر ڕێژەی گرنگیی هەریەکەیان کۆک نین. سەبارەت بە گرنگیی بۆماوە، زانایان ئەو پرسیارە دەوروژێنن، کە بۆچی سەرجەم منداڵە ئاساییەکانی جیهان لە نێوان (١٨-٢٤) مانگیدا زمانیان دەپژێت؟ (واتە هەوڵدەدەن وشەکان بە شێوەی ڕستەی کورت ڕیزبکەن)، بە دڵنیاییەوە هۆکارەکەی ئەوە نییە، کە لەو ماوەیەدا ڕووداوێکی تایبەت لە ژینگەی منداڵدا ڕوودەدات، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە، کە لە ڕووی گەشەکردنەوە دەگاتە ئاستێک، کە بتوانێت بەو ڕەفتارە زمانییە هەستێت (باتنی، و: کەریم، ٢٠١٥: ١٠٦).

هەردوو فاکتەری (بۆماوە، ژینگە) گرنگیی تایبەتییان هەیە و لێکجودا و سەربەخۆ نین، بەڵکو دوو هێزی کارلێککەر و کارلێکراون، ئەم کارلێکەش گەشە و گۆڕانی تاک لە سیما و سیفەتە جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتییەکاندا تەواودەکات. ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی زانستی لەبارەی ڕۆڵ و گرنگیی هەریەک لە (بۆماوە و ژینگە) لەسەر توانا ژیریی و زمانییەکان و سیما جەستەییەکان ئەنجامدراوە، لەوانەش: "ئایزنک" لە توێژینەوەکانیدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە توانا ژیرییەکان و سیما کەسییەکان بەهۆی فاکتەری بۆماوەییەوە دیاریدەکرێن، هەروەها توێژینەوەکانی "Herndon" ئەوەیان سەلماندووە، کە کاریگەریی بۆماوەیی لەسەر ئاستی ژیری لە نیوان (٥٠٪ - ٧٥٪)دایە، بەمەش لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکانی "Burks" دا کۆکدەبن، کە دەڵێت شوێنەواری بۆماوەیی لەسەر ژیری دەگاتە (٧٥٪). بە پێچەوانەشەوە دەکرێت ژینگە کاریگەریی لەسەر بۆماوە دابنێت، هەروەک لە توێژینەوەیەکی هەردوو زانا (جیزڵ و لۆرد)دا سەلمێنراوە، کە لەسەر منداڵانی پێش قۆناغی خوێندنگەی سەرەتایی ئەنجامیاندابوو، بە مەبەستی دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ژینگە و تونای زمانیی، لە ئەنجامدا دەرکەوت، ئەو منداڵانەی لە ژینگەی چینێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەرزدا پەروەردە دەبن، توانای زمانییان خێراتر و بەهێزترە لەو منداڵانەی، کە پەروەردەی چینێکی نزمی کۆمەڵن (بڕوانە: الزعبي، و: عزیز، ٢٠١٨: ٣٤-٣٦).

پشتبەست بەو توێژینەوانەی خرانەڕوو لەبارەی پەیوەندیی تەواوکاریی نێوان بۆماوە و ژینگە، هاوکات بە سەرنجدانێکی خێرای واقیعی خوێندکارانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان بە نموونە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەک لە "بۆماوە" و "ژینگە" بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر زمانی ئاخاوتنی تاک هەیە، بە جۆرێک: (ا) ئەگەر تاک خاوەنی پلەیەکی بەرزی ژیریی ئاوەزیی بۆماوەیی بێت، لەگەڵیدا ژینگەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی دروستی بۆ ڕەخسابێت، ئەوا توانا زمانییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەبن، بەڵام ئەگەر ئەو دۆخەی بۆ

نەرەخسا، توانای زمانیی لاواز دەبێت و ڕەنگە توشی گرفتی زمانییش ببێت. (ب) ئەگەر تاک تەنها گرفتی لە (بۆماوە)، یان (ژینگە)دا هەبوو، ئەوا دەکرێت بە پەرەپێدانی لایەنە تەندروستەکە، کاریگەریی گرفتەکە کەمبکرێتەوە، یان نەهێڵدرێت. بە وێنە ئەو منداڵانەی لە باخچەی ساوایانەوە هاتوونەتە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی، فەرهەنگی زمانییان فراوانترە، بە بەراورد بەو منداڵانەی، کە ڕاستەوخۆ خراونەتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (ڕۆڵی ژینگە)، هاوکات مەرج نییە ئەو منداڵانەی دەرچووی باخچەن لە ڕووی (زیرەکیی و چالاکیی ئاوەزی و توانا و داهێنانی زمانییەوە) لە منداڵانی دیکە چالاکتربن (ڕۆڵی بۆماوە) (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: کەلهوڕ، ٢٠١٠: ٨٢-٨٥ و الزعبي، و: عزيز، ٢٠١٨: ٣٤-٣٦).

## ٢/١-٢-٢) نەژاد:

زمانی هەریەکەمان گوزارشت لە ناسنامە و نەژاد و ئاین و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەواری و لایەنی دەروونی و ...هتد دەکات، چەندین سیما و تایبەتمەندیی تری کەسێتی لە بۆتەی زمانەوە هەڵدەهێنجرێن، بۆیە مرۆڤەکان بەپێی ژینگە و دەوروبەر هەمیشە گۆڕان لە سیما و ناسنامەکانیاندا ڕوودەدات، جگەلە شوناسی نەژادیی نەبێت، کە جێگیر و نەگۆڕە، هەروەکو "Edward" دەڵێت: لە کۆتاییدا زمان و شوناس (نەژاد) لە یەکتر جیانابنەوە (Muhammadi, 2016: 254). لەم ڕوانگەیەوە (Urciuoli) توێژینەوەیەکی ئەزموونکاریی ئەنجامدا، تێیدا هەندێک لە ئاخاوتنی خەڵکانی نەژادجیاوازی وەک نموونە وەرگرت، پاشان وەک شریتێکی دەنگی، درا بە گوێی دانیشتوانی هەرێمێکی سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ناوی (پورتۆریکەن) و داوایانلێکرا بەپێی لێکدانەوەیان بۆ ئەو دەنگەی، کە دەیبیستن، نەژادی ئاخێوەران دەستنیشانبکەن، لە یەکێک لە شریتە دەنگییەکاندا گوێگران سەرسامبوون بە ناسینەوەی نەژاد و شێوەی پێستی خاوەنی دەنگەکان، (Urciuoli) دەڵێت: بۆ من ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش بوو، کە ئاخێوەران دەتوانن لە ڕێگەی دەنگەوە شوناس و ڕەنگی پێستی قسەکەران دیاریبکەن، ئەم نموونەیەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئایدۆلۆجیاکانی پەیوەست بە نەژاد و زمان بە توندی پێکەوە بەستراون (Fought, Carmen, 2006: 30).

زۆرجار جیاکردنەوەی نەژاد لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک باکگراوندی مێژوویی و شوێن و چینی کۆمەڵایەتی و لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و دەروونییەکانی تر، کاریگەریی قورس و ئاڵۆز دەبێت، چونکە نەژاد لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی باسکران هەمیشە لە کارلێک و پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان. چەمکی "نەژاد" زیاتر ئاڵۆز دەبێت، کاتێک ژمارەی تاکی (نەژادتێکەڵ – mixed ethnic mixed) و گروپە کۆمەڵایەتییەکان زیاددەبن، کە ڕەنگە لەگەڵ یەکتردا بگونجێن و هاوئاهەنگ بن، یان ڕەنگە نەتوانن بگونجێن. سەرەڕای ئەو کۆمەڵە فاکتەرە کۆمەڵایەتییانە، دەکرێت بڵێین ئەو گرووپانەی، کە

داندەنێن بە زیاتر لە یەک گروپی نەژادیدا، پێشبینیی ئەوە دەکرێت، نەژاد ببێتە یەکێک لە هۆکارەکانی پەیدابوونی هەمەجۆریی زمانی (Llamas et al, 2007, 77-78).

کاتێک مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و تەوەرە جیاوازەکاندا دەکەین، بە مەبەستی جێخۆشکردن و خۆگونجاندن، ئۆتۆماتیکی شوناسیشمان بەوپێیە دەگوازینەوە (هەرچەندە کۆزانینی نەژادیمان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا جێگیرە)، کەواتە شوناس لە پێواژۆی پەیوەندییکردندا سیفەتێکی دینامیکی و گۆڕاوی هەیە، بە جۆرێک لە کاتی ئاخاوتندا هەمیشە زمانمان لەگەڵ ئاوەزماندا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەمان لە شیاویی هەڵبژاردنی ئەو دەربڕینانەی، کە لەو کاتەدا بۆ شوناسی کۆمەڵایەتیمان پێویستن. بەمشێوەیە زمان و شوناس، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەیە (Muhammadi, 2016: 254). لەم ڕوانگەیەوە (Philipsen) توێژینەوەیەکی گرنگی لەسەر کۆمەڵی (تیمستەر ڤیل/ Teamster Ville) ئەنجامدا، سامپڵی توێژینەوەکەش تەنها بریتیبوو لە گفتوگۆی نێوان پیاوان لەسەر کار و پیشەکانیان، بە ئامانجی زانینی ئەوەی، کە چۆن پیاوان لەسەر کارەکانیادا هەوڵی چالاککردنی شوناسی خۆیان دەدەن، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، ئەو پیاوانەی، کە لە ڕووی تەمەن و پیشە و نەژادەوە هاوبەش و گونجاون، گفتوگۆی زۆر لە نێوانیاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر دەوروبەرەکە جیاواز بێت، ئەوا ئاخاوتنەکانیان تەنها لەسەر بابەتی گونجاندن کورتدەکەنەوە ( Muhammadi, 2016: 255).

سەرەڕای ئەوانەی لەبارەی ڕۆڵی نەژاد لەسەر "جیاوازیی زمانی" باسکرا، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەگەر کەمەنەتەوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر بنەمای پێکەوەژیان لەناویەک کۆمەڵی تاکزماندا بمێننەوە و هیچ دەمارگیری و گرفتێکی نەژادی و زمانی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی، ... لە نێوانیاندا نەبێت، ئەوا زۆرجار زمانی دەسەڵات و زۆرینە زاڵدەبێت بەسەر کۆمەڵە نەژادجیاوازەکاندا و وایان لێدەکات سەرجەمیان یەک زمانی هاوبەش بەکاربهێنن و زمانە نەژادییەکەیان بە ڕادەیەکی زۆر فەرامۆشبکەن (جگە لە زمانی ئاخاوتن)، وەک ئەوەی لە کۆمەڵی کوردیدا دەبینرێت، کەمەنەتەوەکانی (جووەکان، کریستیانەکان، ...) ماوەیەکی زۆرە نیشتەجێی خاکی کوردستانن و زمانی کوردی وەک زمانی یەکەمیان بەکاردەهێنن، ئەگەرچی لە ماڵەوە، یاخود لەگەڵ هاونەژادەکانیاندا پارێزگاریی لە زمانی نەژادیی خۆیان دەکەن. هەر لەمبارەیەوە "ترادگڵ" (٢٠٢١: ٦١-٦٢) باسی توێژینەوەیەکی تاقیکاری دەکات، کە تێیدا دوو کاسێت تۆماری دەنگی دراوە بە گوێی کۆمەڵێک خەڵکی شارەزادا، بە مەبەستی ناسینەوە و بڕیاردان لەسەر نەژادی خاوەنی هەردوو تۆمارە دەنگییەکە. زۆرینەی گوێگران، بڕیاریان وابوو، کە ئاخێوەرانی کاسێتی یەکەم ئەمریکییە ئەفریقییەکانن و ئەوانەی کاسێتی دووەمیش سپیپێستن، بەڵام لە ڕاستیدا بە تەواوی بۆچوونەکانیان هەڵە و پێچەوانە

بوو، ئاخێوەرانی کاسێتی یەکەم سپیپێست بوون، ئەوانەی کاسێتی دووەمیش ئەفریقییەکان بوون. هۆکاری بەهەڵەداچوونی بەشداربووان لە بڕیاردانەکەدا ئەوە بوو، کە لە هەردوو کاسێتەکەدا دەنگی کەسانی تایبەت تۆمارکرابوو. ئاخێوەرە سپیپێستەکان ئەوانە بوون، کە هەموو تەمەنیان لەناو کۆمەڵی ئەمریکییە ئەفریقییەکاندا بەسەربردبوو، بە تەواوی ئاوێتەی کلتور و پەروەردەی کۆمەڵایەتیی ئەوان بووبوون، ئاخێوارانی ئەفریقیش بە هەمان شێوە، ئەوانە بوون، کە هەموو تەمەنیان لەناوکۆمەڵی سپیپێستاندا گوزەراندبوو، بۆیە هێز و ئاوازە و تۆن و سیستەمی دەنگییان هاوشێوەی سپیپێستەکان دەبیسترا.

نموونەی پێشوو دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە کاتێک تێکەڵاوییەکی پتەوی ماوەدرێژی نەژادیی لەو جۆرە ڕوودەدات، نەک تەنها لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگ، بەڵکو هێز و ئاوازە و تۆن و شێوازی گۆکردنیش بە تەواوی لەناو نەتەوە و زمانی باڵادەستدا دەتوێتەوە و زمانی هاوبەش، یان باڵادەست جێگەیاندەگرێتەوە.

ژمارەی عەرەبەکان لە هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا - بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە - ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت، زمانی ئاخاوتنی ئەو ئاخێوەرانەیە، کە هەندێکیان ماوەی زیاتر لە (١٠-٢٠) ساڵە لەناو کۆمەڵی کوردیدا دەژین، کەچی هێشتا گرفتێکی زۆریان لەگەڵ دەنگەکانی وەک /ژ/، /ر/، /ڵ/، /پ/، ...دا هەیە و بە ئاسانی بۆیان دەرنابڕدرێت، ئەمە جگەلە لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی، دیارترینی هەڵە ڕێزمانییەکانیشیان لە ڕیزکردنی کەرەستەکان و بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکاندا بەرجەستەدەبێت، وەک لە نموونەی (٣)دا دەردەکەوێت.

٣) کاکە بدە من کتابەکەی خۆت.

هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو ئاخێوەرانە کەسانی جووتزمان"Bilingual"ن و خاوەنی زمانێکی نەژادیی بەهەژموونن، هەروەها هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی سەر بە دوو خێزانە زمانی جیاوازن. ئەو دیاردەیە لە کۆزمانەوانیدا بە (کۆدتێکەڵکردن/ Code-Mixing) ناسراوە. یەکێک لە شێوەکانی کۆدتێکەڵکردن، بریتییە داڕشتن و دەربڕینی فرێز و ڕستەکانی زمانی دووەم لەسەر بنەمای ڕێزمان و یاساکانی زمانی یەکەم، یاخود بە پێچەوانەوە. ئەم دیاردەیەش بەپێی (تیۆری بێدەنگی/ Silence Theory) و (تیۆری نێوان زمانی/ Inter-language Theory) دەکرێت وەک سەرەتایەکی فێربوونی زمانی دووەم لێکبدرێتەوە، هەروەها بەپێی (تیۆری ئاخاوتنی منداڵ/ Baby Talk Theory)یش، دیاردەکە سەرەتایەکە بۆ تێکەڵکردنی کۆدەکان و دروستبوونی زمانە تێکەڵەکان (بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر "کۆدتێکەڵکردن"، بڕوانە: عەبدوڵڵا، هیوا مەولود، ٢٠١٦: ٨٥-٩٨) ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی جیاوازیی و هەمەجۆریی زمانی.

پەیوەســـــت بەم باســـــەوە، دەکرێت لەناو خودی یەک نەتەوەی هاونەژادی هاوزماندا، بەپێی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان (هۆز و خێڵەکان)، جیاوازیی زمانی دروســـــتببێت، بە وێنە ئەگەر لە شـــێوەئاخاوتنی هەندێک لە هۆز و خێڵە کوردەکان وردببینەوە، هەســـت بە دیاردەیەکی هاوشـــێوەی کەمەنەتەوە نەژادجیاوازەکان دەکەین، بەوەی زۆرجار لە ماڵەوە، یان لەگەڵ خزم و دۆستە نزیکەکاندا شـــێوەئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن (بڕوانە نموونەکانی ٤-ا)، بەڵام لە بازاڕ و شـــوێنە گشـــتییەکاندا زمانی هاوبەش بەکاردەهێنن(بڕوانە نموونەکانی ٤-ب)، بۆ نموونە هۆزی (باجەلان، کاکەیی) لە دەڤەری گەرمیان، تاکو ئێستا پارێزگاریی لە شێوەئاخاوتنی خۆیان دەکەن، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ شێوەزاری گەرمیانیدا جیاوازە و زۆر بە سانایی شوناسی خێڵ و هۆزەکەیان دەناسرێتەوە:

٤-ا) + ئەڕا ناچیدە دەشتەو برا بیچکەگەم بچڕید؟

- ئیسە چم چڕمەی.

٤-ب) + بۆ ناچیتە دەرەوە و برا بچوکەکەم بانگبکەیت؟

- ئێستا دەچم بانگی دەکەم.

هـەر لـە دەڤـەری گـەرمیـانـدا بـەهۆی بوونی چـەندین هۆز و خێڵ و پێکهـاتـەی کۆمـەڵایـەتیی جیاوازەوە[٦]، ژمارەیەکی زۆر وشـــە و دەســـتەواژەی هاوواتا هاتوونەتەناو فەرهەنگی شـــێوەزارەکەوە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵا، ٢٠١٥: ١٢-١٤)، لەوانەش:

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری گەرمیانی |
|---|---|
| قادرمە (پلیکانە) | قادرمە، پاچینە، پلەکانە، نەردەوان |
| مەنجەڵ (قازان) | مەنجەڵ، قازان، قوشقانە، باتیلە |
| دوپشک | دوپشک، کولاژدم، دەمارەکۆڵە، چزەوپێڵا |
| داخستن، پێوەدان (بۆ دەرگا) | داخستن، گرتن، بەستن، پێوەدان |
| قاپ، دەوری | قاپ، دەوری، حەسەن |

خشتەی ژمارە (٢)

(هاوواتایی و فرەچەشنیی وشەیی لە فەرهەنگی شێوەزاری گەرمیانیدا)

### ٢/١-٢-٣) تەمەن:

مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوویانن، بۆیە بە تێپەڕبوونی کات و بە ڕێگەی جیاواز شـــارەزایی و کۆزانینی ئەزموونەکانی هەر تاکێک زیاددەکات و لە ئەنجامیشـــدا زمان و ڕەفتار

٦- بۆ نموونە: (ا) هۆزەکانی (باجەلان، زەنگەنە، کاکەیی) سـەر بە «زاری گۆران»ن. (ب) هۆزەکانی (زەند، لەک، پاڵانی، گێژ، داودە، ...) ســەربە زاری (لوڕ)ن. (پ) زۆربەی تیرەکانی «جاف» لە شـێوەزاری سـلێمانی و شـارەزوورەوە نزیکن. (محەمەد، ٢٠١٥: ١٢).

و هەڵسوکەوتی جیاواز پەیدادەبن. هەر بەم هۆیەشەوە لە زانستی دەروونناسیدا باوەڕوایە، کە (تاکو تەمەنی تاک زیادبکات، هێندەش جیاوازییە تاکگەراییەکانی زیاددەکات، هەر لەمەشـــەوە بیرۆکەی تاقیکردنەوەی دەروونیی - بەرزبوونەوەی ئاســـتی هزریی تاک بەرامبەرە بە زیادبوونی تەمەنی- سەریهەڵدا، هەمان بیرۆکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان هەبوو بۆ جیاکردنەوەی قۆناغەکانی خوێندن لەسەر بنەمای تەمەن) (الزعبي، و: عزیز، ٢٠١٨: ٣٦-٣٧).

لە کۆی ســـەرجەم توێژینەوەکانی بواری جۆراوجۆریی زمانیدا ڕەنگە "تەمەن" لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا کەمترین لێکۆڵینەوەی لەســـەر کرابێت، جیاواز لە فاکتەرەکانی تری وەک نەژاد و توخم و چینی کۆمەڵایەتی، چەمکی "تەمەن" بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە و هەمیشە وەک ڕاســـتییەکی بایۆلۆجی بۆ پۆلکردنی ئاخێوەران ئاماژەی پێکراوە. هەرچۆنێک بێت لەم ســـەردەمەدا "تەمەن" هاوشـێوەی (توخم و نەژاد) ڕەهەندێکی بنەڕەتیی کەسـێتی و کۆمەڵایەتیمانە. هەسـتیاریمان بەرامبەر بە پەیوەندیی نێوان زمان و تەمەن بە ڕادەیەکە، کە لە کاتی نەبوونی بەڵگەی بینراودا (قســـەکەر و گوێگر) دەتوانین لە ڕێگەی کوالیتیی دەنگ و ڕەفتاری زمانییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر باش پێشـــبینی و خەملاندن بۆ تەمەنی ئاخێوەران بکەین، ئەم توانای ناســـینەوەیەش لە ڕێگەی هێما دەنگییەکان و پێکهاتەی ڕێزمانی و کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دەبێت (Llamas et al, 2007: 69)، لە ســـەرووی هەمووشـیانەوە تۆن و ئاوازە و سـیما دەنگییەکان، بەوپێیەی ئەندامەکانی ئاخاوتن (کە بەرهەمهێنەری دەنگەکانی ئاخاوتنن) لەگەڵ هەر قۆناغێکی تەمەندا قەبارە و شـــێوازی کارکردنیان دەگۆڕێت، بۆیە کوالیتیی دەنگەکانیش بە هەمان ئاڕاستە گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەگەر گۆڕانی زمانی ئاخاوتن لە خودی تاکێکدا بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانی تەمەن، دیاردەیەکی سروشـتی و حەتمی بێت، کەواتە گۆڕانی زمان و پەیدابوونی هەمەجۆریی و جیاوازیی زمانی لەسـەر بنەمای تەمەن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێکدا دەبێتە دیاردەیەکی بەڵگەنەویست، بۆیە (جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زمانی منداڵ و گەنج و پیردا بەدیدەکرێت و هیچیەک لەو ئاســـتانە ناتوانن زمانی یەکتر بەکاربهێنن، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەتوانن لە ســـنووری یەک ژینگەو یەک زماندا ئاخاوتن و کردەی لێکگەیشـــتن ئەنجامبدەن. توێژەران ئەم دیاردەیە بە (کەلێنە زمانییەکانی نێوان نەوەکان/ linguistic generation gaps) نـاودەبـەن) (فوزي، مها محمد، ٢٠٠٩: ١٧٣) (الراجحی، عبدة، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨٠)، واتە کۆمەڵە کەلێنێکە و ئەندامان هەوڵدەدەن بە زمانی هاوبەش پڕیبکەنەوە. ئەم هەوڵەش لە کاتی قســـەکردنی باوک بۆ ڕۆڵەکانی یاخود ئاخاوتنی بەتەمەنەکان لەگەڵ گەنجان و بەپێچەوانەوە دەردەکەوێت، لەم جۆرە پەیوەندییانەدا زۆرجار هەوڵدەدرێت بە بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژەی زمانیی، جیاوازییەکە داپۆشرێت (الراجحی، و: گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨٠-٨١). ئەو کەسانەی، کە لە بەشـــداریکردنی بۆنە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، دەتوانن تا ڕادەیەکی باش کەلێنە زمانییەکان پڕبکەنەوە، بە وێنە "چینی گەنجان" لە بۆنەیەکی وەک جێخۆشـــکردندا: (ســـڵاوکردن و

خواحافیزی) بەگشتی هاوشێوەی نموونەکانی (٥-ا) و (٥-ب) بەکاردەهێنن، بەڵام گەنجە کۆمەڵایەتییەکان هەمان شێوازی دەربڕین بۆ کەسانی بەتەمەن بەکارناهێنن، بەڵکو هاوشێوەی نموونەکانی (٦-ا) و (٦-ب) بەکاردەهێنن:

٥-ا) سڵاو، چۆنی، ئەحواڵت، ... (سڵاوکردن).

٥-ب) خواحافیز، خوات لەگەڵ، ... (خواحافیزی).

٦-ا) سڵاو کاک حاجی، سەلامو عەلەیکوم مامەی گیان، دەستت ماچدەکەم، ... (سڵاوکردن).

٦-ب) لە ئەمانی خوایا بیت، یاخوا بەخێربێن، سڵاومان بگەیەنە، بچوکتانم، ... (خواحافیزی).

مرۆڤ تاکو تەمەنی هەڵبکشێت، زیاتر هەوڵی بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتنی ستاندارد دەدات، هاوکات زیاتریش سوود لە ئەزموون و فەرهەنگیی زمانی وەردەگرێت، ڕاستە توانای فێربوونی منداڵ لە کەسێکی بەتەمەن بەهێزترە، بەڵام ئەزموون و شارەزایی و فەرهەنگی زمانیی بەتەمەنەکە زۆر لە منداڵەکە فراوانتر و زیاترە (بڕوانە: عەبدوڵڵا، هیوا مەولود، ٢٠١٦: ٢١-٢٢)، بە وێنە کاتێک کەسێکی بەتەمەن ڕستەیەکی وەک نموونەکانی (٧-ا) دەڵێت، چینی مێرمنداڵان و هەرزەکاران بەهۆی کەمئەزموونییەوە، ناتوانن لێیتێبگەن، یاخود بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکەن، بەڵام لە ڕووی وەرگرتن و فێربوونی وشەی نوێ و بیانییەوە (وەک لە نموونەکانی (٧-ب)دا دەردەکەوێت)، مێرمنداڵان و گەنجان خێراتر فێری واتا و بەکارهێنانەکانی دەبن.

٧-ا) زمان بەڵای سەرە، کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە، ... .

٧-ب) ڤێرژن، ئەکاونت، سەبسکرایب، ڤیو، شەیر، ... .

لەبەرئەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجی لەگەڵ پلەی تەمەندا ڕەنگە بگونجێت، یان نەگونجێت، بۆیە ڕەگەزی تەمەن تەنها وەک پێوەرێکی نزیککراوە دەتوانێت شوێن و پێگەی ئاخێوەر لە کۆمەڵدا دیاریبکات. هۆکارێکی تریش ئەوەیە، کە تەمەن و قۆناغەکانی ژیان هەمیشە لەگەڵ فاکتەر و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک توخم و نەژاد و چینوتوێژ و ... کارلێکدەکەن، بەمەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان زۆرجار ورد و دابڕ (قطعي) نابن و توشی سەرنج و ڕەخنە دەبنەوە. ڕێگایەکی تر بۆ لێکۆڵینەوە لە "تەمەن" ئەوەیە، کە هەریەک لە قۆناغەکانی (منداڵی، هەرزەکاری، لاوی، پیری) بە جیا لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت. زۆرجاریش بۆ زیاتر دەرخستنی سیما خودی و جیاکەرەوەکان، پەنا براوەتە بەر بەراوردکردنی دوو، یان زیاتر لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن، بۆ نموونە توێژینەوەکانی کۆزمانەوانی سەلماندوویانە، کە بە شێوەیەکی گشتی "پێگەیشتووان" شێوەزمانی پەسەندتر و ڕێکتر بەکاردێنن، بەراورد بەو ئاخێوەرانەی، تەمەنیان کەمترە. هەر پەیوەست بەم باسەوە "Coupland" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە "تەمەن" لە داهاتودا لەپێشترین بواری توێژینەوەی کۆزمانەوانی دەبێت (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Llamas et al, 2007, 70-76).

### ٤-٢-٢/١) توخم:

مێژووی توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و توخم بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە کۆزمانەوانەکان و فێمینیزمەکان لە هەمان سەردەمدا گرنگیی بابەتەکەیان خستەڕوو، تاکو نزیکەی بیست ساڵ ئەو توێژینەوانە وەکو پێشەنگێکی بواری فێمینیزمی سەیردەکران، دواتر کۆزمانەوانان بابەتی "توخم"یان وەک ڕەهەندێکی زمانەوانیی سەربەخۆ جیاکردەوە، چونکە بەشێکی زۆری بابەتە زمانەوانییەکان نەدەکرا ببنە ئامانجی لێکۆڵینەوەی فێمینیزمی (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نۆردنستام، کریستین، و: خورشید، غازی عەلی، ٢٠٠٩: ١١-١٤). هەر لە سەرەتای تەمەنەوە کۆمەڵێک جیاوازیی (فیسیۆلۆجی، دەروونی، ئاوەزی، ...) لە نێوان هەردوو توخمی نێر و مێدا دەردەکەوێت، (Eisenmen) لەو باوەڕەدایە، کە لە ڕووی یادگەوە پیاوان زیاتر وردن لە پاراستنی هەستکردن بە ئاڕاستەکان، بەڵام ژنان بەو شێوەیە نین، ئەمەش لەگەڵ ئەو بانگەشەیەدا هاوڕێکە، کە دەڵێت پیاوان لە ژنان باشتر تاقیکردنەوەی بینینی شوێن و بابەتە بیرکارییەکان ئەنجامددەن ( Nemati, Azadeh, 2007: 186). دیسان هزر و ئاوەزی هەردوو توخم بەپێی ئەنجامی توێژینەوە ئەزموونییەکان لە ڕووی گەشەکردنەوە جیاوازن، بە جۆرێک لە سەرەتای تەمەنەوە تاکو قۆناغی هەرزەکاری، گەشەی هزری لای مێینە زیاترە، بەڵام دوای ئەو قۆناغە گەشەی هزریی نێرینە زیاتر دەبێت، هەروەها تاقیکردنەوەکانی (Dodge) و (Maccoby) ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە، کە توخمی نێر لە ڕووی هزرییەوە لە مێینەکان سەرکەوتووترن، هۆکاری ئەمەش جگەلە لایەنی توخم، بۆ هەندێک لایەنی تری وەک بارودۆخی ژینگەیی و لایەنی کۆمەڵایەتی گەڕاندووەتەوە. توێژینەوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کە پیاوان لە هەندێک لایەنی لێهاتویی و خستنەگەڕی توانا ژمێرییارییەکان و کارە میکانیکییەکان و زانستە سروشتییەکاندا سەرکەوتوترن، بەڵام ژنانیش لە هەندێک لایەنی وەک توانا زمانییەکان و وەبیرهاتنەوەدا لە پیاوان سەرکەوتوترن (الزعبي، و: عزیز، ٢٠١٨: ٣٧-٣٨)، سەرجەم ئەو فاکتەرانەش بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز کاریگەریی لەسەر هەمەچەشنی و جیاوازیی زمانی دادەنێن.

لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا جیاوازیی زمانیی لەسەر بنەمای توخم، بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەدیدەکرێت، بە گشتی تاکو تێکەڵاویی نێوان هەردوو توخم زیاتر بێت، جیاوازییەکە کەمتر دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە (وافي، علي عبدالواحد، ٢٠٠٤: ١٩٣-١٩٤) (خرما، نایف، و: شێخ تەیب، شەهاب، ٢٠١٣: ٣٠٨)، هەروەها ڕێژەی جیاوازییەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی ئەو هۆکارانەی، کە ئەم جیاوازییانە دروستدەکەن، لەو هۆکارانەش (محەمەد، پێشکەوت مەجید، ٢٠١٢: ١٣-٥٣):

١. **هۆکاری بایۆلۆجی:** ئەو جیاوازییە بایۆلۆجییانەی نێوان نێرینە و مێینە دەگرێتەوە، کە لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا کاریگەرییان لەسەر توخمی قسەکەر هەیە، وەک: (پێکهاتەی مێشک، دەنگە ژێیەکان، ...).

**٢. هۆكاری كلتوری:** كلتور بە شـــێوەیەكی جیاواز و ناچونیەك ڕۆڵ و ئەرك و پلەوپایە و پەیوەندیی كۆمەڵایەتی هەردوو توخم دیاریدەكات، لە ئەنجامی ئەم جیاوازییەشـــدا (ڕەفتاری زمانی، ڕەفتاری نازمانی، ئامانج ، شـــێوازی ئاخاوتن)ی جیاواز دێتەكایەوە. كاریگەریی كلتور لە هەر كۆمەڵگەیەكدا بە ئاراســـتەیەكدا دەڕوات، كلتوری كوردی بە چەند ڕێگەیەك كاریكردووەتە ســـەر شـــێوازی ئاخاوتنی توخمی نێر و مێ، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو جیاوازییانە بەتەواوی كاڵبوونەتەوە:

**ا- دەسـەڵاتی پیاوسـالاری:** لە زۆربەی كۆمەڵگەكانی جیهان كلتوری پیاوسـالاریی پەیڕەودەكرێت، واتە دەسەڵات و مافی بڕیاردان هەر لە پێكهاتەی خێزانەوە تاكو دەگاتە دامودەزگاكانی حكومەت، زۆربەیان یاخود ســـەرجەمیان لای پیاوانە و بەم هۆیەشـــەوە ژنان ناتوانن بە ئاشـــكرا بیروڕاكانیان دەربڕن، یاخود هەوڵدەدەن بە شـێوازی پیاوانە قسـەبكەن، ئەمەش لە پەندە كوردییەكاندا ڕەنگیداوەتەوە (بڕوانە نموونەی ٨):

٨) خۆی بۆ خۆم و كچی بۆ كوڕم، هەركەس قسەبكات سكی دەدڕم.

**ب- كلتوری كوردی تێڕوانینی جیاوازی بۆ هەریەك لە توخمی نێر و مێ هەیە،** لەبەرئەوەی پێڕەو و یاســـا و ڕێســـا كۆمەڵایەتییەكانی توخمی نێر لە توخمی مێ جیاوازە، بۆیە ژیانی كۆمەڵایەتییش لای هەریەكەیان جیاواز دەبێت و لە ئەنجامیشـدا شـێوازی ئاخاوتنی جیاواز بەرهەمدێت (بڕوانە نموونەی ٩):

٩) كچی شەرمن شارێك دێنێ ... كوڕی شەرمن شانەیەك ناهێنێ.

**پ- ئاین:** زۆرینەی تاكی كورد بە ئاینەوە پەیوەســـتن، بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام، بەپێی بنەماكانی ئەو ئاینەش بەشـــێك لە (ڕۆڵ و ئەرك و ماف و ڕەفتار)ەكان لەســـەر بنەمای توخم جیاكراونەتەوە و یاســـای جیاوازیان بۆ دانراوە، ئەمەش كاریكردووەتە ســـەر دەربڕین و شـــێوازی ئاخاوتنی هەردوو توخم، بە وێنە لە ئاینی ئیســـلامدا كردەی لێكجیابوونەوەی ژن و مێرد (الطلاق) بەمشێوەیەی خوارەوە گوزارشتیلێدەكرێت:

١٠-ا) پیاوەكە ژنەكەی تەڵاقدەدات. (تەڵاقدان- بۆ پیاو)

١٠-ب) ژنەكە داوای تەڵاق لە مێردەكەی دەكات. (داواكردنی تەڵاق- بۆ ژن)

**ت- تابۆ:** ســـەرجەم ئەو ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، كە دەربڕینیان بە شـــێوەیەكی ڕاســـتەوخۆ لە ڕووی كۆمەڵایەتی و نەریتییەوە شـیاو نییە، بەم هۆیەشـەوە هەردوو توخم خۆیان دەپارێزن لە بەكارهێنانی وشە تابۆكانی ڕەگەزی بەرامبەر، دەرئەنجامیش لەبری ئەو وشە تابۆیانە، وشەی نوێ لەسەر بنەمای توخم دێتەكایەوە.

**ج- پێگەی جیاواز:** لە کلتوری کوردیدا ڕۆڵ و پێگەی پیاوان لە ڕووی چالاکیی (ڕامیاری و ئاینی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ...)ەوە لە ژنان بەهێزترە، ئەم چالاکییانە زیاتر پیاوان ئەنجامی دەدەن، ئەمەش کار دەکاتە سەر ڕەفتار و شێوازی ئاخاوتنی هەردوو توخم و دوو ئاڕاستەی جیاوازیان پێدەبەخشێت.

**چ- کار و پیشەی جیاواز:** کلتوری کوردی تا ڕادەیەک کار و پیشەی تایبەت و جیاوازی بۆ هەریەک لە توخمی نێر و مێ دیاریکردووە (سەرەڕای هاوبەشیی و هاوپیشەیی هەردوو توخم لە کۆمەڵێک بوار و کاردا)، هەر پیشەیەکیش زاراوە و دەستەواژە و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنی هەردوو توخم دەبێت، کلتوری کوردیش لەم دیاردەیە بەدەر نییە، تەنانەت هەندێکجار هەمان پیشە، دوو زاراوەی جیاواز بۆ نێر و مێ جیادەکرێتەوە (بڕوانە نموونەی ١١-ا، ب):

١١-ا) نانەوا (بۆ نێر)

١١-ب) نانکەر (بۆ مێ)

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت هۆکاری جیاوازیی ئاخاوتنی نێوان هەردوو توخمیش دیسان بۆ ڕۆڵی (بۆماوە) و (ژینگە) بگەڕێنینەوە، چونکە: (ا) لایەنی بایۆلۆجی و پێکهاتەی مێشک و ... زۆرجار لەژێر جڵەوی بۆماوەدایە. (ب) کلتوریش تا ڕادەیەکی زۆر (لە سنووری ئەم باسەدا) لەگەڵ فاکتەری ژینگە (بە واتا فراوانەکەی)دا یەکدەگرێتەوە، بەوپێیەی کلتور بەشێکە لەو ژینگەیەی، کە مرۆڤ تێیدا پەروەردەدەبێت، بەمەش کاریگەریی جۆراوجۆر لەسەر چالاکییە زمانی و نازمانییەکانی هەر تاکێک دادەنێت.

سەرەڕای ئەوانەی باسکران، لەبەرئەوەی یاسا کلتورییەکانی هەر نەتەوەیەک جێگیر نین و هەمیشە لە گۆڕاندان، بۆیە زۆرینەی فاکتەرە کلتورییەکانی پەیوەست بە جیاوازیی ئاخاوتنی توخمی نێر و مێ (کۆمەڵی کوردی بە نموونە)، دەکرێت بەسەر "هاوتوخمەکان"یشدا جێبەجێبکرێت، بە وێنە: کلتوری پیاوسالاری (جگەلەوەی هۆکارێکە بۆ جیاوازبوونی ئاخاوتنی نێر و مێ)، هۆکاریشە بۆ بەدیهێنانی جیاوازیی زمانی لە نێوان نێرینەکاندا، بەوپێیەی لە ئێستای کۆمەڵی کوردیدا پیاوان سێ ئایدۆلۆجیای کلتوریی جیاوازیان بەرانبەر بە چەمکی "پیاوسالاری" هەیە:

١- بەشێکیان بڕوای تەواویان بە پیاوسالاری هەیە (بڕوانە نمونەی ١٢-ا).

٢- بەشێکیان بە تەواوی پیاوسالاری ڕەتدەکەنەوە و تا ڕادەیەک بەرەو ژنسالاری هەنگاودەنێن (بڕوانە نمونەی: ١٢-ب).

٣- بەشێکیان لە نێوان ئایدۆلۆجیای گروپی خاڵی (١) و (٢)دا هاوسەنگییان ڕاگرتووە (بڕوانە نمونەی ١٢-پ).

١٢-ا) <u>هەرگیز</u> کاری ماڵەوەم بۆ <u>ژنەکەم</u> نەکردووە، مەگەر <u>خۆم ویستبێتم</u>.

١٢-ب) <u>زۆرجار</u> خۆم کاری ماڵەوە ڕاییدەکەم، <u>هاوسەر بۆ کارکردن</u> مێردی نەکردووە.

١٢-پ) هەرکات پێویست بێت، هاوکاری خێزانم دەبم.

جیاوازیی ئایدۆلۆجی دەبێتە مایەی جیاوازیی زمانی، بەوپێیەی چۆنێتی دارشـــتنی دەربڕینەکان و شـــێوازی ئاخاوتنی هەر تاکێک، ڕەنگدانەوەی بیر و ئایدۆلۆجیاکانییەتی، نموونەکانی (١٢-ا-ب-پ) هەموویان یەک مەبەست دەگەیەنن، کە (هاوکاریکردنی مێردە بۆ هاوسەرەکەی)، بەڵام واتا و مەبەست و ئایدۆلۆجیای جیاواز لەخۆدەگرن.

ئەو ڕوونکردنەوانەی لەبارەی "کلتوری پیاوســـالاری" باســـمانکردن، دەتوانین بەســـەر فاکتەرە کلتورییەکانی تری وەک (ئاین، تابۆ، پێگەی کۆمەڵایەتی، کار و پیشـــە، ...)دا جێبەجێیبکەین و هەمان دەرئەنجام بەدەستەوەدەدەن.

"تراسک" (R.L.Trask) پشتبەست بە توێژینەوەکانی تایبەت بە جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ، چەند لایەنێکی جیاوازیی ئاخاوتنی هەردوو توخم (پەیوەســـت بە زمانی ئینگلیزی و کلتوری بەریتانی) دەخاتەڕوو، کە جێی باس و گفتوگۆی توێژەرانن و ڕەنگە بەســـەر زۆرینەی کلتورەکاندا جێبەجێ ببن، لەو جیاوازییانەش[٧] (ر.ل. تراسک، ت: یوسف، رانیا إبراهیم، ٢٠٠٢: ٩٨-٩٩):

١. بابەتی گفتوگۆی پیاوان زیاتر بریتییەلە قسەکردن لەسەر ئۆتۆمبێل و وەرزش و ئەو پیشە و کارانەی، کە لە سروشت و ئارەزووی پیاوانەوە نزیکن، بەڵام ئافرەتان لە گفتوگۆکانیاندا زیاتر باسی جلوبەرگ و منداڵ و بەخێوکردن و ... دەکەن.
٢. ژنان هەمیشە ژمارەیەکی زۆر لەو وشە و دەربڕینانە بەکاردەهێنن، کە چەمکی سەرسوڕمان دەگەیەنن، بەڵام پیاوان بەو شێوەیە نین، وەک لە نموونەکانی (١٣-ا، ب)دا دەردەکەوێت:
   ١٣-ا) چەند بەهارێکی خۆشە!
   ١٣-ب) خۆشترین بەهارە، کە بینیبێتم!
٣. ژنان حەز بەوە دەکەن، کە لە هەندێک بواری دیاریکراودا زیاتر لە پیاوان تایبەتمەندیی خۆیان دەربخەن، بە وێنە ژمارەی وشـــەکانی تایبەت بە "ڕەنگەکان" لای ژنان زیاترن بەراورد بە پیاوان، وەک: ڕەنگی سەوزی زەردباو، بێجی، خورمایی، ... .
٤. پیاوان زیاتر لە ژنان وشە و دەستەواژەی زبر و جنێو و ... بەکاردەهێنن.

---

[٧]- بۆ بینینی زانیاریی زیاتر لەسەر جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردوو توخم، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

1. Fiksdal, Susan, in Kristiansen and Dirven, 2008: 422–423.
2. Susanti and Indarti, 2016: 145.
3. Krauss, Robert M. and Chiu, Chi-Yue, 1998: 50.
4. Suppes, Alexandra in Schulze & Pishwa, 2015: 190.
5. Craig, Traci et al in Schulze and Pishwa, 2015: 207.
6. Burrel, Nancy and Koper, Randal in Preiss, Raymond and Allen, Mike, 1998: 204.

٥. ژنان لە ئاخاوتندا زیاتر کلکەپرسیارەکانی وەک نموونەکانی (١٤-ا) بەکاردەهێنن، وەک بڵێی لە بۆچوونەکانیان دڵنیا نین، یاخود دەیانەوێت پشـــتگیریی گوێگر بەدەســـتبهێنن، بەڵام پیاوان تا ڕادەیەکی زۆر بەو شێوەیە نین و زیاتر نمونەکانی وەک (١٤-ب) بەکاردەهێنن.

١٤-ا) جوانە؟/ جوان نییە؟، وانییە؟/ وایە؟، بڕۆین چاکتر نییە؟ ، ... هتد.

١٤-ب) وا نییە، بە هەڵەدا چوویت، بەو شێوازەش نییە، ... هتد.

٦. توێژینەوەکان سەلماندوویانە، کە پیاوان زیاتر لە ژنان قسە بە بەرامبەر دەبڕن.

٧. بە شێوەیەکی گشتی ئاخاوتنی ژنان لە سەر بنەمای هەرەوەزی دادەمەزرێت، بەڵام ئاخاوتنی پیاوان لە سەر بنەمای ڕکابەری دادەمەزرێت، لەبەرئەوەی، ژنان لە ئاخاوتندا هەمیشە هەست و سۆز بەسەریاندا زاڵە، تەوەری گفتوگۆکانیان زیاتر بریتین لە: (جێخۆشکردن و ستایش و تەواوکردن و بەڕاستخستنەوە و پشتگیریکردنی بۆچوونەکانی یەکتر) (بڕوانە نموونەکانی ١٥-ا)، بەڵام پیاوان بە پێچەوانەوە، لە ڕێگەی دەربڕینەکانیانەوە هەوڵی زاڵبوون و ســـەرکەوتن بەسەر یەکتردا دەدەن (بڕوانە نموونەکانی ١٥-ب).

١٥-ا) ڕاستە، هاوڕاتم، چەندین جار وام لێبەسەرهاتووە، ... .

١٥-ب) هاوڕات نیم، هەڵە تێگەیشـــتووی، پســـپۆریی خۆمە، ئەوەی من دەیزانم ڕەنگە تۆ نەیزانیت، ... .

هەر لەمبارەیەوە "تراســـک" دەڵێت: (زۆرینەی پشـــتگیریکەرانی توخمی مێ ئەو جیاوازییانەی، باســـکران، دەکەنە بەڵگەی ئەوەی، کە ژنان ڕۆڵێکی لاوەکی لە کۆمەڵدا دەگێڕن، لەبەرئەوەی کار و ڕەفتاریان وەک توخمی مێ پێشـــبینیکراوە، هەروەها ملکەچن بۆ فەرمان و بڕیارەکانی توخمی نێر و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پیاوان دەدەن) (تراسک، ت: یوسف، ٢٠٠٢: ٩٩).

هیچیەک لەو جیاوازییە زمانییانەی باســـکران و زۆری تریش، کە ئەنجامی توێژینەوەکانی تر پێیگەیشـــتوون، ناکرێت بەســـەر هەموو زمان و کلتورە جیاوازەکاندا بگشـــتێنرێن و وەک زانیاری و ڕاســـتییەکی ڕەها باســـبکرێت، چونکە هەریەک لەو توێژینەوانە لەســـەر کۆمەڵێکی ئاخاوتنیی خاوەن زمان و کلتورێکی تایبەت ئەنجامدراون و سامپڵی توێژینەوەکانیشـیان تەنها لە بوار و تەمەن و توخم و چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا هەڵبژێردراوە، نەک هەموو کۆمەڵی ئاخاوتنی، ســـەرەڕای ئەوەش تەنانەت لە خودی هەمان کۆمەڵی ئاخاوتنیدا (بەپێی کات) ئەنجامی توێژینەوەکان دەگۆڕێت، وەک چۆن زمان و کۆمەڵیش هەمیشە لە گۆڕاندان، بۆیە لە زمانی کوردیشـدا پێویستە توێژینەوە لەبارەی ســـەرجەم ئەو جیاوازییانەی توخم بەپێی (نەژاد، کات، شـــوێن، تەمەن، چینوتوێژ)ێکی دیاریکراو ئەنجامبدرێت، پاشـــان بڕیار لەســـەر سـیما و تایبەتمەندییە زمانییەکانی توخمی نێر و مێ بدرێت، کە ڕەنگە ئەنجامەکان هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی کلتور و زمانەکانی تر نەبێت.

## ٢/١-٢-٥) چینی کۆمەڵایەتی[٨]

مێژووی تیۆرەکانی "چینایەتی" بۆ زیاتر لە (١٧٠) ســاڵ دەگەڕێتەوە، ســەرەتاش بە کارەکانی "کارل مارکس" (١٨١٨-١٨٨٣) دەستپێکرد، کاتێک پێکهاتەی کۆمەڵی بە هەڵوێستی تاکەکان (پەیوەست بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان)ەوە بەستەوە، بەلایەوە سەرمایەداران خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، لە کاتێکدا ئەوانەی، کە دەبێت کارەکانیان بە ســــەرمایەدارەکان بفرۆشـــــن چینی "پرۆلیتاریا"ن. ئەم تیۆرییە پشـــتی بە بارودۆخی بەرهەمهێنان و پیشـــەســـازیی بەریتانیا بەســـتبوو. ئەو جیاکاریی و جیاوازییە چینایەتییەی لە بەریتانیا بەرپابوو، "جیاوازیی ئاخاوتن"یشـــی لەســــەر ئاســـتی زار و شێوەزارەکان بەدوایخۆیداهێنا (بڕوانە:53-51 :Llamas et al, 2007 ).

لە کرۆک و بنەڕەتی کۆزمانەوانیدا ســەرجەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لە ناوخۆیاندا بەپێی (توخم، چینوتوێژ، تەمەن، نەژاد، ...) جیاوازن، دەکرێت ســــەرجەم خەڵک و ئاخێوەران لە ڕێگەی ئەو جیاوازییانەوە پۆلبکرێن. ڕاســـتە ســــەرجەم فاکتەرەکانی جۆراوجۆرییە زمانییەکان کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن و ئەســتەمە سـنوورەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە شـێوەیەکی زانستی و وردتر فاکتەرەکان بدۆزینەوە، پێویسـتە سـنووری کاری توێژینەوەکان بەرتەسک بکەینەوە و لە ســـنووری هەر فاکتەرێکدا چەندین بواری توێژینەوە بڕەخســـێنین، بە وێنە ئەگەر توێژینەوە لەبارەی "چینی کۆمەڵایەتی وەک فاکتەرێکی جیاوازییە زمانییەکان" ئەنجامدرا، ئەگەر تەنها کارلێکی (چینی کۆمەڵایەتیی نزم) لەگەڵ هەردوو فاکتەری (تەمەن و توخم) وەربگرین (بۆ نموونە)، ئەوا دەکرێت ئەم بوارانەی خوارەوە لە سامپڵی توێژینەوەیەکدا ڕەچاوبکرێت:

- زمانی توخمی (نێر) لە تەمەنی/ قۆناغی (منداڵی) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (مێ) لە تەمەنی/ قۆناغی (منداڵی) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (نێر) لە تەمەنی/ قۆناغی (هەرزەکاری) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (مێ) لە تەمەنی/ قۆناغی (هەرزەکاری) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (نێر) لە تەمەنی/ قۆناغی (گەنجی) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (مێ) لە تەمەنی/ قۆناغی (گەنجی) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (نێر) لە تەمەنی/ قۆناغی (پیری) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.
- زمانی توخمی (می) لە تەمەنی/ قۆناغی (پیری) لەناو چینی کۆمەڵایەتیی نزمدا.

[٨] - ئەم هۆکارە دەچێتە ناو بازنەی فاکتەرەکانی (ژینگەی کۆمەڵایەتی)یەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زانایانی کۆزمانەوانی بەهاو پێگەیەکی تایبەتیان پێداوە، بۆیە ئێمەش هەوڵمانداوە بە جیا باســـی لێوەبکەین، بە مەبەســـتی قووڵبوونەوە و شیکردنەوەی وردتر و زیاتری بابەتەکە.

دەکرێت دەرئەنجامی هەریەک لەو توێژینەوانە و چەندین ناونیشـــانی تر لە بۆتەی توێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا ڕێکبخرێتەوە و بەهۆیەوە ڕادەی کاریگەری و کارلێکی نێوان فاکتەرەکان بدۆزرێتەوە، بە واتایەکی تر گرنگە گۆڕاوە لاوەکییەکان کۆنترۆڵبکرێت، پاشـــان ئەو گۆڕاوەی، کە ئامانجی توێژینەوەکەیە، دەستنیشانبکرێت. هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاڵۆز و ئەستەم دەبێت، بەڵام لە سنووری دەسەڵاتی توێژینەوەی زانستی ناچێتەدەرەوە.

جیاوازیی پلەوپایە و چینایەتیی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، ڕۆشـــنبیر و نەخوێندەوار، خاوەنکار و کرێکار، کاربەدەست و خەڵکی ئاسایی، ... هتد، زۆرجار دەبێتە هۆکاری بەکارهێنانی شێوازێکی تر لە ئاخاوتن، بەوەی هەندێک وشـــە و دەســـتەواژەی تایبەت لەلایەن چینی باڵاوە بەکاردەهێنرێت، کە لە دەربڕینی ئاســـایی ڕۆژانەی خەڵک جیاوازترە، بۆ نموونە دەســـتەواژەکانی (بەڕێزتان، جەنابتان، پایەداربن، "ئێوە" بۆ تاک، قوربان، گەورەم، فەرمایشـــتان، ...) بۆ دەســـەڵاتدار و خاوەنکارەکان بەکاردەهێنرێن (بڕوانە نموونەی ١٦-ا)، لەکاتێکدا خەڵکی ئاسایی زیاتر دەستەواژەکانی (تۆ، کاکە، برا، ...) بەکاردەهێنن (بڕوانە نموونەی ١٦-ب)، بەڵام لەگەڵ چینە باڵاکاندا ئەم دەســتەواژانە ڕێگەپێنەدراوە یان بە تابۆ هەژماردەکرێت (بڕوانە: محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٠: ٣٣-٣٤)، لەبەرئەوەی کلتور و یاســا کۆمەڵایەتییەکان سنوور و کات و شوێن و ئەرکی دەربڕینەکان دەستنیشاندەکەن.

١٦-ا) بەڕێزتان وەک وەزیری دارایی، فەرمووتان کارەکە یاساییە.

١٦-ب) ئەرێ کاکە تۆ وتت کارەکە یاساییە.

بە گشـــتی و لە ســـەرجەم زمانەکانی جیهاندا چینوتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە بواری (کارکردن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شـێوازی ژیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان، ...)دا جیاوازن، بۆیە زمانی ئاخاوتنیشـیان جیاواز دەبێت. دەکرێت پیشـــە جۆراوجۆرەکانیش پەیوەســت بەم باســە تاوتوێبکرێت، بەوەی، هەر پیشـــەیەک کۆمەڵێک وشـــە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە هەمان وشـــەکانی زمان بە واتایەکی نوێوە بەکاردەهێنرێن، بە وێنە لە بواری پیشـــەی کڕین و فرۆشـــتنی ئۆتۆمبێلدا چەندین دەســتەواژە و ڕســتەی وەک نموونەکانی (١٧-ا-ب-پ-ت) دەبیســترێن، کە ئەگەر کەســێک شــارەزایی لەو بوارەدا نەبێت، ناتوانێت لە ناوەڕۆک و مەبەســتی ئاخێوەر بگات، تەنانەت بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکان بە ناوە خوازراوەکانی وەک (ئۆباما، وەنەوشە، بەڵقیس، مەرزیە، لاکشمیبای، ...)ەوە دەناسرێنەوە.

١٧-ا) چەند پارچەی پێوەیە؟ (واتە چەند پارچەی بۆیاخکراوە؟)

١٧-ب) ساردی پێوە نییە. (واتە قوپاوی پێوە نییە، کە هێنرابێتەوە)

١٧-پ) جامی سەرچۆپییە. (واتە جام کارەبایی نییە، جامی دەستییە)

١٧-ت) علوج نییە؟ ... هتد. (واتە دزراو نییە؟)

لێکۆڵینەوەکان دەریانخســـتووە، کە پەیوەندییەکی ڕوون لەنێوان "گۆکردن"ی دەنگەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، واتە هەر چینێک تایبەتمەندییەکی دەنگسـازیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەهۆیەوە لە چینەکانی تری کۆمەڵ جیادەکرێتەوە (Chambers And Trudgill, 2004: 57-61). لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت، بە وێنە لەناو چینی نەخوێندەواردا هەندێک لە زاراوە نوێیەکان بەتایبەتی ئەوانەی، کە دەربڕینیان لەســەر زاری ئەو چینە ئاســان نییە، بە شــێوازێکی تر گۆدەکرێن، وشــەکانی (عاســمان، شــێ=شــێخ، کا=کاک، دختۆر، ...) بەو هۆکارە دروســتبوون و ئێســتا لە زماندا بڵاوبوونەتەوە، هەروەها لە وشـــــەکانی وەک (قادِر، نادِر، ...)دا لەبری دەنگی /د/ دەنگێکی تایبەتی دەبیسترێت، کە لە نێوان دەنگی /هـ/ و /ئـ/ دایە و هەندێکجار لە دەنگی /یـ/یش نزیکدەبێتەوە.

# بەشی دووەم:

# ڕۆڵی نەخشەی زمانی

# لە دارشتنی شێوازی زمانیی تاکدا

## ٢) ڕۆڵی نەخشەی زمانی لە داڕشتنی شێوازی زمانیی تاكدا

## ١/٢) نەخشەی زمانیی تاك لە پێواژۆی پەیوەندیكردندا:

لە (بەشی یەكەم)ی ئەم تێزەدا تیشكمانخستەسەر بەها و پێگەی تاك و ئیدیۆلێكت و جیاوازییە زمانییەكان لە لێكۆڵینەوەی كۆزمانەوانیدا، لەم پارەدا پەیوەندیكردنی تاك بە كۆمەڵەوە دەخەینەبەر تیشكی لێكۆڵینەوە. گەلێك پاڵنەر دەبنەهۆی پەیوەندیكردنی تاك بە ئەندامانی تری كۆمەڵەوە، ئەمەش تەنها بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە سەرەتایی و بنەڕەتییەكان نییە، بەڵكو بۆ دابینكردنی پێداویستییە تاكگەرایی و كۆمەڵایەتییەكانییەتی، بەوەی ئەندامێكی كۆمەڵە و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵیش لەسەر ئەو ئەركانە دامەزراوە، كە هەر تاكێك جێبەجێیدەكات، ئەمەش وا لە تاك دەكات، كە هەست بە بەهای خۆی لە كۆمەڵدا بكات، هاوكات ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی جێبەجێبكات، بەمەش تەواوكاریی كۆمەڵایەتی فەراهەمدەبێت، چونكە ڕۆڵ و ئەركەكانی تاك پەیوەستن بەوانی ترەوە و بە پێچەوانەشەوە، لەو ڕێگەیەشەوە هاوكاری و هەرەوەزیی كۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنرێت (محمود، منال طلعت،٢٠٠٢: ٢٣٢-٢٣٣).

### ١-١/٢) گرنگیی زمانی تاك لە پێواژۆی پەیوەندیكردندا (بنەمایەكی پێویست):

زمان و پەیوەندیكردن دوو بنەما و بنەڕەتی هەرە گرنگی ژیانی تاك و كۆمەڵن، پەیوەندیی نێوان ئەو دوو بنەمایە پەیوەندییەكی پتەو و تەواوكارییە، بەجۆرێك دیارترین كەرەستە و ئامرازی پەیوەندیكردن "زمان"ـە، هاوكات (بەبێ باسكردنی ڕەهەندەكانی پەیوەندیكردن، ئەستەمە بتوانین باسی زمان و زمانەوانی بكەین، ڕەنگە هەر ئەمەش وای لە (ئەرستۆ) كردبێت، كە زمان بە ئەركێكی ئەندامی (ئۆرگانی) لە مرۆڤدا بناسێنێت، بە لایەوە بنەڕەتێكی سروشتیشە بۆ پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان) (لبوحسيني، رفيق من الجابري، محمد عابد، ٢٠١٠: ٦٨).

زمان ڕۆڵێكی باڵای لە نزیككردنەوە و گرێدانی تاك بە كۆمەڵەوە هەیە، تەنانەت وەرگرتنی زمان و فێربوون و شارەزابوونی بەكارهێنانی چالاكییە زمانییەكان كاریگەریی لەسەر ڕەفتار و هەست و بیركردنەوەكانی تاك دەبێت، بۆیە لە گرنگترین هۆكارەكانی قبوڵكردنی تاك لەلایەن كۆمەڵەوە، بریتییەلە ڕادەی پەرەپێدانی شارەزایی و لێهاتوویی و دەرخستنی توانا زمانییەكان، كە ڕاستەوخۆ ڕادەی پەرەپێدانی توانای پەیوەندیكردنی بەدوادادێت (نورالدين، حنان يوسف، ٢٠١٦: ٢٦١).

بەشێوەیەكی گشتی كەسایەتییە كۆمەڵایەتییەكان و بیرمەندان و زانایان و ....، كە لێزانانە بیرەكانیان لە فۆرمێكی زمانیی تۆكمە و پاراودا ڕێكدەخەن، هاوكات لە داڕشتنی بیرەكانیاندا ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ....، وەرگران لەبەرچاودەگرن، بە گریمانەیەكی زۆرەوە نازناوی دیارترین

کەسایەتییەکانی کۆمەڵ بەدەستدەهێنن، بۆیە هەرکات بیانەوێت، دەتوانن پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە بکەن و ڕەگەزەکانی (کارتێکردن و قبووڵکردن و ڕەزامەندی و فیدباک، ...) چالاکبکەن.

بە لای (هابرماس)ەوە (زمان نوێنەری سەرەکیی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانە، لە سایەی گفتوگۆیەکی نموونەیی نەشێواودا زمان پێڕەوێکی ڕێزمانی پێکدەهێنێت، کە یارمەتیی دروستکردنی دەربڕینەکان دەدات، بە ڕادەیەک، کە هەر دەربڕینێکی فۆرمدروست گوزارشت لە یەکێک لە ڕەگەزەکانی زمان دەکات، بەمەش ئەو کەسانەی توانای بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەیان هەیە، لە کردەی پەیوەندیکردندا هاوبەش و بەشداردەبن، چونکە ئەوان دەتوانن ڕستەکان دابڕێژن و تێبگەن و وەڵامیشبدەنەوە، بەمپێیە خودی زمان لەڕێگەی کارلێکی نێوان ئاخاوتن و بەشداربوانی ئاخاوتنەکەوە دروستدەبێت و پێکەوەیان دەبەستێتەوە) (بڕوانە: خدیجة، زرواق، ٢٠١٦: ٥٦-٥٨).

ئەرکەکانی زمان لەڕووی گەیاندنەوە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بۆ سێ پلە دابەشکراون: (گوزارشتکردن، پەیوەندیکردن، کاریگەری) ڕوونتر بڵێین گوزارشتکردن لە بیروبۆچوون و هەستەکان و گەیاندنی بە کەسانی تر و کاریگەریدانان لەسەریان، ئەم سۆنگەیە پێماندەڵێت، کە هەر گوزارشتێک ئەگەر نەچێتە پێواژۆی پەیوەندیکردنەوە چالاک و کارانابێت و ناتوانێت کاریگەری دروستبکات، چونکە ئەرکی پەیوەندیکردن سەرچاوەی سەرجەم ئەرکەکانی تری زمانە و بەشدارییەکی کارای تێدا دەکات (عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان، ٢٠٠٩: ١٨). مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی چالاکییەکی دیاریکراو پێویستی بە خستنەگەڕی سێ جۆر توانا (توانای زمانی، توانای هزری، توانای پەیوەندیکردن) هەیە، بەجۆرێک، کە هەرسێ تواناکە لەگەڵ یەکتردا کارلێکبکەن (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ٢):




**هێڵکاریی ژمارە (٢) کارلێکی نێوان توانای (هزری، زمانی، پەیوەندیکردن) لە بەرهەمهێنانی چالاکییە مرۆییەکاندا**

بە بوونی هەرسێ جۆرەکە، ناسنامەی مرۆڤ لە ناسنامەی بوونەوەرەکانی تر جیادەبێتەوە، چونکە بوونەوەرەکانی تر تەنها یەکێک، یان کەمجار دوو گۆشەی سێگۆشەکەیان تێدا کۆدەبێتەوە، بەمەش ناتوانن لە ڕەوتی نوێبوونەوە و بەرهەمهێناندا بەردەوامبن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە مرۆڤ بە ئامادەگییەکی سەرەتایی سروشتیی پەیوەندیکردنەوە لەدایکدەبێت، وەکچۆن (دوورەپەرێزی

و پچڕاندنی پەیوەندی) بە دۆخێکی نائاسایی و ناسروشتیی مرۆڤ هەژماردەکرێت و بەوە لێکدەدرێتەوە، کە فاکتەرە دەرەکییەکان کاریگەریی نەرێنییان کردووەتە سەر گەشەسەندنی لێهاتوویی زکماکییەکانی تاک (لبوحسيني، رفيق من الجابري، محمد عابد، ٢٠١٠: ٦٩-٧٠)، بۆیە بە کێشە و نەخۆشیی دەروونی هەژماردەکرێت و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت.

بەدرێژایی مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانناسی، زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یاخود لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە بە بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی چۆمسکی، ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەبینی، فەلسەفەی کارکردنی تیۆرییەکەی چۆمسکی (بەرهەمهێن و گواستنەوە) لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو، کە زمان بەرهەمی توانای ئاوەزیی مرۆڤە و هەر تاکێک لەگەڵ لەدایکبوونیاندا کۆمەڵێک زانیاریی زمانی لە ئاوەزیدایە، بۆ گەشەکردنی ئەو توانستە زمانییە، سوود لە ژینگە و دەوروبەر وەردەگرێت، هەر ئەو توانستەشە بڕیار لەسەر ڕستەکان دەدات، کە ڕێزمانین، یان ناڕێزمانین.

بەمپێیە دەردەکەوێت، کە تیۆرییەکە زمان لە دەوروبەر و کۆمەڵ دادەبڕێت و تەنها کار لەسەر ڕستەکانی زمان دەکات، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانیشی بریتیبوون لە (ئاخێوەری نموونەیی) و (ڕستەی نموونەیی).

ئەگەرچی لە ماوەیەکی کەمدا تیۆرییەکە بە سنوورێکی فراواندا بڵاوبووەوە و سەرنجی چەندین زمانەوانی دیاری بە لای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵام لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی بەرچاوی زمانەوانان ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەکرد، بەگشتی ڕەخنەکان لە دوو لایەنی گرنگەوە بوون، بە جۆرێک هەردووکیان تەواوکەری یەکترن:

١. دابڕینی ڕستە لە دەوروبەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی، گومان لە ڕاستێتی و واقعیبوونی ڕستەکان دروستدەکات.

٢. دەبێتەهۆی پشتگوێخستنی دەوروبەری پەیوەندیکردن لە دیاریکردنی بونیادی ئەو ڕستانەدا، چونکە زمان لە (بەکارهێنان) دابڕاو نییە. هەر ڕستەیەک بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی شێوازی و کۆمەڵایەتی نیشانەکراوە، ناکرێت زمان لەو ئامانجەی، کە لەپێناویدا بەکاردەهێنرێت، دابڕدرێت (البوشيخى، عزالدين، ٢٠١٢: ٢٧-٢٨).

لەمەوە دەردەکەوێت، کە میتۆدی نوێی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەگشتی لەسەر دوو بنچینە و بنەمای جیاواز و دژبەیەک تێڕوانینەکانیان داڕشتووە، پوختەی تێڕوانینەکانیش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

تێڕوانینی یەکەم: گرنگیی بە پێڕەوی زمان دەدات و لە ژینگە و دەوروبەر و بارودۆخی بەکارهێنان دایدەبڕێت، واتە زیاتر گرنگیی بە فۆڕم دەدات نەک واتای بەکارهێنان، بەم پێودانگەش زمان تەنها بریتیدەبێت لە کۆمەڵێک ڕستە، بەجۆرێک، کە پێکهاتەکانی هەر ڕستەیەک بەهۆی پەیوەندییە وشەسازی و ڕستەسازی و واتاییەکانەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە، بەم هۆیەشەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا هەر شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی ناڕێزمانییان ڕەتدەکردەوە.

تێڕوانینی دووەم: زمان وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەخاتەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە، واتە گرنگیی زمان لە بەکارهێناندا ڕووندەکاتەوە، بە واتایەکی تر ئەم ئاراستەیە بایەخ بە یاسا و پێوەرە نازمانییەکان و ڕۆڵی دەوروبەری نازمانی لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا دەدات.

ئەوەی ئەم تێڕوانینە لە تێڕوانینی یەکەم جیادەکاتەوە، بایەخدانە بە ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن و دەرخستنی ئەرکەکانی لەگەڵ ئەو ئاماژە و هێمایانەی نێرەر و وەرگر لە کاتی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی پەیامەکاندا ئەنجامیدەدەن، هاوکات گرنگیی کات و شوێن و سەرجەم ئەو ستراتیژانە دەردەخات، کە دەبنەهۆی دۆزینەوەی واتای مەبەست، ئەم جۆرە لە شیکردنەوەی زمانەوانی، تیۆرە فۆرماڵییە بونیادگەرەکان لە دەرخستن و لێکدانەوەیدا دەستەوسانن.

دوابەدوای دەرکەوتن و فراوانبوونی تیۆری بەرهەمهێن، کۆزمانەوانیش وەک لقێکی زانستی زمان جیابووەوە و کۆمەڵێک زمانەوانی لێهاتوو چەندین لێکۆڵینەوەیان لەو بوارەدا ئەنجامدا، کە هەندێکیان وەک بەرپەرچدانەوەی بەشێک لە بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێن خرانەڕوو، دیارترینیان توێژینەوەکانی زمانەوان و کۆزمانەوان و مرۆڤناس (Dell Hymes) بوو، کە ڕەخنەی لە بیرۆکەی (توانست – Competence)ی چۆمسکی دەگرت، سەرەڕای ئەوەش پێیوابوو، کە چۆمسکی لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ((جۆراوجۆریی زمان))دا شکستی هێناوە، هایمز زاراوەی (Ethnography Communication)ی بۆ پەسنکردنی ڕێبازێکی نوێ، لە تێگەیشتنی زمانی بەکارهێنراودا پێشنیازکرد، چونکە ئامانجی ئەوە بوو، کە تێڕوانینەکان بۆ زمان لە ئەبستراکت دووربکەوێتەوە، بەرەو لێکۆڵینەوە لە هەمەجۆریی ئاخاوتن، وەکچۆن لە کاری مەیدانیی ئیتنۆگرافیدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە (بڕوانە: Sherzer, Joel et al, 2010: 302).

هایمز مۆدێلەکەی لەسەر بنەمای چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانە بنیاتنا، کە لە چەمکی "توانستی زمانی"ی چۆمسکیدا تێبینیکردبوو. هایمز ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ئامانجی تیۆری زمانەوانی تەنها لەسەر دوو خاڵ وەستابێت:

١. پەسنکردنی چالاکیی زمانیی ئاخێوەری نموونەیی.

٢. پەسنکردنی کۆزانینی تاک سەبارەت بە ناسینەوە و جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی نارێزمانی.

ئەمە وای لە هایمز کرد، کە زاراوەی توانستی پەیوەندیکردن (Communication Competence) وەک جێگرەوەی زاراوەی (توانستی زمانی)ی چۆمسکی دابهێنێت. مەبەست لەو زاراوەیەش: توانای ئاخێوەرە بۆ بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی گونجاو بەپێی بارودۆخە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن نەک ڕستەی ڕێزمانی، بە مەبەستی پاساودان و بەڵگەهێنانەوە و پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی، ئەو ڕاستییەی خستەڕوو، کە کاتێک ئێمە پەیوەندی و گفتوگۆیەک ئەنجامدەدەین، تەنها پێویستیمان بە پێڕەوی ڕێزمان و یاسا زمانییەکان نییە، بەڵکو هاوکات پێویستە ئەوەش بزانین، کە چۆن و بە چ شێوازێک ئەو یەکە زمانییانە دابڕێژین و لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و شوێن و کات و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و توخم و...، بیگونجێنین (بڕوانە: معروف، مفتاح، ٢٠٠٩: ٦٣).

کۆمەڵێک لە شارەزایان لەو بڕوایەدان، کە (فردینان دی سوسیر- F. DE Saussure) دامەزرێنەری تیۆری پەیوەندیکردنی زمانییە، هەرچەندە خۆی بە ڕاشکاوی زاراوەی پەیوەندیکردنی بەکارنەهێناوە، بەڵکو لە میانی باسکردنی دوانەیی "زمان و ئاخاوتن"دا ئاماژەی بۆ کردووە، کە ناوی لێنابوو (خولی ئاخاوتنی/ مدار الكلام) (الركيك، محند، ٢٠٠٥: ٦٥) (الذبحاوي والبشير، ٢٠١٨: ١٧٢) (معروف، مفتاح، ٢٠٠٩: ٥٩).

فەلسەفەی بیرۆکەکەی سۆسێر لە ناساندنی خودی (زمان)ەوە سەریهەڵدا، کە پێیوابوو (زمان بریتییەلە پێڕەوێکی دەنگی و لە کۆمەڵێک هێما پێکهاتووە، کە ڕەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتین) (بوسعادة و سیوان، ٢٠٢١: ٢٣)، ئەو پێڕەوە هێماییەی بە پێواژۆیەکی ئاوەزیی لە پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراودا هەژماردەکرد، کە ئامانجیان دروستکردنی پەیوەندیکردنە (صادق، فاطمة الزهراء، ٢٠١٧: ٥٣)، مێشکی ئاخێوەران خاڵی دەستپێکی پێواژۆی پەیوەندیکردنە، دیاردەکانی هەستکردن، کە سۆسێر بە (وێناکردن/ التصورات) ناوی دەبات و لە مێشکی نێرەردا وێنەیەکی دەنگی هاوشێوەی ئەو وێناکردنانە دروستدەکات و دەینێرێت بۆ ئەندامەکانی ئاخاوتن، ئەندامەکانی ئاخاوتنیش لە ڕێگەی دەرهێنانی هەوا لە گەرووەوە بۆ دەم شریتێکی دەنگی دروستدەکەن، کە گوزارشت لەو واتا و چەمکە هەڵگیراوانەی مێشک دەکات، ئەو شریتانە لە شێوەی وێنەی دەنگی دەگەنە گوێی وەرگر، پاشان مێشکی وەرگر ئەو (وێنە دەنگییانە/ کۆد) لێکدەداتەوە و دەیگۆڕێت بۆ واتا، بەمەش لە نێرەر دەگات و ئەگەر بیەوێت وەڵامبداتەوە، ئەوا خولێکی تری ئاخاوتن بەشێوەی پێچەوانە (لە وەرگرەوە بۆ نێرەر) دەستپێدەکات (معروف، مفتاح، ٢٠٠٩: ٥٩) (صادق، فاطمة الزهراء، ٢٠١٧: ٥٣) (آمال، عايدي، ٢٠١٨: ١٩) (الذبحاوي والبشير، ٢٠١٨: ١٧٢٤). کەواتە گرنگترین ڕەگەزەکان و ئەرکەکانی پەیوەندیکردن بەلای سۆسێرەوە بریتین لە:

١. نێرەر و وەرگر: ئەرکیان ئاخاوتن و گوێگرتنە.

٢. توانای ناردن و وەرگرتنی کۆدەکان: ئەرکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی کۆدە زمانییەکانە.

٣. وێنەی دەنگی (پەیام): مەبەستی سۆسێر لە (وێنەی دەنگی) ئەو بابەتەیە، کە گفتوگۆکەی لەسەر دامەزراوە (آمال عايدي، ٢٠١٨: ٢٠).

سۆسێر بە یەکەمین زمانەوانی قوتابخانەی دروستەکاری دادەنرێت، کە تیۆری پەیوەندیکردنی بەو چەمکە دامەزراند، دواتر زانایانی بواری سیمۆلۆجیای پەیوەندیکردن سوودی زۆریان لە بیرۆکەکانی وەرگرت (الذبحاوي والبشير، ٢٠١٨: ١٧٢٤).

قۆناغی دووەمی گرنگیدانی پێواژۆی پەیوەندیکردن لەلایەن رۆمان جاکۆبسۆن ( Roman Jakobson)ەوە دەستییپێکرد و توانی تیۆرییەکی پەیوەندیکردن لە زانستی زماندا دابمەزرێنێت، جاکۆبسۆن یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەڵقەی زمانەوانیی پراگ، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد (پێویستە وەک پێڕەوێکی ئەرکی لە زمان بکۆڵینەوە، جاکۆبسۆنیش گرنگی تەواوی بە دەرخستنی ئەرکەکانی زمان دەدا، تاکو گەیشت بەوەی، کە (٦) ڕەگەزی پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەرکەکانیاندا دەستنیشانکرد:

١. نێرەر: ئەرکی دەربڕینی هەست و بیرە.

٢. وەرگر: ئەرکی کاریگەربوون و تێگەیشتنە.

٣. پەیام: ئەرکی جوانی و ڕازاوەیی زمانی شیعرییە.

٤. فیدباک: ئەرکی گەڕانەوەی زانیارییە بۆ نێرەر، پەیامەکەی گەیشتووە، یان نەگەیشتووە.

٥. کەناڵ: ئەرکی بەستنی پەیوەندییە.

٦. زمان، یاخود کۆد: ئەرکی زمانەوانییە بۆ پەسنکردنی زمانی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر (صادق، ٢٠١٧: ٥٦) (نورالدين، ٢٠١٦: ٢٦٦).

کاریگەریی کارەکانی (دی سۆسێر) و فەیلەسوفی زمانەوان (John Austin) لەسەر بیرۆکە و کارەکانی جاکۆبسۆن بە ڕوونی دیارە (حمداوي، ٢٠١٥: ٢٢).

جاکۆبسۆن زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردنە (بوسعادة وسيوان، ٢٠٢١: ٢٤)، ئەگەرچی ئەرکەکانی زمان جۆراوجۆرن، بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لە گەیاندنی پەیامەکەدا تەواوکەری یەکترن. لەم ڕوانگەیەوە پوختەی پێواژۆی پەیوەندیکردن ئەوەیە، کە (نێرەر) (پەیام)ێک بۆ (وەرگر) دەنێرێت، بۆئەوەی پەیامەکە کاریگەر بێت، پێویستە (دەوروبەرێکی

گونجاو) هەڵبژێردرێت، هەروەها پەیامەکە پێویستی بە پێڕەوێکە، کە نێرەر و وەرگر تێیدا هاوبەش و بەشداربن، دواجار پێویستە (کەناڵێکی پەیوەندی) بۆ کارلێکردنی نێرەر و وەرگر و دامەزراندن و بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانیان هەبێت (Jakobson, Roman, 1960: 353) (معروف، ٢٠٠٩: ٦١) دەکرێت بڵێین هەر هێمایەک لایەنێکی کەسێتیی تاک ئاشکرادەکات، ئەمەش پەیوەستە بە ئەرکی (گوزارشتکردن و کارتێکردن)، نێرەر گوزارشت لەو هەست و زانیاری و داتا شاراوانە دەکات، کە لە ناخ و دەروونیدا هەڵیگرتووە بە شێوەیەکی کارلێکی دەریاندەبڕێت، زمان بوونێکی واقعیی و هەستپێکراو بۆ بیر دادەڕێژێت، چونکە ئەگەر بیر گوزارشتی لێنەکرێت، ئەوا بوونێکی مردووە و ناتوانێت پێواژۆی پەیوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەراندا دەستەبەربکات، مەگەر لە ڕێگەی پەیوەندیی نازمانیی وەک (جوڵە، ئاماژە، ...) گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی بیرەکان ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەمجۆرە تواناکەی سنووردارە و هەرگیز ناتوانێت هێندەی پەیوەندیی زمانیی بە وردی و تێروتەسەلی قووڵبیێتەوە و بیر و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕبکات (بڕوانە: صادق، ٢٠١٧: ٥٧).

## ٢-١/٢) ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی تاک:

پشتبەست بەو بیرۆکەیەی، کە (زمان) و (پەیوەندیکردن) بەتوندی پێکەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە (زمان پەیوەندیکردنە) و (پەیوەندیکردن بەبێ زمان ڕوونادات)، دەکرێت بڵێین (زمان) و (پەیوەندیکردن) لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا هاوبەشن و وەک دوو دیوی یەک دیاردە مەبەستەکان بە وەرگر دەگەیەنن.

جاکۆبسۆن بەرانبەر بە هەر ڕەگەزێکی پەیوەندیکردن ئەرکەکەشی دیاریکردووە، واتە شەش ئەرک و شەش ڕەگەزی پەیوەندیکردنی باسکردووە[٩]، پێیوایە هەریەک لەو شەش ڕەگەزە، ئەرکێکی جیاوازی زمانی بەجێدەگەیەنن، لەمبارەیەوە دەڵێت (هەرچەندە شەش ئەرکم جیاکردووەتەوە، بەڵام بە دەگمەن پەیامێکی زارەکی دەدۆزینەوە، کە تەنها یەک ئەرک بگەیەنێت، بەپێی ڕیزبەندیی هەرەمی، جیاوازیی ڕۆڵی ئەرکەکان دەردەکەوێت) (Jakobson, 1960: 353).

بە پێویستی دەزانین لێرەدا شەش ئەرکەکە بخەینەڕوو:

[٩] - بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەرکەکانی زمان/ ئاخاوتن، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (Jakobson, 1960) (هدسون، ت: عیاد، ١٩٩٠: ١٧٢-١٨٢) (عەبدولڕەحمان، شیلان، ٢٠٠٩: ٣٧-٤١) (ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان، ٢٠١٠: ١٤٣-١٤٩) (فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ٣١-٣٨) (الرکیک، ٢٠٠٥: ٦٩-٧٢) (العنزي، ٢٠١٤: ١٤-١٥) (صادق، ٢٠١٧: ٥٧-٥٨) (الذبحاوي، ٢٠١٨: ١٧٢٧-١٧٢٩) (آمال عايدي، ٢٠١٨: ٢٢-٢٣).

١. گوزارشتکردن و هەستدەربڕین: ئەم ئەرکە بە بڕوای جاکۆبسۆن بە (نێرەر)ەوە پەیوەستە، ئامانجی دەربڕینی ڕاستەخۆی هەڵوێستی قسەکەرە بەرامبەر بەو بابەتەی، کە قسەی لەسەر دەکات.

٢. ئەرکی تێگەیاندن: ئەم ئەرکە کاتێک دەردەکەوێت، کە پەیامەکە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و وروژاندن، یاخود بۆئەوەی داواکاری و فەرمانێک جێبەجێبکات. لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەرکە وەک جاکۆبسۆن ئاماژەی پێداوە ئەوەیە، کە لایەنی ڕاست و ناڕاستی تێدا نییە.

٣. ئەرکی فیدباک: ئەم ئەرکە پاساودانی بنەڕەتیی پێواژۆی پەیوەندیکردنە و پەیوەستە بە دەوروبەرەوە، واتە پەیوەندیی نێوان ئاخاوتنەکە و ئەو ئاماژە و هێمایانەی لە دەوروبەرەکەدا هەن، دیاریدەکات، بۆ ئەوەی مەبەستی پەیامەکە ڕوونبکاتەوە.

٤. ئەرکی بەردەوامبونی پەیوەندی: بریتییەلە ئەرکی بەردەوامیدان بە پێواژۆی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن و تێگەیاندن و گۆڕینەوەی هەست و بیروڕاکان، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک (بەڵێ، لەگەڵتم، وایە، ڕاست دەکەیت، ...) بەکاردەهێنرێت.

٥. ئەرکی شیعری: جەختکردنەوە لە خودی پەیامەکە بە ئەرکی شیعری هەژماردەکرێت. لێکۆڵینەوە لەم ئەرکە بەبێ گەڕانەوە بۆ پرسە گشتییەکانی زمان بەرهەمدار نابێت، هەروەها وردبینی و پشکنینی زمان پێویستیی بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی چڕی ئەرکی شیعری هەیە. هەرچەندە ئەرکی شیعری تاکە ئەرکی هونەری زارەکی نییە، بەڵام لە هەموو چالاکییە زارەکییەکانی تردا وەک پێکهێنەر و ڕەگەزێکی لاوەکی بەشداردەبێت. لە ڕێگەی گەڕان بە دوای تایبەتمەندییە شیعری و کاریگەرەکانەوە، پێواژۆی پەیوەندیکردن هەوڵدەدات پەیامێکی شیعری و جوانیناسی و ڕەوان دابڕێژێت.

٦. ئەرکی میتازمانی (metalanguage): لە زانستی لۆجیکیی هاوچەرخدا دوو ئاستی زمانیی جیاکراوەتەوە (Jakobson, 1960: 355):

- ئاستی زمانی بابەت: بەکارهێنانی زمان بۆ پەسنکردن و قسەکردن لەسەر هەر بابەتێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ...، جگەلە خودی یەکەکانی زمان.

- ئاستی میتازمان: بەکارهێنانی زمانە بۆ پەسنکردن و شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان، بۆیە پێشیدەوترێت (ئەرکی شیکردنەوە)، بە وێنە کاتێک باسی بابەتێک دەکەیت و لێتدەپرسن: مەبەستت لەو زاراوەیە چییە؟ ئەوا پێویستە ئەو یەکە زمانییە ناڕوون و لێڵانە شیبکەیتەوە و هاوواتاکانیان بخەیتەڕوو، بەمەبەستی تێگەیشتن لە خودی زمان.

ژمارەی ئەرکەکانی زمان لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا یەکجار زۆرن، چونکە زمان ئەرکێکی زۆر و جۆراوجۆر بەپێی هەڵوێست و بۆنەکان جێبەجێدەکات، بۆیە ناتوانرێت ئەم ئەرکانە لە چەند دانەیەکدا سنووردرابکرێت. مالینۆفسکی (Bronislav Malinowski) لە ڕووی مێژووییەوە باسی ئەرکەکانی زمانی کردووە و پێیوایە بەکارهێنانە سەرەتاییەکانی زمان وەک بەشێک لە ڕەفتاری مرۆیی ڕۆڵی دەگێڕا و زیاتر ئامرازی پەسنکردنی کردار بووە، نەک بیرکردنەوە و تێڕامان، دواتر کارتێکردن لە بیروڕای وەرگر بوو بە ئەرکێکی تری پەیوەندیی زمانی (هدسون، ١٩٩٠: ١٧٢).

جگەلەوەی باسکرا (هدسۆن) چەند ئەرکێکی تری وەک (پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وەرگرتنی زانیاری، گوزارشتکردن لە هەست و سۆزەکان) باسدەکات، بەڵام پۆلکردنێکی وردودرشتی ئەرکەکان ناخاتەڕوو، چونکە لەوە تێگەیشتووە، کە ئەرکەکان بەپێی مەبەست و ئامانجی ئاخێوەران فرەچەشنن و زۆر هۆکاری زمانی و نازمانی لە ژینگە و دەوروبەری ئاخاوتنەکەدا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، بۆیە دەڵێت: (هەوڵ نادەین پۆلکردنێکی ورد پێشکەشبکەین، بەڵکو قسەکانمان لەسەر ئەوە پوختدەکەینەوە، کە ئاخاوتن لە مامەڵەی کۆمەڵایەتیدا ئەرکێکی زۆر جێبەجێدەکات) (سەرچاوەی پێشوو: ١٧٢).

هالیدای (Halliday) حەوت ئەرکی سەرەکیی بۆ هەڵوێستەکانی تاک دەستنیشانکردووە، کە پێویستە زمانی پەیوەندیکردنی تێدا بەکاربهێنێت:

١. ئەرکی سوودبینین: بەکارهێنانی زمانە بۆ بەدەستهێنانی شتە بەرجەستەکانی وەک: (نان، خۆراک، ...)

٢. ئەرکی ڕێکخستن (Regulatory): بەکارهێنانی زمانە لەپێناو فەرماندان و داواکردنی شتێک لەوانی تر، یاخود ئاڕاستەکردنی ڕەفتاریان.

٣. ئەرکی کارلێکی (Interactional): بەکارهێنانی زمانە لە پێناو ئاڵوگۆڕی هەست و زانیاری و بیرەکانی نێوان تاکەکان.

٤. ئەرکی کەسێتی (Personal): بەکارهێنانی زمانی تاکە بۆ گوزارشتکردن لە هەست و بیرەکانی خۆی.

٥. ئەرکی دۆزینەوە (Heuristic): بەکارهێنانی زمانە بۆ پرسیارکردن و وردبوونەوە لە هۆکاری دیاردە و ڕووداوەکان و ئارەزووکردنی زانینیان.

٦. ئەرکی خەیاڵکردن (Imaginative): بەکارهێنانی زمانە بۆ گوزارشتکردن لە خەیاڵ و وێناکردنی داهێنانەکانی تاک، ئەگەرچی لەگەڵ واقعدا هاوتا نەبن .

٧. ئەرکی ئاشـــکراکردن و ڕوونکردنەوە (Representational): بەکارهێنانی زمانە لەپێناو نواندنی بیر و زانیارییەکان و گەیاندنی بەوانی تر (طعيمة، رشـــدي احمد والناقة، كامل محمود، ٢٠٠٦: ٢٦-٢٧).

ئەوەی بۆ ئەم تێزە گرنگە ئەوەیە، کە سەرجەم هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی تاک بە کۆمەڵەوە، بە دەوری دوو ئاڕاســتە و تەوەری ســەرەکیدا دەخولێنەوە، کە ڕاســتەوخۆ پەیوەســتن بە ســروشــت و تایبەتمەندییە کەســـییە تاکگەراییەکانەوە، ئەوانیش بریتین لە هەردوو ئاڕاســـتەی (تاکگەرایی) و (هەڵکردن).

## ٣-١/٢) تاکگەرایی (Individuality) و هەڵکردن (Conformity):

هەر تاکێک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەسیی هەیە، کە هەمیشە لە هەوڵی بەرجەستەکردنیدایە، چ بە خەیاڵ، چ بە کردەوە و جوڵە و ڕەفتاری زمانی و نازمانی. لە میانەی جێبەجێکردنی ڕەفتارە تاکگەراییەکاندا هەندێکجار تاک وەک داهێنەر و شـارەزا و لێهاتوو، یاخود قسـەخۆش و کۆمەڵایەتی و ... دەردەکەوێت، واتە بەگشـــتی لەگەڵ کۆی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵدا هاوڕێک و هاوئاڕاســـتە دەبێت، بەمەش گونجاندن و ڕادەی هەڵکردنی لەو کۆمەڵەدا زیاتر دەکات. بە واتایەکی تر ئەگەر ئاخێوەر هاوســـەنگییەک لەنێوان هەســـتی (تاکگەرایی) و (هەڵکردن)دا ڕابگرێت، ئەوا لە پێواژۆی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە تاکێکی ســـەرکەوتوو، کە دەتوانێت هەوڵی بەدەســـتهێنانی ئامانجەکانی بدات، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە گشـــتییەکانی کۆمەڵ و نەبەزاندنی پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەدیدێت.

هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە پراکتیزەکردنی ڕەفتارە تاکگەراییەکان دەبێتە مایەی بێزارکردن و ئازاردانی هەستی گشتیی کۆمەڵ، ئەمەش دەرهاویشتەکانی سڵکردنەوە و پەراوێزخستن و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوە و توندوتیژیی زمانی و جەســـتەییشـــی لێدەکەوێتەوە، لە ئەنجامیشـــدا ڕادەی هەڵکردنی تاک لەو کۆمەڵەدا لاوازدەبێت، هاوکات کاریگەریی نەرێنیی لەســـەر خودی تاک و بیرکردنەوەکانی بەجێدەهێڵێت.

تاکگەرایی لە وشـــەی لاتینیی (individualitas)ـــــەوە هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو کوالیتی و تایبەتمەندییانەی، کە هەر تاکێک لەوانی تر جیا دەکاتەوە، چ جیاوازیی زمانی بێت، یان نازمانی، چونکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تاکێکی دیاریکراو خاوەنی (بیروباوەڕ و پێویســـتی و ئارەزوو و بەرپرســـیارێتی و ماف و ...)ی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم چەمکە پەیوەندیی بەو هێزانەوە هەیە، کە بۆ گەشەکردن بە ئاڕاستەی کەسێتییەکی جیاواز یارمەتیدەرمانە (Brown, g., 2021: _).

زاراوەی (Conformity) لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Conformare)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە واتای (ڕازیبوون "agree" ، گونجاندن "adapt")ی گەیاندووە، دواتر واتاکەی فراوانبووە و بۆ مەبەستی "گونجاندنی وشەکان لەگەڵ بیر و کردار و ڕەفتارەکانی تاکدا" بەکارهاتووە. ئێستا زاراوەکە ڕاستەوخۆ واتای گونجاندن و یەکسانکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر دەگەیەنێت، بەڵام لە زانستی زماندا واتا و چەمکێکی تایبەتتری وەرگرتووە و بە (Linguistic Conformity) ناسراوە، بەوە پێناسەدەکرێت، کە گونجاندن و ڕێککەوتنی زمانی هەر تاکێکە لەگەڵ زمانی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکەیدا، بە واتایەکی تر، ڕێککەوتن یان هەڵکردنی زمانی بریتییەلە بەمۆدێلکردن (modeling)ی زمانی هەریەک لە ئاخێوەران، بەجۆرێک، کە ئاستی تایبەتمەندییەکانی زار و خوێندنەوە و فێرکردنی زمان تێبپەڕێنێت و تاکگەراییە زمانییەکانی تاک لەگەڵ ئەوانی تردا بگونجێنێت ( Shala, Flamur, 2019: 3-5).

تاکگەرایی و هاوکاری (Solidarity) دوو هێزن، کۆنترۆڵی تەواوی ڕەفتارە زمانییەکانی مرۆڤ دەکەن (Shala, 2019: 5).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا زاراوەی (Individualism) لەلایەن (A. de Tocqueville)ەوە بۆ پەسنکردنی (هەستکردنی ئەمریکییەکان بە ئارامی و گرنگیپێدان) بەکارهاتووە، بەو واتایەی هەر هاوڵاتییەکی ئەمریکی ئارەزووی ئەوەی کردووە، کە خۆی لە گرووپی هاوڕێیان دابڕێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەی خێزان و ئەندامانی خانەوادەکەی. بەپێی ئەم بۆچوونە، تاکگەرایی لە دیموکراسییەکەسییەوە سەرچاوەیگرتووە، بۆئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا بێت. تاکگەرایی بەلای (de Tocqueville)ەوە زیاتر بە واتای سوودگەرایی (Utilitarian) دێت، کە وا لە خەڵک دەکات، بە دوای دەسەڵات و بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیانەوە بن، دەرئەنجامە کارلێکییەکانی ئەم ئایدۆلۆجیایەش وایکرد، کە ئەمریکییەکان کەمتر پابەندی نەریت و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی ببن و هەر تاکێک کەمتازۆر شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆی هەڵبژێرێت، بەو هۆیەشەوە ناتەبایی و نەگونجانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری بوو بە سیمای دیاری کۆمەڵگاکە، چونکە هەر تاکێک بەپێی بیروبۆچوون و هەستی تاکگەرایی خۆی، چەند ڕەفتارێکی پەسەنددەکرد و پەیڕەویدەکرد، نەک چاو لە ڕەفتارێکی نموونەیی بکات، کە بۆ هەمووان دابینکرابێت ( Johnstone, 1996: 124).

دواتر جۆرێکی تری تاکگەرایی بە ناوی (تاکگەرایی دەربڕین/ expressive Individuality) دەرکەوت، کە پەیوەست بوو بە نووسەرانی ڕێنیسانسی ئەمریکی و ئەو کلتورەی، کە ڕەنگدانەوەی کارەکانیان بووە، بیرۆکەکەش ئەوە بوو، کە ئازادی و ڕەسەنایەتی زادەی تێڕامانە لە (خود) و گوزارشتکردنە لەو ڕاستییەی، کە مرۆڤ لە خودی خۆیدا دەیدۆزێتەوە (Johnstone, 1996: 124).

هەم تاکگەرایی و هەم ڕێککەوتن دوو ڕەگەزی پێویســـــت و جەوهەریی کۆمـەڵن، هـەموو ئەو ڕەفتارانە دەگرنەوە، کە پەیوەندییان بە دەربڕینی هەســــت و بیرکردنەوەکانی مرۆڤەوە هەیە. ئەم چەمکانە زۆرجار پەیوەسـتن بە زمانناسـی و دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی و فەلسـەفەوە. ڕێککەوتن کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی دەنوێنێت، کە پابەندبوون بە نۆرم و یاســـاکانی گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە لەخۆدەگرێت، لە کـاتێکدا تـاکگـەرایی ئـامـاژەیە بۆ ئەو تـایبـەتمـەندییـانـەی، کە مرۆڤێک لەوانی تر جیادەکاتەوە (Brown, g., 2021: _).

ئەندامانی کۆمەڵ پێویســـتیان بە کۆمەڵێک یاســـا و ڕێســـا هەیە، کە پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکبخات و ئەرک و ماف و ڕۆڵەکانیان لە کۆمەڵدا دەســـتنیشـــانبکات، پەســـەندکردنی تاک لەلایەن کۆمەڵەوە پەیوەستە بە ڕادەی پەیڕەوکردنی ئەو ئەرک و ڕێسایانەوە.

هـەڵکردن هـاوتـاکردنی ڕەفتـارەکانی مرۆڤە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی زۆرینەدا، یان پابەندبوونی تاکە بە پێوەر و یاســـــاکانی کۆمەڵ. ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە بۆ یەکەمین جار لەلایەن "Arthur Jenness" سـاڵی (١٩٣٢) لێکۆڵینەوەی لەسـەر کرا، تێیدا داوا لە بەشـداربووانی توێژینەوەکە کرا، کە هەریەکەیان بە جیا خەملاندن بۆ ژمارەی فاسـۆلیاکانی ناو شـووشـەیەک بکەن، پاشـان بەشـداربووان هێنرانە ژوورێکەوە و داوایـان لێکرا پێکـەوە وەک گروپێک ژمـارەی فـاســـۆلیـاکـان بخەملێنن. دوای گفتوگۆی گروپی، (Jenness) تاک بە تاک پرسیاری لە هەموو بەشداربووان کرد، کە ئایا دەیانەوێت خەملاندنی سـەرەتایی خۆیان بگۆڕن؟ نزیکەی هەموویان وەڵامە سـەرەتاییەکانیان گۆڕی، بۆئەوەی لە خەملاندنی گروپەکە نزیکتر ببنەوە. ئەمەش ئەوە دەســـەلمێنێت، کە بڕیارەکانی خەڵکی بە شـێوەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی زۆرینەدان، بەتایبەتی لە دۆخە ناڕوونەکاندا (Brown, g., 2021: _).

هەڵکردن یارمەتیی تاکەکان دەدات بۆ پاراسـتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و هەستەکانی ئەندامانی کۆمەڵێکی ئاخاوتنی، جگەلەوەی، کە پەیوەندیی بەهێز و پتەو دروستدەکات و کێشە و ئاڵۆزی و دوورەپەرێزی و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەکات.

ژمارەی ئەو کەسـانە زۆر کەمن، کە بە ڕەهایی و بە تەواوی لەگەڵ سـەرجەم دابونەریت و یاسـا کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی کۆمەڵەکەیاندا کۆکن و دەســازێن، ئەگەر پێویســتییەکانی تاکگەرایی تاک دابیننەکرێت، ئەوا سیما جیاکەرەوەکانی لەدەستدەدات و جیاوازیی تاکگەرایی بوونی نامێنێت (شـەمس، هێمن عەبدولحەمید، ٢٠١٣: ٤-٥).

"Kelman" لەســەر بنەمای درێژی و کورتیی ماوەی "هەڵکردن"ی ئەندامانی کۆمەڵ، بە گشــتی ســێ جۆر پێواژۆی هەڵکردنی بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی تاک جیاکردووەتەوە ( Brown, g., 2021: _):

١. پابەندبوون (Compliance) یان پابەندبوونی کاتی: گۆڕانکارییەکی کاتییە لە ڕەفتاری تاکدا، بۆیە کاتێک فشاری گرووپ، یان کۆمەڵ لەسەر تاک لاواز بێت یان نەمێنێت، پابەندبوونەکەش بە هەمان ئاڕاســـتەدا دەچێت. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە تاک کاریگەری و ڕێککەوتنەکە لە پێناو بەرژەوەندییەکدا قبوڵبکات، ئەگەرچی لە ناخیشــیدا پێی خۆش نەبێت، بەو ئامانجەی ببێت بە کەســـێکی گونجاو و پەســـەندکراوی ناو کۆمەڵ، یان گرووپەکەی. بە وێنە (ا) پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ (ب)دا باش نییە و نایەوێت قســـەی لەگەڵ بکات، لە کاتێکدا (ب) خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزە و لەلایەن خەڵکەوە ڕێزلێگیراوە، کاتێک (ا) لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی وەک (ئاهەنگی هاوســەرگیری)دا بە (ب) دەگات، ناچار دەبێت هاوشــێوەی ئەوانی تر ڕەفتار بکات و بە دەربڕینی شـــێوازێکی گونجاوی ئاخاوتنی پەیوەســـت بەو بۆنەیەوە پابەندبێت، وەک لە نمونەکانی (١-ا،ب)دا دەردەکەوێت:

١-ا) لە خۆشیدا بن، خۆشحاڵم بە بینینت، دەنگوباستان، ...

١-ب) زۆر سوپاس، ئێوە چۆنن، هیوام باشیتانە، ...

٢. شـــوناس (Identification): ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە ئاخێوەری تاک ڕەفتاری خۆی ڕێکبخات بۆ ئەوەی بتوانێت وەک ئەندامی گروپێکی دیاریکراو وەربگیرێت. ئەم ڕەگەزە بە بەراورد بە "پابەندبوون" بەهێزترە، بەو پێیەی ڕێککەوتنی گشـــتی و تایبەتییش لەخۆدەگرێت، بەڵام کاتێک تاک گروپەکە بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو گروپە بنەڕەتییەکەی خۆی (کە ســـەرچاوەی کلتور و شـــوناســـێتی)، ڕەنگە پابەندبوونەکەش کۆتایی پێبێت. بۆ نموونە خوێندکارێکی بیانی، کە بۆ خوێندن ڕوو لە وڵاتێکی تر دەکات، پێویستە شێوازێکی نوێی ژیان و کلتور و زمان و ... هەڵبژێرێت، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ڕەنگە واز لەو شـــێوازانە بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی وڵات و کۆمەڵەکەی خۆی.

٣. وەرگرتنی نـاوەکی (Internalization): ئەمەش کـاتێـک ڕوودەدات، کە تـاک لە بنەڕەتـدا پـاڵنەرێکی بۆ قبوڵکردنی کـاریگەرییەکە هەبێـت، چونکە لەگەڵ بیرۆکە و ڕەفتـارەکـانی بەشـداربوودا هاوشـێوەیە. لەم بارودۆخەشـدا پابەندبوون هەم گشـتییە و هەم تایبەتە. ئەمە بەهێزترین جۆری ڕێککەوتنە، بەو پێیەی گۆڕانی ڕەفتاری تاک تاڕادەیەک هەمیشـــەیی دەبێت.

بۆ نموونە کەسێک لەلایەن هاوڕێکانییەوە بانگهێشتی نوێژ و پەیڕەوکردنی دروشمە ئاینییەکان دەکرێت، لەکاتێکدا خۆیشـــی پاڵنەر و خولیایەکی بۆ وەڵامدانەوە و باوەڕهێنان هەیە، بۆیە لە کۆتاییدا دەبێت بە پەیڕەوکەری ئەو ئاینە و شـــێوازی بیرکردنەوە و دونیابینی و ڕەفتار و ئاخاوتن و ... دەگۆڕێت.

هەڵکردنی زمانی وەک چەمکێکی کۆزمانەوانی، بریتییەلە گونجاندن و ڕێککەوتنی زمانیی تاک لەگەڵ ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی، کە تێیدا دەژی. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان هەڵکردنی زمانی و ستانداردکردنی زمان ئەوەیە، کە ستاندارد فێردەکرێین، بەڵام هەڵکردن لە ڕێگەی ئەزموون و فێربوون و پراکتیککردنەوە بەدەستیدەهێنین، بەمپێیە هەڵکردنی زمانی گونجاندن، یان بەمۆدێلکردنی ناسنامەی زمانییە لە ڕەفتاری زمانیی تاکدا، بە شـــێوەیەک، کە لەگەڵ بارودۆخی زمانییدا بگونجێت. بەڵام زمانی ســـتاندارد لەلایەکەوە نوێنەرایەتیی زۆرترین جۆری گۆڕانکاریی بەکۆمەڵی زمانیی دەکات، لە لایەکی ترەوە دیارترین ڕێککەوتن و گونجاندنی زمان لە زمانەوانی بەمۆدێلکراوی تاکگەرادا دەنوێنێت (Shala, 2019: 1).

دوو ئاڕاســـتەی جیاواز لە بەکارهێنانی زمانی هەر تاکێکدا بوونی هەیە، ئەوانیش (تاکگەرایی/ جیاوازیی زمانی) و (ڕێککەوتنی زمانی/ هەڵکردنی زمانی)ن، هەردوو ئاڕاســـتەکە بە هەمان ڕادە، یان بە ڕێژەی جیاواز (بەپێی کۆمەڵێک بارودۆخی زمانی و نازمانی) ڕۆڵ و گرنگییان لە پێواژۆی پەیوەندیکردن و بەردەوامبوونیدا هەیە. لە پاری دووەمی بەشـــی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەوردی باسی (جیاوازییە زمانییەکان) کرا، کە سەرجەم جیاوازییە زمانییەکانی تاکگەرایی تاک دەگرێتەوە.

سەبارەت بە ڕێککەوتنە زمانییەکانیش، ئەو ڕێککەوتنانە دەگرێتەوە کە (ئەندامانی کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون و بنەمای گونجاندنە زمانی و نازمانییەکانن، واتە ســـەرجەم ئەو لایەنە فەرهەنگی و دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیکییانە دەگرێتەوە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵێک لەســـەری ڕێکدەکەون، ئەمەش دەبێتە کرۆک و بنەمای ســـەرەکیی هەر زمانێک لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا، چ گەیاندن بێت یان وەرگرتن. لەم ڕوانگەیەوە بنەما سەرەکی و گشتییەکانی ڕێککەوتن دەبنەهۆی کۆکردنەوە و ڕێکخســـتن و یاســـابەندکردنی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان ئیدیۆلێکت و شـــێوەزار و زارەکانیش، بە واتایەکی تر و بە شـــێوەیەکی گشـــتی ئەگەرچی ئاخاوتنە جیاوازەکان لە هەندێک لایەنی وەک داتا لێکســـیمییەکان و چۆنێتیی دەربڕین و هەندێک دیاردەی ڕێزمانیدا تاڕادەیەک جیاواز بن، بەڵام لە کرۆکدا یەک بنەما و یاسای ڕێزمانی و دەنگسازی کۆیاندەکاتەوە و یەکیاندەخات) (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣: ٨٤). بۆ پاســـاودانی ئەم ڕاســـتییەش، جیاوازیی ئیدیۆلێکتیی نێوان چەند ئاخێوەرێکی تاکگەرا بە نموونە دەهێنینەوە، کە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی وەک (پرســـە)دا چاویان بە یەکتر دەکەوێت:

٢-ا) ناسیاو: خوا جەزەی خێتان باتەوە، خوا لێی خۆش بێ، ڕێگەی هەموومانە، ...

٢-ب) باوکی مردوو: بەخێر بێن یاخوا، یاخوا بەخێربێن، خوا لێتان ڕازیبێت، ...

٢-پ) برای مردوو: ئەکتان کێشا، بە خێ بێن، سەچچاو، ...

٢-ت) خزم: خواتان لێ ڕازی بێت، ئەزێتان خوارد، ...

سەرجەم ڕستە و دەستەواژەکانی نموونەکانی (٢) بەپێی یاسا دەنگسازی و ڕێزمانییەکان ڕۆنراون، بەڵام هەر تاکێک بەپێی تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتییەکەی، گوزارشتەکانی ڕێکدەخات و دەریدەبڕێت. ئەگەر ڕستەی (٢-ا) بە دەربڕاوەکانی نموونەی (٢-ب، پ، ت) بەراوردبکەین، بۆماندەردەکەوێت، کە:

- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە: درک بەوە دەکرێت، کە ئاخێوەر لە (٢-ا)دا "خاوەنی پرسە"کە نییە، بەڵکو بۆ "دڵدانەوە و سەرەخۆشیکردن" هاتووە، بەڵام ئاخێوەرانی نموونەکانی (٢-ب، ٢-پ، ٢-ت) خاوەنی پرسەن و بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەن.
- لە ڕووی فەرهەنگی تاکگەراییەوە: ئاخێوەری (٢-ا) باکگراوندێکی ئاینیی هەیە، یان پیاوێکی ئاینییە، چونکە سەرجەم دەربڕینەکانی ڕەنگدانەوەی دروشم و بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە: (خوا جەزای خێرتان باتەوە = جزاكم الله خيرا)، (خوا لێی خۆش بێت = اللهم اغفر له)، (ڕێگەی هەموومانە = كل نفس ذائقة الموت)، ئەمە لە نموونەکانی (٢-ب، ت)یشدا بەدیدەکرێت، بەڵام وا دیارە ئاخێوەری نموونەی (٢-پ) ویستوویەتی خۆی لەو جۆرە دەربڕینانە بپارێزێت.
- لە ڕووی دەوڵەمەندیی و هەژاریی فەرهەنگەوە: هەرچەندە ژمارەی دەستەواژە و دەربڕینەکانی بۆنەیەکی وەک (پرسە) تا ڕادەیەک سنووردارە، بەڵام هەر تاکێک بەپێی تایبەتمەندییە ئیدیۆلێکتێکەی، چەند دەستەواژەیەک پەسەنددەکات و لە بۆنەکاندا دووبارەیاندەکاتەوە، ئەمەش وەک مۆرکێکی کەسێتیی تاکگەرا پێی دەناسرێتەوە. لە نموونەی (٢-ا)دا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر کەسێکی کۆمەڵایەتییە و فەرهەنگی تاکگەراییەکەی دەوڵەمەندە، بە پێچەوانەوە ڕەنگە ئاخێوەری نموونەی (٢-ب) خاوەنی فەرهەنگێکی تاکگەرایی دەوڵەمەند نەبێت (بەخێربێن یاخوا = یاخوا بەخێربێن)، هەروەها ڕەنگە فەرهەنگی ئاخێوەرانی نموونەی (٢-پ، ت)یش مامناوەند بن.
- لە ڕووی دەنگسازییەوە: ئاخێوەری نموونەی (٢-ا)، دوو تایبەتمەندیی دیاری تاکگەرایی (ڕادەی خێرایی دەربڕینی دەنگ- Rate) و (چۆنێتیی گۆکردن-Pronunciation) هەیە، وەک لە دەربڕینی وشەکانی (جەزە=جەزا، خێ= خێر)دا دەردەکەوێت. ئاخێوەری نموونەی (٢-پ)یش بەهەمانشێوە بەڕوونی درک بە تایبەتمەندییە دەنگییە تاکگەراییەکانی دەکرێت، کە بریتییەلە کرتاندن و قوتدانی هەندێک دەنگی وەک: (ئەکتان کێشا، بەخێ بێن، سەچچاو)، ڕەنگە ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بە گرفت و نەخۆشییە زمانییەکانەوە هەبێت. بێگومان هەر ئاخێوەرێک

تایبەتمەندییەکی دەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لەوانی تر، ئەمە زیاتر لە زمانی ئاخاوتندا دەردەکەوێت وەک لە نووسین.

- لە ڕووی ڕێزمانەوە: ئاستی ڕێزمان بە بەراورد بە ئاستەکانی تری زمان کەمترین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە بڵێین جیاوازیی ئیدیۆلێکتی لە ئاستی ڕێزماندا بوونی نییە، بە وێنە ئەگەر نموونەی (٢-ب- خوا لێتان ڕازی بێت) لەگەڵ نموونەی (٢-ت- خواتان لێ ڕازی بێت)دا بەراوردبکەین، دەبینین هەریەکەیان یاسایەکی ڕێزمانیی جیاوازیان وەک تایبەتمەندییەکی تاکگەرایی هەڵبژاردووە و خۆیان پێوەی پەیوەستکردووە.

توێژینەوە و داتا بەردەستەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە دەکرێت لە ڕێگەی شێوازی زمانییەوە پەی بە کەسێتیی تاک ببرێت و بناسرێتەوە (چ لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە بێت یان نووسین)، تەنانەت ئەوەش سەلمێنراوە، کە ئیدیۆلێکت و شێوازی نووسین و ئاخاوتنی مرۆڤ دەتوانێت هاوشێوەی "پەنجەمۆر" شوناسی تاک دەستنیشانبکات (Pennebaker, James W. and King, Laura A, 1999: 1296).

## ٤-١/٢) نەخشەی زمانیی تاک (چەمک و ناساندن):

جڵەوگرتنی سەرجەم کار و چالاکییەکانی مرۆڤ لە دەسەڵاتی ئاوەزدایە، یەکێک لەو چالاکییانەش بریتییەلە "زمان"، پێواژۆ ئاوەزییەکانی زمانی تاک لە ڕێگەی ئاوەزەوە چالاکدەکرێن، کردەکانی بیرکردنەوە و وەرگرتن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت و دەردەبڕدرێت. بە بڕوای ڕێبازە دەروونییەکان، زمان پەیوەندیی بە بیر و بیرکردنەوە و زانیاریی تاکەوە هەیە، کە لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە و لە ڕەفتار و ئاکاریدا ڕەنگدەداتەوە. گۆڕانی ڕەفتاری تاکیش پەیوەستە بە وروژێنەر و دەوروبەر و ئەو هەلومەرجانەی کاریگەرییان لەسەر ژینگەی تاک هەیە (حوسێن، شیلان عومەرو فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، ٢٠١٩: ١٤).

یەکێک لەلایەنە سەرەکییەکانی زانین و فێربوونی زمان، بریتییەلە زانینی وشەکانی ئەو زمانە. بەپێی باوەڕی زۆربەی زمانەوانان، ئەم وشە و کۆزانینانە لە فەرهەنگی ئاوەزیدایە، هەروەها زانیاریی پەیوەست بە (واتا و گۆکردن و ڕێسا و تایبەتمەندیی ڕێزمانی و فێرکاریی، ...هتد)ی وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵگیراوە، بەو واتایەی فەرهەنگ کۆگای وشەکانی زمانە و لە یادگەی درێژخایەندا پارێزراوە (Elman, Jeffrey, 2004: 301-302). هەمیشە دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئاوەزی، بە بەردی بناغەی سەرکەوتنی ئاخێوەر لە هەر بارودۆخێکدا دانراوە (حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ڕەشید، سەلام ڕەحیم، ٢٠١٩: ٨٥).

تاکو ئێستا بوارەکانی تایبەتمەندیی و شێوازی ئاخاوتنی تاک و چۆنێتیی دارشتنی نەخشە و پلان بۆ دەربڕینی ئاخاوتنە تاکگەراییەکان، لێکۆڵینەوەی پێویســـتیان لەبارەوە نەکراوە. ئەگەر بە خێرایی لە مەودای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بەگشـــتی بڕوانین، دەبینین: **(١) زمانەوانەکان** لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن، کە چ دانەیەکی زمانی لە فۆرمەکانی ئاخاوتندا بەشـــداردەبێت و چۆن کاردەکات. **(٢) کۆزمانەوانەکان** (چۆنێتیی گۆکردن، هەڵبژاردنی یەکە ڕێزمانی و پراگماتیکییەکان) لەگەڵ (شـــوێنی نیشـــتەجێبوون، توخم، تەمەن، تۆڕی کۆمەڵایەتی، ...) پێکەوە دەبەســـتنەوە. **(٣) زانایانی ئیتنۆگرافیی پەیوەندیکردنیش** لە (ئاخاوتن پەیوەســـت بە تایبەتمەندیی و ســـنوورە کلتورییەکان) دەکۆڵنەوە، دەیانەوێت لەوە تێبگەن، کە (دەتوانرێت چی بگوترێت، کێ بیڵێت، بە چ شـــێوازێک، لە چ دۆخێکی ئاخاوتنیدا و چۆن بگوترێت) (بڕوانە: Johnstone, 1996: 27). بۆیە لەم تێزەدا لە هەردوو ڕوانگەی ئیتنۆگرافیی پەیوەندیکردن و کۆزمانەوانییەوە، کارمان لەسەر زمانی ئاخاوتنی تاک کردووە.

بۆئەوەی تاک بە زمانێکی گونجاو و پەســـەندکراوی گشـــتی پەیوەندیی بە هاوزمانانەوە بکات، پێویستە دەربڕینەکانی بەپێی نەخشە و پلانێکی زمانیی پتەو دابڕێژێت، کە لەگەڵ تەمەن و توخم و پلە و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی و بەرامبەرەکانیدا شـــیاو بێت، هاوکات ڕەگەزە کلتوری و کۆمەڵایەتی و دەوروبەرییەکانی وەک (تۆن و بەرز و نزمی دەنگ، دوور و نزیکی لە بەشداربووان، زمانی جەستە و ئاماژە نازمانییەکان، کات، شـــوێن، بۆنە، پلەی ناســـیاوی و خزمایەتی، ...) لەبەرچاوبگرێت، چونکە هەریەک لەو بارودۆخانە پێویســـتی بە دارشـــتنی جۆرێک نەخشـــەی زمانی هەیە، بە واتایەکی تر لە فەرهەنگی تاکگەرایی هەر تاکێکدا چەندین فۆرمی زمانی بۆ دەربڕینی یەک (بیر، هەست، بیرۆکە، ...)ی دیاریکراو، لە ئامادەباشـــیدا دەبن، ئاخێوەر بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری زمانی و نازمانی و تەمەن و توخم و پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی و کات و شـوێن و ....، یەکێک لەو فۆرمە زمانییانە هەڵدەبژێرێت و لە پێواژۆی پەیوەندیکردنندا ســـوودی لێوەردەگرێت. لە نموونەی (٣-ب)دا هەرچەندە ســـەرجەم وەڵامەکان ئەوە دەگەیەنن، کە (وەرگر لە ڕۆیشـــتن بۆ ســـەیرانەکە دوودڵە و نایەوێت ڕاســـتەوخۆ وەڵامی نەرێنی بداتەوە)، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەر ڕســـتەیەک بۆ بارودۆخێکی تایبەت و دیاریکراو دەگونجێت:

٣-ا) + بۆ سەیرانەکە دەڕۆی؟

٣-ب) – ناڕۆم ، نازانم ...

- بڕواناکەم ...
- نازانم، بزان چۆن دەبێ ...
- زۆر بە دڵم نییە ...
- خوا کەریمە ...
- تا سبەی کێ دەمێنێ
- کەشوهەواکەی باش دیار نییە ...

- هەندێک ئیشوکارم هەیە ...
- نازانم، زۆر سەرقاڵم ...
- جارێ بڕیارم نەداوە ...
- "ئازاد"ی پوورزامی تیا نییە، زۆر خۆش نابێت.
- ناکرێت دوای بخەن بۆ کاتێکی تر.
- ئەم ماوەیە زۆر سەرقاڵم.
- مەوعیدێکم هەیە، ...
- بڕیارە میوانێکم بێت.

بەمپێیە نەخشـــەی زمانیی تاک ئەوە دەگەیەنێت، کە (مرۆڤ پێش ئەوەی قســـە بکات، واتای ئەو قســـانە دەزانێت، کە دەیەوێت بیڵێت، هەروەها ئاگای لە مەبەســـت و ئامانج و لێکەوتەکانێتی) (محمد، بەهار زاير، ٢٠٠٩: ٨٢، ئەویش لە (عبدە، داود، ١٩٨٤: ٤٢) وەریگرتووە)، کەواتە نەخشـــەی زمانی: ســـەرجەم تواناکانی تاک لە بەکارهێنان و دەســـەڵاتشـــکاندنەوە بەســـەر زماندا دەگرێتەوە، تاکو لە ڕێگەیەوە بە جۆرێک ئاخاوتنەکانی ئاڕاســـتەی وەرگر بکات، کە لەگەڵ گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (توخم، تەمەن، پایەو پێگەی کۆمەڵایەتی)دا بگونجێت، ئەم بارودۆخە لە کۆزمانەوانیدا بە بۆشـــایی ڕەهەندە هەمەچەشـــنەکان (multi-dimensional space) ناوبراوە، کە پێیوایە (هەر تاکێک لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا ڕووبەڕووی دوو جۆر پەیوەســـتبوونی ناچارییانەی لەخۆوەی نەســـتییانە دەبێتەوە: (ناچاریی خودییانە) و (ناچاریی بەرانبەرییانە)، مەبەســـتی ســـەرەکیی ئەم بیرۆکەیە دەرخســـتنی لێکچوون و جیاوازییە پەیوەندیدارەکانە لە تاکێکەوە (کە خاوەنی ڕەهەندی هەمەچەشـنە) بۆ ژمارەیەکی زیاتر و زۆرتر لەم ڕەهەند و ئاڕاســـتە جیاوازانە (کە هی تاکە جیاوازەکانی ترە) (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣: ٨١).

دەکرێت بڵێین پەیوەستبوونێکی تەواو لەنێوان هەردوو چەمکی (ئیدیۆلێکت) و (نەخشەی زمانی)دا هەیە، هەردووکیان کار لەســـەر "تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئاخاوتنی تاک" دەکەن، لە ڕووی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، پراگماتیک، ...)ەوە، بەڵام نەخشەی زمانی بەوە جیادەکرێتەوە، کە بە ناوەکەیدا دیارە بوونێکی فیزیکی نییە، بەڵکو پلاندانان و نەخشەکێشانی شێواز و جۆر و شـــێوەی دەربڕینەکانە بە شـــێوەیەک، کە بگونجێت لەگەڵ یاســـا ڕێزمانی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا، واتە قۆناغی پێش ئاخاوتنە، بە دەربڕینی ئاخاوتنەکە، "ئیدیۆلێکت" دێتەبەرهەم، هەروەک (Johnstone, 1996: 90) دەڵێت: (قســـەکردن وەک دەربڕینێکی خودیی تاکگەرایی، ڕێگایەکە بۆ ســـەرنجدانی ئەو وردەکارییانەی، کە شـــێوازی زمانی "ئیدیۆلێکت"ی کەســـێک لە کەســـێکی تر جیادەکاتەوە).

نەخشـــەی زمانیی تاک ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە خودی و تاکگەراییەکانە، کە لە ئاوەزی تاکدا هەڵگیراوە، لەم ڕوانگەیەوە (Formentelli) بانگەشـــەی ئەوە دەکات، کە لە پێواژۆی بەشـــداریکردنی گفتوگۆدا، ئاخێوەران بە ئاگاییەوە، یان بەبێ ئاگایی، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی وەک: (شـــوناس، کلتور، گروپی کۆمەڵایەتی، ئارەزووی نزیکبوونەوە/ دوورکەوتنەوە لە گوێگر، ...) پیشاندەدەن ( Al Abdely, Ammar Abdul-Wahab, 2016: 37). هەڵبژاردنی وشـــە و دەســـتەواژە و دەربڕینەکان بە پلەی یەکەم وەک بابەتی مەبەســـتی تاکگەرایی لێیدەڕوانرێت، کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێســـت، یان باری دەروونیی تاکە، هاوکات ئەو هەڵبژاردنانە زانیاریی گرنگیش دەگەیەنن. ئەندامانی هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتنی، بە شـێوەیەکی ئاسـایی کێشـەیەکی ئەوتۆیان لە جیاکردنەوەی شـێوازی ئاخاوتنی (فەرمی، نافەرمی)، (ئاســایی، ڕێزدارانە)، (شـێلگیرانە، گاڵتەئامێز)دا نییە، هەروەها بە ســانایی دەتوانن زانیاریی (شـــوێنی جوگرافی، باکگراوندی کۆمەڵایەتی، ڕۆشـــنبیری، پەروەردەیی، ...) تەنها لە ڕێگەی شـــێوازی ئاخاوتنەوە دەســـتبکەوێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر توانای زمانی بریتیبێت لە بەرهەمهێنانی ڕســـتەی ڕێزماندروســـت، ئەوا توانای پەیوەندیکردن نەخشـــەکێشـــانی کۆی دەربڕینە دروســـتە ئەنجامدارەکان دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکدا هەڵگیراوە، فۆرمە زمانییەکانیش بە شـــێوەیەکی گونجاو ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەر و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەن، کە لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکاندا ڕەفتارەکان بەڕێوەدەبەن (Gumperz, John, 1970: 2-4).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە فۆرمە زمانییەکان هەڵقوڵاو و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتین، لەمبارەیەوە (Rainer Schulze) پێیوایە (وشـە و فۆرمی بێلایەن لە زماندا بوونی نییە، زمان بە تەواوی لەلایەن تاک و کۆمەڵەوە دەستیبەسـەرداگیراوە. هەر وشـە و دەستەواژەیەک مۆرک و لایەنگیریی (کار و پیشە، ژانر، ئارەزوو، حیزب، کەس، نەوە، چینوتوێژ، تەمەن، کات و سات، ...)ێکی دیاریکراوی لە کرۆکیدا هەڵگرتووە، واتە هەر لێکســـیمێک یان دەربڕاوێک ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و دەوروبەرەیە، کە تێیدا ژیاوە و بارگاویی کۆمەڵایەتی بووە) ( Schulze, Rainer in Schulze, Rainer and Pishwa, Hanna, 2015: 23).

ڕەنگە لە میانی ئەم باســـەدا ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارە ببینەوە، کە (چۆن زمان و نەخشـــەی زمانیی تاکەکان لە یەکتر جیاواز دەبن، لە کاتێکدا (کەرەســـتە زمانییەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵن) و (یاسا ڕێزمانییەکانیش هاوبەشن)؟

ســـەرەتا پێویســـتە ئەوەمان لەپێش چاو بێت، کە هیچ دوو تاکێک لە هیچ ڕوانگەیەکی (ئاوەزی، ژیری، زیرەکی، توانای زمانی، ...)ەوە بە تەواوی وەکیەک نین، بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی ئاخاوتنی تاکەکان وردببینەوە، جیاوازیی ئاشـــکرا دەبینین، (S. Taylor Coleridge) دەڵێت: (زمانی هەر کەسێک بەپێی ڕادەی زانیاری و چالاکیی تواناکانی و قووڵی، یان خێرایی هەستەکانی دەگۆڕێت، واتە زمانی هەر تاکێک خاوەنی: (ا) تایبەتمەندییە تاکگەراییەکانی تایبەت بە خۆیەتی. (ب) تایبەتمەندییە هاوبەشـەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. (پ) وشـە و دەستەواژە بەکارهێنراوە گشتییەکانی کۆمەڵە

(Johnstone, 1996: 178)، کەواتە "لێهاتوویی تاکەکەسی" ئاخاوتنی تاکگەرایی بەرهەمدەهێنێت، کەرەستە زمانییە هاوبەشەکانیش (کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵن) ڕێککەوتنی زمانیی دەستەبەردەکەن، ئەمەش دەبێتە وەڵامێکی ڕوونی بڕگەی یەکەمی پرسیارەکە.

سەبارەت بە یاسا ڕێزمانییەکان، هەرچەندە تا ڕادەیەک چەسپاون و تاک ناچاردەکەن بەپێی ئەو یاسا وشەسازی و ڕێزمانییانە نەخشەی ئاخاوتنەکانیان بکێشن، بەڵام ئەم پەیوەستبوونە ڕەها نییە و دەکرێت بەپێی ئەزموون و شارەزایی و لێوەشاوەیی تاک، گۆڕانکاریی سنووردار ئەنجامبدرێت، وەک ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕستەی باسمەند و میتافۆر و ئیدیەمەکاندا دەردەکەوێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەو گریمانەیە بە ڕاست وەربگرین، کە دەڵێت: (دەبێت ڕێزمان وەک بەرهەمی کەڵەکەبووی سەرجەم گریمانە فەرهەنگییەکانی تەواوی ژیانی تاک لێی بڕوانرێت) (Schulze in Schulze and Pishwa, 2015: 29-30)، ئەوا سەربەخۆیی یاسا ڕێزمانییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. پەیوەست بەم باسەوە (Le Page) و (Tabouret-Keller) وای دەبینن، کە ڕێزمان بریتییەلە زنجیرەیەک کردەی شوناس[١٠] (acts identity)، ئاخێوەران هەر کەرەستەیەکی زمانی لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا ئامادەبێت، بە شێوەیەکی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە شوناسی کەسی و کۆمەڵییان بەکاریدەهێنن، بەم پێودانگە ڕێزمان کۆمەڵە ئامرازێکی هاوشێوە و هاوبەش و پێشوەختە نییە بۆ گوزارشتکردن و ئاخاوتن (Johnstone, 1996: 182)، ئەمەش جەخت لەو بیرۆکەیەی (Paul Hopper) دەکاتەوە، کە لە ساڵی (١٩٨٧) سەبارەت بە چەمکی ( Emergent Grammar)[١١] خستییەڕوو (Hopper, Paul, 1987: 139-157)، تێیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە (مەبەست لە چەمکی "Emergent Grammar " ئەوەیە، کە دارشتە و یاسابەندیی ئاخاوتنەکان لە گوتارەوە سەرچاوەدەگرێت و هەر لەلایەن گوتاریشەوە لەقاڵبدەدرێت، واتە نابێت ڕێزمان وەک پێشمەرجێک بۆ گوتاردان تێبگەین، چونکە فۆرمە زمانییەکان قاڵب و یاسای جێگیریان نییە، بەڵکو پێویستە بزانین لە گفتوگۆ و کارلێکی نێوان ئاخێوەراندا، بەشێوەیەک فۆرمە زمانییەکان ڕێکدەخرێن،

---

١٠- مەبەست لە زاراوەی (acts identity) یان (Acts of Identity) ئەوەیە، کە هەموو تاکەکان لەگەڵ هەر ڕەفتارێکی ئاخاوتنیدا کەمتازۆر "کردەوەی شوناس" ئەنجامدەدەن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەسیی خۆیانەوە بۆ زمان هەستی هاوکاری (Solidarity)، یان جیاوازیی کۆمەڵایەتی و نەژادی و نەتەوەیی خۆیان دەردەخەن، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Le Page, R. and Tabouret-Keller, A., 1985).

١١- دارشتنی زاراوە بۆ چەمکە نوێکان، بە ئەرکی توێژەر دانانرێت، بەڵکو ئەم کارە پێویستیی بە لیژنە و ستافی پسپۆر هەیە، کە لایەنی میری بە شێوەیەکی فەرمی ڕایانبسپێرێت، بەڵام لەبەر نەبوونی ستافی ناوبراو، زۆرجار توێژەران ئەو ئەرکە دەگرنەئەستۆ و بەپێی پێویستیی توێژینەوەکانیان زاراوەگەلێک دادەڕێژن. بێگومان ئەم هەوڵە تاکلایەنانە سوودی خۆیان دەبێت، بەڵام زیانەکانیان زیاترە، لە دیارترین زیانەکانیشیان: (١) زۆرجار دەقاودەق واتای زاراوە بنەڕەتییەکە ناگەیەنێت. (٢) لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربوونی زاراوە هاوواتاکانن لە زمانی کوردیدا، کە گرفت بۆ خوێنەران دروستدەکەن.

سەرەڕای ڕوونکردنەوەی پێشوو، پاش گەڕانمان، زاراوەیەکی کوردیمان نەدۆزییەوە، کە دەقاودەق واتای زاراوەی (Emergent Grammar) بگەیەنێت، ڕەنگە پێشنیازی زاراوەی (ڕێزمانی لەپڕدەرکەوتوو)ی بۆ گونجاو بێت.

کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ڕابردووی ئاخێوەری تاکگەرا بێت) (Hopper, 1987: 142) ( Schulze in Schulze and Pishwa, 2015: 22). بەپێی ئەم ڕوانگەیە ڕێزمان کۆمەڵە یاسایەکی سەربەخۆ و پێشـــوەختە نییە، کە لە چوارچێوەی بەکارهێنان دابڕاو بێت، بەڵکو دیاردەیەکی کاتییە و لە میانی ئاخاوتن و گوتاردا ســـەرهەڵدەدەن. بەلای لایەنگرانی ئەو بۆچوونەوە، نووســـەر و وتاربێژان ڕێگای کاریگەر بۆ دارشـــتنەوەی دەقەکانیان دادەهێنن و بەکاریاندەهێننەوە، (Hopper and Thompson) وایدەبینن، کە ڕێکخســـتنە ڕێزمانییەکان بەهۆی هەندێک ســـتراتیژەوە ســـەرهەڵدەدەن، بەوەی تاکەکان هەمیشــە ڕێککەوتوون لەســەر ئەوەی، کە چی لەگەڵ گوێگرانیاندا بڵێن (Johnstone, 1996: 182). ســـەرەڕای ئەوانەش بەپێی فەلســـەفەی زانســـتی زمانی درکپێکردن، زمان و ڕێزمان لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتین، (Chilton) ئاماژە بەوە دەکات، کە سەرجەم واتا کۆمەڵایەتییەکان (Social meaning) لە هزر و ئاوەزی ئاخێوەراندایە (Schulze in Schulze and Pishwa, 2015: 18–19).

پلان و نەخشـــەی ئاخاوتن پێواژۆیەکی پلەبەپلەیە، واتە ئاخێوەران پێش ئەوەی دەســـت بە قسەکردن بکەن، نەخشەی تەواوی ئاخاوتنەکانیان ناکێشن، بەڵکو هەرکە بەشێک لە نەخشەی زمانییان ئامادەبوو، دەســـتپێدەکەن، هاوکات لەگەڵیدا بەردەوامن لە نەخشـــەکێشـــان تاکو ئاخاوتنەکانیان تەواودەبن. هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان بەوە کردووە، کە وتارخوێنان ماوەی وەســـتانی نێوان ئاخاوتنەکان بۆ نەخشـــەکێشـــانی بابەتەکانی داهاتوو دەقۆزنەوە، بەمپێیە وەســـتانی زۆر لە کاتی ئاخاوتندا ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ئاخێوەر پێش دەستپێکردنی ئاخاوتن نەخشەی زمانیی دانەناوە، بۆیە پێویســـتیی بە کاتێکی زیاترە بۆ پێواژۆی نەخشـــەی ئاخاوتن و هاوکات دەربڕینیشـــیان ( Swets, Benjamin et al, 2021: 2,5)، ئەمەش خێرایی بەپێواژۆکردنی ئاخاوتنەکان کەمدەکاتەوە و دەبێتەهۆی نزمبوونەوەی ڕادەی قایلکردن و بەهێزی گوزارشتەکان.

پەیوەســـتبوونێکی توند لەنێوان "خێرایی بەپێواژۆکردنی ئاخاوتنەکان" لەگەڵ "جیاوازییە زمانییە تاکگەراییەکان و دارشـــتنی نەخشـــەی زمانی"دا هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاســـتییە، ســـیناریۆیەک دەخەینەڕوو:

ســـێ کڕیار لە یەک کاتدا لە پیشـــانگایەکی مۆبایل ئامادەدەبن، بە مەبەســـتی کڕینی مۆبایلی (ئایفۆن١٤)، هەریەک لە کڕیارەکان لە کارمەندێکی پیشـــانگاکە نزیکدەبنەوە و لەهەمانکاتدا داواکاریی کڕینی مۆبایلەکە پێشـــکەشـــدەکەن، بەڵام تەنها یەک موبایلی جۆری (ئایفۆن١٤) بەردەســـت دەبێت، ئەمەش جۆرێک لە کێبڕکێ لای کڕیاران ، بۆ زووتر گەیاندنی پەیامەکە بە شـــێوەیەکی کارا و ڕوون دروستدەکات.

لە ســـیناریۆیەکی لەم جۆرەدا کام لە کڕیارەکان زۆرترین ئەگەری خێرا گەیاندنی پەیامەکە مسۆگەردەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرســـیارەکە، پێویســـتە گرنگترین هۆکارەکانی ســـەرکەوتنی ئاخێوەر لە (ڕوونی، خێرایی، کاریگەری)ی گەیاندنی پەیامەکە بزانین:

- جیاوازییە مەعریفییە تاکگەراییەکان: چۆنێتیی ڕێکخستنی فرێز و ڕستەکان و هێنانەپێشەوەی کەرەستە گرنگەکان دەگرێتەوە، بە وێنە لەبری ئەوەی بڵێت: (بە ئەرک نەبێت، (ئایفۆن١٤)یەکم دەوێت)، پێویستە بڵێت: (ئایفۆن١٤)یەکم دەوێت، بە ئەرک نەبێت).
- خێرایی بەپێواژۆکردن: واتە خێرایی ڕێکخستنی پرسیار و وەڵام، یاخود ئاخاوتنەکان بەگشتی، ئەمەش دەکرێت بۆماوەیی، یان بەدەستهێنراو بێت.
- ستراتیژی دارشتنی پلان و نەخشەی زمانی: یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئاخێوەر لە دارشتنی دەربڕینەکاندا، بەشێوەیەکی کاریگەر و پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی، هاوکات هەوێن و سەرچاوەی دوو هۆکارەکەی تریشە (بڕوانە: Swets et al, 2021: 2).

ئەو بژاردە زمانییانەی، کە لە بەردەستی ئاخێوەراندان (واتە نەخشەی زمانی): (ا) لە لایەکەوە لە ژێر کاریگەریی سێ گۆڕاوە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکەدان: (توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی)، ئەم گۆڕاوانە پەیوەندیی پلەبەندیی لەنێوان کارلێککەرەکاندا دادەنێن و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی جیاواز بە هەریەک لە تاکەکان دەبەخشن. (ب) لە لایەکی ترەوە لەژێر کاریگەریی شێواز و کارامەیی زمانیی تاکدایە، بۆیە لە وەچەپاری دواتردا باسی نەخشەی زمانیی تاک پەیوەست بە (گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان/ زمانی هێز) و (شارەزایی تاکگەرایی تاک/ هێزی زمان) دەکەین.

## ٥-١/٢) نەخشەی زمانیی تاک پەیوەست بە هێزی زمان و زمانی هێزەوە:

دەکرێت دوو سەرچاوەی نەخشەی زمانیی تاک دەستنیشانبکەین:

١. پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و توخم و تەمەن ڕۆڵی سەرەکیی لە پێدانی دەسەڵاتی زمانی تاکدا دەبینن، بە نموونە پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەگەرچی زمانێکی پاراوی پوخت و بەهێزیشیان لەگەڵدا نەبێت، کاریگەرییان لەسەر وەرگران دەبێت و دەبنەهۆی قایلکردنی ئارەزوومەندانە، یان ناچارییانەی خەڵک، ئەم بارەش بە "زمانی هێز" (power language) ناودەبرێت، چونکە دەسەڵات ناوەندی هێزی تاکە، نەک زمان.
٢. بە پێچەوانەی خاڵی یەکەمەوە، ئەگەر کۆد و هێما زمانییەکان لە خودی خۆیاندا بەهێز و قایلکەر بن (نەک بەهۆی توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە)، ئەوا دەتوانن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بە تاک ببەخشن (Craig Traci et al in Schulze and Pishwa, 2015: 207)، واتە بەهێزیی زمان و شێوازی ڕێکخستن و دارشتن و هەڵبژاردنی فۆرمە زمانییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و لێهاتوویی تاک و توانای قایلکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر، بەمەش دەوترێت "هێزی زمان" (Language power). زۆرجار ئەم جۆرەی هێزی ئاخاوتنی تاک کاریگەرتر و قایلکەرترە، چونکە دەتوانێت

ڕەزامەندیی ئارەزوومەندانەی وەرگران بەدەستبهێنێت، نەک ڕەزامەندیی ناچارییانە، کە زۆرجار لە زمانی هێزدا پەیڕەودەکرێت. بۆ پاساودان و سەلماندنی ئەم ڕاستییە، دوو نموونەی کورتی پەیوەست بە زمان و کلتوری کوردییەوە دەخەینەڕوو:
٤-ا) مەعاشەکەو جوانە[١٢].
٤-ب) وامزانی ڕادیۆیە[١٣].

ئەگەرچی خاوەنی وتەکانی نموونەی (٤-ا، ب) هیچ پلەوپایە و پێگەیەکی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ...)ی دیاریان نەبوو، تەنانەت زۆرینەی کۆمەڵی کوردی ناویشیان نازانێت، کەچی لێهاتوویی زمانی و شارەزایی دارشتنی دەربڕینەکانیان لە کات و شوێن و بۆنەی گونجاودا وایکرد، بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانە سەرجەم چینوتوێژەکان بگرێتەوە (بە بێ جیاوازیی پلەوپایە و توخم و تەمەن)، بەجۆرێک هەر تاکێک دەتوانێت وتەکانیان وەک ئیدیەمێک لە شوێن و کاتی گونجاودا بەکاربهێنێت و هاوزمانانیش ڕاستەوخۆ لە مەبەستەکەی دەگەن، بۆیە لەم جۆرەدا "زمان" ناوەندی هێزی تاکە.

کارلێکی سێ ڕەگەزی گرنگی کۆمەڵایەتیی (توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) لەگەڵ شارەزایی زمانیی تاکدا، دەبنە بنەمای نەخشەی زمانیی تاک، بەو واتایەی تاکو ئاخاوتنەکانی تاک لەگەڵ توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خۆی و بەرانبەرەکەیدا گونجاوتر بێت، هێندە لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بەهێزتر و سەرکەوتووتر دەبێت، بەمەش ئەگەری داهێنان و هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانیی زیاتر دەبێت. بە وێنە ئەگەر ئەمە بەسەر کۆمەڵ و کلتوری کوردیدا جێبەجێبکەین ئەوا:
١. توخم: کۆمەڵی کوردی بە درێژایی مێژوو بە کۆمەڵێکی پیاوسالار پەسنکراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ...، کرانەوە و لێکنزیکبوونەوەیەکی تەواوی "نێر و مێ"ی لە زۆرینەی کایەکانی ژیاندا دەستەبەرکردووە، ئەمەش وایکردووە پێگە و پلەوپایە و شێوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوان بە تەواوی لەیەکتر نزیکببنەوە. هەروەک لە (٢/١-٢-٤) ی ئەم تێزەدا باسکرا، (کلتور و پیشە و

---

[١٢]- لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی (٢٠١٥)دا، کە مامۆستایان بۆ داواکردنی مووچە و شایستە داراییەکانیان ئەنجامیاندا، مامۆستایەک بە ناوی (ئازاد حەمە)، (وەک لە گرتەڤیدیۆیەکدا بڵاوکراوەتەوە)، لە پەنای دیوارێکەوە، بە دەنگی بەرز بە هێزە ئەمنییەکان دەڵێت: (مەعاشەکەو جوانە!!)، وەک توانجدانێک لە هێزە ئەمنییەکان، کە ئەوانیش وەک مامۆستایان سەرباری وەرنەگرتنی مووچەکانیان، کەچی بەرگری لە دەسەڵات دەکەن دژی مامۆستایان.

١٣- وتەکە لە بنەڕەتدا لە گرتەڤیدیۆیەکی تەنزئامێزەوە وەرگیراوە، کە گەنجێک بە تووڕەییەوە هەڵوێستی خۆی دژبە دەسەڵات دەردەبڕێت، دواتر لە ژێر فشار و ترسی دەسەڵاتدا، پەشیماندەبێتەوە و داوای لێبووردندەکات و پاساو بەوە دەهێنێتەوە، کە وایزانیوە چاوپێکەوتنی پێشوو بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆ تۆمارکراوە، نەک تۆماری ڤیدیۆ بێت. لەپاش ئەو گرتەڤیدیۆیەوە، هەر هەڵوێست و ڕەفتارێکی پەشیمانبوونەوەی هاوشێوە، بە "ڕادیۆ" یان "ئەویش وایزانی ڕادیۆیە" ناودەبرێت، ئێستا ئیدیەمێکی باو و بڵاو و هاوبەشی کوردزمانانە.

پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان) سەرچاوەی جیاوازییە زمانییەکانن، نەک خودی توخم، بە واتایەکی تر پێکداچوون و تێکچڕژانێکی تەواو لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا هەیە، بە جۆرێک هەندێکجار لێکجیاکردنەوەیان مەحاڵە، بەوێنە یەکێک لە جیاوازییە زمانییەکان پەیوەستە بە "بابەتی باس"ەوە، دیارە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە زاری کۆمەڵایەتی و پیشە و بواری کارەوە هەیە، بە وێنە ئەگەر پیشەی ژنێک فیتەری، یان دارتاشی بێت، دەتوانێت ببێتە خاوەنی فەرهەنگێکی زاری پیشەیی هاوشێوە، یان فراوانتر لە پیاوان، لەمبارەدا کلتور و پیشە و توخم تێکەڵاوی یەکتر دەبن. بە هەمان شێوە ئەگەر پیاوان لە هەندێک پیشەی تایبەت بە ژنان شارەزا بن، دەتوانن هاوشێوەی ژنان فەرهەنگی زمانییان لەو بوارەدا دەوڵەمەند بکەن.

٢. تەمەن: یەکێکە لە گرنگترین گۆڕاوەکان، کە لە چوارچێوەی هەمەجۆری و گەشە و گۆڕانی زمان لە کۆزمانەوانیدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. کۆزمانەوانی بە دوو ئاڕاستە لە چەمکی زمان و تەمەنی کۆڵیوەتەوە: (١) ئاستی ستوونی، کە بریتییەلە قۆناغەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی زمانی تاک بەپێی هەڵکشانی تەمەن. (٢) ئاستی ئاسۆیی، کە پەیوەندیکردن و کارلێکی نێوان تاکە تەمەنجیاواز و هاوتەمەنەکانیشە، واتە ئەو شێواز و تایبەتمەندییە زمانییانە دەستنیشاندەکات، کە ڕەنگدانەوەی تەمەنی هەر تاکێکە. ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت، تەنها ئاستی ئاسۆییە، چونکە تێیدا بایەخ بە چەمکەکانی (پەیوەندیکردنی تاکەکان، دەسەڵات و هاوکاری، هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانی، ...) دەدرێت، کە ناوەڕۆک و کرۆکی باسەکەمانە.

تەمەن سەرچاوەی شارەزایی و لێهاتووییەکانی مرۆڤە، کە بە درێژایی ژیانی ئەزموونی کردووە و فێریبووە، (P. Eckert) دەڵێت: (پیربوون ناوەندی ئەزموونی مرۆڤە، بریتییە لە بەدەستهێنانی توانا و لێهاتووییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان، پەرەسەندنی بەردەوامی بەشداریکردنی تاکە لە جیهاندا (Eckert, Penelope in Coulmas, Florian, 1998: 105)، ئەمەش وایکردووە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەربڕین و ئاخاوتنەکان هەبێت. تاک لە هیچ تەمەنێکی دیاریکراودا ناتوانێت سەرجەم وشە و دەستەواژە و چەمکەکانی زمانی دایکی فێرببێت و تێبگات، بەڵکو ئەم پێواژۆیە بە درێژایی تەمەن بەردەوامی هەیە و بەپێی ڕۆڵ و ئەزموونە زمانی و نازمانییە جۆراوجۆرەکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت. لەم پێواژۆیەشدا تاکەکان تەنها وشەکان فێرنابن، بەڵکو ڕێگە جیاوازەکانی گوزارشتکردن و چۆنێتیی ڕێکخستنی ئاخاوتنەکان و ڕەفتارکردن لەگەڵ (توخم، تەمەن، چینوتوێژە کۆمەڵایەتییەکان)دا فێردەبن، واتە هەریەک لەو چین و ئاستە جیاوازانە پێویستیان بە جۆرە ڕەفتارێکی زمانی و نازمانیی جیاواز هەیە و دەبێت تاک وەک یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکەی فێریانببێت و پێیانەوە پەیوەست بێت (السعران، محمود، ١٩٦٣: ٥٧).

لە کلتوری زۆربەی نەتەوەکاندا تەمەن وەک پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی سەیرکراوە، (salifu) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پێویستە منداڵ – بۆ دەستکردن بە گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو- فێری

سەرەتاییترین فۆرمەکانی ئاخاوتن بکرێت، کە بریتین لە: (١) سڵاوکردن (٢) قسەکردن لەگەڵ کەسانی بەتەمەن و خاوەنپێگە بە شێوەیەکی گونجاو (Al-abdely, 2016: 40). کۆمەڵی کوردیش بە درێژایی مێژوو پێگە و ڕێزێکی تایبەتیان بە کەسانی بەتەمەن بەخشیوە و بە دەربڕاوەکانی وەک (**ڕیشسپی، قسەڕۆیشتوو، قسەزان، پیاوی سوڵح، بەئەزموون، ...**) پەسنکراون، هەر بێڕێزییەک، یاخود ململانێ و مشتومڕێکی زمانی لەگەڵ بەتەمەنەکاندا، قبووڵکراو نییە و بەر توانج و تانەی کۆمەڵ دەکەوێت و نازناوەکانی (**بێئەدەب، بێڕێز، گەورەو بچوک نازانێت، دەمڕووت، ...**)ی بەسەردا دەسەپێنرێت.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پێگە باڵایەی تەمەن هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام هێشتا وەک ئامرازێکی دەسەڵات بۆ قایلکردن و ڕازیکردنی بەرانبەر بەکاردەهێنرێت، تەنانەت چەمکی تەمەن بە چەمکەکانی ئەزموون و لێهاتوویی و دونیابینییەوە پەیوەستدەکرێت و ئەگەر بەرامبەر بە مەبەست، یان بێمەبەست بیەوێت ئەو یاسایە ببەزێنێت، ڕاستەوخۆ بە دەربڕینەکانی وەک نموونەی (٥) ئاگادار دەکرێتەوە، ئەمەش تەمەنی وەک بنەمایەکی دەسەڵات پشتڕاستکردووەتەوە.

٥) من لە تۆ گەورەترم، تۆ جارێک گەنجیت/ منداڵیت، تەمەن باقی بێت دەیبینیت، هەرکەس ڕۆژێک زیاتر بژی، شتی زیاتر دەبینێت، ... .

هەرچەندە زمان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن لە گۆڕان و بەرەوپێشچووندایە، بەڵام دیسان دەتوانین بڵێین کە تەمەن هەمیشە لەگەڵ فاکتەر و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک توخم و پلەوپایە کارلێکدەکەن و تێکچڕژاون، واتە پێکەوە زمانی تاکگەرایی تاک بەهێزدەکەن، بە وێنە ڕەنگە کچێکی گەنجی خاوەن پێگەیەکی ئاسایی (بەهۆی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و لێهاتوویی تاکگەراییەوە) بتوانێت هاوشێوەی پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن پلەوپایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیی، دەربڕینەکانی دابڕێژێت.

٣. پلەوپایەی کۆمەڵایەتی: تاکی کورد بەپێی ئاستی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەرانبەر، شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بەکاردەهێنێت، هەروەها بەپێی هەر پێگەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕۆشنبیری، ... شێوازی ئاخاوتنەکانی دەگۆڕێت. دەکرێت پلەوپایەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە کلتوری کوردییەوە لەم پێگانەی خوارەوەدا بەرجەستەبکەین:

- پێگەی سیاسی: دەکرێت سیاسەت وەک ململانێیەک لەپێناو دەسەڵاتدا سەیربکرێت، لە نێوان ئەوانەی هەوڵی پاراستن و مانەوەی دەدەن، لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوە و بەدەستهێنانی دەسەڵات دەدەن (Pishwa, Hanna in Schulze and Pishwa, 2015: 141). لەناو ئەندامانی ئەو دوو گروپەشدا، بەپێی دوور و نزیکییان لە دەسەڵاتەوە هێز و پلەوپایە وەردەگرن، هەر کات ئەندامێک خاڵی لاواز بدات بە دەستی خەڵکەوە، ئەوا دەسەڵاتەکەی بە تەواوی لاواز دەبێت و دەپوکێتەوە. ئەم جۆرەی دەسەڵاتی تاک مەرج نییە لە ڕووی زمانییەوە بەهێز بێت و ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی وەرگران بەدەستبهێنێت، بەڵکو هەندێکجار پێچەوانەی یاسا و ڕێسا زمانییەکانیش دەبێتەوە، بە وێنە زاراوە و

دەستەواژەکانی نموونەی (٦) بە لای شارەزایانەوە پەسەند نین و ڕەتدەکرێنەوە، کەچی دەسەڵات توانیویەتی بیانچەسپێنێت و بە کۆمەڵدا بڵاویانبکاتەوە تاکو ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر دەکرێت.

٦) زانکۆ[١٤]، پرساندن، گەوجاندن، گوێبیست، هەستا بە، ...

ئەمە بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە هەر دەربڕینێکی زمانی، دەسەڵاتی میری لە پشتەوە بێت، ئەگەری چەسپاندنی زیاترە، چونکە بەرگێکی یاسایی بەبەردادەکات و لە نووسراوە فەرمییەکان و دامودەزگا و ڕاگەیاندنەکانەوە بەکاریدەهێنێت و بڵاویدەکاتەوە.

- پێگەی ئاینی: ئاین خاوەنی بەهایەکی بەرزی پیرۆزە، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕێکخستن و پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەگێڕێت، چونکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەمان بەهای ڕێزداری و پیرۆزی بە پەیڕەوکەرانی دەبەخشێت، واتە تاک تاکو زیاتر پەیوەست بێت بە پێوەر و سنوور و دروشمە ئاینییەکانەوە، زیاتر پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی لەناوخەڵکدا بەرزدەبێتەوە، هاوکات هێزی ئاخاوتنەکانیشی باڵادەستتر و قایلکەرتر دەبن. لە ڕوانگەی پەیڕەوکەران (وەرگران)یشەوە بەپێی ئاستی پابەندبوونیان بە ئاینەوە، ڕێز لە خاوەنپێگە ئاینییەکان دەگرن و دەسەڵاتیان قبووڵدەکەن، بە

---

[١٤]- لەو کاتەوەی، کە (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ڕەخنەی توندی لە کۆڕی زانیاریی کورد گرت، سەبارەت بە داڕشتن و پەسەندکردنی زاراوەی "زانکۆ"، بە پاساوی ئەوەی، کە داڕشتەی (زان + کۆ = ڕەگ + ناو) لە یاساکانی داڕشتنی ناوی لێکدراودا بوونی نییە و دەچێتە خانەی هەڵەی زمانەوانییەوە لە زمانی کوردیدا. بەپێی زانیاری توێژەر تاکو ئێستاش سەرجەم زمانەوان و شارەزایانی زمانی کوردی، هاوڕای بۆچوونەکەی (د.ئەوڕەحمان)ن، تەنانەت خودی ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کورد (لە سەرووشیانەوە د. وریا عومەر ئەمین) هیچ کاردانەوە و وەڵامێکیان -تاکو ئێستاش- نەبووە و نییە، ئەم بێدەنگی هەڵبژاردنەش، وەک داننان بە هەڵەکەدا لێکدەدرێتەوە.

ئێمە لەم بابەتەدا ڕاوبۆچوونمان جیاوازە و پێچەوانەی تێڕوانینی گشتیی توێژەرانە. بە بڕوای ئێمە هەمان ئەو پاساوەی، کە دەڵێت (یاسای ڕۆنانی زانکۆ هەڵەیە، چونکە هاوشێوەی نییە لە یاساکانی ڕۆنانی ناوی لێکدراو لە کوردیدا)، دەکرێت بیکەین بە بەڵگەی درووستیی ڕۆنان و داڕشتەی وشەی "زانکۆ= زان+کۆ"، ئەگەر بتوانین چەند نموونەیەک بدۆزینەوە، کە بە هەمان یاسا داڕێژرابێت. پاش گەڕان و پێداچوونەوەیەکی سەرپێیی بە فەرهەنگی کوردیدا، چەند نموونەیەکمان دۆزییەوە (ئەگەر لێکۆڵەران بەدواداچوونێکی ورد بکەن، بە دڵنیاییەوە دەتوانن درک بە چەندین نموونەی تریش بکەن):

١. ناسنامە: ناس (ڕەگی ناسین) + نامە

٢. ڕێژاو: ڕێژ (ڕەگی ڕشتن) + ئاو

٣. ناسناو: ناس (ڕەگی ناسین) + ناو

٤. گوزەرنامە: گوزەر (ڕەگی گوزەران) + نامە

٥. خەونامە: خەو (ڕەگی خەوتن) + نامە

٦. نازناو: ناز (ڕەگی نازین) + ناو (جێی سەرنجە لە زمانی کوردیدا هەندێک لە کردارەکان هێشتا "چاوگ"یان نییە یان چاوگەکانیان درووستنەبووە و بەکارناهێنرێت، کرداری (ناز/نازی) لەو جۆرانەن "ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ڕەگ و قەد پێش چاوگ پەیدادەبن و دێنە ناو زمانەوە")، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

١) بە خۆی دەنازێت.

٢) زۆر بە خۆی دەینازی.

٣) نازین ڕەفتارێکی جوان نییە*. (نادرووست/ بەکارنەهێنراو)

وێنە لە کۆمەڵی کوردیدا مامۆستایەکی ئاینی بەهۆی پێگە ئاینییەکەیەوە دەسەڵاتی پێبەخشراوە و کاتێک دەستەواژە ئاینییەکانی وەک (ئەسسەلامو عەلەیکوم، درووودی خوای لەسەر بێت/ سەڵەڵاهو عەلەیهی وەسەلەم، ...) بەکاردەهێنێت، پەیڕەوکەرانیش (بەهۆی پابەندبوونیان بە ئاینەوە) ناچاردەبن هاوشێوەی مامۆستاکە نەخشەی زمانیی دەربڕینەکانیان دابڕێژن و بە دەستەواژەکانی (عەلەیکومە سەلام، درووودی خوای لەسەر بێت/ سەڵەڵاهو عەلەیهی وەسەلەم) وەڵامبدەنەوە.

– پێگەی کۆمەڵایەتی: پێگەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەسەڵات بە تاک دەبەخشێت، ئەمەش بەپێی کلتور دەگۆڕێت، بە وێنە لە کلتوری کوردیدا باوک پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا پێدراوە، بۆیە دەکرێت بە زمانی هێز قسە بکات و فەرمانەکانیشی جێبەجێبکرێت، بە هەمان شێوە کەسانی بەڕێز و کۆمەڵایەتی و قسەخۆش دەتوانن کاریگەری و هێزی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندیی خەڵک بەدەستبهێنن.

– پێگەی دارایی/ ئابووری: زۆرجار کەسانی دەوڵەمەند پێگەکەیان بۆ کارتێکردن و زاڵبوون بەسەر ژێردەستەکانیاندا بەکاردەهێنن، بەمەش شێوازی ئاخاوتنی ئەو دوو چینە جیاواز دەبێت. لە زمانی کوردیدا دەسەڵاتی پێگەی ئابووری وایکردووە، کە زۆرێک لە ئۆتۆمبێلە نوێ و گرانبەهاکان لەلایەن دەوڵەمەندان و خاوەنکارە بازرگانەکانەوە ناوبنرێن (وەنەوشە، ئۆباما، مەرزییە، ...)، تەنانەت قبوولکردن و ڕەزامەندی و ڕێککەوتنی خەڵک لەسەر ناونانی ماتۆڕی سێتایە (کە نرخ و بەهایەکی نزمی هەیە) بە "کەریم کابان" (کە هونەرمەندێکی بەناوبانگ و دیاری کوردە)، بەڵگەیە لەسەر بەهێزی پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکی دەوڵەمەند.

– پێگەی زانستی/ ڕۆشنبیری و ئەدەبی: ڕۆشنبیر و بیرمەند و ئەدیبان بە شێوەیەکی ڕێژەیی پێگەیەکی بەرزیان لە کۆمەڵدا هەیە، بە وێنە لە کۆمەڵی کوردیدا شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی پێگە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکەیەوە چەندین وشە و زاراوەی نوێی هێنایە ناو فەرهەنگی ئەدەبییەوە، لەوانە: (ساڵاو = پێچەوانەی وشکە ساڵی)، (ساواق = سەرما و سۆڵە)، (سەماک = بڵند)، (شۆرابە = لقی شۆڕ) (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: علی، سروە طاهر، ٢٠٢٠).

لە ڕاڤەکردنی باسی پێشوودا، بە ڕوونی درک بە پەیوەندیی هاوبەشی نێوان هێزی زمان و زمانی هێزدا دەکرێت، کە هەمیشە هاوسەنگیی نێوان ئاخاوتنی پێگە جیاوازەکان ڕادەگرێت، بە نموونە کاتێک کەسێکی ئاسایی دەیەوێت ڕەزامەندیی دەوڵەمەند یان سیاسییەکی پلەباڵا بەدەستبهێنێت و بیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەوا نەخشە زمانییەکەی بە ڕەچاوکردنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەرامبەر دادەڕێژێت و لەو ڕێگەیەشەوە ئامانجەکەی بەدیدەهێنێت (بڕوانە نموونەی ٨):

٨) بەڕێزتان وەک هەمیشە گەورەیی بنوێنن، دڵخۆشمان بکەن بە پەسەندکردنی داواکارییەکە.

واتە ڕێزگرتن لە پێگەی بەرامبەر و شـــارەزایی شـــێوازی قســـەکردن لەگەڵ ئەو چینەدا، بنەمای ســەرکەوتنی تاکە لە کردەی پەیوەندیکردندا، کە ســەرچاوەکەی هێزی زمانە، هاوکات دەکرێت خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی هێشتا بە داواکە ڕازینەبێت و لە ڕێگەی زمانی هێزەوە وەڵامی نەرێنی بداتەوە.

ئەگەر تاک خاوەنی پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بێت (زمانی هێز)، هاوکات شـارەزاییەکی باشـی لە بەکارهێنانی کۆدە زمانییەکانیشـــدا بێت (هێزی زمان)، ئەوا دەتوانێت بەهێزترین نەخشـــەی زمانی دابڕێژێت، ئەمەش هێز و دەســـەڵات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە ئەنجامیشـــدا زۆرترین ئەگەری قبووڵکردن و ڕەزامەندیی و گوێڕایەڵی کۆمەڵ بەدەســـتدەهێنێت، بە وێنە "نەوشـــیروان مســـتەفا" جگەلەوەی پێگەیەکی سیاسیی بەرزی هەبوو، نووسەر و زمانزانێکی باشیش بوو، بۆیە کاتێک وشەی (ئاڵنگاری) بەکارهێنا و بۆ یەکەمجار هێنایەناو فەرهەنگی ڕامیاری و ڕاگەیاندنەوە، خێرا وەک زاراوەیەکی نوێ جێگەی هەردوو وشـــەی عەرەبی (تەحەدا) و وشـــەی ئینگلیزی (چاڵێنج = Challenge)ی گرتەوە و ڕێککەوتنی زمانیی لەسەر کرا.

لەم باسەدا لەسەر بنەمای گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هێزی زمان، تیشکدەخەینەسەر چەمکەکانی (هێز/ دەســەڵات) و (هاوکاری)، لەو ســۆنگەیەشــەوە دوو شــێوازی ســەرەکیی ئاخاوتن: (شێوازی بەهێز) و (شێوازی بێهێز) جیادەکەینەوە و ستراتیژە زمانییەکانیشیان دەستنیشاندەکەین.

## ٢/٢) شێوازی زمانی بەهێز و بێهێز لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

### ٢/٢-١) هێز و دەسەڵات (power) لە زماندا (بنەمایەکی تیۆری):

هەرچەندە هەردوو زاراوەی (دەســـەڵات -authority) و (هێز/ دەســـەڵات -power) لە ڕووی چەمک و واتاوە تا ڕادەیەک لە یەکتر جیاوازن، یەکەمیان مۆرکێکی سیاسی و یاسایی وەرگرتووە و زیاتر لە بواری ڕامیاری و کۆمەڵناسیدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام دووەمیان وەک زاراوەیەکی گشتی، لە زۆربەی بوارەکانی تردا (بە بواری کۆمەڵناسی و ڕامیاریشەوە) بەکاردەهێنرێت، ئەمە جگەلەوەی، کە زۆرجار وەک دوو زاراوەی هاوواتا دەردەکەون و جێگەی یەکتر دەگرنەوە، (هەردوو چەمکەکە زۆرجار لە یەک کاتدا ئامادەن و بە شـێوەیەکی هاوبەش کاردەکەن، (authority) دوو واتا لەخۆدەگرێت:

- وەک جۆرێک لە جۆرەکانی (power) ناودەبرێت و پێیدەوترێت (formal power).

- ڕەگەزە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت و بە (informal power) ناودەبرێت، واتە تاکەکان ناتوانن بڕیاری دەســـەڵاتداری بۆ خۆیان بدەن، بەڵکو پێویســـتییان بە دانپێدانان و قبووڵکردن هەیە (Joullie, Jean-Etienne et al, 2021: 3).

لەم تێزەدا زاراوەی "**دەســـەڵات**" بەرانبەر بە زاراوەی (power)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنین، کە چەمکی (authority)یشـــی لەژێردا جێدەبێتەوە، هاوکات زاراوەکە لە توێژینەوە کۆزمانەوانییەکاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە و لە پێکهاتەی چەندین زاراوەی تری کۆزمانەوانیدا بەشـــدارە، وەک (powerful/powerless language, symbolic power, social power).

لەم پارەدا تایبەتمەندییە زمانییە تاکگەراییەکان (ئیدیۆلێکت)، کە شێوازێکی قسەکردنی بەهێز، یان بێهێز پێکدەهێنن، لێکۆڵینەوەیان لەســـەر دەکرێت. ئەم ڕەهەندانە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێن، کە چۆن شـێوازەکانی قسـەکردنی بەهێز و بێهێز وەک هێز و باڵادەسـتی و کۆنترۆڵکردن هەسـتیان پێدەکرێت، هەروەها چۆن ئەم شـێوازانە لە گۆڕینی هەڵوێسـتی وەرگرانی پەیامدا بەشـدار دەبن. دەســەڵات و باڵادەستی و بێهێزی بۆ پێگەی ئاخێوەران دەگەڕێتەوە، بە پشتبەستن بە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی پەیوەندیکردن. شـێوازە کاریگەرەکان دەتوانن گوێگران قایلبکەن، کە هەڵوێسـتەکانیان بگۆڕن، ئەمەش دەرکەوتنی هێز و باڵادەستیی ئاخێوەر لە ڕێککەوتنی زمانیدا پیشاندەدات.

لەم ڕوانگەیەوە پرسیاری سـەرەکیی ئەوەیە، کە چ تایبەتمەندییەکی زمانیی و شـێوازیی دەتوانێت کاریگەریی لەسـەر تێڕوانینەکانی وەرگر دروستبکات، بۆئەوەی دان بە (کۆنترۆڵکردن، دەسـەڵات، یان باڵادەستی)ی ئاخێوەرێکدا بنێت؟

بۆ وەڵامدانـەوەی پرســـیارەکە، هـەوڵـدەدەین لـە ڕوانگـەی کردەی پەیوەندیکردنەوە بابـەتـەکـە شـیبکەینەوە. پەیوەندیکردن ئاڵوگۆڕی پەیامەکانە (زارەکی، نازارەکی) لەنێوان دوو کەس، یان زیاتردا، (کەسێک پەیامێک بەرهەمدەهێنێت و لەلایەن کەسێک/ کەسانێکی دیکەوە لێکدەدرێتەوە. بەمپێیە، کاتێک قســـەکەران بەهێزن، یان باڵادەســـتن، کە پەیامەکانیان لەلایەن گوێگرانەوە وەک بەهێز و باڵادەســـت هەســـتی پێبکرێت، یاخود گوێگر دەســـەڵات و باڵادەســـتی بۆ ئاخێوەران بگەڕێنێتەوە) ( Hosman, Lawrence in Schulze & Pishwa, 2015: 221)، بەڵام ئەمە لەگەڵ پێناســەکەی کۆمەڵناســی دیار (Max Weber)دا یەکناگرێتەوە، کە خاوەنی تیۆرییەکی ســـەربەخۆیە، ئەو پێیوایە (دەســـەڵات توانای کەسـێکە بۆ سـەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسـەر کەسـێک، یان کەسـانێکی تردا، بەبێ گوێدان بە خواســـت، یان بەرەنگاربوونەوەی کەســـی بەرانبەر. زۆربەی کۆمەڵناســـانی پاش (Weber) هەمان بیرۆکەیان وەرگرتووە و لەو باوەڕەدان، کە دەســـەڵات بەســـەر خەڵکەوەیە و لە بنەڕەتدا بەندە بە پرســـی هەژموون و ملکەچبوون و ئازادی و خۆگرتنەوە) (Joullie et al, 2021: 1)، بەڵام بە لای کۆزمانەوانانەوە هەژموون و دەســـەڵاتی زۆرەملێ جۆرێکە، یان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بەکارهێنانی دەســـەڵات بۆ قایلکردنی ناچاری، هەروەک (Simon) ئاماژەیپێکردووە، کە (دەســـەڵات لە ڕێگەی ئەزموون و ڕاهێنان و بابەتیبوون و لۆژیکەوە بەدەســـتدەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ناکۆکییەکان بە ڕێگەی

گفتوگۆ و قایلکردن و بەڵگەهێنانەوە چارەسەرنەکرا، ئەوا دەبێت بە دەسەڵاتی بەشداربوویەک بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە بدرێت) (Joullie et al, 2021: 3).

دەکرێت دوو فۆڕمی دەسەڵات جیابکرێتەوە (Danescu-N.-M., Cristian et al, 2012: 2):
یەکەم: جیاوازیی هێز و دەسەڵات لە نێوان (ا) و (ب)دا لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەیە، کە (ا) پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزتر لە (ب)ی هەیە.
دووەم: دەکرێت جیاوازیی هێز لە ڕێگەی وابەستەیی و پێویستیشەوە سەرهەڵبدات: ئەگەر (ب) پێویستیی بە شتێکی (ا) هەبێت، وا دەکات وابەستەی (ا) ببێت، ئەمەش وا دەخوازێت بە لانی کەمەوە (ا) هێز و دەسەڵاتێکی کاتی بەسەر (ب)دا هەبێت.

بە گشتی ئەو کەسانەی دەسەڵاتی کەمیان هەیە، هەماهەنگی و خۆگونجاندنی زمانیی زیاتر پیشاندەدەن لەچاو ئەو کەسانەی دەسەڵاتی بەرزیان هەیە، بۆیە کاتێک کەسێک لە دۆخێکدا گۆڕانکاریی بەسەر هێز و دەسەڵاتەکەیدا دێت، ڕەفتاری خۆگونجاندنی دەگۆڕێت، هاوکات ڕەفتاری ئەو کەسانەشی، کە قسەی لەگەڵ دەکەن، دەگۆڕێت (سەرچاوەی پێشوو: ٢-٣).

دەکرێت چەمکی دەسەڵات لە ڕووی سنوورەوە، بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشبکەین:
ا- دەسەڵاتی گشتی: ئەو هێز و دەسەڵاتانە دەگرێتەوە، کە بەسەر زۆرینە، یان هەموو ئەندامانی کۆمەڵێکدا دەچەسپێت، وەک کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بوارێکی دیاریکراو، کە سیمایەکی جەماوەری و نیشتیمانی وەردەگرن، لە کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵی کوردی (بەختیار عەلی، ئەحمەد جۆلا، شێرکۆ بێکەس، م.محەمەدی مەلا فایەقی شارەزووری، ...).
ب- دەسەڵاتی تایبەتی/ سنووردار: ئەو دەسەڵاتانە دەگرێتەوە، کە تەنها لە سنوور و بوارێکی دیاریکراودا دەتوانن کاریگەریی دابنێن، وەک دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێک بەسەر فەرمانبەرەکانیدا، یاخود دەسەڵاتی باوکێک بەسەر منداڵەکانیدا.

پەیوەست بەو باسەوە لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا هەردوو زاراوەی دەسەڵات و هاوکاری زۆرترین مشتومڕی لەسەر کراوە و یەکێکە لە بابەتە ورد و بەهادارەکانی توێژینەوە هەنوکەییەکان، بۆیە بە پێویستی دەزانین باسێکی وردی هەردوو چەمکەکە بکەین.

## ٢-٢/٢) دەسەڵات و هاوکاری (Power and Solidarity):

قسەکردن ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەر و وەرگرە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵات و هاوکارییەی، کە لەو پەیوەندییەدا دەردەکەوێت. هەردوو زاراوەی (دەسەڵات و هاوکاری) و چەمکە پەیوەندیدارەکانیان لەلایەن دەروونناسی کۆمەڵایەتی (Roger Brown)ەوە لە ساڵی (١٩٦١)دا خرایە ناو لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانییەوە (Hudson, R. A, 1996: 122).

پاش ناساندنی چەمکی (دەسەڵات) و (هاوکاری) لەلایەن (Brown) و (Gilman)ەوە، هەروەها پاش لێکۆڵینەوەکانی (Friedrich-1972) و (Brown and Levinson-1978-1987)، داینامیکیی دەسەڵات و هاوکاری بوون بە ڕەگەزێکی بنەڕەتیی تیۆرەکانی کۆزمانەوانی ( Tannen, Deborah, 1993: 166)

کاتێک باس لە (دەسەڵات و هاوکاری) دەکرێت، پێویستە ڕاستەوخۆ بە پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە بیبەستینەوە. بە زۆری دەسەڵات پەیوەستە بە هێز و کۆنترۆڵکردن و سەربەخۆیی و درێژکردنەوەی بەشداریکردنەوە، لە بەرانبەردا هاوکاری پەیوەستە بەو شێوازەی ئاخاوتنەوە، کە تاک بۆ پەیوەندیکردنی بەوانی ترەوە بەکاریدەهێنێت. دەکرێت پراکتیزەکردنی دەسەڵات و هاوکاری لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە وێنابکرێت، پەیوەندییەکانی نێوان (دایکوباوک - منداڵ، مامۆستا - خوێندکار، خاوەنکار - کارمەند، ...) نموونەی دەسەڵات و پەیوەندیی ناهاوسەنگی نێوان تاکەکانە، کە هەندێکیان باڵادەست و هەندێکیش بێهێزن، ئەمەش ڕەهەندی دەسەڵات دروستیکردووە. لەلایەکی ترەوە پراکتیزەکردنی هاوکاری بریتییەلە چۆنێتیی پێکهێنانی پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوسەنگیی نێوان تاکەکان، ئەمەش پێیدەوترێت "پەیوەندیی هاوشێوەیی"، کە هاوکاری بۆ پیشاندانی یەکسانی و هەڵکردن و لێکچوونی پەیوەندیی تاکەکان کاری لەسەر دەکات ( Susanti, Y. E. and Indarti, Yulia, 2016: 145).

دەسەڵات هەمیشە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە ناهاوسەنگەکان، کە ئاخێوەرێک بەسەر ئاخێوەرێکی تردا باڵادەست دەکات، بەڵام هاوکاری ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە هاوسەنگەکان، کە بە یەکسانی و لێکچوونی کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندن، هەردوو زانا (Brown and Gilman) باس لەوە دەکەن، کە هەر گفتوگۆیەکی نێوان دوو کەس، یەکێکیان وا بیردەکاتەوە، کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی ئاخاوتن و هەڵسوکەوتەکانی بەرانبەرەکەی هەیە، چونکە هەردووکیان هەمان ئاستی توانای کارلێککردنیان نییە، یەکێکیان بەهێزترە (Al-Abdely, 2016: 37-38).

چەمکی "دەسەڵات" تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە، بەڵام ناساندن و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی زاراوەی "هاوکاری" قورس و ئاڵۆزە، بە لای "هدسۆن"ەوە زاراوەکە پەیوەندیی بە مەودای کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانەوە هەیە، واتە تا چ ڕادەیەک ئەزموون و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی وەک: (ئاین، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، توخم، پیشە، بەرژەوەندییەکان، ...)یان هەیە، هەروەها تا چەند ئامادەیی هاوبەشیکردنی تایبەتمەندییە کەسیی و دەروونی و ... یان تێدایە (Hudson, 1996: 122)، هەر لەم ڕوانگەیەوە (Xiaopei) پێیوایە، هاوکاری واتای لێکچوون و لێکنزیکبوونەوە و ئینتیمای نێوان ئەو تاکانە دەگەیەنێت، کە لە پێڕەوی کۆمەڵایەتیدا هەست بە یەکسانیی هێز و دەسەڵاتیان دەکەن. زۆربەی تێڕوانین و بۆچوونەکان، وەک چەمکێکی ئەرێنی، بیر لە "هاوکاری" دەکەنەوە، کە سوود بە ئەندامانی کۆمەڵ دەگەیەنێت و هەستی پێکەوەیی دروستدەکات، بە وێنە هەرچەندە لە میانی گفتوگۆیەکدا مرۆڤەکان کاردانەوە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بابەت/ پرسێک جیاواز بێت، بەڵام لە

ڕاستیدا بە تەواوی جیاواز نین، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئاماژەکانی هاوکارییەوەیە، کە تەنانەت لە کاتی ناکۆکیشدا پارێزگاریی لە لێکنزیکی و پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران دەکەن ( :Al-Abdely, 2016 38-39).

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە هەموو ئاماژە زمانییەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و هاوکاری ناڕوونن، (Tannen and Kakava) جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئاماژە و ستراتیژە زمانییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، نەک تەنها لێڵن (کە ڕوون نین دەسەڵات، یاخود هاوکاری دەگەیەنن)، بەڵکو فرەواتاشن، چونکە هەندێکجار لە یەک کاتدا هەردوو چەمکەکە (دەسەڵات و هاوکاری) دەگەیەنن (Al-Abdely, 2016: 38)، بۆ ڕوونکردنەوە و پاساودانی بۆچوونەکە، (Tannen) دوو نموونە دەهێنێتەوە (Tannen, 1993: 168-169):
نموونەی یەکەم: ئەو کەسەی، کە وا دیارە دەیەوێت بەسەر گفتوگۆکەدا سەربکەوێت و زاڵبێت بەسەر بەشداربووواندا (بەکارهێنانی دەسەڵات)، ڕەنگە لەڕاستیدا مەبەستی دامەزراندنی پەیوەندییەک بێت لەگەڵیان (بەکارهێنانی هاوکاری)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەمان ئامرازە زمانییەکان بۆ ئاماژەدان بە هەردوو چەمکەکە یان یەکێکیان بەکارهێنراوە.
نموونەی دووەم: کاتێک لەگەڵ هاوڕێکەت پێکەوە لە دەرەوە نان دەخۆن، هەموو جارێک ئەو پارەی نانخواردنی تۆیش دەدات. ئایا ئەو بەخشندەیە و سامانەکەی لەگەڵتدا هاوبەشدەکات (هاوکاری)؟ یان هەوڵدەدات لایەنی مادیی خۆیت پیشانبدات و بیرتبخاتەوە، کە ئەو لە تۆ دەوڵەمەندترە (دەسەڵات)؟ یەکەمیان هەستێکی خۆش و دووەمیان هەستێکی ناخۆشت پێدەدات، ئەستەمە بتوانرێت پاڵنەری ڕاستەقینەی ئەو کارە دیاریبکرێت، چونکە ئەگەر باوەڕی تەواویشت بە بەخشندەیی هاوڕێکەت هەبێت، ئەوا دەبێت بزانیت، ئەو پاڵنەرەی بەخشندەیی پێبەخشیوە، بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندیی ئەو، ئەوەش بە بیری تۆ دەهێنێتەوە، کەواتە هەردوو لێکدانەوەکە بە یەک جار بوونیان هەیە.
لە زمانی کوردیدا و پەیوەست بە کلتوری کوردییەوە نموونەی ئەم بارانە زۆرە، بە وێنە کاتێک دایکێک بە کوڕە هەرزەکارەکەی دەڵێت:
٩-ا) - کتێبەکانت.
٩-ب) + کوڕ: باشە دایکە گیان.
ڕەنگە دایکەکە مەبەستی بەکارهێنانی دەسەڵات بێت بۆ فەرمانکردن بە کوڕەکەی، کە بخوێنێت، یان کتێبەکانی لە ژوورەکە کۆبکاتەوە (دەسەڵات)، هاوکات ڕەنگە مەبەستی هاندان و دڵسۆزی و هاوکاریی کوڕەکەی بێت بۆئەوەی بخوێنێت و ئەنجامی باش بەدەستبهێنێت (هاوکاری)، لەوەش زیاتر، ئەگەری زۆرە هەردوو مەبەستەکە لە یەک کاتدا ئامادەبن.

لەسەر بنەمای هەردوو ئاڕاستەی دەسەڵات و هاوکاری، تیشکدەخەینەسەر شێوازی ئاخاوتنی بەهێز و بێهێز و چەمک و بواری کارکردنیان ڕووندەکەینەوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ستراتیژە زمانییەکانی هەریەک لەو دوو شێوازە.

## ٣-٢/٢) شێوازی بەهێز (powerful style) و شێوازی بێهێز (powerless style):

ئەو فۆرمە زمانییانەی، کە قسەکەران بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆ بەکاریدەهێنن، واتای کۆمەڵایەتی و کلتووریی جیاواز دەگەیەنن، وەک جۆری پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر یان هەڵوێستیان بەرانبەر بە یەکتر. لەم وەچەپارەدا ستراتیژ و ڕەگەزە سەرەکییەکانی شێوازی ئاخاوتنی (بەهێز) و (بێهێز) دەستنیشاندەکەین، لەگەڵیدا بەها کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی هەریەک لەو دوو شێوازەش ڕووندەکەینەوە.

دیارترین توێژینەوەکانی پەیوەست بە (کاریگەریی هێزی شێوازەکانی ئاخاوتن) لەلایەن (William O'barr) و هاوکارانییەوە ئەنجامدراوە. سەرەتای کارەکانیان بریتیبوو لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نووسراوەکانی هۆڵی دادگا، پاش شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شێوازی ئاخاوتنیان، تێبینیی ئەوە کرا، کە ئەو ئاخێوەرانەی پێگەیەکی بێهێزیان هەیە (وەک تۆمەتباران)، ڕێژەیەکی زۆر لە فۆرمەکانی وەک پەرژین، وەستانی دوودڵی وەک: ئـ...، ئێ، ئم...، چڕی (intensifiers)، دەستەواژەکانی وەک (زۆر، بە زۆری، بە ڕاستی، بە دڵنیاییەوە، ...)، کە هێزی بەیانکردن زیاددەکەن، دەربڕینی بەڕێزانە، ئەو دەربڕینانەی، کە ئاماژەن بۆ هاوەڵکردارەکانی کات و شوێن و چۆنێتی) بەکاردەهێنن، بەڵام ئەو ئاخێوەرانەی، کە دەسەڵاتی هۆڵی دادگایان بەرزترە (وەک دادوەر و پارێزەر)، ڕێژەیەکی کەمتری ئەو دەستەواژە زمانییانە بەکاردەهێنن. توێژینەوەکە دەریخست، کە ئەو ئاخێوەرانەی شێوازی بێهێز بەکاردەهێنن، کەمتر باڵادەست و باوەڕپێکراون، هاوکات لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کەمتر سەرنجڕاکێشن، بەراورد بەو کەسانەی، کە شێوازی بەهێز بەکاردەهێنن. ئەم دەرئەنجامە ئەوەی پیشاندا، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی شێوازی ئاخاوتنەوە دەسەڵات و هێزی ئاخێوەر دەستنیشانبکرێت (بڕوانە: Hosman in Schulze and pishwa, 2015 :223).

بە بڕوای هەندێک لە توێژەران ڕەهەندەکانی (دەسەڵات و هاوکاری) لە بنەڕەتدا لە شێوازی زمانی ژنان و پیاوانەوە سەریهەڵداوە، کە ستراتیژە زمانییەکانیان بۆ دەرخستنی بەهێزی، یان بێهێزیی تاک بەکارهێناوە، بە وێنە توێژینەوەکەی (West and Zimmerman-1975) ئاماژەی بەوە کردووە، کە پیاوان ئارەزووی بەکارهێنانی باڵادەستی و ڕاستەوخۆدەربڕین و کۆنترۆڵکردن دەکەن، لە کاتێکدا ژنان زیاتر ئاماژەکانی (دوودڵی و ناڕاستەوخۆیی و سۆزداری و نادڵنیایی) بەکاردەهێنن (Susanti and Indarti, 2016: 145).

(Robin Lakoff) یەکێکە لە دیارترین ئەو توێژەرانەی، کە کاری لەسەر ستراتیژ و تایبەتمەندییە زمانییەکانی ژنان کردووە و لە چەند خاڵێکدا کۆیکردووەتەوە، ئەوەشی خستووەتەڕوو، کە هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییانە ڕێژەیین (واتە پیاوانیش بەکاریان دەهێنن)، بەڵام ژنان لە ژینگەیەکی فراوانتری دەروونی و زمانی و کۆمەڵایەتیدا بەکاریاندەهێنن، لەو تایبەتمەندییانەش ( Burrel, Nancy and Koper, Randal in Preiss, Raymond and Allen, Mike, 1998: 204):

١- دانە وشـــەییەکان (vocabulary items): بە وێنە ژنان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتری "ڕەنگ"یان هەیە، بەراورد بە پیاوان.

٢- هاوەڵناوە بەتاڵەکان (empty adjectives): بە وێنە ژنان زیاتر ســـیفەتەکانی وەک (نازدار، شیرینەکەم، ئیلاهی، خوایە، ...) بەکاردەهێنن.

٣- فۆرمە پرســیارییەکان (question forms): زیاتر لەلایەن ژنانەوە بەکاردەهێنرێن، چ بە شـێوەی پرسیاری ئاسایی، یان بە شێوەی کلکەپرسیار.

٤- فۆرمی بەڕێزانە (polite forms): فۆرمەکانی (تکایە، ببورە، بێزەحمەت، بە یارمەتیت، ...) زیاتر لەلایەن ژنانەوە بەکاردەهێنرێن.

٥- پەرژین (hedge): ژنان زیاتر ئەم فۆرمانە بەکاردەهێنن، وەک لە نموونەی (٣)دا دەردەکەوێت:

٣) پێموایە/ خۆت دەزانیت/ وادەزانم کارەکەتان سەرناگرێت.

٦- چڕکردنەوە (intensives): ژنان زیاتر وشــە و دەســتەواژەکانی وەک (ژمارەیەکی زۆر/ بەرچاو، بە ڕاستی، زۆر، ...) بەکاردەهێنن.

٧- پەیوەسـتبوون بە یاسـا ڕێزمانییەکانەوە: ژنان زیاتر پەیوەسـتن بە یاسـا و ڕێسـا ڕێزمانییەکانەوە وەک لە پیاوان.

پاش کارەکانی لاکۆف، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی و جیاوازیی زمانیی تر لە دەرئەنجامی توێژینەوەکانەوە بەدەستهاتن، لەوانەش:

١- پیاوان لە وەڵامدانەوەدا ڕاســـتەوخۆ ئامۆژگاری بە بەرانبەر دەدەن، بەڵام ژنان بە ناڕاســـتەوخۆ (Al-Abdely, 2016: 39).

٢- توێژینەوەیەکی (Kramarae & Treichler) دەریخســـتووە، کە توخمی مێ زیاتر ئارەزووی پشـتگیریکردنی هاوڕێکانیان دەکەن و گفتوگۆی هاوبەشـیان هەیە، بەڵام پیاوان ئارەزووی شـارەزایی تاکگەرایی و پێشـکەشـکردنیان هەیە ( Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven, 2008: 423).

٣- توێژینــەوەیــەکی (Bergvall & Remlinger) دەریخســـتووە، کــە پیــاوان زیــاتر ڕەفتــارە گاڵتەجاڕییەکان بـەکاردەهێنن بۆ بـەرەنگاربوونـەوەی ژنـان، یـان پیـاوان ( Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven, 2008: 423).

٤- نێرینەکان زیاتر ویســتی بەکارهێنانی تابووی زمانی و وشــە بەهێزە نێگەتیڤەکانی وەک (جنێو و شــتە پیســـەکان)یان هەیە، بە پێچەوانەوە مێینەکان زیاتر ویســـتی بەکارهێنانی وشــە نەرم و سۆزدارییەکانیان هەیە[١٥] (حاجی فرج، شاخەوان جلال، ٢٠١١: ١٣٩).

٥- بەپێی توێژینەوەیەکی (West & Zimmerman-1975)، پیاوان زۆر زیاتر قســە بە ئافرەتان دەبڕن، بەراورد بە قسەپێبڕینی پیاوان لەلایەن ژنانەوە (Krauss, Robert M. and Chiu, Chi-Yue, 1998: 50).

٦- بەپێی توێژینەوەیەکی (Baxter-2002)، کە لەسەر ئاستی خوێندنگەیەکی ناوەندیدا ئەنجامیدابوو، دەرکەوت، کە کچان (بەراورد بە کوڕان) زیاتر خۆیان لەگەڵ (یاســـاکانی هاوکاری- rules of collaboration)دا دەگونجێنن (Fiksdal, Susan in Kristiansen and Dirven, 2008: 423).

٧- لە ڕووی فۆنەتیکییەوە ژنان زیاتر دان بە دەنگ و فۆنیمەکاندا دەنێن و بەراورد بە پیاوان ڕوونتر دەریدەبڕن (Krauss and Chiu, 1998: 50) (Suppes, Alexandra in Schulze & Pishwa, 2015: 190).

٨- (Dovidio, Brown, Heltman, Ellyson-1988) و هـاوکـارانیـان لـە توێژینـەوەیـەکـدا بۆیاندەرکەوت، پیاوان لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نێرینەوە هەیە، زیاتر دەســـپێشـــخەریی ئاخاوتن دەکەن و زۆرتریش قســـەی لەبارەوە دەکەن، بە پێچەوانەشـــەوە ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندییان بە توخمی مێینەوە هەیە، ژنان زووتر دەستپێشخەریی بەشداریکردن دەکەن و زۆرتریش قسەی لەسەر دەکەن. ئەو بابەتانەش، کە بێلایەنن، پیاوان زووتر دەستپێشـخەریی دەکەن و زۆرتر قسـەی لەبارەوە دەکەن (Krauss and Chiu, 1998: 53).

٩- دەربڕینەکانی ژنان زیاتر بەرزی و نزمیی دەنگی (vocal pitch)ی تێدایە، وەک لە پیاوان، ئەم تایبەتمەندییە لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا پێوانەیی و جێمتمانەیە (Suppes in Schulze & Pishwa, 2015: 189).

(Baird)یەکەمین توێژەر بوو، کە لە ساڵی (١٩٧٦)دا جیاوازیی توخمی لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا وەک شـوناسـی کۆمەڵایەتی بە بنەماکانی دەسـەڵاتەوە بەسـتەوە، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ هاندانی نێرینە بۆ ســەربەخۆبوون و ئاراســتەکردنی ئەرک و وەرگرتنی ســەرکردایەتی، لە بەرانبەریشــدا وا پیشـاندرا، کە مێینە توانای کێبڕکێیان نییە و خاوەنی کەسـێتییەکی نەرێنی و شـوێنکەوتەن. بە درێژایی چەندین ســـاڵ و بەپێی دەرئەنجامی چەندین توێژینەوەی زانســـتی، توخم وەک پیشـــاندەری (هێز) ناسێنراوە (Craig, Traci et al in Schulze and Pishwa, 2015: 207).

بە گشتی دوو هۆکاری جیاوازیی نێوان ئاخاوتنی نێر و مێ جیاکراوەتەوە:

---

[١٥] - بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە و شیکردنەوەی نموونەکان بەپێی تیۆری دەوروبەر لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: (حاجی فرج، شاخەوان جلال، ٢٠١١: ١٣٩-١٤٨).

١. لایەنی بایۆلۆجی: جگەلەوەی ڕێڕەوی دەنگیی تاکەکان بە گشـــتی لە یەکتر جیاوازن، جیاوازییەکی تایبەتییش لـە نێوان ئـەندامـەکانی ئـاخاوتنی نێر و مێدا هـەیە، ئـەمـەش دەبێتـەهۆی جیاوازیی تاکگەرایی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا.

٢. لایـەنی دەســـــەڵاتی کۆمـەڵایـەتی و کلتور و دەوروبـەر: ئـەمـەش پـەیوەندیی بـە پێوەر و نۆرمـە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە دەبنە سـەرچاوەی گۆڕانکاریی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی نێر و مێدا، جیاوازییەکەش لە سـەرجەم ئاستەکانی وشـەسـازی و ڕستەسـازی و تەنانەت لە دەنگسـازیشـدا ڕەنگدەداتـەوە، بـە وێنـە ژنـانی ژاپۆنی بـە تێکڕایی تۆنێکی دەنگیی بـەرزتر لـە ژنـانی ئـەورووپی بەکاردەهێنن (بڕوانە:Suppes in Schulze and Pishwa, 2015: 191) (Krauss and Chiu, 1998: 32)

لـەمـەوە بۆمـان ڕووندەبێتـەوە، کـە گۆڕاوە کۆمـەڵایـەتییـەکـان بـە تـەواوی بـەنـاویـەکداچوون و لێکجیاکردنەوەیان ئاڵۆز و ئەســـتەمە، بۆ نمونە ئەگەر جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ لە ســـــەرجەم کاریگەرییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتیەکان و تەمەن دابڕین، ڕێژەیەکی زۆر کەمی جیاوازیی دەمێنێتـەوە، ئـەمـە بۆ گۆڕاوەکـانی تریش هـەر ڕاســـتـە. جیـاوازیی دەنگی، وەک تـاکـە جیـاوازییـەکی جیاکردنەوەی توخم ڕۆڵدەگێڕێت، بەڵام توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە دەکرێت دەنگسازییش لەژێر کاریگەریی پێگەی کۆمەڵایەتیدا بێت، بە وێنە (ژنانی ژاپۆنی بە شـــێوەیەکی نەریتی لە دۆخی فەرمیدا تۆنی دەنگیان زیاتر بەرزدەکردەوە، بەڵام لەم ســـاڵانەی دواییدا شـــارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە تێکڕای فریکوێنســـیی بنەڕەتیی قســـەکردنی ژنان دابەزیوە، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گۆڕانەکانی پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان) (Krauss and Chiu, 1998: 50)، هەروەها جیاوازییە بایۆلۆجییەکانی ئەندامی ئاخاوتنی نێر و مێیش ســـتانداردێکی جیهانیی نییە، بە وێنە یەکێک لە جیاوازییە دیارەکانی ئاخاوتنی نێر و مێ بۆ جیاوازیی قەبارەی کۆئەندامی نێر و مێ دەگەڕێنرایەوە، ئەمەش باوەڕێکی گشـــتیی شـــارەزایان بوو، بەڵام (توێژەران لە کۆریادا جیاوازیی دەنگیی نێوان نێر و مێیان بە ئاڕاســـتەی پێچەوانە دۆزییەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاســـتییەیە، کە جیاوازییەکە ســـۆســـیۆفۆنەتیکی "sociophonetics"یە، نەک تەنها بایۆلۆجی (Suppes in Schulze & Pishwa, 2015: 190).

کارەکانی "لاکۆف" (کە لەم وەچەپارەدا ئاماژەی پێدرا)، هەلێکی بنەڕەتیی بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ بۆ (William O'barr) و هاوکارانی ڕەخســـاند، کە توانییان بۆ ماوەی (١٥٠) کاتژمێر چاودێریی شـێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی هۆڵی دادگا بکەن. دەرئەنجام گەیشـتنە ئەوەی، کە ژنان شـێوازێکی ئاخاوتنی تایبەتییان نییە، بەڵکو هاوشـێوەییەک لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو توخمدا هەیە. داتاکانی هۆڵی دادگا ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە گۆڕانکاریی لە شـــێوازی ئاخاوتنی ژناندا زیاتر پەیوەندیی بە دەسەڵات و هێزی کۆمەڵایەتی(social power)یەوە هەیە، نەک (توخم) (Burrel and Koper in Preiss and Allen, 1998: 204)، پێشـتر لاکۆف خۆیشـی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشـانی (Language and women's place- 1975) گریمانەی ئەوەی کردبوو، کە ژنان بە شـێوەیەکی

سیسماتیکی وا قسەدەکەن، کە شوێنکەوتەیی و نزمیی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان زیاتر بسەلمێنن (Suppes in Schulze & Pishwa, 2015: 187). لەم ڕوانگەیەوە (O'barr) و هاوکارانی زاراوەی (زمانی ژن-women's language)یان بە زاراوەی (زمانی بێهێز- powerless language) یاخود (شێوازی زمانی بێهێز- powerless style language) گۆڕی. بەو پێودانگە بەکارهێنانی زیاتری شێوازی بێهێز لەلایەن ژنانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنان ئارەزووی وەرگرتنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی نزمتر دەکەن لەچاو پیاواندا ( Burrel and Koper in Preiss and Allen, 1998: 204)، بەمەش سنووری واتای زاراوەکە فراوانتر بوو، هاوکات لە ڕێگەیەوە توانرا باشتر سیما و تایبەتمەندییە زمانییەکان لە یەکتر جیابکرێتەوە، واتە دەبێت جیاوازیی شێوازەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای پێگە و پلەوپایە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بێت، نەک "توخم".

زمانی بێهێز لە کۆزمانەوانیدا شێوازی زمانیی ئەو ئاخێوەرانە دەگرێتەوە، کە خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی نزمترن لە کۆمەڵدا، بەوەش دەناسرێنەوە، کە زیاتر فۆرم و ستراتیژە بێهێزەکانی وەک (پەرژین، کلکەپرسیار، دوودڵی وەک: ئـــ...، ئم...، ئێ...، ...) بەکاردەهێنن ( Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 207).

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و زانستی لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ بڕوانین، دەبینین زۆرجار کارێکی ئاڵۆز و ئەستەم دەبێت و دەرئەنجامێکی زانستیی نابێت[١٦]، چونکە ئەو جیاوازییانە (هەمیشە تێکەڵ بە هۆکارەکانی تری وەک: دۆخە دەوروبەری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی تاک لە ئاڕاستەکردنی ئەو دۆخانە، شوناسی تاک، ... دەبێت) ( Krauss and Chiu, 1998: 49-50)، بۆیە بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ئەم دواییە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە شێوازی بەهێز و بێهێزی ئاخاوتن پەیوەندییان بە (شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ)وە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە لێهاتوویی و چۆنێتیی دەربڕینی شێوازە سەرنجڕاکێش و کاریگەرەکانەوە هەیە، (Bradac) و هاوکارانی لێکۆڵینەوەیەکیان لەمبارەیەوە ئەنجامدا، هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوان (شێوازی ئاخاوتنی بەهێز/ بێهێز) لەگەڵ (شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ)دا نەدۆزییەوە، هەروەها هەردوو توێژەر (Wilcox and Berryman) گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە لە کردەی پەیوەندیکردندا ئەستەمە جیاوازییە ڕاستەقینەکانی توخم لەگەڵ بیروباوەڕ و کلتور و تێڕوانینە باوەکانی ناو کۆمەڵدا جیابکرێتەوە (Burrel and Koper in Preiss and Allen, 1998: 205-206)، هەر لەوبارەیەوە، توێژینەوە ئەزموونییەکەی (Leaper and Ayres- 2007) ئەو بۆچوونەی بەهێزتر کرد، تێیدا گەیشتنە ئەوەی، کە کاتێک هەموو ڕەگەز و فاکتەرەکانی تر یەکسان دەبن، پێکداچوونێکی زۆر لە

---

[١٦]- لە زمانی کوردیشدا دوو نامەی ماستەر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، بۆ زانیاریی لەبارەی ڕێبازی کارکردنیان و ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتوون، بڕوانە: ا- (محەمەد، پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣) ب- (ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠٠٤).

جیاوازیی چۆنێتیی قســـــەکردنی هەردوو توخمدا دروســـــتدەبێت ( Suppes in Schulze and Pishwa, 2015: 188).

چەمکی هێز و دەسـەڵات لە خۆیدا بۆ چەند قۆناغێک دابەشدەبێت، بە واتایەکی تر پراکتیزەکردنی دەســـــەڵات پێویســـــتی بە ســـێ پلە و قۆناغ هەیە بۆئەوەی جێگیر بکرێت، هاوکات لای ئەوانی تر پەســـــەندکراو و ســـــەلمێنراو بێت ، قۆناغەکانیش بریتین لە: (١) توانای ئەنجامدانی کارێک. (٢) توانای کارتێکردن لەوانی تر بەو کارە. (٣) توانای قایلکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر (بڕوانە: (کەریم، ڕزگار ئیسماعیل، ٢٠١٧: ٤٨)، (محمود، منال طلعت، ٢٠٠٢: ٥٥-٥٦)، ئەوەی پێشتر باسکرا لە قۆناغی یەکەمدا بەرجەستەدەبێت، کە دارشتنی شێوازی زمانیی تاکە. قۆناغی (دووەم و سێیەم) کاریگەری و قایلکردن، بڕیار لەســـــەر توانا و هێز و دەســـــەڵاتی ئاخێوەر و ڕادەی ســـــەرکەوتنی لە گەیاندنی پەیامەکانیدا دەدەن، بۆیە بە پێویســـــتی دەزانین لە خوارەوە باســـێکی پوختی کارتێکردن و قایلکردن وەک بەشێک لە هێز و دەسەڵاتی ئاخێوەر بخەینەڕوو.

## ٤-٢/٢) کاریگەری و قایلکردن وەک بنەمای دەسەڵات:

زمان یەکەمین ئامرازی گوزارشـــتکردنە لە بیر و هەســـتەکانی تاک، بۆ بەدەســـتهێنانی کردەی کارتێکردن و قایلکردنی ئەوانی تر. دەســـتەواژەکانی ســـەرەتا و دەســـتپێک لە ئاخاوتن و نووســـیندا، دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ لە ســـەرخســـتنی پێواژۆکەدا، هەڵبژاردنی وشـــە و ڕســـتەی ســـەرنجڕاکێش و کاریگەریش دەتوانێت زیاتر قایلکردن مسۆگەردەکات.

یەکێک لەو ڕێگا سەرەکییانەی، کە پێماندەڵێت بۆچی هەندێک هەوڵی قایلکردن، سەرکەوتوو دەبن، کەچی هەندێکی تر ســـــەرکەوتوو نابن، بریتییەلە شـــێوازی بەکارهێنانی زمان ( Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 200).

ئامانجی قایلکردن هەمان ئامانجی دەسەڵاتە، کە گۆڕینی هەڵوێست و ڕەفتاری بەرانبەرە، بنەمای ســـــەرەکیی قایلکردنیش بریتییەلە توانای بەرزکردنەوەی متمانە، ئەمە جگەلە هۆکارەکانی تری وەک تایبەتمەندیی بەشـــداربووان و متمانەپێکراوی ســـەرچاوەکان و هۆشـــیاری و زیرەکیی گوێگران و ... (Pishwa, Hanna in Schulze and Pishwa, 2015: 139).

دەســـــتنیشـــــانکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی قایلکەر کارێکی ئاســـــان نییە، ( Halmari and Virtanen) پێیـانوایـە هـەموو زمـانێـک دەتوانرێـت وەک زمـانی قـایلکـەر لێی بڕوانرێـت، بـەڵام توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مەرج نییە هەموو ڕەگەز و شـــێوازێکی زمانی بتوانێت هێزی قایلکردن زیادبکات. (Hosman) تیشکدەخاتەسەر ڕەگەزەکانی توانای قایلکردن لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا (فۆنۆلۆجی، ڕســـتەســـازی، فەرهەنگ)، پێیوایە دارشـــتەی ڕســـتەکانی (بکەرناديار، نەرێ، ئاڵۆز) کەمتر قایلکەرن بەراورد بە ڕســـــتەکانی (بکەردیار، ئەرێ، ســـــادە)، چونکە بەپێواژۆکردنیان لەچاو

هاوتاکانیاندا قورسـتره، هەروەها (Hosman) زۆر دارشـتـەی تری دۆزییەوە، کە لە ڕووی مەعریفییەوە زیاتر قایلکەرن، وەک هەمەجۆریی وشـە و زاراوەکان و فرەواتایی ( Pishwa in Schulze and Pishwa, 2015: 139).

(Ng and Bradac) ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئاخاوتنی ئاخێوەران قایلکەرە تا ئەو کاتەی شـێوازی زمانییان لەگەڵ شـێوازی زمانیی وەرگرانیاندا هاوتا دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاخێوەر فۆرمێکی باڵاتری زمانی هەڵبژێرێت، دەتوانێت ڕادەی قایلکردنیش بەرزتر بکاتەوە ( Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 210)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شـێوازی ئاخاوتنی بەهێز پەیوەندیی بە کردەی قایلکردنەوە هەیە، هەرچەندە ئەم بابەتە پرسیارێکی شێلگیرانەیە و پێویستە بە توێژینەوەی زانستی یەکلاییبکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە چەند توێژینەوەیەک دەخەینەڕوو ( Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 228):

یەکەمین توێژینەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە لەلایەن (Gibbons) و هاوکارانییەوە ئەنجامدرا، وتارگەلێکی قایلکەریان نووسـییەوە، تێیدا ئەو پەیامەیان بە فێرخوازان گەیاند، کە تاقیکردنەوە گشـتییەکان ناچارین، وتارەکان بە هەردوو شـێوازی بەهێز و بێهێز نووسـرابوون. پاش خوێندنەوەی وتارەکان لەلایەن بەشداربووانی توێژینەوەکەوە دەرکەوت، کە هەردوو شـێوازی بەهێز و بێهێزی وتارەکان وەکو یەک کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی بەشداربووان هەبووە. بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دواتر بە وێنە (Sparks et al, 1998)، (Holtgraves and Lasky, 1999)، (Hosman et al, 2002)، (Blankenship and Holtgraves, 2005)، ( Areni and Sparks, 2002)، (Sparks and Areni, 2008) ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەو ئاخێوەرانەی شـێوازە بەهێزەکان بەکاردەهێنن وەک کەسـێکی باوەڕپێکراوتر و بەهێزتر دەبینرێن لەچاو ئەوانەی، کە شـێوازێکی بێهێز بەکاردەهێنن، ئەنجامی ئەم توێژینەوانە دەریخسـت، کە جگەلەوەی شـێوازی بەهێز زیاتر قایلکەرە، ئەوەشـی ڕوونکردەوە، کە شـێواز دەتوانێت کاریگەرییەکی کۆنترۆڵکەری لەسـەر هەڵوێستی وەرگری پەیامەکە هەبێت.

وێنەی گشتیی توێژینەوەکان لەبارەی قایلکردنەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە هیچ ڕەگەز و ستراتیژێکی زمانیی تایبەت بوونی نییە، کە لە هەموو بارودۆخێکدا هێزی قایلکردنی هەبێت ( Pishwa in Schulze and Pishwa, 2015: 140)، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە پێویسـتە سـنووری لێکۆڵینەوەکان تەنها لەسـەر لایەنی زمانی قەتیس نەکرێت و بارودۆخ و دەوروبەری نازمانییش بگرێتەوە، بە وێنە فۆرمێکی ڕێزدارانەی وەک نموونەی (١٠) دەکرێت بەهۆی پێگە و پلەوپایە و هەڵوێستی ئاخێوەر و وەرگر و ژینگەی نازمانی و ...، واتای تری وەک (سەرزەنشتکردن، تانەلێدان، ...) بگەیەنن نەک ڕێزلێگرتن، بەمەش هێزی قایلکردن گۆڕانی بەسەردا دێت:

١٠) بە یارمەتیت، دەتوانم قسەبکەم.

ئەگەر نموونەی (١٠) لەلایەن کەســـێکی پلەباڵای وەک بەرپرس، یان دادوەرێکەوە ئاڕاســـتەی کەســـێکی پلەنزمی کۆمەڵایەتی بکرێت، ئەوا مەرج نییە مەبەســـتی ڕێزگرتنی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەی ڕستەکە بە پێچەوانەوە بوو، ئەوا بێگومان مەبەستی ڕێزپێشاندان دەگرێتەوە.

جێی باســـە قبووڵکردن و ڕەزامەندیی و ملکەچبوونی خەڵک بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی قســـەکەر، مەرجێکی ســـەرەکیی دامەزراندنی هێز و دەســـەڵاتە ، ئەم لایەنەش وەک دیوێکی تەواوکارییە لەگەڵ کردەی قایلکردندا. لەمبارەیەوە (Barnard) پێداگیری لەوە دەکات، کە دەســـەڵات لەســـەر بنەمای وەرگرانە، نەک ئاڕاستەکەرانی پەیام، بۆیە زۆرجار تیۆرییەکەی بە (تیۆری قبولکردن، یان ڕەزامەندیی دەســـەڵات- acceptance or consent theory of authority) ناودەبرێت. "بارنارد" لە کردەی پەیوەندیکردندا چوار مەرجی بنەڕەتیی بۆ قبووڵکردنی دەســـەڵات لەلایەن وەرگرەوە داناوە، کە دەبێت لە یەک کاتدا هەموو مەرجەکان جێبەجێکرابێت (Isomura, Kazuhito, 2021: 39):

١. بتوانێت لە پەیوەندییەکە تێبگات.
٢. پێیوابێت لەگەڵ ئامانجی گشتیی گروپ و کۆمەڵەکەیدا یەکدەگرێتەوە.
٣. پێیوابێت بە گشتی لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا یەکدەگرێتەوە.
٤. لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە توانای پابەندبوونی بە پەیام، یان بڕیارەکەوە هەبێت.

دەکرێت لەلایەن خەڵکەوە دەسەڵاتی تاک پێشێلبکرێت، واتە مەرج نییە هەموو فەرمان و داوایەکی تاکی باڵادەســـت (وەک دەســـەڵاتی میری، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی، ڕێکخراوی حیزبی و مەدەنی) ڕاســـتەوخۆ جێبەجێبکرێت، ئەمەش بەو واتایە نییە، کە کۆمەڵ هیچ یاســـا و ڕێســـایەکی یاســـایی و کۆمەڵایەتی پەیڕەوناکەن و هەمیشـــە ســـەرپێچیکارن، بەڵکو بەپێی تایبەتمەندیی و بارودۆخی تایبەتیی خۆیان، بڕیار لەســـەر ئەوە دەدەن، کە کام لەو یاســـایانە پەیڕەوبکەن و کامیان پشـــتگوێبخەن، بۆیە دەوترێت زۆرجار دەســـەڵات لە پراکتیکدا بێدەســـەڵاتە. بەم پێودانگە دەکرێت بڵێین ئەوانە ســـەرچاوەی دامەزراندنی دەسەڵات نین، کە یاسا و فەرمان دەردەکەن، بەڵکو ئەو تاکانەن، کە فەرمانەکە وەردەگرن و قبوڵیدەکەن، واتە ئەمان خاوەنی بڕیارن، کە ملکەچی بڕیار و دەسەڵات دەبن، یان ڕەتیدەکەنەوە.

لە بەشـــی دواتردا (ســـتراتیژە زمانییەکانی پەیوەســـت بە شـــێوازی بەهێز و شـــێوازی بێهێز) دەخەینەڕوو، بە مەبەســـتی دۆزینەوەی جیاوازی و تایبەتمەندییە زمانییەکانی هەریەک لەو دوو شـــێوازە. ســـەبارەت بە زاراوەی (ســـتراتیژ- Strategy)یش، لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Strategia)ی یۆنانییەوە هاتووە، دوو واتای گەیاندووە: (١) هونەری جەنگکردن- The art of war). (٢) پلان و تاکتیک (Tactic) (کریم، ئاسۆ عبدالرحمن، ٢٠١٩: ٣٨)، زاراوەکە لە سنووری کۆزمانەوانیدا واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە، کە بە بڕوای "Tannen" بریتییەلە شـــێوازێکی قســـەکردن ( Tannen, 1993: 184). (Gumperz) تێبینیی ئەوە دەکات، کە ســـتراتیژە زمانییەکان نائاگایی (unconscious) نین، بەڵکو ئۆتۆماتیکی گوزارشـــتیان لێدەکرێت، ئاخێوەران بە شـــێوەیەکی تایبەت قســـەدەکەن، بەبێ ئەوەی

(ئاگادارانە) بیری لێبکەنەوە، بەڵام لە چۆنێتی و چییەتیی ئاخاوتنەکانیان ئاگادارن، بۆیە کاتێک پرسیاری چۆنێتیی دەربڕینەکانیان لێبکرێت، ئاگادارن و دەزانن چۆن گوزارشتەکانیان ڕێکخستووە (Tannen, 1993: 184).

## ٥-٢/٢) ستراتیژە زمانییەکانی شێوازی بەهێز/ بێهێز:

لە وەچەپاری پێشوودا ئەوە سەلمێنرا، کە مەرج نییە ئەو فۆرم و ستراتیژانەی، زیاتر لە ئاخاوتنی ژناندا بەکاردەهێنرێن، بە شێوازی بێهێز هەژماربکرێن، واتە توخم پێوەری بەخشینی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ژینگە و دەوروبەری زمانی و نازمانی، بڕیار لەسەر بەهێزی/ بێهێزیی شێوازی ئاخاوتنی تاکەکان دەدەن. (Tannen) لەو باوەڕەدایە، کە (مرۆڤ ناتوانێت سەرچاوەی باڵادەستی و بێدەسەڵاتیی تاکەکان بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی هەمان ئامرازە زمانییەکان دەتوانن بۆ مەبەستی جیاواز – تەنانەت پێچەوانەش- بەکاربهێنرێن، بۆ نمونە فۆرمێکی وەک (وا دیارە...، بڕیار وایە...)، کە بۆ باڵادەستی بەکاردێت، ڕەنگە لە چوارچێوە و دەوروبەرێکی تردا، یان لە زاری ئاخێوەرێکی ترەوە واتا و مەبەستی تر بگەیەنێت) (Tannen, 1993, 166).

Tannen (1993: 166-186) پێیوایە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ناڕوونی و فرەواتایی ستراتیژە زمانییەکان بریتییەلە پەیوەندیی دژبەیەکی نێوان دەسەڵات و هاوکاری، ئەمەش ئەنجامی توێژینەوەکانی "زمان و توخم"ی شێواندووە، واتە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە هەر ئاماژە و فۆرمێک ژنان بەکاریبهێنن، نیشانەی بێدەسەڵاتی و ژێردەستەییە، بە پێچەوانەشەوە هەرچی پیاوان بەکاریبهێنن، لە ئەنجامی دەسەڵات و باڵادەستییەوە هاتووەتەئاراوە.

بەپێی ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوە، ستراتیژەکانی (کلکەپرسیار، پرسیاری ڕەوانبێژی، چرکەرەوەکان، پەرژین) بێدەسەڵاتی تاک دەگەیەنن، بەڵام توێژینەوەکانی دواتر باس لەوە دەکەن، کە ئەو جۆرە لێکدانەوە ڕەهایانە هەڵەن، چونکە ڕەنگە هەمان ڕەگەز/ ستراتیژ بەهۆی دەوروبەرەوە ئەرکێکی پێچەوانە بەجێبهێنێت، تایبەتمەندییەکانی قسەکەر و هەڵوێستی وەرگر بەرانبەر بە قسەکەر و بابەتی باسەکە ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینن (Schulze and Pishwa, 2015: 4-5).

سەرەڕای ناڕوونیی ستراتیژە زمانییەکان و ڕاجیایی لەسەر دەستنیشانکردنی هەریەکەیان وەک ئامرازی شێوازی بەهێز، یان بێهێز، توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک ستراتیژیان وەک ئامرازی بێدەسەڵاتی، یان باڵادەستیی تاک دەستنیشانکردووە، لەوانەش:

### ٢/٢-٥-١) پەرژین (hedge)[١٧]:

جۆرج لاکۆف بۆ یەکەمینجار زاراوەی "پەرژین"ی لە ســـاڵی (١٩٧٣)دا داهێنا، لەو کاتەوە تاکو ئێســتا زاراوەکە لە بەرەوپێشــچوون و گەشــەســەندنی بەردەوامدایە، بەڵام پێدەچێت وەک یەکێک لە گەورەترین چەمکە نامۆکانی ناو بواری توێژینەوەی زمانەوانیدا مابێتەوە ( Castro, Esteban Brea, 2018: 2).

پەرژینە زمانییەکان ئەو وشــە و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە گومان و نادڵنیایی دەگەیەنن، وەک: (تا ڕادەیەک، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە شــێوەیەکی وا)، ئەم دەربڕینە لاســتیکییانە دەتوانرێت لەژێر ڕۆشــنایی هەڵوێســتەکاندا شــیبکرێنەوە، واتە دەکرێت ئەوە بزانرێت، تا چەند قســەکەر متمانەی بە قسەکانی خۆی هەیە (سوان، جون واخرون، ت: الراشد، فواز وأحمد، عبدالرحمن، ٢٠١٩: ١٧٤)، کەواتە بەهۆی پەرژینەکانەوە دەتوانرێت هێزی گوتنەکان نەرمبکرێتەوە، یان هێزی جەختکردنەوەی گوتنەکان مامناوەند بکرێتەوە. پەرژینەکان لە ئەنجامی تایبەتمەندییەکانی وەک (نادڵنیایی، گومان، تاقیکردنەوە، ناڕوونی، بێلایەنی، هێورکردنەوە، ...)ەوە ســـەرچاوەدەگرن[١٨] ( Mohamad, Munthir Manhal and Sahib, Raniah Shakir, 2014: 1) (جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ٦٤-٦٥).

ڕۆبن لاکۆف پاش ئەوەی بەدواداچوونی بۆ گفتوگۆی ڕۆژانەی ژنانی ئەمریکی کرد، بۆیدەرکەوت، کە ژنان لە ڕێگەی بەکارهێنانی پەرژینەوە هێزی بۆچوونەکانیان نەرم و ســـووکدەکەنەوە. هەروەها پێیوایە ژنان لە پیاوان خۆپارێزتر و ڕێزدارترن لە دەربڕیندا، ناڕاســـتەوخۆیش گوزارشـــتەکانیان

---

[١٧]- زاراوەی (hedge) لە زمانی عەرەبیدا بە هەندێک زاراوەی وەک (كلام مرن) (ســوان، جون واخرون، ت: الراشــد، فواز محمد و أحمد، عبدالرحمن حســـني، ٢٠١٩: ١٧٤) و (تعابير المراوغة) (Mohamad and Sahib, 2014: 21) وەرگێڕانی بۆکراوە.

[١٨] – لە زانســـتی پراگماتیکدا هەر دەربڕاوێک دەتوانرێت بەپێی دەوروبەری پەیوەندیکردن، یان دەق وەک پەرژین بەکاربهێنرێت. بەمپێیە پەرژینەکان پەیوەســـتن بە کاریگەرییەکانی گوتارەوە، کە لە ژێر چەند ناوێکی تردا خۆیان دەنوێنن (جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ٦٤-٦٦):

١. ناڕوونی (Vagueness): بەکارهێنانی هەموو ئەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە، کە واتایەکی ناڕوون یان چەند واتایەکیان هەیە، تێگەیشتن و هەڵهێنجانی واتاکەی پشتبەستووە بە دەوروبەر و چوارچێوەی دەربڕاوەکەوە.

٢. خۆدزینەوە (Evasion): کاتێک ڕوودەدات، کە مرۆڤ چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی لە بابەتێک بدزێتەوە، یان ڕای تەواوی خۆی بە ڕوونی دەرنەبڕێت، واتە خۆدزینەوە بەندە بەو زانیارییانەی، کە قسەکەرەکە پێشکەشی دەکات، ئەو زانیارییانەشی کە گوێگر لێکدانەوەی بۆ دەکات.

٣. شێوازی ناڕوون (Equivocation): بریتییە لە بەکارهێنانی وشـەیەک، کە دەتوانێت زیاد لە واتایەک بگەیەنێت، یان شێوازێکی ناڕوونی قسەکردنە بۆ ئەوەی سەر لە کەسانی تر بشێوێنێت و ڕاستییەکان بشارێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستنەبوونی دەرئەنجامە نەرێنییەکانە.

٤. هێورکەرەوە زمـانییەکـان (Mitigation): ئەو فۆڕمە زمـانییـانەن، کە دەبنەهۆی کەمکردنەوەی هێزی نـاوەڕۆکی ڕســـتەکان و پابەندنەبوون بە دەربڕاوەکان. ئەرکی جەوهەری هێورکەرەوەکان دیاریکردنی پلەی بەرپرســـیارێتیی قســـەکەرە بە دەربڕاوەکەیەوە، ئەمەش بە تەواوی توانســـتی قســـەکەر پێشـــاندەدات، بۆ ڕزگاربوون لە هەر جۆرە بەرپرسیارێتییەک.

دەدرکێنن، بەڵام پیاوان کاتێک پەرژین بەکاردەهێنن، کە بابەتی کەسی، یان هەستیار بوروژێنرێت (Azizah, Dinda Noor, 2021: 59-60) (Mohamad and Sahib, 2014: 3). لە لایەکی ترەوە پەرژینەکان بە بەربەست و کەمکەرەوەی چڕیی دەربڕاوەکان، یاخود دابەزێنەر و لاوازکەری هێزی گوزارشتەکان ناسراون، کە بە شێوەیەکی گشتی یارمەتیی قسەکەر دەدەن تاکو ڕاستی و داتاکان لە هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردن و بۆچوونەکان جیابکاتەوە، بە مەبەستی پاساودان، ئەم نموونانەی خوارەوە بەراورددەکەین:

١١- ا) ئازاد لە تۆ زیرەکترە.

١١- ب) پێموایە ڕەنگە ئازاد بەگشتی لە تۆ زیرەکتر بێت.

ڕستەکانی (١١-ا) و (١١-ب) تاڕادەیەک لەیەکتر جیاوازن، ئەگەرچی وا دەرکەوتووە، کە هەمان زانیاری دەگەیەنن: ڕستەی(١١-ا) بانگەشەیەکی دابڕ (قاطع)ـە، کە بوارێکی کەم، یان هیچ بوارێک بۆ دانوستان ناهێڵێتەوە، بەڵام ڕستەی (١١-ب) دەربڕینێکی زۆر پارێزراوە، سێ ستراتیژی لاوازکەر (پەرژین)ی لەخۆگرتووە، کە بەهۆیانەوە قسەکەر هەوڵدەدات بە وریاییەوە دیدگای ناڕاستەقینەی خۆی بخاتەڕوو، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت بە گشتی پەرژینەکان وەک ستراتیژێک بۆ کەمکردنەوەی هێزی لێدوانەکان پەسنبکرێت، بە واتایەکی تایبەتتر ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە، کە واتای هەندێک فۆرم کاڵدەکەنەوە، یاخود تەمومژ، یان ناڕوونی دەکەن بۆئەوەی هێزی جەختکردنەوە دابەزێنن، یان نەرمی بکەنەوە (Castro, 2018: 2-3).

دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی (Mohamad and Sahib) (کە لەبارەی پەرژین لە مشتومڕەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی عێراقدا ئەنجامدراوە) دەریخستووە، کە: (١) پەرژینەکان مشتومڕ و گفتوگۆکان بە ڕێکوپێکی دەهێڵنەوە و لە ململانێ دەیانپارێزن. پاڵنەرەکانی پەرژینیش بریتییەلە تایبەتمەندییە زمانییەکانی وەک نادڵنیایی و بڕیارنەدان، ناڕوونی و ڕێز و ئەدەب. (٢) توێژینەوەکە ئەو ڕۆڵە بەرچاوەش پیشاندەدات کە دەوروبەر لە لێکدانەوەی پەرژینەکاندا دەیگێڕێت. هەروەها ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، کە پیاوان زیاتر لە ژنان پەرژین بەکاردەهێنن، بە هۆی زیاتر ئاگاداربوونیان لە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی هەندێک بابەت و گوزارشت (Mohamad and Sahib, 2014: 1-21).

سەبارەت بە دەرئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە، تەواو پێچەوانەی ئەو ئەنجامەیە، کە ڕۆبن لاکۆف پێیگەیشتبوو، چونکە بە بڕوای لاکۆف ژنان لە ئاخاوتندا لە پیاوان خۆپارێزتر و ڕێزدارترن، ناڕاستەوخۆیش گوزارشتەکانیان دەدرکێنن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە کلتور و دەوروبەری زمانی و نازمانی، ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەیان لەسەر بەها و هێزی ستراتیژەکان (لە ناویشیاندا پەرژین) هەیە، هۆکاری جیاوازیی ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیە، کە هەریەکەیان سامپڵی جیاوازیان وەرگرتووە، لە ڕووی کلتوریشەوە دوو کۆمەڵی تەواو جیاوازن (کۆمەڵی عێراقی، کۆمەڵی ئەمریکی).

سەرەڕای ئەوەش، ئەو توێژینەوانەی، کە ئەرکی پەرژینەکانیان باسکردووە و جۆر و سنوورەکانیان جیاکردووەتەوە، سەرجەمیان پشتیان بە کلتور و پەیوەندیی و هێزی کۆمەڵایەتی و دەوروبەری زمانی بەستووە، (Martín–Martín) لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆپراگماتیکیدا ئەرکی پەرژینەکانی لە بازنەی ستراتیژی بەرێزانەدا پۆلێنکردووە، هاوکات پێیوایە (کاتێک دەتوانرێت ئەرکی پەرژینەکان دەستنیشانبکرێت، کە دەوروبەری زمانی و بارودۆخەکە لەبەرچاوبگیرێت) (Azizah, 2021: 61)

## ٢/٢-٥-٢) فۆرمی بەڕێزانە:

بەپێی توێژینەوەکان هەر لە هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە دەربڕینی ڕێزدارانەی وەک (بفەرموون، ببورن، داوای لێبوردن دەکەم، تکادەکەم/ تکایە، بە یارمەتیی بەڕێزتان، ...) وەک تایبەتمەندییەکی زمانی بێدەسەڵات ئاماژەی پێکراوە، کە ژنان زیاتر بەکاریدەهێنن. (Brown) پێشبینیی ئەوە دەکات، کە ژنان بە گشتی بە شێوەیەکی فەرمیتر و بەڕێزانەتر قسەدەکەن، بەو پێیەی لە ڕووی کلتوورییەوە بەراورد بە پیاوان، ژنان بۆ پێگەیەکی لاوەکی دابەزێنراون، لەلایەکی ترەوە، وا چاوەڕوان دەکرێت، کە فۆرمەکانی ڕێزگرتن زیاتر لەلایەن پێگە نزمەکانەوە بۆ پێگەی باڵاتر بەکاربهێنرێت، بە هەمان شێوە (Coates) ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنان ڕێزی زیاتر دەنوێنن وەک لە پیاوان، بۆیە ڕێز و ئەدەبی بە "شێوازی ژن" ناوبردووە (Mohamad and Sahib, 2014: 4). "ڕۆبن لاکۆف" بە هەمان ئەو ئەنجامانە گەیشتووە، کە لەبارەی فۆرمی بەڕێزانەوە خرانەڕوو (Lakoff, Robin, 1973) (Burrel, and Koper in Preiss and Allen, 1998: 204) بەڵام هیچیەک لەو ئەنجامانە پێوەر و زانیاریی ڕەها نین، کە بەسەر هەموو کلتور و زمانەکاندا بسەپێنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەنگە هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتنی (تەنانەت گروپە بچووکەکانیش) بەهایەکی زمانی و کۆمەڵایەتیی جیاواز بە فۆرمەکانی ڕێز و ئەدەب بدەن، بەمەش گۆڕانکاریی بەسەر ئەنجامی توێژینەوەکاندا دێت[١٩].

ژمارەیەکی بەرچاو توێژینەوە لەبارەی پەرژینەکانەوە (وەک ستراتیژێکی فۆرمی بەڕێزانە) ئەنجامدراوە[٢٠]، بۆ نموونە (Tang) لە ساڵی (٢٠١٣)دا هەوڵیدا بەدواداچوون بۆ ئەرکە پراگماتیکییەکانی پەرژینەکان بکات، توێژینەوەیەکی لەسەر ئەرکەکانی پەرژین لە ڕوانگەی ڕێز و ئەدەبەوە ئەنجامدا،

---

١٩- بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی چەمکی ڕێزگرتن و کلتور و جۆر و ڕێسا و بنەماکانی لە پراگماتیک و کۆزمانەوانیدا، بڕوانە ماستەرنامەی: (حەمەڕەشید، ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٢).

٢٠ – جێی ئاماژەیە (نیگار ستار) بە پێچەوانەوە (ڕێزگرتن)ی بە یەکێک لە مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی پەرژینی زمانیی لێکداوەتەوە، مەبەستەکانیشی لە چوار خاڵدا کۆکردووەتەوە: (١) کەمکردنەوەی داواکاری (٢) ئاڕاستەکردنی گوێگر (٣) ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداری (٤) نواندنی ڕێز (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣: ١٠٣-١٠٧). لە ڕاستیدا سنووری هەردوو ستراتیژەکە لە کۆمەڵێک لایەنەوە بەناویەکداچوون و چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، بەوەی، کە زۆرجار بۆ دەربڕینی پەرژینە زمانییەکان پێویستیمان بە فۆرمێکی بەڕێزانە دەبێت و بە پێچەوانەشەوە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (٣/٢-١) و (٣/٢-٢)ی ئەم تێزە.

تێیدا گەیشـــتە چەند ئەنجامێک: (١) بەکارهێنانی نادروســـتی پەرژینەکان لە پاراســـتنی ڕێزدا شـــکســـتدەهێنێت. (٢) جۆرە جیاوازەکانی پەرژین تایبەتترین پێکهاتەی زمانیی تەمومژاوین و ڕۆڵی پاراســـتنی ڕێز و ئەدەب لە پەیوەندیکردندا دەگێڕن. پەرژینەکان دەتوانن پەیوەندیکردن نەرمونیان و ڕێزدارتر بکەنەوە، کە بە شـێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەرە بۆ پاراسـتن و ڕێکخسـتنی پەیوەندیی نێوان قسـەکەران. (٣) لەلایەکی دیکەوە، پەرژینەکان زانیارییەکان لێڵ و ناڕوون دەکەن و شـکسـتدەهێنن لە گەیاندنی وردی و گونجاویی زانیارییەکان بە گوێگر، بۆیە پێویســـتە پەرژینەکان لە کاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی مامناوەند بەکاربهێنرێن (Nim, Anisa Zakia, 2018: 11).

### ٢/٢-٥-٣) فۆرمی پرسیاری:

ئەم ستراتیژە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت:

### ٢/٢-٥-٣-١) کلکەپرسیار:

یەکێک بوو لەو ســـتراتیژە دیارانەی، کە نەک تەنها وەک تایبەتمەندیی شـــێوازی ئاخاوتنی ژنان، بەڵکو وەک شـێوازی زمانیی بێدەسـەڵات دەسـتنیشـانکرابوو، سـەرەتای ئەم بۆچوونەش لە کارەکانی ڕۆبن لاکۆفدا دەرکەوت (Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 208)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فۆرمەکانی کلکەپرســـیار بە گشـــتی واتای (نادڵنیایی، گومان، بڕوابەخۆنەبوون، ...) لەخۆدەگرن، وەک لە نموونەی (١٢)دا دەردەکەوێت:

١٢) توێژینەوەکە ئەنجامێکی زانستیی نەبوو، (وایە/ وانییە/ ڕاستە/ ڕاست نییە)؟

### ٢/٢-٥-٣-٢) پرسیاری ڕەوانبێژی (rhetorical question):

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە، کە لە شێوەی پرسیاردا دادەڕێژرێن، بەڵام بە مەبەستی کارتێکردن (نەک وەرگرتنی وەڵام) بەکاردەهێنرێت، چونکە وەڵامەکان ڕوونن، قسـەکەر ئامانجێتی لەو ڕێگەیەوە پەیامی (بیرخستنەوە، جەختکردنەوە، سەرزەنشتکردن، هاندان، ئامۆژگاری، پاساودانی بەڵگە، ڕاچەڵەکاندن، ...) بە وەرگر بگەیەنێت، بۆ نموونە مامۆســـتایەکی ئاینی لە میانی وتاردانیدا دەســـتەواژە و ڕســـتەکان لە شـــێوەی پرســـیاری ڕەوانبێژیی نموونەی (١٣-ا، ب، پ)دا دادەڕێژێت و بەهۆیەوە پەیامی جیاوازیان پێدەگەیەنێت:

١٣-ا) دەتەوێت بڕۆیتە بەهەشتیشەوە؟ (سەرزەنشتکردن)

١٣-ب) ئەگەر ئەمە چاکە نەبێت، چی چاکەیە؟ (پاساودان)

١٣-پ) کاممان بەهەشتمان ناوێ و حەزمان لە چاکە نییە؟ (هاندان)

هەرچەندە بەکارهێنانی فۆرمی پرسیارکردن زۆرجار بۆ هاوبەشیکردن و بەشداریکردنە لەگەڵ وەرگردا، بەلام فۆرمە جۆراوجۆرەکانی پرسیارکردن دەتوانن کاریگەریی پێچەوانە لەسەر بەشداربووان دابنێن (Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 202)، ئەمەش بە بەراوردکردنێکی نموونەکانی فۆرمی کلکەپرسیار و پرسیاری ڕەوانبێژی، بە ڕوونی دەردەکەوێت.

## ٢/٢-٥-٤) دوودڵی (hesitation):

دوودڵی زیاتر لە زمانی ئاخاوتندا بەدیدەکرێت، (چالاکییەکی ئاوەزی و دینامیکییە سەبارەت بە گەڕان بە دوای هەڵبژاردنی دروستدا، وەک لە دەستەواژەکانی (دەزانی چۆنە، ئێ... ، دوودڵم/ بەگومانم، ...)دا دەردەکەوێت) (Pishwa in Schulze and Pishwa, 2015: 148). بە گشتی سیما و ئاماژەکانی ئەم ستراتیژە بریتین لە: وەستان و بێدەنگبوون، یان پڕکردنەوەی بێدەنگی بە ئاماژەی وشەیی وەک دووبارەکردنەوەی دەربڕاوەکە، دووبارە دارشتنەوە، ...، یان ئاماژە ناوشەییەکانی وەک: (کۆکە، پێکەنین، دەنگەکانی وەک ئم، ئێ...) (Wang, Yibei, 2021: 823).

زۆرجار لەگەڵ قسەکردندا بیروڕامان دەگۆڕین سەبارەت بەوەی دەمانەوێت بیڵێین و لە ئەنجامدا دوودڵ دەبین، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ژمارەی ئەو ئاخێوەرانە کەمن، کە بتوانن بە تەواوی ڕەوانییەوە قسەبکەن، بەبێ ئەوەی دوودڵ ببن، یان هەڵە بکەن، بۆیە زۆرجار قسەکردنی لەخۆوەیی (عفوي) لەگەڵ وەستان و دوودڵیی وەک: (دەربڕینی وشە بە هەڵە، یان بە کورتکراوەیی، دووبارەکردنەوە، هەڵبژاردنی وشەی نەگونجاو، خۆڕاستکردنەوە، هەڵەی ڕێزمانی، درێژکردنەوەی دەنگ، چاککردنەوە، ...)دا تێکەڵدەبن ( Rad, Shadi Khojasteh and Abdullah, Ain Nadzimah, 2012: 102).

یەکێک لەو ڕێگایانەی، کە دوودڵیی تاک لە بەکارهێنانی زماندا دەسەلمێنێت، هەڵەکردنی زمانەوانی و ڕێزمانییە، ئەمەش جگەلەوەی پەیوەستە بە باری دەروونیی تاکەوە، بەڵگەشە لەسەر بوونی دوودڵی و گومان لە درکاندنی زانیارییەکانیدا، یان ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی گونجاو.

دوودڵی جۆرێکە لە ستراتیژەکانی پەیوەندیکردن، کە بەشداربووان بەکاریدەهێنن بۆئەوەی کۆنتڕۆڵی ئاخاوتنەکانیان بکەن. ئاخێوەران ئاماژەکانی دوودڵی وەک هاوکارێک بەکاردەهێنن بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازی لە بنیاتنانەوە و پاراستنی پەیوەندییەکی کارادا، ئەمەش کات دەدات بە قسەکەر بۆ باشترکردن، یان قەرەبووکردنەوەی تێکچوونی کاراییەکانی ( Boonsuk, Yusop et al, 2019: 130).

(Faerch and Kasper) لە توێژینەوەیەکیاندا توانیان ببن بە پێشەنگ لە پێشنیازکردنی ستراتیژەکانی پەیوەندیکردن وەک پلانی زارەکی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا. لە توێژینەوەکەدا جەختیان لەسەر دوو قۆناغی بەرهەمهێنان کردەوە: (١) قۆناغی نەخشەکێشان و

پلاندانان: بریتییە لە پەرەپێدانی پلانێک بۆ گەیشـــتن بە ئامانجێکی پەیوەندیکردن. لەم قۆناغەدا، بەکارهێنەری زمان ئەو یاســـا و ڕەگەزانە هەڵدەبژێرێت، کە دەتوانن بە باشـــترین شـــێوە لە پلانی دروســـتکردنی ڕەفتارێکی زارەکیدا بەشـــداربیکەن، بە جۆرێک، کە لەگەڵ ئامانجە ڕەســـەنەکانی پەیوەندیکردندا بگونجێن. (٢) قۆناغی جێبەجێکردن: ئاخێوەران پەنادەبەنەبەر ســـتراتیژەکانی پەیوەندیکردن بۆئەوەی لە قۆناغی پلاندانانداندا ڕووبەڕووی کێشـــەکانی جێبەجێکردن و دوودڵی ببنەوە (Rad and Abdullah, 2012: 102).

## ٢/٢-٥-٥) چڕکەرەوە زمانییەکان (Linguistic intensity):

ئامرازێکی زۆر هەیە بۆ جەختکردنەوە و چڕکردنەوەی ئەوەی، کە تاک دەیڵێت، یان دەینووسێت، لە ئەنجامدا واتای وشـــەیەکی دیاریکراو زیاتر یان زۆرتر دەکات، واتە چڕکەرەوەکان بۆ بەهێزکردنی وشەکان بەکاردەهێنرێن لە بەدەستهێنانی ئەرکە پراگماتیکییەکاندا ( :Salman, Isa Atallah, 2019 90). چڕکەرەوە ئامرازێکی شـــێوازییە بۆ بەهێزکردن و زیادکردنی چڕیی هەڵوێســـتێک، یان هەڵســـەنگاندنێک (بڕوانە نموونەکانی ١٦ و ١٧)، بەمەش ســـنووری کاری چڕکەرەوەکان دەزانرێت و لەو باس و ڕووداوانە جیادەکرێتەوە، کە خودی خۆیان لە ڕووی بەهێزییەوە ڕەگەزی جیاوازن (بڕوانە نموونەکانی: ١٤-ا و ١٤-ب)، نەک پلەبەندی و بەراوردکرنی هەمان ڕەگەز بن:

١٤-ا) خانووەکە کۆن بووە.

١٤-ب) خانووەکە ڕوخاوە.

فۆرمی (کۆن بوون) لە ڕستەی (١٤-ا)دا هەمان ڕەگەز و پۆلی واتایی وشەی (ڕوخاو)ی ڕستەی (١٤-ب) نییە، بەڵکو هەڵســـەنگاندنی دوو بارودۆخی جیاوازە، بۆیە (ڕوخاو) نابێت بە چڕکەرەوەی (کۆنبوون)، هەروەک چۆن ژمارە دە نابێت بە چڕکەرەوەی ژمارە چوار بە نموونە، چونکە بابەتی هەڵسەنگاندنەکە گۆڕاوە، ئەمەش لەگەڵ چەمکی چڕکەرەوەدا نایەتەوە، لەبەرئەوەی بابەت و پێواژۆکە هەرگیز نابێت بگۆڕێت (بڕوانە: Liebrecht, Christine et al, 2018: 274).

چڕکەرەوەکان یەکەی زمانین، پلە و ڕادەی جەختکردنەوە و هێزی ســـەر پۆلە وشـــەکانی تر پیشاندەدەن، Suppes ئاماژە بەوە دەکات، کە چڕکەرەوە ئەو پێواژۆیە دەگەیەنێت، کە هاوەڵکردارێک بە هۆیەوە کار لە ڕێژە و ڕادەی هاوەڵناوەکان دەکات. بە هەمان شـــێوە (Milroy and Milroy) پێیانوایە هەر پەیامێکی گەیەندراو دەتوانرێت لە ڕێگەی هاوەڵکردارەکانی وەک (زۆر، بەڕاســـتی، لە ڕادەبەدەر، هێندە، تەواو، بە تەواوی، ئەوەندە، ...) توندتر یان چڕتر بکرێتەوە و جەختی لەســـەر بکرێتەوە (بڕوانە: Salman, 2019: 92 ).

لەم تێزەدا زاراوەی چڕکەرەوە بۆ ئەو فۆرمە زمانییانە بەکاردەهێنرێت، کە کاریگەریی زیادکردنی هێزی وشـــەکانی وەک (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکردار) پیشـــاندەدەن، وەک لە نموونەکانی (١٥-ا، ب، پ)دا ڕوونکراونەتەوە:

١٥-ا) بەڕاستی ئازاد خۆی سەرکەوتوو بوو. (چڕکەرەوەی ناو)

١٥-ب) ئاوەکە زۆر ساردە. (چڕکەرەوەی هاوەڵناو).

١٥-پ) ئەوەندە خێرا هەواڵەکەی خوێندەوە، لێی نەگەیشتم. (چڕکەرەوەی هاوەڵکردار)

(Christine Liebrecht) و هاوکارانی "چڕکەرەوە" بەو ڕێگا و شێوازە جۆراوجۆرانە دەناسێنن، کە دەتوانرێت بۆ بەهێزکردنی بۆچوونێک بەکاربهێنرێت، لەم ڕوانگەیەشـــەوە نموونەی چەند کەسـێک دەهێننەوە، کە ژەمێکی بەتامیان خواردبێت، دەتوانن بە چەند شـــێوازێک پلەبەندیی چێژیی خواردنەکە دەرببڕن (Liebrecht et al, 2018: 27):

١٦-ا) خۆش بوو. (That was nice.)

ئەگەر بیانەوێت ئەم هەڵسەنگاندنە بەهێز بکەن، دەتوانن بڵێن:

١٦-ب) زۆر خۆش بوو. (That was very nice.)

چەندین بژاردەی زیاتریان لەبەردەستدایە بۆ دەربڕینی شێوازێکی ئەرێنیی بەهێز:

١٧-ا) تا بڵێی خۆش بوو. (That was super nice.)

١٧-ب) بەلەزەت بوو. (That tasted delicious.)

١٧-پ) تەواو بەلەزەت بوو. (That was absolutely delicious.)

١٧-ت) لە هەموویان بەتامتر بوو. (That tasted best of all.)

١٧-ج) لە ڕادەبەدەر بەتام بوو. (That was scrumdiddlyumptious.)

١٧-ح) تامێکی بەهەشتییانەی هەبوو[٢١] (That tasted like heaven.)

١٧-خ) شاهانە بوو. (That was fit for a king.)

مەرج نییە تەنها کۆدە زمانییەکان ڕۆڵی چڕکردنەوەی واتا ببینن، بەڵکو هەندێکجار هێما و کۆدی نازمانیی وەک (ئیمۆجی، وێنە، دانانی چەند نیشـــانەیەکی پرســـیار، یان ســـەرســـوڕمان: "؟؟؟، !!!"، ...) دەتوانن ئەو ئەرکە بگێڕن.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەکی (Liebrecht) و هاوکارانی، کە ســـاڵی (٢٠١٨) ئەنجامدراوە، دوو ڕەهەند ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە جیاکردنەوەی چڕکەرەوەکاندا دەگێڕن: دەوروبەر و دەوڵەمەندی واتا. واتای چڕبوونەوەی ڕەگەزێک بەندە بە دەوروبەری بەکارهێنانیەوە. دەوڵەمەندیی واتا، بڕی ئەو

---

[٢١] - ئیدیەمە، بە واتای (زۆر خۆش) دێـــــت، لە کوردییدا لە بری ئەوە، ئیدیەمی (دەســـتوپەنجەی پێوە دەخورێت) بەکاردەهێنرێت.

زانیارییانەیە، کە ڕەگەزێکی چرکەرەوە لە سەرووی ئەرکی چرکردنەوەکەیەوە لەخۆیدەگرێت (Liebrecht et al, 2018: 27).

لە خوارەوە دەرئەنجامی هەندێک لەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو، کە بەسەر یەکێک یان زیاتر لە ستراتیژە زمانییەکاندا جێبەجێکراون و ئەنجامی جیاوازیان لێکەوتووەتەوە، دواتر بۆچوونی خۆشمان پشتبەست بە بەڵگە و سنووری کارەکەمان ڕووندەکەینەوە:

١. دوودڵی، پەرژین، چرکەرەوە، کلکەپرسیار و فۆرمی ڕێزدارانە:

(Hosman) پێداچوونەوەی بە توێژینەوەکانی ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵدا کرد، بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان ستراتیژە زمانییەکان و هێزی کۆنترۆڵکردن و دەسەڵات و باڵادەستی. ستراتیژەکانی (دوودڵی، پەرژین، چرکەرەوە، کلکەپرسیار و فۆرمی ڕێزدارانە)ی وەک نموونەی شێوازی بێهێز لەقەڵەمدابوو. بە گشتی توێژینەوەکە دەریخست، کە شێوازی ئاخاوتنی بێهێز دەبێتەهۆی نزمکردنەوەی ڕادەی باڵادەستی و هێز و کۆنترۆڵکردن لەچاو ئەو قسەکەرانەی، کە شێوازێکی بەهێز بەکاردەهێنن. توێژینەوەکە لەبارەی (قایلکردن)ەوە پێیوایە شێوازی بەهێز، نەک هەر دەبێتەهۆی تێگەیشتن لە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن، بەڵکو کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی وەرگرانی پەیامەکەش هەیە (Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 229-230).

٢. پەرژین و چرکەرەوە:

هەردوو توێژەر (Hosman & Siltanen) ساڵی (٢٠٠٦) توێژینەوەیەکی ئەزموونییان لەبارەی (پەرژین و چرکەرەوە)وەکان ئەنجامدا، تێیدا وتارێکی قایلکەریان بە چوار شێواز نووسییەوە، کە بانگەشە بوو بۆ زیادکردنی کرێی خوێندنی زانکۆ. شێوازی یەکەمیان هەردوو پەرژین و چرکەرەوەی تێدابوو، دووەمیان تەنها پەرژینی تێدابوو، سێیەمیان تەنها چرکەرەوەی تێدابوو، چوارەمیان نە پەرژین و نە چرکەرەوەی تێدا نەبوو. پشتبەست بە هەڵسەنگاندنی بەشداربووان، دەرکەوت، کە ئەو وتارانەی چرکەرەوەیان تێدایە زۆرترین توانای کۆنترۆڵی کەسانی دیکەیان هەیە، لە کاتێکدا ئەو وتارانەی، کە پەرژینیان تێدایە کەمترین کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکەیان هەیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، چرکەرەوە بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی شێوازی بێدەسەڵات دادەنرا، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک ستراتیژێکی زۆر بەهێز و کۆنترۆڵکەر هەستپێکرا ( Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 227).

٣. پەرژین و دوودڵی:

هەردوو توێژەر (Blankenship and Holtgraves) دوو تاقیکردنەوەیان لەبارەی ڕۆڵی (پەرژین و دوودڵی) لە کردەی قایلکردندا ئەنجامدا، تێیدا پەیامێکیان بە چەند شێوازێک دارشتەوە.

بەراوردکارییە ئامارییەکان دەریانخست، کە ئەو پەیامانەی (پەرژین یان دوودڵی)یان تێدایە لەچاو ئەو پەیامانەی، کە هیچ پەرژینێک یان هیچ دوودڵییەکیان تێدا نییە، کەمتر قایلکەربوون ( Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 228).

٤. پەرژین و کلکەپرسیار:

یەکێک لەو توێژینەوانەی (Hosman & Siltanen)، کە ساڵی (٢٠١١) لەبارەی هەردوو ستراتیژی (پەرژین، کلکەپرسیار)ەوە ئەنجامدراون، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، کە ئایا ئەو دوو ستراتیژە توانای قایلکردنی وەرگریان هەیە، یان نا؟ دەرئەنجام هیچ بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ئایا ئەو پەیامانەی هەردوو (کلکەپرسیار و پەرژین)یان تێدایە، کەمتر، یان زیاتر قایلکەرن بەراورد بەو پەیامانەی، کە ئەو ستراتیژانەیان تێدا نییە، ئەمە سەرەڕای چەند توێژینەوەیەکی تر، کە پێیانوایە مەرج نییە (پەرژین) هەمیشە هێمای زمانی بێهێز بێت، (Durik) و هاوکارانی ئاماژەیان بەوە کردووە، کە دەکرێت پەرژین کاریگەریی لەسەر کردەی قایلکردن هەبێت (Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 229)

٥. کلکەپرسیار:

پێشتر ئەوەمان باسکرد، کە کلکەپرسیار زیاتر لە لایەن ژنانەوە بەکاریدەهێنرێت، بۆیە زۆرجار وەک ستراتیژێکی شێوازی بێهێز هەژمارکراوە، کە دەبێتەهۆی دروستکردنی تێڕوانینێکی نەرێنیی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی متمانە و لاوازبوونی هێزی قایلکردن. (Ng and Bradac) بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە کلکەپرسیار یەکێکە لە دیارترین بەکارهێنراوە زمانییەکانی شێوازی بێهێزیی ئاخێوەر، هاوکات ئەو ڕەگەزانەی، کە توێژەران وەک ستراتیژی زمانی بێدەسەڵات دەستنیشانیانکردوون، زۆرینەیان (کلکەپرسیار)یان تێدایە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە دەکرێت کلکەپرسیاریش ڕۆڵی ئەرێنی و بەهێز ببینێت (بڕوانە: ( Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 200).

٦. پرسیاری ڕەوانبێژی:

پرسیاری ڕەوانبێژی نەک تەنها هاندەری گوێگرە بۆ وەرگرتنی پەیامەکان، بەڵکو هێزی قایلکردنیشی پێدەبەخشێت، بە تایبەتی کاتێک بە بەڵگە و ئارگۆمێنتە بەهێزەکان پشتئەستووربێت، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری ڕەوانبێژی لە خۆیدا: (١) سەرنجڕاکێشە، وەک لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی (Blankenship)دا دەرکەوتووە، کاتێک بەشداربووان پەیامێک دەخوێننەوە، کە پرسیاری ڕەوانبێژیی تێدایە (بە ئارگۆمێنتی بەهێز و لاوازەوە)، ئەوا ئەگەری بەشداریکردنی وردەکارییەکانی شیکردنەوەی

پەیامەکە زیاتر دەبێت. (٢) کاریگەر و قایلکەرە کاتێک بەشداربووان زانیارییەکی کەمیان لەسەر بابەتەکە هەیە (Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 209).

٧. فۆرمی بەڕێزانە:

سەرەڕای ئەوەی لە توێژینەوە بەراییەکاندا "فۆرمی بەڕێزانە" وەک ئامرازێکی شێوازی بێهێز دەبینرا، بەشێک لە توێژینەوە نوێکان ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە، کە ئەو ئاخێوەرانەی فۆرم و دەستەواژە ڕێزبەخشەکان بەکاردەهێنن و بە ئەدەبەوە دەدوێن، بە هاوشێوەی ئەو ئاخێوەرانە دادەنرێن، کە شێوازی ئاخاوتنی بەهێز بەکاردەهێنن (Hosman in Schulze & Pishwa, 2015: 226).

٨. لایەنی دەنگسازی[٢٢]:

بەپێی توێژینەوەکان گۆڕان و بەرزونزمیی دەنگی، پەیوەندیی بە ڕەفتارەکانی وەک (متمانەبەخۆبوون، بوێری، باڵادەستی، سەرنجڕاکێشی)یەوە هەیە، هەروەها دەرکەوتووە، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە زیاتر قایلکەرن. تەنانەت دەنگ لەو ئامرازانەیە، کە لە ڕێگەیەوە پێگەی ژن و پیاو لە ڕەهەندی دەسەڵات و قایلکردندا دیاریدەکرێت (Suppes in Schulze & Pishwa, 2015: 193-194)، هەر لەمبارەیەوە (Cantril and Allport) زنجیرە ئەزموونێکیان لەبارەی کاریگەریی دەنگی پێشکەشکارانی نێر و مێ (لە پەخشی ڕادیۆدا) لەسەر بیسەرانی نێر و مێ تاقیکردەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە چاوەڕواننەکراو بوو، (٩٥٪)ی بیسەران (بە نێر و مێشەوە)، دەنگی پێشکەشکارە نێرینەکانیان پێباشتر بووە و زیاتر پێی کاریگەربوون (Suppes in Schulze & Pishwa, 2015: 187)، هەروەها توێژەرانی وەک (Scherer, London and Wolf) پێیانوایە ئەو ئاخێوەرانەی ئاستی دەنگیان بەرزترە، وەک کەسانێکی لێهاتوو و باڵادەستتر هەستیانپێدەکرێت (Krauss and Chiu, 1998: 34).

[٢٢]- بەو پێیەی، کە لایەنی فۆنەتیکیی ئاخاوتن و شەپۆلی تۆن و هێز و ئاوازەی دەربڕاوەکان، بابەتێکی ئاڵۆز و وردە و لە کۆزمانەوانیی نوێدا بوارێکی سەربەخۆ و فراوانی لە ژێر زاراوەی (Sociophonetic)دا بۆ تەرخانکراوە، بۆیە لە لایەنی پراکتیکیی ئەم تێزەدا فەرامۆشکراوە و تەنها کار لەسەر واتای فۆرمی ئاخاوتنەکان کراوە، چونکە بڕوامانوایە، ئەگەر "سۆسیۆفۆنەتیک" وەک بابەتێکی زانستیی سەربەخۆ، لێکۆڵینەوەی لەسەرنەکرێت، ناتوانرێت مافی تەواوی پێبدرێت.

ئەو ستراتیژانەی، کە باسمانکردن (پەرژین، دەربڕینی بەڕێزانە، کلکەپرسیار، پرسیاری ڕەوانبێژی، دوودڵی، چرکەرەوە) هاوشێوەی پێنج ستراتیژە پێشنیازکراوەکانی "Tannen"[٢٣] جێگەی مشتومڕ و ڕاجیایی توێژەرانن، هەریەکەیان جارێک وەک پێشاندەری شێوازی بەهێز و قایلکەر، جارێک وەک هێمای شێوازی بێهێز هەژمارکراون. بە گشتی لە توێژینەوە بەراییەکاندا، ستراتیژەکانی (کلکەپرسیار، پرسیاری ڕەوانبێژی، چرکەرەوە، پەرژین، دوودڵی) بە شێوازی بێهێزەوە پەیوەستکرابوون (بڕوانە: Bradac, James and Mulac, Anthony, 1984: 309-315) (Schulze and Pishwa, 2015: 4-5) ( Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 200-201)، بەڵام بەشێک لە توێژینەوەکانی دواتر ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەمجۆرە لێکدانەوە ڕەهایانە هەڵە و پڕ کەموکورتین، چونکە ڕەنگە هەمان ڕەگەز/ ستراتیژی زمانی بەهۆی کلتور و دەوروبەرەوە ئەرکی جیاواز، یان پێچەوانە بگێڕێت، تایبەتمەندییەکانی قسەکەر و هەڵوێستی وەرگر بەرانبەر بە قسەکەر و بابەتەکە ڕۆڵی گرنگ لە هێزی گەیاندندا دەبینن. بۆ سەلماندن و پراکتیککردنی ئەو بۆچوونەشمان چەند نموونەیەکی پەیوەست بە کلتور و کۆمەڵی کوردییەوە دەخەینەڕوو:

١٨) بەهای چرکەرەوەکان بەپێی چینوتوێژەکان دەگۆڕێت، چینی نزم و ناوەند زیاتر چرکەرەوە بەکاردەهێنن، بەوهۆیەشەوە کاریگەری لەسەر وەرگر دادەنێن، بەڵام چینی بەرز و ئەکادیمیی کۆمەڵ کەمتر بەکاریدەهێنن، چونکە وایدەبینن، کە زۆربەکارهێنانی چرکەرەوە پەیوەندیی بە لاوازیی فەرهەنگی زمان و زیادەڕۆیی لە پەسنکردنی شتەکانەوە هەیە.

١٩) کلکەپرسیار زۆرجار لەلایەن ژنانەوە بە مەبەستی بەشدارپێکردنی بەرانبەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانیان بەکاردەهێنرێت، بەمەش وەک ستراتیژێکی شێوازی بێهێز دەردەکەوێت، بۆیە پیاوان بەگشتی خۆیانی لێدەپارێزن و کەمتر بەکاریدەهێنن، جگەلەو بارودۆخانەی، کە ئاخێوەر بەپێی هەڵوێست و بابەتی ئاخاوتنەکە شارەزایانە بۆ مەبەستی تر بەکاریدەهێنێت، بە وێنە کەسانی قسەخۆش زۆرجار لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتە کۆمیدییەکاندا دەستەواژەکانی وەک (توخوا وا نییە؟، وایە یان نە؟، دە بڵێن وا نییە؟، ...) بۆ زیاتر کارتێکردن و سەرنجڕاکێشانی بەرانبەر بەکاردەهێنن. سیاسەتمەدارانیش زۆرجار بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانیان، لێزانانە کلکەپرسیار بەکاردەهێنن، لەو ڕێگەیەشەوە دانپێدانانی وەرگر و وەڵامی (بەڵێ، وایە) بەدەستدەهێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەکرێت بەپێی بابەت و کەسێتیی ئاخێوەر بەهای "کلکەپرسیار" بگۆڕێت.

٢٠) مەبەستی ئاخێوەر لە بەکارهێنانی "پەرژینە زمانییەکان"دا بڕیار لەسەر هێز و دەسەڵاتی تاک دەدەن، مەبەستەکانیش بەپێی پێگە و پلەوپایەی ئاخێوەر دەگۆڕێت، بە وێنە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی وەک (نامەوێت کاتت بگرم، تۆش کاری ترت هەیە)، دیار نییە، کە بەهێزی یان بێهێزیی تاک دەگەیەنێت،

---

٢٣- ستراتیژەکان بریتیبوون لە: (١) ناڕاستەوخۆیی دەربڕین/ indirectness. (٢) قسەپێبڕین/ interruption. (٣) بێدەنگبوون/ Silence. (٤) ورووژاندنی بابەت/ topic raising. (٥) ململانێ، یان دژایەتیکردنی زارەکی/ conflict or verbal aggression. بۆ زانیاریی لەبارەی ئەو سترتیژانەوە، بڕوانە: (Tannen, 1993: 165-185).

مەگەر بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری نازمانی و پێگەی بەشـــداربووانی ئاخاوتنەکە، ئەگەر (بۆ نموونە) ئاخێوەر بەڕێوەبەرێک بێت و وەرگر کارمەندێک بێت، ئەوا هێزی ئاخێوەر پیشـــاندەدات، کە دەیەوێت بە تەنها جێی بهێڵێت و لە ژوورەکەی بڕواتەدەرەوە، بەڵام ئەگەر دەربڕینەکە هی کارمەندەکە بێـــت، ئەوا مەبەســتەکە پیشـاندانی ڕێزە، هاوکات پۆزشـهێنانەوە و داننانە بەوەی، کە کاتی بەڕێوەبەرەکەی گرتووە و نایەوێت زیاتر لە کاتی بگرێت، بێگومان ئەمەش ستراتیژی زمانی بێهێز دەگەیەنێت.

# بەشی سێیەم:

# شێوازی زمانی وتاری ئاینی و ڕۆلی لە ڕێککەوتنی زمانیدا

## ٣) شێوازی زمانی وتاری ئاینی و ڕۆڵی لە ڕێککەوتنی زمانیدا

### ١/٣) ڕێکارەکانی لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە:

لە (٢/٢-٥)ی ئەم تێزەدا، بە وردی باسی ستراتیژەکانی زمانی بەهێز و بێهێزمان کرد، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو ستراتیژانە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە زمانی کوردیدا بەرجەستەبکەین، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ستراتیژە زمانییە بەهێزەکان، کە ڕۆڵی سەرەکیی لە سەرنجڕاکێشان و قایلکردن و کارتێکردنی بەرانبەردا دەگێڕن، لە ئەنجامیشدا ڕێککەوتنی زمانی بەدەستدەهێنرێت.

### ١/٣-١) بوار و سامپڵی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی سنووردارکردنی بواری کاری توێژینەوەکە و قوڵبوونەوە تێیدا، تەنها (بواری ئاینی)مان هەڵبژاردووە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییەلە پێنج وتاری ئاینیی دیارترین وتارخوێنەکانی هەرێمی کوردستان[٢٤]، کە وتار و وانەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبێتەوە و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بینەران بەجێهێشتووە، هەوادار و بینەرێکی زۆریان لەناوسەرجەم چینوتوێژەکاندا هەیە. پوختەی زانیاریی لەسەر سامپڵی توێژینەوەکەش لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. ناونیشانی وتار: (**غەمبار مەبە**):
بانگخواز و وتارخوێن: م. محەمەدی مەلا فایەقی شارەزووری
لینکی بڵاوکراوە: یوتیوب (https://youtu.be/Wqu7vAYWMTE)
ژمارەی بینەر: لە ماوەی یەک ساڵدا (٥٧٥) هەزار بینەری هەبووە.

٢. ناونیشانی وتار: (**داهاتوو بە دەستی خودایە لێی مەترسە**)
بانگخواز و وتارخوێن: م. عادل عیزەت جەباری
لینکی بڵاوکراوە: یوتیوب (https://youtu.be/jtoOiAu94_0)
ژمارەی بینەر: لە ماوەی یەک ساڵدا (٣٠) هەزار بینەری هەبووە.

٣. ناونیشانی وتار: (**متمانەت بە خودا هەبێ، ژیان بە دڵی خۆت ئەبێ**)
بانگخواز و وتارخوێن: د.عوسمان هەڵەبجەیی

[٢٤] - ا- بۆ بەرچاوڕوونی و کارئاسانی، توێژەر تەواوی وتارەکانی نووسیوەتەوە (جگەلە دەستپێکی وتار، کە بە زمانی عەرەبی پێشکەشدەکرێن، هەروەها جگەلە دوعاکردنی کۆتایی وتار، کە بە پێویست نەزانراون)، بۆ بینینی دەقی نووسراوی وتارەکان، بڕوانە (پاشکۆی ١-٥)ی ئەم تێزە.
ب- لەبەرئەوەی بانگخواز (د.عبدالواحد محمد) مزگەوتی تایبەتیی نییە و وتاری هەینی پێشکەشناکات، بۆیە یەکێک لە دیارترین وانە (محاضرة)کانی وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لینکی بڵاوکراوە: یوتیوب (https://youtu.be/T_80ZUpg3lg)

ژمارەی بینەر: لە ماوەی پێنج ساڵدا (٦٤٤) هەزار بینەری هەبووە.

٤. ناونیشانی وتار: (**الإستغفار أستغفر الله وأتوب إليه گەورەیی و سوودەکانی**)

بانگخواز و وتارخوێن: د.عبداللطيف احمد مصطفى

لینکی بڵاوکراوە: یوتیوب (https://youtu.be/g7TuuDLJfmA)

ژمارەی بینەر: لە ماوەی یەک ساڵدا (١٨) هەزار بینەری هەبووە.

٥. ناونیشانی وتار: (**لار و لەنجە**)

بانگخواز و وتارخوێن: د. عبدالواحد محمد صالح

لینکی بڵاوکراوە: یوتیوب (https://www.youtube.com/live/cqa2sK8StBk?feature=share)

ژمارەی بینەر: لە ماوەی یەک مانگدا (٩) هەزار بینەری هەبووە.

## ٣/١-٢) میکانیزمی وەرگرتنی نموونەکانی سامپڵی توێژینەوە:

پێش ئەوەی بچینە سەر کرۆکی بابەتەکە، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو ڤیدیۆیانەی کارمان لەسەر کردوون، پێش بڵاوکردنەوەیان لە سۆشیاڵمیدیا، بە چەند فلتەرێکی هەڵسەنگاندن و لێبڕین و چاککردنەوە و مۆنتاژدا تێدەپەڕن، ئەگەر کەموکورتی و هەڵەی تێدابێت، چاکدەکرێنەوە، یان دەبڕدرێن، ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، کە ئایا ئەمە گومان لەسەر زانستیبوون و ڕاستی و دروستیی نموونە و داتاکانمان دروستناکات، لە کاتێکدا هەندێک لە ستراتیژەکانی وەک (دوودڵی) لەسەر بنەمای ئەو هەڵە و کەموکورتییانە پەیدادەبن؟

لە وەڵامدا دەڵێین ئەم بارە کاریگەریی لەسەر کۆکردنەوەی داتا و نموونەکان نییە، بەڵکو هەر نابێت بنەڕەتی وتارەکە (بێ دەستکاریکردن) وەربگرین، چونکە توێژینەوەکەمان بەو شێوەیە کار لەسەر زمانی وتار دەکات، کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (بە دەستکارییەوە) دەگاتە وەرگران، نەک کار لەسەر تایبەتمەندییە زمانییەکانی خودی وتارخوێن بکات، بۆیە بە پێچەوانەوە زیاتر کارەکەمان زانستی دەبێت، کە نەگەڕاوینەتەوە بۆ دەقی وتارەکان (پێش دەستکاریکردن).

بە پێویستی دەزانین هەندێک بەرچاوڕوونی و تێبینیی گشتی لەسەر میکانیزم و چۆنێتیی وەرگرتنی نموونەی ستراتیژەکان بخەینەڕوو، بە تایبەتی ئەو ستراتیژانەی، کە تایبەتن بە وتاری ئایینییەوە لە زمانی کوردیدا:

١. لە یەک نموونەدا دەکرێت دوو ستراتیژ، یان زیاتر هەبێت، بۆ نموونە پرسیارێکی ڕەوانبێژی دەکرێت وشە و دەستەواژەی هاوواتای تێدابێت (پرسیاری ڕەوانبێژی+ هاوواتایی)، ...

٢. فۆرمی بەڕێزانە و پەرژینی زمانی: سنووری هەردوو ستراتیژەکە لە یەکترەوە نزیکن، تەنانەت هەندێکجار یەک دەستەواژە هەردوو ستراتیژەکە دەگەیەنێت، وەک ئەو دەربڕینەی، کە لە (و٢)دا بەکارهاتووە: (پەرژینی قایم بێت لە ڕووتان)، وتارخوێن لە ڕێگەی ئەم دەربڕینەوە هەم ڕێزی پیشانداوە، هەم بۆ گەیاندنی پەیامێکی زبر پەرژینی بەکارهێناوە.

٣. بەڵگەهێنانەوە: (ا) ئەگەر دەقێک کرایە چەند برگەیەکەوە و هەریەکەیان وەرگێڕان و ڕاڤەی بۆکرا، ئەوا تەنها بە یەک بەڵگە دەژمێردرێت، بەڵام ئەگەر وەکو بابەت و باسی جیاواز بوون و مەبەستی تریان لە پشتەوەبوو، ئەوا بە بەڵگەی جیاواز هەژماردەکرێن. (ب) ئەگەر لە میانەی ڕاڤەی دەقی ئایەتێکدا (بۆ نموونە)، بەڵگەیەکی تری وەکو "فەرمووده" باسکرا، ئەوا بە بەڵگەی جیاواز هەژماردەکرێت، هەرچەندە یەک باس و مەبەستیش بگەیەنن. (پ) ئەگەر دەقی بەڵگەکان بە زمانی عەرەبی ئاماژەی پێنەکرا و تەنها بە زمانی کوردی باسکرا، ئەوا بە بەڵگە هەژماردەکرێت. (ت) پەندی پێشینان بە بەڵگە هەژمارنەکراوە، کە تەنها جارێک لە (و:١)دا ئاماژەپێکراوە.

٤. هاوواتایی: (ا) فۆرمی هاوواتایی دەکرێت (وشە، دەستەواژە، ڕستە) بێت. (ب) مەرج نییە دەستەواژەکان هاوواتای تەواو بن، بەڵکو زۆرینەیان هاوواتای ناتەواون، یاخود لە یەک بواری واتاییدان، وتارخوێن بە مەبەستی جەختکردنەوە و پێدانی هێز بە دەربڕاوەکانی، پەنایان بۆ دەبات. (پ) هەندێکجار واتای فەرهەنگیی فۆرمە هاوواتاکان لە یەکترەوە دوورن، بەڵام بەهۆی دەوروبەری زمانی و نازمانییەوە درک بە مەبەستی وتارخوێن دەکرێت، وەک لە (و:١)دا باسی ژن و مێردێک کراوە، کە کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوە: (ئەڵێی هەر یەکیان نەبینیوە، هەر یەکیان نەناسیوە)، بێگومان (ناسین) و (بینین) دوو واتای فەرهەنگیی جیاوازیان هەیە، کەچی لەم دەوروبەرەدا وەک هاوواتا دەرکەوتوون. (ت) مەرج نییە دەربڕینە هاوواتاکان ڕاستەوخۆ بە دوای یەکدا هاتبن، بەڵکو دەکرێت کەرەستەی تریان بکەوێتە نێوانەوە.

٥. فۆرمی پرسیاری: ئەگەر لەو دەقە عەرەبییانەی، کە وتارخوێن وەریدەگێڕێت، فۆرمی پرسیاریی تێدابوو، ئەوا بە ستراتیژی پرسیارکردن هەژمارناکرێت، چونکە هیچ مەبەست و ڕۆڵێکی وتارخوێن لە داڕشتنیدا نییە، بەڵکو تەنها وەرگێڕانی بۆ کردووە.

٦. دووبارەکردنەوە: (ا) دوو جۆری ستراتیژی دووبارەکردنەوە جیاکراوەتەوە، یەکەمیان بۆ جەختکردنەوەیە و دەچێتە خانەی "ستراتیژی ڕوونکردنەوە"وە، ئاماژەیە بۆ شێوازی زمانی بەهێز، دووەمیان بەرئەنجامی گومان و دوودڵییە و دەچێتەناو سنووری ستراتیژی دوودڵییەوە، بۆیە بە ئاماژەیەکی شێوازی زمانی بێهێز هەژماردەکرێت. (ب) پێوەری سەرەکیی جیاکردنەوەی هەردوو جۆری "دووبارەکردنەوە"، بریتییەلە دەوروبەر و ژینگەی زمانی و

نازمانیی دەربڕاوەکان. (پ) هەندێکجار سـروشـتی زمانی کوردی وا دەخوازێت وشـە، یان دەسـتەواژەیەک دووبارەبکرێتەوە، بە جۆرێک، کە واتای دووبارەکردنەوە نەگەیەنن، بەڵکو پێکەوە یەک چەمکی دیاریکراو بگەیەنن، بۆ نموونە لە (و:٣)دا ئەم دەربڕینە هاتووە: ((چەن سـاڵ زەکەریا پێغەمەر ڕەحمەتێکی بۆ دانرابوو، ئەویش یەحیایە، نەهاتەخوارەوە، نەهاتەخوارەوە، سـاڵەدوایسـاڵ تەئخیر ئەبوو، تا دەسـی بەرزکردەوە و فەرمووی: یا ڕەبی منالم پێببەخشـە، ...))، دەربڕینی هێڵبەژێرداهاتوو پێکەوە واتای (بۆ ماوەیەکی زۆر نەهاتەخوارەوە، لە دواییدا هات) دەگەیەنێت.

٧. چڕکەرەوە زمانییەکان: (ا) دەکرێت لە یەک ڕسـتەدا زیاتر لە دوو چڕکەرەوەی فۆرمجیاواز پێکەوە ڕۆڵی چڕکردنەوە ببینن، وەک لە (و:١)دا هاتووە: (هەر هەمووی پڕبەپڕ...). (ب) لە زمانی کوردیدا دەکرێت ناو بە (ژمارە زۆرەکان) چڕبکرێتەوە، وەک لە (و:١)دا هاتووە: (مەلایین خەڵک). (پ) وشـەی "هەموو" لە زمانی کوردیدا وەک چالاکترین چڕکەرەوە لە وتاری ئاینیدا ڕۆڵدەگێڕێت، لە کۆی سامپڵی توێژینەوەکەماندا (٨٥) جار بەکارهاتووە.

٨. سـوێندخواردن: تەنها ئەو جۆرانەی سـوێندخواردنمان مەبەسـتە، کە بۆ جەختکردنەوە و بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندیی وەرگر بەکاردەهێنرێن، نەک ئەو سـوێندانەی، کە وەک خوویەکی ئاخاوتنی ڕۆژانە، بێ مەبەست بەسەر زاردا دێن و پێی ڕاهاتووین.

### ٣-١/٣) تایبەتمەندییە زمانییەکانی وتاری ئاینی:

پێش ئەوەی بچینە سەر شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ستراتیژەکان و نموونەیان لە دەقە ئاینییەکانەوە بۆ بهێنینەوە، بە پێویستی دەزانین پوختەی تایبەتمەندییە زمانییەکانی وتاری ئاینی بخەینەڕوو، تاکو لە ڕێگەیەوە زیاتر شارەزای شێوازی ئاخاوتنی وتارخوێنان ببین، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ پەیبردن بە لایەنە شـاراوەکانی سـتراتیژەکان لە (دەقی وتاری ئاینی) و ئاسـانکاریی لە ڕاڤەکردنیاندا، تایبەتمەندییەکانیش (پەیوەست بە کلتوری کوردییەوە) بریتین لە:

١. زمانپاراوی و دوورکەوتنەوە لە هەر ناڕوونی و لێڵییەک، کە سـەر لە ئامادەبووان بشـێوێنێت، چونکە وتارە ئاینییەکان بۆ سـەرجەم چینوتوێژەکانە بەبێ جیاوازیی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و ئابووری و زانستی و پلەی کۆمەڵایەتی و شوێنی جوگرافی و تەنانەت تەمەن و توخمیش.

٢. بەڵگەهێنانەوە بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی بۆچوون و بابەتە باسـکراوەکان، کە سـەرەکیترینیان دەقەکانی (قورئانی پیرۆز، فەرموودە، کۆدەنگیی زانایان "الإجماع"، پێوانەی شـەرعی "القياس")ن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشـدا (وتەی زانایان، بەسـەرهات، چیرۆک، خەون، ...)، بەپێی پێویست بەکاردەهێنرێن.

٣. یەکێتیی بابەت و ڕیزبەندیی بابەتەکان، واتە بابەتەکان بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکخرابێت.

٤. ئەگەر وتارخوێن بە شـــێوەیەکی لەخۆوەیی (عفوي) وتارەکە پێشـــکەشـــبکات (نەک تەنها بیخوێنێتەوە)، ئەوا کاریگەریی زیاتری لەسەر ئامادەبووان دەبێت.

٥. زمانی واقیعی بەکاربهێنێت، نەک زمانی خەون و خەیاڵ و ئەفسانە.

٦. پێویســـتە خۆی لە دووبارەکردنەوەی وشـــە و دەربڕین و باســـەکان بپارێزێت، کە یەکێکە لە هۆکـارەکـانی بێزاربوونی ئـامـادەبووان و ڕادەی قـایلکردن کـەمـدەکـاتـەوە، مـەگـەر وەک ستراتیژێک لە خزمەتی باشتر گەیاندنی بابەتەکەدا بەکاربهێنرێت.

٧. پەیوەســـت بە خاڵی پێشـــووەوە، بەکارهێنانی فۆرمی هەمەجۆری وشـــە و دەســـتەواژە و دەربڕینە هاوواتا و لێکچووەکان، دەبێتە مایەی سەرنجراکێشانی وەرگر بۆ بابەتەکە، هاوکات هێزی قایلکردن زیاتردەکات، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو وتارخوێنانەی، کە خاوەنی فەرهەنگێکی تاکگەرایی دەوڵەمەندن.

ئەگەر بەراوردێکی ئەو تایبەتمەندییانەی باســـکران لەگەڵ شـــێوازی وتاردانی ئەو وتارخوێنانەدا بکەین، کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرمانگرتوون، دەبینین تا ڕادەیەکی باش ئەو تایبەتمەندییانەیان لە خۆیاندا بەرجەستەکردووە، سەرجەمیان بە بێ نووسینەوە و خوێندنەوە وتار پێشکەشدەکەن (تەنها بەڵگە و ســـەردێڕەکان دەنووســـنەوە، وەک لە ڤیدیۆکاندا دیارە)، هەروەها زمانێکی پاراوی دوور لە ناڕوونی و ئاڵۆزی بەکاردەهێنن، کە بۆ تێگەیاندنی ســـەرجەم چینوتوێژ و تەمەنە جیاوازەکان گونجاو بێت. لە ڕووی بەڵگەهێنانەوەشـــەوە بە پلەی یەکەم پشـــتیان بە "دەقەکانی قورئانی پیرۆز" و "فەرموودەی دروســـت" (کە بەهێزترین بەڵگەی شـــەرعین) بەســـتووە، هاوکات بەلای ئامادەبووانەوە پەسەندترینن و زۆرترین ڕادەی قایلکردنیان هەیە، ڕێژەی بەکارهێنانیشیان بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

و١: (٨٤) بەڵگە لە قورئان و فەرموودە هێنراوەتەوە، سەرجەم بەڵگەکانی تر: (٣٤).
و٢: (١٧) بەڵگە لە قورئان و فەرموودە هێنراوەتەوە، سەرجەم بەڵگەکانی تر: (٣).
و٣: (١٨) بەڵگە لە قورئان و فەرموودە هێنراوەتەوە، سەرجەم بەڵگەکانی تر: (٤).
و٤: (٢٠) بەڵگە لە قورئان و فەرموودە هێنراوەتەوە، سەرجەم بەڵگەکانی تر: (٣).
و٥: (٢١) بەڵگە لە قورئان و فەرموودە هێنراوەتەوە، سەرجەم بەڵگەکانی تر: (١).

ســەرەڕای ئەوەش دووركەوتوونەتەوە لە باسکردنی بەسـەرهاتی خەیاڵی و خەون و ئەفسـانە و ...، بە جۆرێک ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە باسانە لە کۆی هەر پێنج وتارەکەدا (سفر)ە. سەبارەت بە خاڵی (٦، ٧)یش، ئەوا ســـامپڵی توێژینەوەکەمان گەواهیدەری ئەو ڕاســـتییەن، کە وتارەکان بە شـــێوازێک پێشـــکەشـــکراون، ڕاســـتەوخۆ واتا بەدەســـتەوەدەدەن و ئامانجەکانیان دەپێکن، واتە

پێویســـتییەکی ئـەوتۆیـان بـە تێڕامـان و بیرکردنـەوەی قووڵ نییـە، بۆئـەوەی لـە کرۆک و واتـای دەربڕینەکان بگەین، ئەمەش بە بنەمایەکی سـەرەکیی شـێوازی زمانی وتار هەژماردەکرێت، بە تایبەتی وتاری ئاینی.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و بەناوبانگبوونی ئەو وتارخوێنانە ئەوەیە، کە بابەتی گونجاو هەڵدەبژێرن و خۆیان لە ناوزڕاندن و هێرشکردنی ڕاستەوخۆ بۆ سەر کەسایەتی و گروپ و حیزب و لایەنەکان دەپارێزن، ئەم سیفەتەش بە لای زۆرینەی خەڵکەوە پەسەندە و جێی ڕەزامەندییە.

## ٤-١/٣) ئاماری کۆی ستراتیژە زمانییەکان لە وتاری ئاینیدا:

بەوپێیەی، کە هەر بوارێک تایبەتمەندیی و شێوازی زمانیی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە جگەلەو ســتراتیژانەی، کە لە (٢/٢-٥)دا باســکراون (فۆرمی بەڕێزانە، پەرژین، فۆرمی پرســیاری، چڕکەرەوە، دوودڵی)، چەند ســـتراتیژێکی تری زمانیمان دەســـتنیشـــانکردووە، کە وتارخوێنان وەکو شـــێواز و تـەکنیکێکی گرنگی وتـاردان بـە شـــێوەیـەکی ســـــەرەکی بۆ کـارتێکردن و قـایلکردنی ئـامـادەبووان پشـــتیپێدەبەســـتن، ســـتراتیژەکـانیش ئـەمـانـەن: (بـەڵگـەهێنـانـەوە، هـاوواتـایی، نموونـەهێنـانـەوە، دووبارەکردنەوەی جەختیانە، سوێندخواردن).

لە خشتەی ژمارە (١)دا ژمارە و ڕێژەی تەواوی ستراتیژە بەکارهێنراوەکانی وتاری ئاینی (کە لە سامپڵی توێژینەوەکەدا دەرمانهێناون)، خراونەتەڕوو:

| ز | ژ. ستراتیژەکان | وتاری (١) | وتاری (٢) | وتاری (٣) | وتاری (٤) | وتاری (٥) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فۆرمی بەڕێزانە | ١١ | ٣٦ | ٥ | ١٤ | ٢٣ | ٨٩ (٦.٧٪) |
| ٢ | پەرژین | ٣٦ | ١٧ | ٩ | ١١ | ١٩ | ٩٢ (٦.٩٪) |
| ٣ | فۆرمی پرسیاری | ٦٦ | ٢١ | ١٤ | ٢١ | ٣١ | ١٥٣ (١١.٦٪) |
| ٣-١ | کلکەپرسیار | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ (٠٪) |
| ٣-٢ | پرسیاری ڕەوانبێژی | ٣٩ | ١١ | ١ | ٧ | ٨ | ٦٦ (٥.٠٪) |
| ٣-٣ | پرسیاری ئاسایی | ٢٧ | ١٠ | ١٣ | ١٤ | ٢٣ | ٨٧ (٦.٦٪) |
| ٤ | ڕوونکردنەوە | ١٩٨ | ٨٣ | ٧٨ | ١١٤ | ١٥٩ | ٦٣٢ (٤٨.٠٪) |
| ٤-١ | بەڵگەهێنانەوە | ١١٨ | ٢٠ | ٢٢ | ٢٣ | ٢٢ | ٢٠٥ (١٥.٥٪) |
| ٤-٢ | نموونەهێنانەوە | ٢٨ | ٤٤ | ٥ | ٢٢ | ٨٩ | ١٨٨ (١٤.٢٪) |
| ٤-٣ | هاوواتایی | ٥١ | ١٧ | ٤٠ | ٦٥ | ٤٣ | ٢١٦ (١٦.٤٪) |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤-٤ | دووبارەکردنەوەی جەختیانە | ١ | ٢ | ١١ | ٤ | ٥ | ٢٣ (٪١.٧) |
| ٥ | چڕکەرەوە | ٩٤ | ٣٩ | ٢٨ | ٢٩ | ٥٤ | ٢٤٤ (٪١٨.٥) |
| ٦ | سوێندخواردن | ٠ | ٥ | ١ | ٢ | ١ | ٩ (٪٠.٦) |
| ٧ | دوودڵی | ٢١ | ١٦ | ٢٥ | ١٠ | ٢٥ | ٩٧ (٪٧.٣) |
| | کۆی گشتیی ستراتیژەکان لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا | | | | | | ١٣١٦ |

**خشتەی ژمارە (١) ژمارە و ڕێژەی سەرجەم ستراتیژە بەکارهاتووەکان لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

هەر چوار ستراتیژی (بەڵگەهێنانەوە، هاوواتایی، نموونەهێنانەوە، دووبارەکردنەوەی جەختیانە) بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو باسەیە، کە وتارخوێن دەیەوێت بە باشترین شێوە بیگەیەنێت بە بەرانبەر، بۆیە هەموویان لەژێر ناوی یەک زاراوەدا کۆدەکەینەوە و ناویدەنێین (ستراتیژی ڕوونکردنەوە). (سوێندخواردن)یش وەک ئامرازێکی زمانی و چەمکێکی بەکارهاتوو، چەند شێواز و فۆرمێکی جیاوازی هەیە، بۆیە وەک ستراتیژێکی سەربەخۆ جیامانکردووەتەوە.
لە وەچەپارەکانی دواتردا بە وردی و بەشێوەیەکی پراکتیکی لە یەکبەیەکی ستراتیژەکان دەکۆڵینەوە.

## ٢/٣) شیکردنەوەی ستراتیژە زمانییەکانی وتاری ئاینی:

### ٢/٣-١) فۆرمی بەڕێزانە لە وتاری ئاینیدا:

چەمکی ڕێزگرتن بوارێکی فراوانی هەیە و بە چەندین ڕێگە گوزارشتی لێدەکرێت، بۆیە لەم تێزەدا تەنها ئەو فۆرمانەمان مەبەستە، کە وشە و دەستەواژەی دیاریکراون و لە زۆرینەی کات و شوێنەکاندا بۆ مەبەستی پیشاندانی ڕێز بەکاردەهێنرێن، وەک: (بەڕێزان، خۆشەویستان، براکانم، ...)، بەمەش دەتوانین سنووری کارەکەمان دەستنیشانبکەین و لە ناڕوونی بیپارێزین، بە پێچەوانەوە ئەگەر بمانەوێت سەرجەم ئەو دەربڕاوانە بدۆزینەوە، کە ڕێز پیشاندەدەن، ئەوا ڕەنگە تووشی بازنەیەکی کراوە ببین و بەوهۆیەشەوە زانستیبوونی کارەکەمان لەدەستبدەین، لەبەر دوو هۆکار: (١) دەربڕینەکانی گەیاندنی ڕێز دەکرێت (مۆرفیم و جێناوەکان، وشە، دەستەواژە، ڕستە بە هەرسێ فۆرمی سادە و ئاڵۆز و لێکدراویشەوە) بگرنەوە. (٢) مەبەستی ئاخێوەر/ وتارخوێن و دەوروبەری زمانی و نازمانی، ڕۆڵی سەرەکی لە گەیاندنی ئەو دەربڕینانەدا دەگێڕن (کە ئایا بۆ پیشاندانی ڕێزن، یان نا)، ئەمەش وردبوونەوەیەکی قوڵتری دەوێت، تاکو ئەرکی دەربڕینەکە بدۆزینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە ئەستەم دەبێت.

لە خشتەی ژمارە (٢)دا ژمارەی بەکارهێنانی فۆرمی بەڕێزانە بەپێی ڕیزبەندیی وتارەکان دەخەینەڕوو:

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمی بەڕێزانە |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ١١ | کاکە (٢)[٢٥]، خوا بمانپارێزێ، قوربان (٢)، جەنابت (٢)، خوا ماڵت ئاوا کا، تخوا، باوکی من (٢) |
| وتاری ٢ | ٣٦ | من و تۆ (٧)، ئێمە (٤)، خۆمان (٢)، موسڵمانانی بەڕێز، میوانانی ماڵی خوا، برام (٢)، برای بەڕێزم، کاکەی گیان (٢)، کاکە (٥)، پەرژینی قایم بێ لە ڕووتان، عەزیزانم/ عەزیزەکانم (١٠) |
| وتاری ٣ | ٥ | ئازیزەکانم، خۆشەویستان (٣)، ئێمە |
| وتاری ٤ | ١٤ | ئێمە (٣)، من و تۆ، براکانم (٦)، براکەم (٤) |
| وتاری ٥ | ٢٣ | باوکی من (٥)، خۆشەویستەکانم/ خۆشەویستەکەم (٥)، بەڕێزەکانم (٣)، پیاوی چاکبن، کوڕی من، ئێمە (٤)، خۆمان (٤) |
| کۆی گشتی | ٨٩ | |

**خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی سەرجەم نموونەکانی فۆرمی بەڕێزانە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

ئەگەر لە ڕوانگەی فۆرم و پێکهاتەی ڕێزمانییەوە سەرنجی دەربڕینەکانی (و١، خشتەی ژمارە ٢) بدەین، دەبینین (کاکە، قوربان، تخوا) فریزی سادەن، (جەنابت، باوکی من) فریزی فراوانکراون، (خوا بمانپارێزێ، خوا ماڵت ئاوا کا) ڕستەی تەواون و پێکەوە فۆرمێکی بەڕێزانە دروستدەکەن، دەکرێت سەرجەم دەربڕینەکانی وتارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥)یش بە هەمانشێوە پۆلبکرێت.

هەندێکجار وتارخوێن بۆ پیشاندانی ڕێز و خۆهێنانە ئاستی ئامادەبووانەوە، لە کاتی ئامۆژگاریکردن و سەرزەنشتکردندا جێناوەکانی (من و تۆ، ئێمە) لە بری (تۆ، ئێوە) بەکاردەهێنێت، بەوەش هێزی دەربڕینەکەی کەمدەکاتەوە، هاوکات دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ڕادەی قایلکردن و ڕەزامەندیی وەرگران، کۆی ئەوانەش هەڵکردنی زمانی مسۆگەردەکات (بڕوانە نموونەی ١-ا، ب):

١-ا) و٢: بۆیە عەزیزەکانم <u>ئێمەی</u> موسڵمان پێویستە نەترسین. تەنها خوا بپەرستە، خوای گەورە هەموو شتێکت بۆ دابینەکا، <u>من و تۆ</u> میوانین برام، دوو ڕۆژی تر ئەڕۆین.

١-ب) و٤: <u>من و تۆ</u> هەڵەیەک لە یەکتر نابورین، هەڵەیەک لەیەکتر نابورین، بەڵام خوای گەورە لە هەموو هەڵەیەکمان دەبووری.

لە نموونەکانی (١-ا، ب)دا دەردەکەوێت، کە هەرچەندە وتارخوێن خاوەنی پێگە و پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییە و بەشێوەیەکی فەرمی، ئەرکی ئامۆژگاریکردن و ڕێنموویيکردنی خەڵکە، بەڵام هەوڵیداوە زمانی هێز بەکارنەهێنێت، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی زمانی پەیوەست بە پەرژینی زمانی و

---

[٢٥]- ژمارەی ناو کەوانەکان، ئاماژەن بۆ چەندبارەبوونەوەی هەمان دەربڕاو. بۆنموونە دەربڕاوی (کاکە) دوو جار لە (و:١)دا بەکارهێنراوە.

شـــێوازێکی تـایبـەتیی کـاریگـەرەوە، لـە هزری ئـامـادەبووان نزیکببێتـەوە و بـە ڕێزەوە پـەیـامـەکـانی پێبگەیەنێت، لەم ڕوانگەیەشـەوە لە یەک کاتدا هەردوو سـتراتیژی (بەڕێزانە، پەرژین) چالاکدەبێت، واتە دەکرێت یەک فۆرمی زمانی، دوو ئەرک و مەبەســـتی جیاواز لەخۆبگرێت، هەر ئەمەش وایکردووە، بەشـــێک لە توێژەران هەردوو ســـتراتیژی (فۆرمی بەڕێزانە، پەرژینی زمانی) تێکەڵ بە یەکتر بکەن و وەک یەک ســـتراتیژی زمانی لێبکۆڵنەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە هەردوو ســـتراتیژەکە لە بنەڕەتدا یەک بن، ئەم بۆچوونە بە ڕەهایی ڕاست نییە، بەڵکو تەنها ئەوەندەیە، کە چەند تایبەتمەندییەک دەبنە خاڵی هاوبەشی نێوانیان.

## ٢-٢/٣) پەرژین لە وتاری ئاینیدا:

خاڵی هاوبەشــی نێوان هەردوو ســتراتیژی (فۆرمی ڕێزدارانە، پەرژینی زمانی) وایکردووە، کە هەندێکجار پەرژین وەک بەشـــێک لە فۆرمی بەڕێزانە خۆیبنوێنێت، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی فۆرمی بەڕێزانەوە، پەرژینی زمانی بۆ دەربڕینەکان داڕێژراوە (بڕوانە نموونەی ١-أ و ١-ب). کۆی ئەو پەرژینە زمانییانەی، کە لە وتارەکاندا بەکارهێنراون، لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمەکانی پەرژینی زمانی |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ٣٦ | لەوەئەچێ (٣)، دووسێ جار، ئەمڕۆ بێ یا سبەی، ئەگەر، پیاو دەبێ...زیاتر، جاری وا هەیە ئەم مرۆڤە، هەرچەن ضەعیفە، هەیە (٣)، هی وا هەیە، مرۆڤی وا هەیە، هەندێجار، هەی مرۆڤی داماو، چەندان، خوا دەزانێ (٣)، مەگەر خوا بزانێ، تۆزێ (٢)، ئەرێ کاکە...گوناهـ کەم کە، خۆ ئێرە...، ئەوە بەڕاستە (٥)، کێ ئەڵێ...؟، جارجار، هەمووتان دەزانن، مەگەر هەر، زۆربەی، زۆرێک... |
| وتاری ٢ | ١٧ | نەوعە قەلەقییەک...، بە ڕاستی، هەوڵدە (٢)، لەوەئەکا، شەرت نییە، ئەگەر (٢)، پەنجا ساڵ زیاتر، وریا بە...، ئێوە نەبوون ئەتانووت...، نەتانبینی، ئەو کەسەی کە وەها...، نەوەکو، بینیتان، پەرژینی قایم بێ لە ڕووتان، سەیری خەڵک کە |
| وتاری ٣ | ٩ | بەڵێ داوا لەویش بکە، ئەوەت بیر نەچێتەوە، ئەگەر، یا متمانەتان بە...، بومەلەرزەیەک نانێرێ... نا خەونێک دەنێرێ...، داوا ئەکەی داوا بکە، مەڵێ ئەمە...، خۆ ناپاڕێیتەوە لە...، ئەها ئێمە نازانین... |
| وتاری ٤ | ١١ | ئەی ئێمە براکانم...، زۆرێک لە ...(٢)، کەممان هەیە...(٣)، کە بڕیاربێ، لە کاتی پێویستدا، وەکو خۆیان دەڵێن، دەبینێت، ئەی تخوا ئەوەندە... |
| وتاری ٥ | ١٩ | لەوانەیە (٥)، تۆزێ/ تۆزێک (٣)، بۆ... ئەگەر؟، خوانەخواستە، هێن (٣)، ئەبێ ئاگامان لە... پەنا ئەگرم بە خوا، پێمان ئەڵێ، پیاوی چاکبن با...، لە چی ئەچێ؟، سوبحانەڵا! |
| کۆی گشتی | ٩٢ | |

**خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پەرژینی زمانی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

ئەگەر بە گشـــتی لە پەرژینەکانی خشـــتەی ژمارە (٣) بڕوانین، دەبینین بەشـــێکی زۆری دەربڕینەکان چەمکی خودپاراســـتن دەگەیەنن، کە وتارخوێن دەیەوێت خۆی لە (فەتوادان و هەڵەی زانستی، ڕەهایی گوتن، تۆمەتبارکردن) بپارێزێت و گوێگریش لەگەڵ خۆیدا بباتەناو باسەکەوە (بڕوانە نموونەکانی ٢-ا، ب، پ، ت):

٢-ا) و١: لە فەرموودەیەکی ضـەعیفا هاتووە ئەفەرمێ: هەچکەس حەوت جار بڵێت: (**حسبي الله الذي لا إله إلا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم**): هەرچەن ضـــەعیفە ئەم حەدیســـە، ئەفەرمێ... . (خودپاراســـتن لە هەڵەی زانستی)

٢-ب) و٤: ئەی ئەو کەســانەی، دەڵێی من ڕزقم بەســـتراوە، وەکو خۆیان دەڵێن، ... (خودپاراســـتن لە هەڵەی زانستی و نەریتیی باو)

٣-ا) و٥: ســـجنی بۆڵەس، لە چی ئەچێ بۆڵەس ئەو کەلیمەیە، کە پێغەمەری خوا ئەفەرمێ؟ پۆلیس! سبحان الله!! ئەم کەلیمەیە پێغەمبەری خوا لە حەدیسا باسی ئەکا... (خودپاراستن لە هەڵەی زانستی و ڕەهایی)

٣-ب) و٣: تۆ بۆ ئەگەڕێی، بـا بڕۆم بۆ لای فلانە کەس، بەڵێ داوا لەویش بکە، بەڵام ئەوەت بیر نەچێتەوە، تـا کەســـێک ئەدۆزیتەوە و متمـانەت هەبێ، کە دوعـای قەبووڵە، ئەگەری قەبووڵبوون و قەبووڵنەبوونی هەبێ، خۆت بپاڕێرەوە، بڵێ: خودایە ... (خودپاراستن لە ڕەهایی)

٤-ا) و٢: ئێوە نەبوون ئەتانووت: وشـکەسـاڵییە... نەتانبینی ئەو هەموو کچ و کوڕە؟! (خودپاراسـتن لە تۆمەتبارکردن)

٤-ب) و٥: ئەو خەڵکە هەمووی بە خزمەتکاری باوکت و بە کەسـوکار و بە بە بە هێنی شـەیتان بزانی، خۆیشت بە ئاغا و کوێخا بزانیت، ئا ئەمەیە، ئا ئەمەیە ئینسان ئەباتە ناو ناو قوڕەوە، ... (**وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا**)، قۆڵیشـــت با مەیە، ئەڵێی ئەڵێی دۆمەڵ لە بن باڵت هاتووە و خۆو هێنەکەیت و... (خودپاراستن لە دەربڕینی زبر و نەخوازراو)

ئەگەر لە (٢-ا) بڕوانین، دەبینین وتارخوێن شـــارەزایانە پەرژینی (هەرچەن ضـــەعیفە)ی بۆ دەرخســـتنی شـارەزایی خۆی ســـەبارەت بەو فەرموودەیە بەکارهێناوە، بەمەش توانیویەتی، خۆی لە ڕەخنە بپارێزێت و ســـوود لە ڕێنماییەکانی فەرموودەکەش وەربگرێت و وەک بەڵگە بەکاریانبهێنێت، چونکە بەپێی بۆچوونی کۆمەڵێک لە زانایان، دەتوانرێت پشـــت بەو فەرموودە لاوازانە ببەســـترێت، کە باســـی (ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان- فضـــائل الأعمال) دەکەن، بە مەرجێک هەڵبەســـتراو نەبێت، هەروەها دژ و پێچەوانەی بەڵگە دروستەکانی تر نەبێت.

له (٢-ب)دا وتارخوێن پەرژینی زمانیی (وەکو خۆیان دەڵێن)ی بەکارهێناوە، ئەمەش دیسان بە مەبەستی خودپارێزییە لە هەڵەی زانستی، کە بواری ڕەخنەگرتنیش بۆ ئاخێوەران ناهێڵێتەوە، چونکە بە ئاماژەپێدانی ئەو پەرژینە زمانییە، وتارخوێن توانی دەربڕینی (بەختم بەستراوە) وەکو چەمک و بیروباوەڕێکی باوی ناو کۆمەڵی کوردی ڕەتبکاتەوە و بە ئامادەبووان بڵێت، کە ئەمجۆرە دەستەواژانە ڕەشبینی دەگەیەنن و بەکارهێنانیان گونجاو نییە، هاوکات ئەو پەیامەشی تێدایە، کە دەربڕینەکە لەگەڵ بیروباوەڕی وتارخوێندا یەکناگرێتەوە.

له (٣-ا)دا وتارخوێن بۆچوونێکی تایبەتیی خۆی لەسەر مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی (پۆلیس) دەخاتەڕوو، بەڵام زیرەکانە بەهۆی دارشتنی فۆرمێکی پرسیارییەوە (لە چی ئەچێ ئەم کەلیمەیە...) هەوڵدەدات زانیارییەکە بە ناڕاستەوخۆیی بگەیەنێت، بۆئەوەی تووشی هەڵەی زانستی نەبێت و بۆچوونەکەشی وەک ڕاستییەکی زانستیی ڕەها بڵاونەکاتەوە.

وتارخوێن لە (٣-ب)دا دەیەوێت ئەو پەیامە بە گوێگران بگەیەنێت، کە خودا نزیکترینە لە مرۆڤەوە، بۆیە پێویست ناکات کەسێک لەو نێوانەدا هەبێت، کە داواکانت بە خودا بگەیەنێت، بەڵام ئەگەر داوامان لە کەسێک کرد، کە بۆمان بپاڕێتەوە و نزامان بۆبکات، ئەوا لە ڕووی ئاینییەوە ڕێگەپێدراوە، بۆیە وتارخوێن پەرژینی (بەڵێ داوا لەویش بکە)ی بەکارهێناوە، بەمەش خۆی لە گشتاندن و ڕەهایی دەربڕینەکانی پاراستووە.

وتارخوێن لە (٤-ا)دا لە ڕێگەی پەرژینی (ئێوە نەبوون ئەتانوت... نەتانبینی...) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکانی بە ئامادەبووان دەگەیەنێت و وا وێنای دەکات، کە ئامادەبووانیش هەمان هەڵوێست و بۆچوونی ئەویان هەیە (نەتانبینی)، بەمەش هێزی دەربڕینەکانی کەمتردەبێتەوە و ئەگەری وەرگرتنی پەیامەکەش زیاتردەبێت.

له (٤-ب)دا وتارخوێن هەوڵدەدات لە ڕێگەی پەرژینی (هین)ـەوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی زبر و نەخوازراو و ئازاربەخش بپارێزێت، هەرچەندە ئەمجۆرە وشانە (هین) هێمان بۆ "دوودڵی"ی وتارخوێن و لاوازیی فەرهەنگە تاکگەراییەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار ئاخێوەر ناچاردەبێت بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی دەربڕین و بۆشایی و وەستانی ئاخاوتنەکەی، وشە پرکەرەوەکان (Filler words)[٢٦]ی وەک (هین) بەکاربهێنێت، کە هاوکات بەهۆیەوە ڕەچاوی هەستی ئامادەبووانی کردووە.

[٢٦] – وشە پرکەرەوەکان لە ئاخاوتن و نووسینیشدا بەکاردەهێنرێن، بۆئەوەی کات و بوار بدەن بە قسەکەر بۆ بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن:
– لە ئاخاوتندا دەربڕینەکانی: (ئم، ئێ، باشە، دەزانی چۆنە، کۆکە، پاککردنەوەی گەروو، ...) دەگرێتەوە.
– لە نووسیندا دەربڕینەکانی: (دەمەوێ بڵێم، وا بیردەکەمەوە کە...، مەبەستمە بڵێم، واتا...، ...).

## ٣-٢/٣) فۆرمی پرسیاری لە وتاری ئاینیدا:

ئەم فۆرمە وەک پێشتر لە (٢/٢-٥-٣)ی ئەم تێزەدا باسمانکرد، بە گشتی دوو لقی لێدەبێتەوە، بەڵام پەیوەست بە وتاری ئاینیی کۆمەڵی کوردی، بە شێوەیەکی ڕێژەیی گریمانەی بەکارهێنانی سێ جۆری پرسیارکردن لە وتاری ئاینیدا دەکرێت:

### ٢/٣-٣-١) کلکەپرسیار:

ئەم فۆرمە لە وتاری ئاینیدا زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوەی: (١) زیاتر واتای نادڵنیایی و باوەڕبەخۆنەبوون دەگەیەنێت، ئەمەش لەگەڵ شێوازی وتاردانی وتاردانا یەکناگرێتەوە، کە زۆرجار بە زمانی هێز و دڵنیایی و ڕەهاییەوە پێشکەشدەکرێت. (٢) زۆرجار پێویستی بە وەڵامدانەوەی بەرانبەر هەیە، ئەمەش لە ڕووی ئاینییەوە ڕێگەپێدراو نییە، تەنها دەبێت وتارخوێن قسەبکات. (٣) وەک لە (٢/٢-٥-٣-١)دا باسکرا ئەم فۆرمە زیاتر لەلایەن توخمی مێینەوە بەکاردەهێنرێت، ئەوەش ڕوونە، کە وتارخوێنان سەرجەمیان لە توخمی نێرن.

ڕێژەی بەکارهێنانی کلکەپرسیار لە کۆی سامپڵی لێکۆڵینەوەکەماندا (سفر)ە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە وتارخوێن هەرگیز ئەم فۆرمە بەکارناهێنێت، بەڵکو لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، ئەگەر بەکاریشبهێنرێت، ئەوا تەنها فۆرمەکەی بە شێوەی کلکەپرسیار داڕێژراوە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا دەچنە خانەی (پرسیاری ڕەوانبێژی)یەوە، وەک لە نموونەی (٥)دا دەردەکەوێت:

٥) و١: خەفەت مەیە بە خەڵک، خوا خەفەتت ئەیاتێ، **<u>ئەوە بەڕاستە</u>**؟!

لە نموونەی (٥)دا وتارخوێن لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی پرسیاریی (ئەوە بە ڕاستە)وە ویستوویەتی سەرنجی ئامادەبووان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بێداریانبکاتەوە، بەوهۆیەشەوە پەیامەکانی بەهێزتر بگەیەنێت، ئەمەش پێچەوانەی مەبەستی کلکەپرسیارە (وەک پێشتر باسمانکرد)، کە لاوازیی و نادڵنیایی ئاخێوەر دەگەیەنێت بەرانبەر بە وەرگر.

### ٢/٣-٣-٢) پرسیاری ڕەوانبێژی:

پرسیاری ڕەوانبێژی، زۆرجار زادەی بیری ئەو تاکانەیە، کە خاوەنی "زمانی هێز"ن، لەبەرئەوەی مەبەستەکانی زیاتر لە چینی بەرزەوە ئاراستەی چینی نزم دەکرێت و ئەرکەکانیشی بە دەوری (ئامۆژگاریکردن، هاندان، سەرزەنشتکردن، نکۆڵیکردن، بیرخستنەوە، جەختکردنەوە، پاساودانی بەڵگە، ڕاچڵەکاندن)دا دەخولێنەوە، بە گشتی گەیاندنی ئەو پەیامانەش لە سەر دەروونی تاک قورسە،

---

پرکەرەوەکان، بە هەموو جۆرەکانیانەوە، دەچنە خانەی ستراتیژی (دوودڵی)یەوە.

بۆیە پێویســـتی بە لێهاتوویی بەگەڕخســـتنی "هێزی زمان" هەیە، کە بتوانێت پەیامێکی قایلکەرانە (بە نەخشـــەکێشـــانی پرســـیاری ڕەوانبێژی) لای وەرگران بەرهەمبهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پلاندانان و داڕشـتنی پرسـیاری ڕەوانبێژی، کارێکی ئاسـان نییە، سـەرەڕای ئەوەش لە کۆی سـامپڵی توێژینەوەکەماندا وتارخوێنان سـەرکەوتووانە (٦٦) فۆرمی پرسـیاری ڕەوانبێژییان لە کات و شـوێن و دەوروبەری گونجاودا بەکارهێناوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤):

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمەکانی پرسیاری ڕەوانبێژی |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ٣٩ | تۆ دوو کیلۆمەتر بە خەفەت ئەڕۆی؟، ئەوە بە ڕاستە؟! (٥)، ئیعتیراز بۆ ئەگری؟، بۆڵەبۆڵ بۆ ئەکەی؟ بۆ ناڕازیت...؟، ئەو چاوانەو بایی چەنە؟ ئەو گوێیەو؟ ئەو هەموو نیعمەتەی خوا پێیداوی، لە ڕوکەش و لە ناخا؟، خەفەت لەسەر چی ئەخۆی؟ بۆ خواو کردووە یان بۆ خەڵک؟، جوابی کێ ئەیەیتەوە؟، ...[٢٧] |
| وتاری ٢ | ١١ | کردەوەت چاکە؟، لەسەر حەڵاڵ پەیایئەکەی؟، تەربێتێکی جوانت داوە؟، ئاگات لە خۆتە؟ ئاگات لە نوێژتە؟، چۆن خوا... ئامادەمان بکا؟، تۆ بۆچی ئەترسی؟ لە چی ئەترسی؟ داوای چ لە خوا ئەکەی؟، کورە برام تۆ خەریک چیت؟، بۆچی ئەمەت بۆ باسئەکەم؟ |
| وتاری ٣ | ١ | تۆ بۆ ئەگەڕێی؟ |
| وتاری ٤ | ٧ | دەتەوێ لە بەڵا دوور بیّ؟، دەتەوێ لەسەرت لابچیّ؟، دەتەوێ لە دونیادا ژیانت خۆش بیّ؟، دەتەوێ خوای گەورە ژیانت خۆشکا؟، قوەتی چی؟ هێزی چی؟ پاڵەوانی چی؟ |
| وتاری ٥ | ٨ | ئەو تەعامولە چییە؟ بۆ ... بە لالوتێکەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکا بکا؟، بۆ بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵا ئەکەی؟، ... کەس باوەڕی پێئەکات؟ تۆ چیت؟ ئینسان چۆن ئەبێ ئەمە لە دڵیا بیّ؟، ... هی ئەوە نییە بە ڕاستی بەزەییتپیابێتەوە؟ |
| **کۆی گشتی** | ٦٦ | |

**خشتەی ژمارە (٤) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پرسیاری ڕەوانبێژی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

[٢٧] - پاشـماوەی نموونەکانی (و:١)، (کە لەبەر زۆریی ژمارەیان لە خشـتەکەدا نەنووسـراون)، بریتین لە: (ئەرێ کاکە تۆ دروسـتبووی بۆچی؟، مردن کۆتایی پێناهێنێ؟، ڕاسـتە هەندێکت لێسـەنراوەتەوە، بەڵام چەنێکت بۆ هێشـراوەتەوە؟، کێ هێناویەتیە پێش؟، کێ ئەڵێ دەقەیەکی تر تۆ ئەژی؟، لە خوا دادپەروەرتر هەیە؟ بەڕەحمتر هەیە؟، تۆ مرۆڤ نیت؟ وەکو ئەو خەڵکە نیت؟، ئەمە قسـەی کێیە؟، کورە ژیان کورتە، بە خەفەتەوە ئەیبەیتەسـەر؟ خەفەت چییە؟ بە شـتی لاوەکی و کەمنرخەوە ئەیبەیتە سـەر؟، هاتنت بۆ مزگەوت، ئەبو هومامە نافەرمێ: (من الجهاد في سبيل الله)؟، خوای گەورە ئەفەرمێ ... مەترسن، شەیتان ئەڵێ: بترسن، بە قسەی کامیان ئەکەی؟ بە قسـەی خوا ئەکەی سبحانه وتعالی، یا بە قسـەی شـەیتان ئەکەی؟ لە چی ئەترسـی؟ ها؟ هەیە لەم سـەر ئەرزە قازانج و زەرەری بەدەسـتبێت، جگە لە (الله) سـبحانه وتعالی؟ (لا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ): ئەمە قســـەی کێیە؟، ئەی چۆن دڵی خۆش ناکا؟ (٢)، لە کوێتە کاکە تۆ؟، تۆ بۆ نەگۆڕای؟، ئەم ڕقوقینە بۆ ئەخەیتە دڵتەوە هەر خەفەت بخۆی؟).

بۆ زیاتر شیکردنەوەی نموونەکان و تیشکخستنەسەر مەبەست و ئەرکە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم فۆرمە لای وتارخوێنان، چەند نموونەیەک شیکاردەکەین:

٦-ا) و١: خوای گەورە ئەفەرمێ: ... مەترسن، شەیتان ئەڵێ: بترسن، بە قسەی کامیان ئەکەی؟ (پاساودانی بەڵگە)

٦-ب) و٢: ئەو هەموو ڕاکەڕاکە ئەکەی لە بازاڕا، لەسەر حەڵاڵ پەیای ئەکەی؟ (نکۆڵیکردن)

٦-پ) و٣: تۆ بۆ ئەگەڕێی؟ با بڕۆم بۆ لای فلانە کەس، بەڵێ داوا لەویش بکە، بەڵام ئەوەت بیر نەچێتەوە، تا کەسێک ئەدۆزیتەوە و متمانەت هەبێ، کە دوعای قەبووڵە، ئەگەری قەبووڵبوون و قەبووڵنەبوونی هەبێ، خۆت بپاڕێرەوە، بڵێ: خودایە من ئاتاجی ڕەحمەتی تۆم... (بیرخستنەوە و سەرزەنشتکردن)

٦-ت) و٤: دەتەوێ خوای گەورە ژیانت خۆشکا؟ (هاندان)

٦-ج) و١: ئەو چاوانەو بایی چەنە؟ ئەو گوێیەو؟ ئەو هەموو نیعمەتەی خوا پێی یاوی، لە ڕوکەش و لە ناخا؟ (بیرخستنەوە و ڕاچڵەکاندن)

٦-ح) و٥: بۆ هەر کەسێکمان، ئەگەر شتێکی بەدەست بێت ئەبێ ئاوا بە لالوتێکەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکا بکا؟ (سەرزەنشتکردن)

وتارخوێنی سەرکەوتوو (وەک لە نموونەکانی ٦-ا، ب، پ، ت، ج، ح)دا دەردەکەوێت، دەتوانێت لە ڕێگەی پرسیاری ڕەوانبێژییەوە مەبەست و پەیامە جۆراوجۆرەکانی بە شێوازێکی کاریگەر بە وەرگران بگەیەنێت، بە جۆرێک: (١) هەریەکەیان واتێبگەن، بە تایبەت لەگەڵ ئەواندا دەدوێت. (٢) هەست بە ڕێز و ناڕاستەوخۆیی دەربڕینەکان بکەن، کە هیچ خۆسەپاندن و کۆنترۆڵکردنێکی تاکگەراییانەی تێدا نییە، ئەمەش یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فۆرمە پرسیارییە.

ئاخێوەری ئامۆژگاریکار/ وتارخوێن لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی سادە بیرۆکەکانی لە فۆرمی فەرماندانەدا دەربڕێت، پەنادەباتەبەر فۆرمی پرسیاری ڕەوانبێژی، چونکە نەخشەکێشانی ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای کاریگەری و قایلکردن دادەمەزرێت (بڕوانە سەرجەم نموونەکانی پرسیاری ڕەوانبێژی لە خشتەی ژمارە ٤ دا)، بە مەبەستی پاساودانی ئەو ڕاستییە، نموونەکانی (٦-ا، ب، پ، ت، ج، ح) لەگەڵ (٧-ا، ب، پ، ت، ج، ح)دا بەراوردەکەین:

٧-ا) خوای گەورە ئەفەرمێ ... مەترسن، شەیتان ئەڵێ: بترسن، بە قسەی خوا بکە.

٧-ب) ئەو هەموو ڕاکەڕاکە ئەکەی لە بازاڕا، لەسەر حەڵاڵ پەیای ناکەی.

٧-پ) و٣: مەگەرێ بە دوای خەڵکا بۆئەوەی دوعای خێرت بۆ بکەن، تا کەسێک ئەدۆزیتەوە و متمانەت هەبێ، کە دوعای قەبووڵە، ئەگەری قەبووڵبوون و قەبووڵنەبوونی هەبێ، خۆت بپاڕێرەوە، بڵێ: خودایە من ئاتاجی ڕەحمەتی تۆم.

٧-ت) ئەگەر خۆت بتەوێ، خوای گەورە ژیانت خۆش دەکا.

٧-ج) چاو و گوێ و هەموو نیعمەتەی خوا پێی یاوی، لە ڕوکەش و لە ناخا، زۆر بە نرخن.

٧-ح) نابێت هەر کەسێکمان شتێکی بەدەست بێت، بە لالوتێکەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکا بکا.

وەک دەردەکەوێت لە نموونەکانی (٧)دا شێوازێکی ڕاستەوخۆی تاکگەراییانە پەیڕەوکراوە، کە زیاتر پشتی بە زمانی هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی بەستووە، ئەمەش لە کۆمەڵی کوردیدا کەمتر پەسەندە، بۆیە ئەم شێوازە نەیتوانیوە هاوشێوەی نموونەکانی (٦) کاریگەریی لەسەر وەرگران دابنێت، کە ڕادەی قایلکردن و هەڵکردنی زمانییان پێوە پەیوەستە.

ئەگەر دووبارە سەرنجی نموونەکانی (٦-ا، ب، پ، ت، ج، ح) لە ڕووی ڕادەی قایلکردن و کارتێکردنەوە بدەین، دەبینین پرسیارە ڕەوانبێژییەکان لە ئاستێکی بەرزی سەرنجڕاکێشان و کاریگەری و قایلکردندان، کە سەرچاوەی هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانین، لەبەرئەوەی: (١) ئەگەری بەشداریکردنی ئامادەبووان لە وردەکارییەکانی باسەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاتر دەکات، هەرچەندە فۆرمە پرسیارییەکان بە بەڵگە و ئارگۆمێنتی بەهێزیش پشتئەستوور نەبن، ئەمەش یەکێکە لەو ئەنجامانەی، کە (Blankenship) لە توێژینەوەکەیدا پێیگەیشتووە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ٢/٢-٥-٥ ی ئەم تێزە). (٢) کاتێک وەرگران زانیارییەکی کەمیان لەسەر بابەتی باسکراو هەیە، ڕادەی قایلبوون و کاریگەربوون زیاتر دەبێت (Craig et al in Schulze and Pishwa, 2015: 209)، کۆمەڵی کوردییش ئەگەرچی زۆرینەی موسڵمانن و پابەندی بنەما و فەرمانە ئاینییەکانن، بەڵام لە ڕووی زانست و زانیاریی ئاینییەوە، بە گشتی زانستە ئیسلامییەکانیان نەخوێندووە و شارەزای بنەما ئاینییەکان نین، ئەمەش وایکردووە، ڕادەی کاریگەریی وتاری مامۆستایانی ئاینی زیاتربێت. (٣) وەکو هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە، تاکو پرسیارە ڕەوانبێژییەکان پشتبەستوو و ڕەنگدانەوەی بەڵگە و ئارگۆمێنتەکان بن، هێزی قایلکردن و ڕێککەوتنی زمانییان زیاتر دەبێت.

### ٢/٣-٣-٣) پرسیاری ئاسایی:

مەبەست لەو فۆرمانەیە، کە ئاخێوەر لە میانی گفتوگۆ و ئاخاوتندا پرسیاری زانستی دروستدەکات و هزر و بیری ئامادەبووانی پێدەجوڵێنێت، پاش کەمێک وەستان، خودی ئاخێوەر

وەڵامەکەش دەدرکێنێت، یان چاوەڕوانی وەڵام لە بەشداربووان دەکات، یاخود بە مەبەست پرسیارەکە بێ وەڵام بەجێدەهێڵێت، بۆئەوەی بە دوایدا بگەڕێن، بە ئامانجی بەئاگاهێنانەوە و زیاترکردنی کاریگەریی بابەتەکە لەسەر وەرگران (بڕوانە شیکردنەوەکانی نموونەی ٩). وتارخوێن هەندێکجار پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ زانیاری و پەیامەکانی بگەیەنێت، هەوڵدەدات بە نەخشەکێشانی پرسیارێکی ئاسایی بیر و سەرنجی ئامادەبووان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و وریایانبکاتەوە، تاکو بە پەرۆشی و گرنگییەوە چاوەڕوانی وەڵامەکە بن، ئەم شـــێوازە ئەگەری قایلکردن و ڕەزامەندیی وەرگران بۆ پەیامەکە زیاتردەکات، بۆیە وتارخوێنە سـەرکەوتووەکان (وەک لە سـامپڵی توێژینەوەکەشـدا دەرکەوتووە) بە ڕادەیەکی باش نەخشەی ئەم فۆرمە لە وتارەکانیاندا دەکێشن (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥):

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | فۆرمەکانی پرسیاری ئاسایی |
| --- | --- | --- |
| وتاری ١ | ٢٧ | **بەهۆیچییەوە؟، ناونرا چی لە سیرەیا؟، بۆ داوای مردنیان کرد؟، دەڵێن چی؟، ئەگەر یەکێ هەموو خەفەتەکانی کۆکردەوە ... بۆ بەدەستهێنان و پارە و ... و دەسەڵات؟، چی فەرموو بە ئەبوبەکر؟، بە بیلالی ئەفەرموو چی؟، بە چی دڵمان خۆشکە؟، چی ئەکرد؟ (٣)، بە چی بووەستنەوە؟، ئیشی چییە؟، لە چی؟، چی بکەن؟، شۆربای چی؟، بۆ؟ (٢)، چی لێبکە؟، ئەزانی بۆ قسەو پێئەڵێ؟، بەهۆی چییەوەیە؟، خوا چی ئەخاتەڕێی؟، بە چییە؟، چی بکە؟، مەگەر... بەچی لاچێ؟، ذیکر چی ئەکا؟، کێ ئەم دوعایەی زۆر ئەکرد؟،** |
| وتاری ٢ | ١٠ | **چی پێویستە لەسەر من و تۆی موسڵمان؟، چ عەبدێکە...؟، کەی نەخۆش کەوت؟، چەن ساڵ... ژیا؟، چەن ساڵ مەزەنەئەکەن؟، بۆچی ئەمەت بۆ باس ئەکەم؟، چەن ساڵ دوای ئەوە ژیا؟، مامۆستا نەتبینی؟، چی بوو؟، ئەزانی... ئیتر قات وقڕی ئەبێ؟** |
| وتاری ٣ | ١٣ | **ئەزانی لەبەر چی؟، بۆ لای کێ؟، چی پێ خەڵات ئەکا؟، چی داوائەکا؟، لەلایەن کێوە بۆم هاتووە؟، کێشەی تۆ... چییە؟، چی؟، ئەڵێ چی؟ (٢)، مەسافەکە چەنێکە؟ (٢)، بە کیلۆمەتر بە چەنێکە؟، ناوئەنرێ ساڵی چی؟** |
| وتاری ٤ | ١٤ | **بۆچی؟، بریتییەلە چی؟، بە چی؟ (٢)، چۆن دووریدەخاتەوە؟، بەڵگەمان چییە؟، بەهۆی چی؟ (٢)، ئەی کە تووشت بوو؟ زیکرەکەش چی بوو؟، بە چی لەو بەڵا ڕزگاری بوو؟، بە چی خوا ئەو قوەتەت پێدەبەخشێ؟، دەزانی چییە؟، لە چیدایە؟** |
| وتاری ٥ | ٢٣ | **بۆچی ... ئەم حیکمەتەی پێداوە؟، یەعنی چی (تصعر)؟، بۆچی حوشتر ملی ئاوای لێئەکا؟، بۆچی حوشتر دەموچاوی وا لێئەکا؟، بە من ئەڵێی چی؟، خوا چییە؟ جوانە یحب چی؟، بۆچی باسی حوشتر ئەکات، ئەزانن؟، چیرۆکەکان...بە چی بێنێتەوە؟، ئینسان چۆن ئەڕوا...؟، بۆ؟، ئەزانن بۆچی ... لەچاو ئەکا؟، چەنێ بچووکە؟ ئەزانن؟، بە قەدەر کێوی ئوحودە، چی؟، ئەزانن چەنە؟، ئەمە کێ؟ ئەچێتە عەقڵەوە؟، یەعنی چی؟ (٢) ، ئەزانن بۆچی وایە باوکەی گیان؟، بۆچی ئاوا باسئەکرێ؟، ئەزانن چەن کیلۆمەتر؟** |
| **کۆی گشتی** | ٨٧ | |

**خشتەی ژمارە (٥) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی پرسیاری ئاسایی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

نەخشەکێشانی پرسیاری ئاسایی هێندە سانا نییە، بە تایبەتی کاتێک بمانەوێت لە دەوروبەرێکی شـــیاودا بەکاریبهێنین، کە ببێتە مایەی بێدارکردنەوەی بیری وەرگر و ئاگاییانە بۆ وەرگرتنی

زانیارییەکان بیخاتە ئامادەباشـییەوە ، بۆ ئەم مەبەسـتە ئەوەی بەلای وتارخوێنەوە جێی بایەخ بێت و بیەوێت خێرا لە هزری وەرگردا جێگیربیکات، پرسـیاری ئاسـایی بۆدادەڕێژێت، تاکو لەو ڕێگەیەوە بە ئامانجەکانی بگات. بەشـێک لەو ئامانج و مەبەسـتانەی، کە وتارخوێن هەوڵدەدات لە ڕێگەی پرسـیاری ئاساییەوە بیگەیەنێت، لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:

٨-أ) و١: زۆربەی ئەو گرفتانەی دێتە ڕێتان، هەتا خەفەتەکانیش بەهۆی چییەوەیە؟ (دەرخستنی هۆکار)

٨-ب) و٢: ئەزانن چەن سـاڵ دوای ئەوە سـەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ژیا؟ بە مەزەنە چەن سـاڵ مەزەنە ئەکەن؟ سـاڵێ، دوو، دە، پانزە، بیس، بیسـپێنج؟ چل و پێنج سـاڵ دوای ئەوە ژیا... (سەرنجڕاکێشان و زانیاریپێدان)

٨-پ) و٣: مامی کۆچی دوایی ئەکا دڵی تەنگ ئەبێ، ئەو سـاڵە ناوئەنرێ سـاڵی چی؟ سـاڵی غەم و دڵتەنگی (عام الحزن)... (زانیاریی تایبەت)

٨-ت) و٤: ئەگەر (أسـتغفر الله) بکەیت، ئەو بەڵایە خوای گەورە دەتپارێزێت لێی، ئەو نەخۆشـی و ناڕەحەتییە خوا دەتپارێزێ لێی، بەڵگەمان چییە؟ خوای گەورە دەفەرمێ: (**وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ**)... (خستنەڕووی بەڵگە)

٨-ج) و٥: ...یەعنی چی؟ ئێوە ئەزانن بۆچی وایە باوکە گیان؟ ئەزانن بۆچی ئەم حەقیقەتانە ئاوا باس ئەکرێ؟ (ڕوونکردنەوەی زیاتر)

بەشێکی زۆر لە فۆرمەکانی پرسیاری ئاسایی بۆ دەرخستن و پەسنکردنی هۆکاری بابەتێکە، وەک لە (٨-أ)دا دەردەکەوێت، یان هەندێکجار وتارخوێن بە تەواوی سـەرنجی ئامادەبووان بۆ وەرگرتنی وەڵامەکە ڕادەکێشـێت، وەک لە نموونەی (٨-ب) دا دەردەکەوێـت، پاش بە ئاگاهێنانەوە، زانیارییەکان بە بایەخەوە دەگەیەنێت بە ئامادەبووان، ئەمەش بەکارهێنانی نەخشـەی زمانیی تاک لە ڕێککەوتنی زمانیدا مسۆگەردەکات، بۆ سـەلماندنی ئەو ڕاستییەش، دەکرێت هەردوو نموونەی (٨-ب) و (٩) لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین[٢٨]:

٩) سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (٤٥) ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ژیا.

نموونەی (٨-ب) و (٩) هەمان زانیارییان گەیاندووە، بەڵام شـێوازی دەربڕینی (٨-ب) کاری لەسـەر ڕەزامەندی و قایلکردن و تەنانەت کۆنترۆڵکردنی بیری ئامادەبووان کردووە، هەموو وتارخوێنێکیش ناتوانێت نەخشـەیەکی وا دابڕێژێت، بەڵام داڕشـتەیەکی وەک نموونەی (٩) نەک هەر

[٢٨] – ئەم بەراوردکردنە بۆ نموونەکانی تری ئەم سـتراتیژە و هەموو سـتراتیژەکانی تری شـێوازی بەهێز، گونجاو و ڕاستە.

وتارخوێنان، بگره سـه‌رجه‌م ئاخێوه‌ران بێ جیاوازی، ده‌توانن به شـێوه‌یه‌کی ئاسـایی به‌کاریبهێنن. دیسـان له نموونه‌ی (٨-پ)یشـدا وتارخوێن زانیارییه‌کی به پێویست زانیوه، بۆیه هه‌وڵیداوه له ڕێگه‌ی پرسـیاری ئاسـاییه‌وه بیخاته‌ڕوو. هه‌ندێکجار ئه‌م فۆرمه بۆ خسـتنه‌ڕووی به‌ڵگه و بیرخسـتنه‌وه‌ی ئاماده‌بووان، به پێویسـتیی به‌ڵگه‌هێنانه‌وه، داده‌ڕێژرێت، وه‌ک له نموونه‌ی (٨-ت) به‌رجه‌سـته‌کراوه. وتارخوێن له نموونه‌ی (٨-ج)دا مه‌به‌سـتێتی له ڕێگه‌ی پرسـیاری ئاسـاییه‌وه ڕوونکردنه‌وه‌ی زیاتر پێشکه‌شبکات و به وردی هۆکار و ناوه‌ڕۆکی بابه‌ته‌که بخاته‌ڕوو.

جێی باسـه مه‌رج نییه هه‌موو کات ئامانجێکی دیاریکراو له پشـت به‌کارهێنانی ئه‌م فۆرمه پرسـیارییانه‌وه هه‌بێت، به‌ڵکو ڕه‌نگه ئاخێوه‌ر ته‌نها وه‌کو تایبه‌تمه‌ندییه‌کی ئیدیۆلێکتی وه‌ریگرتبێت، بێمه‌به‌ست و نائاگاییانه به‌کاریبهێنێته‌وه، ئه‌گه‌ر به‌و شێوه‌یه بێت، ئه‌وا ناتوانێت کاریگه‌ری و به‌هایه‌کی ئه‌وتۆ لای وه‌رگران به‌ده‌ستبهێنێت.

جێی ئاماژه‌پێکردنه له کۆی سامپڵی توێژینه‌وه‌که‌ماندا "دوو" فۆرمی پرسیاریمان به‌رچاوکه‌وت، که ناچنه‌ناو سـنووری هیچیه‌ک له‌و سـتراتیژه پرسـیارییانه‌ی پێشـوو، به‌ڵکو واتایه‌کی جیاواز له‌خۆده‌گرن و بریتین لـه گێڕانـه‌وه‌ی چالاکییـه‌کی ئـاوه‌زیی بیرکردنـه‌وه بۆ لێپرسـینـه‌وه لـه خود (مـه‌نـه‌لۆگ)، بـه ئـامـانجی خسـتنـه‌ڕووی وه‌ڵامێکی لۆجیکیی قایلکـه‌ر، کـه هزری وه‌رگران بجوڵێنێت (بڕوانه: ١٠-ا، ب):

١٠-ا) و٣: ... باشه من چه‌ن ساڵه بۆچی غافڵ بووم له‌م مه‌عنا جوانه؟!

١٠-ب) و٤: ئێستا بیرده‌کاته‌وه و خوای گه‌وره دێته‌وه دڵی، بیرده‌کاته‌وه: باشه بۆ من نه‌گه‌ڕێمه‌وه؟

ئه‌م شـێوه‌یه له داڕشـتنی پرسـیار ده‌توانێت هه‌م وه‌کو فۆرمی پرسـیاری، هه‌م وه‌کو به‌ڵگه‌ی لۆجیکی، کاریگه‌ریی له‌سه‌ر بیرکردنه‌وه‌ی وه‌رگران هه‌بێت و ڕاده‌ی قایلکردنیش به‌رزبکاته‌وه.

### ٤-٢/٣) ڕوونکردنه‌وه له وتاری ئاینیدا:

ئه‌م زاراوه‌یه‌مان وه‌ک یه‌کێک له سـتراتیژه‌کانی وتاری ئاینی پێشـنیازکردووه، که وتارخوێنان له ڕێگه‌یه‌وه بابه‌ته‌که و هزری ئاماده‌بووان پێکه‌وه‌ده‌به‌سـتن و په‌یوه‌ندیی نێوانیان ڕوونده‌که‌نه‌وه. له ئه‌نجامی لێکۆڵینه‌وه و گه‌ڕان به نموونه‌کانی سامپڵی توێژینه‌وه‌که‌ماندا ده‌رکه‌وت، که ئه‌م ستراتیژه بۆ چوار جۆر دابه‌شـده‌بێت: (به‌ڵگه‌هێنانه‌وه، هاوواتایی، نموونه‌هێنانه‌وه، دووباره‌کردنه‌وه‌ی جه‌ختیانه)، به وێنه له (و:٥)دا وتارخوێن باسی ئامۆژگارییه‌کانی لوقمانی حه‌کیم بۆ کوڕه‌که‌ی ده‌کات، له‌مباره‌دا سێ له سـتراتیژه زمانییه‌کان بۆ قایلکردن و سـه‌رنجڕاکێشـان و نزیککردنه‌وه‌ی باسـه‌که له واقیعی ژیانی ئه‌مڕۆدا به‌کارده‌هێنێت (بڕوانه نموونه‌کانی ١١-ا، ب، پ):

١١-ا) پێیئەڵێت: (وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ)  (بەڵگەهێنانەوە بە مەبەستی قایلکردن).
١١-ب) بەڵام ئەزانێت هەر کاتێک ئینسـان کەوتە سـەر ئەو شـوێنە، ئەو میمبەرە، لە پشـتی مایکەوە وەستا، قسەی کرد  (نموونەهێنانەوە بۆ نزیککردنەوەی باسەکە لە هزری وەرگرانەوە).
١١-پ) ئینجا تووشـی کێشـە و مەشـاکیل ئەبێ، ئەبێ لە ئاسـتی مەسـولیاتا بێ، بۆیە پێی ئەڵێت... (هاوواتایی وشەیی بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و بەدوای یەکداهێنان).

لە کۆتایی وتارەکەشدا دەربڕینێک بە مەبەستی جەختکردنەوە و هۆشیاریدان دووبارەدەکاتەوە (بڕوانە: ١١-ت):
١١-ت) پیاوی چاک بن، پیاوی چاک بن، با واز لەم سـیفەتە ناشـیرینە بێنین. (دووبارەکردنەوە بە مەبەستی جەختکردنەوە)
لە خوارەوە لەسەر هەریەک لە جۆرەکانی ستراتیژی ڕوونکردنەوە دەدوێین:

### ٢/٣-٤-١) بەڵگەهێنانەوە:

لە ڕوانگەی ئاینی ئیسـلامەوە بەڵگەهێنانەوە لە بەهێزترین و دیارترین بنەما و ڕەگەزەکانی وتاری ئاینییە، کە پێویستە وتارخوێن پشتیپێببەستێت، هیچ وتارخوێنێک ناتوانێت بەبێ ئاماژەکردن بە بەڵگە شـەرعییەکان وتار پێشـکەشـبکات، بەڵگەکانیش لە ڕووی هێزی کارتێکردن و قایلکردنەوە جیاوازن، ئەم پلەبەندییە لە ڕوانگەی ئاینی ئیسـلامەوە جێگیرە، بەڵام لە ڕوانگەی کلتوری کۆمەڵەوە، بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و چینوتوێژ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و تەمەن و توخم و ...، گۆڕانی بەسـەردا دێت. بە وێنە لە کلتوری کۆمەڵی کوردیی ئێسـتادا ئایەت و فەرموودە دروستەکان بە بەهێزترین بەڵگەکان دەژمێردرێن، کەچی (چیرۆک و ئەفسانە و خەون و خەیاڵ) ڕەنگە لای بەشێکی زۆری خەڵک هەر بە بەڵگە هەژمارنەکرێن، ئەگەر ئەم هاوکێشەیە لەگەڵ هەمان کۆمەڵی کوردیی (١٠٠) سـاڵ پێش ئێسـتادا بەراوردبکەین، بۆماندەردەکەوێت، کە چیرۆک و ... چەند بە هەند وەرگیراوە، تەنانەت ئاستێکی بەرزی قایلکردنی هەبووە.

پێش شـیکارکردنی نموونەکانی بەڵگەهێنانەوە، پێویسـتە ئاماژە بەوە بکەین، کە "بەڵگەکان" لە دوو ڕوانگەوە شـیکاردەکرێن: (ا) لە ڕوانگەی خودی ئاینی پیرۆزی ئیسـلامەوە، بنەما و دروشـم و بڕیارە ئاینییەکان تەنها بە چەند ڕێگەیەک جێگیردەبێت و دەچەسـپێت، گرنگترنیشـیان (بە پلەبەندی) بریتیین لە: (١- دەقی قورئانی پیرۆز، ٢- فەرموودە دروسـتەکان، ٣- کۆدەنگیی زانایان "الإجماع"، ٤- پێوانەی شـەرعی "القیاس")، بەڵام وتەی زانایان وەک بەڵگە لێی ناڕوانرێت، بەڵکو خۆی پێویسـتیی بە بەڵگە هەیە، وەک لەمێژە وتراوە: (**أقوال العلماء يُستدل لها لا يُستدل بها**)، سـەبارەت بە خەون و چیرۆک و بەسەرهات و ...، بە هەمان شێوە نابنە بەڵگە، بەڵکو زیاتر وەک پاڵپشتی و نزیککردنەوەی باسەکان لە ژیانی بەرجەسـتە و پراکتیککردنی بەکاردەهێنرێن. (ب) لە ڕوانگەی کلتوری کۆمەڵەوە: لە کۆمەڵی کوردیدا نەک تەنها ئەوانەی لە خاڵی (ا)دا باسـکران دەبنە بەڵگە، بەڵکو هەندێکجار ئاخاوتن و باس و

بەسەرهاتەکانی ژیانی مامۆستا ئاینییەکان و پیاوچاکان وەک بەڵگە و فەتوا وەردەگیرێن. نموونەکانی ئەم تێزە زیاتر لە ڕوانگەی کلتور و کۆمەڵەوە شیکارکراوە، لەبەرئەوەی توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانییە.

دوای وردبوونەوە و دەرهێنانی سەرجەم ئەو فۆرمانەی، کە وتارخوێنان وەک بەڵگە پشتیانپێبەستووە و داڕشتنی وتارەکانیان لەسەر بنیاتناوە، بۆمان دەرکەوت، کە بە شێوەیەکی گشتی تەنها (سێ) جۆرن (دەقی ئایەتەکانی قورئان، دەقی فەرموودە، وتەی زانایان)، تێیدا (ئایەت) پاشان (فەرموودە) بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانیان هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (٦)دا ڕوونکراوەتەوە[٢٩]:

| ز. وتار | ژ.ئایەت | ژ.فەرموودە | ژ. وتەی زانایان | ژ.هی تر | کۆی بەڵگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| وتاری ١ | ٤١ | ٤٣ | ٣٣ | ١ | ١١٨ |
| وتاری ٢ | ٩ | ٨ | ٣ | ٠ | ٢٠ |
| وتاری ٣ | ١٦ | ٢ | ٣ | ١ | ٢٢ |
| وتاری ٤ | ١٥ | ٥ | ٣ | ٠ | ٢٣ |
| وتاری ٥ | ٩ | ١٢ | ١ | ٠ | ٢٢ |
| کۆی گشتی | ٩٠ | ٧٠ | ٤٣ | ٢ | ٢٠٥ |

**خشتەی ژمارە (٦) سەرجەم ستراتیژەکانی بەڵگەهێنانەوە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

وتارخوێنان وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، بۆئەوەی قایلکردنی ئارەزوومەندانە، یان ناچاری مسۆگەربکەن، بە پلەی یەکەم دەقی (ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان)یان بەکارهێناوە (واتە بەکارهێنانی زمانی هێز، کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەکەیەتی)، چونکە تەواوی موسڵمانان بە کۆدەنگی، ملکەچی ئەو دەقە پیرۆزانەن، پاشان وتەی زانایان بە پلەی دووەم پشتیپێبەستراوە، لەمەشدا وتارخوێنان بە وریاییەوە ڕەفتاریانکردووە، لەناوسەرجەم وتەکاندا هیچ وتەیەکی زانایانی هاوچەرخی تێدا نییە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١-٥)، هۆکاری ئەمەش خۆپارێزییە لەو ململانێ و ناکۆکی و ڕاجیاییەی، کە لەناو گرووپ و حیزب و ڕێکخراو و زانایانی ئاینی و کەسایەتییە دیارەکانی ئێستادا هەیە، هاوکات لەناو زانا پێشینەکانیشدا زیاتر وتەی زانایانی وەکو (ئیمامی شافیعی) و هاوشێوەکانی وەرگیراوە، بەوپێیەی زۆرینەی موسڵمانانی کۆمەڵی کوردیی (هەرێمی کوردستان) پەیڕەوکەری ئاینزای شافیعین، ئەمەش جارێکی تر هێزی قایلکردن و ڕێککەوتنی زمانی بە دەربڕینەکان دەبەخشێت. بەم ڕێگایە وتارخوێنان توانیویانە ببن بە جێی ڕەزامەندیی زۆرینەی چینوتوێژ و ئایدۆلۆجیا ئیسلامییە

[٢٩]- بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، تەواوی دەقەکانی "بەڵگەهێنانەوە"مان لە پاشکۆی ژمارە (١-٥)ی ئەم تێزەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکردووە:

- دەقی ئایەتەکان بە ڕەنگی سوور.
- دەقی فەرموودەکان بە ڕەنگی شین.
- دەقی وتەی زانایان بە ڕەنگی سەوز.
- ئەوانی تر (کە تەنها یەک دەقی تەورات و یەک چیرۆکی ڕاستەقینەیە)، بە ڕەنگی قاوەیی.

جیاوازەکان، ئەمەش هۆکارێکی ســـەرەکیی بەرزکردنەوەی ڕادەی هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانییە. جگەلەو سێ جۆرەی بەڵگەکان، کە ئاماژەمان پێکرد، تەنها جارێک لە (و:١)دا پشت بە دەقێکی تەورات بەستراوە، یەک جاریش لە (و:٣)دا پشت بە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە بەستراوە (بڕوانە پاشکۆی ١ و ٣)، ئەمەش بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی، کە ئەو دوو ســـتراتیژە، هێزی قایلکردنیان لە کۆمەڵی کوردیدا لاوازە و زیاتر وەک زانیاریی ســـەربار بۆ بەپێزترکردنی باســـەکە ئاماژەیانپێکراوە، با لە نموونەکانی (١٢-ا، ب) بڕوانین:

١٢-ا) و١: لە تەوراتا هەر لەمێژە نووسراوە: (أكثر ما تخاف منه) دڵنیابە: (لا يكون): زۆرینەی ئەوەی تۆ لێی دەترسی، مەترسە نایەتە ڕێت، خوا نایهێنێتە ڕێت سبحانه وتعالى.

١٢-ب) و٣: بەم چیرۆکە کۆتایی بە بابەتەکە ئەهێنم، خۆشەویستان، پزیشکێک، ناسراوە لە سلێمانی، باسی ئافرەتێکی ئەکرد، ئەیوت: ئەو ئافرەتە پێویستی بە نەشتەرگەری بوو...

وتارخوێن لە نموونەی (١٢-ا)دا ئایەتی (لَا تَخَافُواْ) و وتەی زانایەکیشی بۆ باسەکەی هێناوەتەوە، پاشان پەنای بۆ دەقێکی تەورات بردووە. لە نموونەی (١٢-ب)یشدا وتارخوێن لە کۆتایی وتارەکەیدا و پاش شرۆڤەکردنی سەرجەم بەڵگەکان (دەقەکانی ئایەت و فەرموودە)، بەسەرهاتێک وەک ئەزموونێکی واقیعی و پاساودانی زیاتری بەڵگەکان دەگێڕێتەوە.

## ٢/٣-٤-٢) نموونەهێنانەوە:

یەکێکە لە دیارترین و ســـەرنجڕاکێشـــترین شـێوازەکانی پێشـــکەشـکردنی وتار، کە هێمایە بۆ ئاسـتی دەوڵەمەندیی فەرهەنگ و زمانپاراوی و دونیابینیی وتارخوێنی ســـەرکەوتوو، چونکە دەتوانێت ئەم ستراتیژە بکات بە لینکی پەیوەندیی نێوان چەمکی دەقە ئاینییەکان (کە ڕەنگدانەوەی ژینگەی زیاتر لە ١٤٠٠ ســـاڵ پێش ئێســـتان) و واقیعی ژیانی ئەمڕۆ، واتە دەکرێت نموونەکان وەک پێوەرێک بۆ هەڵســـەنگاندنی ڕەفتار و گوفتاری ئێســـتای کۆمەڵی کوردی بەکاربهێنرێت، بە جۆرێک وەرگران وا هەســـتبکەن، کە دەقەکان لەگەڵ ئەوان دەدوێن، نەک تەنها گێڕانەوەی مێژوو بن، کەواتە بەم ڕێگەیە شـارەزاییە تاکگەراییەکانی وتارخوێن دەتوانێت ڕێککەوتنی زمانی بەدەسـتبهێنێت (بڕوانە نموونەکانی: ١٣-ا، ب):

١٣-ا) و١: پێغەمبەری خوا (علیه الصـــلاة وســـلام) کاتێک لە طائف دەریان کرد ... ئەفەرمێ نەمزانی چۆن بەم خەفەتەوە ڕۆیشتم، وەختێ تەماشا ئەکەم گەیشتوومەتە لوتکەی چەقەڵەکان یان ڕێویەکان، کە ناوچەیەکە شەست کیلۆمەتر دوورە لە طائیفەوە، <u>تۆ دوو کیلۆمەتر بە پێ بە خەفەت ئەڕۆی؟</u>

١٣-ب) و٣: ئەفەرمێ (**ما نقص ذلك من ما عندي، إلا كما ينقص مخيط إذا أدخل البحر**) لە موڵکی من کەم ناکا، وەکو چۆن دەرزییەک بکەیتە دەریایەکا، بڕۆ دەرزییەک بکەرە ئاوەکەی "گۆپتەپە"یا، کە ڕووباریشـــە دەریا نییە، چەنێ نوک دەرزییەکە ئاو ئەبا، ئا ئەوەنە لە موڵکی خوا کەم ئەکا.

لە نموونەی (١٣-ا)دا وتارخوێن بە مەبەستی وێناکردنی خەم و ئازارەکانی پەیامبەر (علیه الصلاة والسلام) لە ئاوەزی ئامادەبوواندا، پەنایبردووەتەبەر ســـتراتیژی نموونەهێنانەوە و بەراوردکردنی هەڵوێستێکی ئارامگریی ئەو لەگەڵ دۆخی خەڵکی ئێستادا. نموونەی (١٣-ب)یش دیســان وتارخوێن باسی فراوانیی موڵکی خودا دەکات، کە هەرچەندی بە بەندەکانی لێببەخشێت، هیچی لێ کەمنابێتەوە، ڕێژەی کەمبوونەوەی موڵکەکەی، بە ئەندازەی کەمبوونەوەی ئاوی دەریایەکە، کە ئەوەندەی نوکە دەزوویەکی لێدەربهێنیت (وەک لە فەرموودەکەدا هاتووە)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و نزیککردنەوەی چەمکەکە لە هزری ئامادەبووانەوە، وتارخوێن "زێی گۆپتەپە" (دەکەوێتە سنووری قەزای چەمچەماڵەوە، کە وتارخوێن وتاری تێدا پێشکەشدەکات) بە نموونە دەهێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئامادەبووان زۆر پێی ئاشنان و مەودایەکی جوگرافیی کەم لە نێوانیاندا هەیە.

هەندێکجار وتارخوێن هەوڵیداوە بە داتا سەردەمییەکان نموونە بۆ باسەکەی بهێنێتەوە، (و:٥) باسی کەسێکی خۆبەزلزان دەکات، کە خودا بەوهۆیەوە دەیبات بە ناخی زەویدا، بەمشێوەیەی خوارەوە سەرنجی وەرگران ڕادەکێشێت:

١٣-پ) و٥: ئەفەرمێ تا ڕۆژی قیامەت ئەچێ بە ناخی عەرزا، ئەزانن چەن کیلۆمەتر؟ ٦٣٨٠ کیلۆمەتر هەتا ئەگاتە ناو کرۆکی زەوی، ...

هەندێکجار تەنانەت شـــرۆڤە و تەفســـیری بەڵگە عەرەبییەکانیش بە ڕێگەی نموونەهێنانەوە ڕووندەکرێتەوە (بڕوانە ١٣-ت):

١٣-ت) و٥: ... (**وَلا تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا**)، (**مَرَح**): ئەها، کە ئەوەی ئیتر شوێن بە خۆی ناگرێ، ئیتر هەر هین ئەکات و ئەبێ کامێرە لە دەوری بێت و یەک کۆمەڵ منەصەی بۆ ڕیزکرابێت و قسە بکات و بەس ئەم قسە ئەکا...

لە نموونەی (١٣-ت)دا لە ڕووی فەرهەنگەوە، ڕاڤەی زاراوەی (مَرَح) نەکراوە بۆ ئامادەبووان، بەڵکو وتارخوێن ڕاستەوخۆ چەند پەسن و ئاکارێکی بۆ شیکردنەوەی زاراوەکە بە نموونە هێناوەتەوە، بەمەش دوو ئامانجی پێکاوە: یەکەمیان گەیاندنی واتای زاراوەکە، دووەمیان بەدەستهێنانی کارتێکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕەزامەندیی ئامادەبووان. بەم پێودانگەش ڕێککەوتنی زمانیی و هەڵکردن هاتووەتەکایەوە.

لە ڕوانگەی شیکردنەوە و پەسنکردنی نموونەکانی پێشووەوە دەردەکەوێت، کە ئەم ستراتیژە ئاماژەیە بۆ زمانی بەهێز و پێویستە وتارخوێنان لە میانی پێشکەشکردنی وتاردا پشتیپێببەستن، ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی سامپڵی توێژینەوەکەمان، دەبینین تێکڕای ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە سەرجەم وتارەکاندا (جگەلە و:٣)[٣٠] لە ئاستێکی زۆر باشدایە، وەک لە خشتەی ژمارە (٧)دا دەردەکەوێت[٣١]:

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان |
|---|---|
| وتاری ١ | ٢٨ |
| وتاری ٢ | ٤٤ |
| وتاری ٣ | ٥ |
| وتاری ٤ | ٢٢ |
| وتاری ٥ | ٨٩ |
| کۆی گشتی | ١٨٨ |

**خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی نموونەهێنانەوە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

لە کۆمەڵی کوردیدا تاکو ڕێژەی بەکارهێنانی شێوازی نموونەهێنانەوە زیاتر بێت، زیاتر جێی ڕەزامەندیی وەرگران دەبێت، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نموونەکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و بە ڕێزەوە پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرێت، وەک لە نموونەکانی (١٤-ا، ب، پ، ت)دا دەردەکەوێت:

١٤-ا) و١: ڕازی بە بە بەشی خوا، ... تۆ ئەوپەڕ دڵشادی، قەناعەتت هەبێ بەو جوانییە، هەیە قەناعەتی نییە بە لوتی، ئەوەنەی دەسکاری ئەکا، قەناعەتی نییە بە قژی، قەناعەتی نییە سەرو چاوی ...

١٤-ب) و٢: خوای گەورە پێی خۆشە ئاوا عەبدەکەی داوای لێبکا، ئاوا بڕوانێ بۆ مستەقبەل، نەوەکو: بە خوا لە برسا ئەمرین، بە خوا ڕەق ئەبینەوە، بە خوا ئاوارە ئەبین، بە خوا باران نابارێ.

---

٣٠ - وتارخوێنان بە ڕێژەی جیاواز هەریەک لە شێواز و ستراتیژەکان بەکاردەهێنن، مەرج نییە کەم بەکارهێنانی ستراتیژێکی بەهێز ئاماژەی بێهێزیی شێوازی ئاخاوتنی ئەو وتارخوێنە بێت، بەڵکو هەر وتارخوێنێک دەتوانێت شارەزایی و لێهاتوویی ئیدیۆلێکتییەکانی بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکورتییەکانی بەکاربهێنێت و برەو بەو ستراتیژ و شێوازە بدات، کە دەتوانێت بەوپەڕی کۆنترۆڵکردنەوە پراکتیکیبکات، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە لایەنی ئیدیۆلێکتیی (و:٣) لە بەکارهێنانی ستراتیژەکاندا، دەبینین زۆرترین نموونەی هاوواتایی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە وتارەکەیدا پراکتیککردووە، وەک لە خشتەی ژمارە (١)ی لاپەڕە (١٠١) دا خراوەتەڕوو، کە ڕەنگە بتوانێت قەرەبووی ئەو ڕێژە کەمە بکاتەوە، کە لە ستراتیژی نموونەهێنانەوەدا پێشکەشیکردوون.

٣١ - بۆ بینینی تەواوی نموونەکانی ستراتیژی نموونەهێنانەوە، کە بە ڕەنگی (شین) هایلایتکراوە، بڕوانە پاشکۆی (١-٥)ی ئەم تێزە.

١٤-پ) و٤: ئەی ئێمە براکانم، کە کار لەوە چووەتە دەرەوە: غافڵین بێئاگاین، ... کەممان هەیە تووشی غەیبەت و بوهتان نەبووبێت، کەممان هەیە تووشی خواردنی گۆشتی براکەی نەبووبێت، تووشی خواردنی ماڵی حەرام نەبووبێت، تووشی ئەزێتدانی موسڵمانان نەبووبێت، ...

١٤-ت) و٥: خوای گەورە فێری ئەوەمان ئەکا لەسەر زمانی لقمان ئەفەرمێ: ئەم سیفەتە ناشیرینە، خەڵک هات موراجەعەی کردی، ئەگەر ئیستعلاماتێکی بەردەرگا بووی، ئەگەر پۆلیسێ بووی، ئەگەر موەزەفێ بووی لە دائیرەیەکا، ئەگەر دکتۆرێ بووی، ... ئاوا لەگەڵ خەڵکا قسە مەکە: ها، بەڵێ، فەرموو، ناکرێ، خواحافیز...

بەکارهێنانی ئاماژەی (هەیە) لە (١٤-ا)دا بۆ کەسی سێیەمی تاکە، (بە بێ ئەوەی ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو بکرێت)، ئەمەش ئەگەرچی وتارخوێن مەبەستی ئامادەبووانە، ڕێز و ناڕاستەوخۆیی پیشاندەدات و هێزی دەربڕینەکان لەسەر دەروونی وەرگران کەمدەکاتەوە و هەڵکردنی زمانی بەرهەمدەهێنێت. لە (١٤-ب)یشدا دیسان وتارخوێن ناڕاستەوخۆ ئامۆژگاریی ئامادەبووان دەکات، بەوەی بە گەشبینییەوە لە داهاتوو بڕوانن و واز لەو دەربڕینە باوانە بهێنن، کە بەرهەمی بیری ڕەشبینەکانن، بۆ بەرجەستەکردنی ئەمەش چەند ڕستەیەکی سەر زاری خەڵکی ڕەشبین وەک نموونە دووبارەدەکاتەوە، بە مەبەستی خۆپارێزی لەو دەربڕینانە. بە هەمان شێوە لە (١٤-پ)دا وتارخوێن لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی کۆوە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی دەداتە ئامادەبووان و بە شێوەیەکی گشتی چەند نموونەیەکی تاوان و سەرپێچییەکانی خەڵک بیری ئامادەبووان دەخاتەوە، کە زۆرینە تێیدا بەشدارن، بەمەش خۆی لە تۆمەتبارکردنی بەرانبەر پاراستووە، هاوکات ڕادەی ڕەزامەندیی وەرگرانیشی زیاترکردووە. وتارخوێن لە (١٤-ت)دا دەیەوێت سەرزەنشتی سیفەتی خۆبەزلزانی و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا بکات، لەمبارەدا وتارخوێن نەخشەی زمانیی خۆی بە شێوەیەکی قایلکەرانە دادەڕێژێت، سەرەتا بە ڕێزپیشاندان و خۆهێنانە ڕیزی خەڵکەوە (خوای گەورە فێری ئەوەمان ئەکا ...)، دواتر بە گشتی وتەکانی ئاراستەی سەرجەم چینوتوێژەکان دەکات، نەک تەنها لایەنێک، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤ لە هەر پۆست و پلەیەکی زانستی و پیشەیی جیاوازدا بێت پێویستە ڕێز لە خەڵکی بگرێت و کارەکانیان بە جوانی ڕاییبکات، وتارخوێن لەم وتەیەدا هێزی زمان بەکاردەهێنێت نەک زمانی هێز (سوودوەرگرتن لە پێگەی ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ...)، بەمەش لە ئامادەبووان نزیکتر دەبێتەوە و بەوهۆیەوە هەڵکردنی زمانییش بەئەنجامدەگات.

هەندێکجار وتارخوێن سیناریۆیەکی هاوشێوەی وتە نەشیاوەکانی ناو خەڵک دروستدەکات بۆئەوەی ناڕاستەوخۆ لایەنە نەرێنییەکانی هەندێک ئاکاری ناو کۆمەڵ بخاتە پێشچاوی وەرگران، بە مەبەستی وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو ڕەفتارانە، وەک لە نموونەی (١٥)دا دەردەکەوێت:

١٥) و٢: هەر هاوڕێیەکت هەیە مەشئوومە، کەسێکی ڕەشبینە، وەلیکە با بڕوا، هەر کەسێکە. مامۆسا نەتبینی؟ چیبوو؟ سەیر ئەکەم کابرایەکە ئیخبارێکی بڵاوکردۆ، کوره بابە ئەوە ئەزانی چی ئیخبارێکە...، ئەزانی لەسەر زەوی ئیتر قات وقڕی ئەبێ؟ بابە ئەم زەوییە هی خوایە...

وتارخوێن لە نموونەی (١٥)دا ئامانجییەتی تایبەتمەندییەکانی کەسانی ڕەشبین لە ڕێگەی سیناریۆیەکەوە (مامۆسا نەتبینی؟ چیبوو؟...) بە ئامادەبووان بناسێنێت، هاوکات بە ناڕاستەوخۆ خودی ڕەشبینەکانیش بێداربکاتەوە بۆ وازهێنان لەو خوو و ڕەفتارە نەرێنییە.

## ٣/٢-٤-٣) هاوواتایی:

زاراوەی هاوواتایی لە زانستی واتاسازیدا بوار و چەمکێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، بەڵام لەم تێزەدا بوارێکی گشتگیر و فراوانتر دەگرێتەوە، واتە سەرجەم ئەو فۆرمە زمانییانە (وشە، فرێز، ڕستە) دەگرێتەوە، کە لە ژینگەیەکی زمانیدا وەک هاوواتای یەکتر بەکاردەهێنرێن، ئەگەرچی واتای فەرهەنگییان زۆر لەیەکەوە دووربێت (بڕوانە نموونەی ١٦-ا). زۆرجار وتارخوێن بە مەبەستی جەختکردنەوە و دووپاتکردنەوەی پەیامەکەی (بڕوانە نموونەی ١٦-ب)، یان ڕاڤەکرن و وەرگێڕانی دەربڕینێک (بڕوانە نموونەی ١٦-پ، ت، ج)، پەنا بۆ ئەم ستراتیژە زمانییە دەبات:

١٦-ا) و١: ئەم ژن و مێردە پەنجا ساڵ ژن و مێردن، هەر ئەونە تەڵاق کەوتە بەینیانەوە، ئەڵێی کەسیان یەکتر ناناسن، سبحان الله، چەنە خۆشت دەوێ، هەر ئەونە بەین تێکچوو، تەواو... ئەڵێی هەر نەتبینیوە، هەر نەتناسیوە...

١٦-ب) و٣: پێغەمەری نازدارمان (علیه الصلاة والسلام)، خەدیجەی خێزانی چەن ناز و نیعمەتی بە پێغەمەر بەخشیوە (علیه الصلاة والسلام)، وەفات ئەکا، کۆچی دوایی ئەکا ...

١٦-پ) و٤: دەفەرمێ: منیش مرۆڤێکم جار وا هەیە سەهو، لەبیرچوونەوە بەسەر دڵمدا دێت ...

١٦-ت) و٢: لە حەجەتل ویداع، لە حەجی ماڵئاوایی ...

١٦-ج) و٥: لەبەر ئەوەی، کە مناڵ، ئەم قیصەیە بۆ مناڵە، ئەم چیرۆکە بۆ مناڵە ...

ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتیژی نموونەهێنانەوە لەلایەن وتارخوێنە دیارەکانەوە، بەڵگەیە لەسەر پێویستی و سەرنجڕاکێشی و بەهێزیی ستراتیژەکە، بە تایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوە عەرەبییەکان (کە لای بەشێک لە وەرگران ڕوون نین)، جگەلەوەش هەمەجۆری و

گۆڕانکارییەکی ڕەوانبێژیی جوان دەدات بە وشـــە و دەربڕینەکان و لە دووبارەبوونەوە دەیانپارێزێت، بەمەش ڕەزامەندیی ئامادەبووان بۆ وەرگرتنی پەیامەکە مسۆگەر دەبێت.

ژمارەی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە دەقی وتارەکاندا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە[٣٢]:

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمەکانی هاوواتایی |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ٥١ | ئەجر و پاداشت، لە خەفەتا لە غەمباریا، گوناهـ و تاوان، گرفت و کێشەکان، هەمووی سەرتاسەری، ڕزگاریکردین نەجاتمان بوو، پارە و پوول و سامان، پشت بە خوا ببەستە... ئیعتیمادی بکەرەسەر، ... |
| وتاری ٢ | ١٧ | هەوڵ و تەقەلا، مستەقبەل... داهاتوو، کون و کەلەبەر، ڕزق و ڕۆزی، سێیەکی بکەرە خێر یەعنی بیکە سێ بەش بەشێکی بکەرە خێر، مەشئومە کەسێکی ڕەشبینە، ئەوەش موتەفائیلی ئەگەیەنێ ئینسان ئەبێ گەشبین بێ، ... |
| وتاری ٣ | ٤٠ | ڕەحمەت و میهرەبانی، یەکسەر موباشەڕەتەن، کۆشک و تەلار، پشکۆیەک ئاگر بە دەستیانەوە بێ مەشخەڵێکیان بە دەستەوە بێ، کۆرپەکەی ئێنێ جەرگەکەی ئێنێ خۆشەویستەکەی جگەرگۆشەکەی ئێنێ، لە هەژار لە نەدار،... |
| وتاری ٤ | ٦٥ | غەفڵەت و لەبیرچوونەوە، تاعەت و عیبادەت، سەهوویەک بێئاگاییەک، گوێڕایەڵ و تاعەت، بەڵا و موسیبەت، بە سەریعی و بەپەلە، تەوبەی کرد و گەڕایەوە لای خوا، بەهۆی "أستغفرالله" بەهۆی داوای لێخۆشبوونکردن، ... |
| وتاری ٥ | ٤٣ | خەڵک و دەوروبەر، ئەم ڕێباز و ئەم ڕێگەیە، دەعوە و بانگەواز، کیبر و گەورەبوون، لەسەر سەری خۆی دانا لەسەر چاوی خۆی دانا، خەڵکی تر نابینێ نازانێ خەڵکی تر هەیە، پیاوی ئەوێ ڕیجالی ئەوێ، گەیشتیتە ئەم مەوقیفە گەیشتە ئەم ئاستە، ... |
| **کۆی گشتی** | ٢١٦ | |

**خشتەی ژمارە (٨) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی هاوواتایی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

یەکێک لە هۆکارە ســـــەرەکییەکانی زۆر بەکارهێنانی ئەم ســـــتراتیژە لەلایەن مامۆســـــتایانی ئاینییەوە ئەوەیە، کە دەقەکانی قورئان و فەرموودە و زۆرینەی ســـەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بە زمانی عەرەبی نووســـــراون، ئەمەش وایکردووە، کە وتارخوێنان نەتوانن دەســــتبەرداری زاراوە ئاینییە عەرەبییەکان ببن، هاوکات بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەکە، هەوڵیانداوە لە کوردیدا وشـــە و زاراوەی هاوواتای بۆ بدۆزنەوە، تەنانەت توانیویانە هەندێک لە زاراوەکان لەناو فەرهەنگی کوردیدا جێگیربکەن و زۆرجار جێگەی زاراوە کوردییەکانیان گرتووەتەوە (ئەگەر هەبووبێت) (بڕوانە نموونەی ١٧-ا)، یان

٣٢ - لەبەر زۆریی ژمارەی نموونەکان، نەمانتوانیوە ئاماژە بە هەموویان بکەین، بۆ بینینی تەواوی نموونەکان، کە بە ڕەنگی (زەرد) نووسراون، بڕوانە پاشکۆی (١-٥)ی ئەم تێزە.

لەگەڵ زاراوە هاوواتا کوردییەکەدا وەک فۆرمێکی لێکدراو پێکەوە دارێژراون (بڕوانە نموونەی ١٧-ب):

١٧-ا) ڕزق (ڕۆزی)، تەواف (سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا)، ئیسراو میعراج (شەوڕەوی)، خەڵک (خلق)، قەزاوقەدەر، سەلام (سڵاو)، حەرام، حەڵاڵ، دونیا (گێتی)، ...

١٧-ب) سەبر و تەحەمول، بەڵا و موسیبەت، ڕیزق و ڕۆزی، درۆ و دەلەسە، خەم و خەفەت، غەم و پەژارە، ...

ئەگەر لە نموونەکانی (١٧-ا) بڕوانین، دەبینین هەموویان هاتوونەتەناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و لە ئاخاوتن و نووسینیشدا بە تەواوی چەسپاون، سەبارەت بە نموونەکانی (١٧-ب)یش زیاتر لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن. دارشتەی جووتەوشەکان وەکو یەک نین، بۆ نموونە (سەبر و تەحەمول، بەڵا و موسیبەت) هەردووکیان لە عەرەبییەوە وەرگیراون، هەندێکی تریشیان لە لێکدانی وشەیەکی کوردی و وشەیەکی عەرەبییەوە دارێژراو (چ وشە کوردییەکە پێشکەوتبێت، یان بە پێچەوانەوە)، وەک: (ڕزق و ڕۆزی، درۆ و دەلەسە، خەم و خەفەت، غەم و پەژارە)، هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە وتارخوێنان توانیویانە سەرکەوتووانە نەخشەی زمانیی تاکگەرایی خۆیان بئاخننە ناو چینوتوێژەکانی کۆمەڵەوە و بەهۆیەوە ڕێککەوتنی زمانی بەرهەمبهێنن.

## ٢/٣-٤-٤) دووبارەکردنەوەی جەختیانە:

دووبارەکردنەوەی جەختیانە یەکێکە لە ستراتیژ و شێوازەکانی پێشکەشکردنی وتار، ئامانجی سەرەکیی تێیدا جەختکردنەوەیە لە واتای ئەو دەربڕاوەی، کە دووبارەدەکرێتەوە، بە مەبەستی کارتێکردنی وەرگران و ڕاکێشانی بیر و سەرنجیان بۆ بابەتێکی گەورە و گرنگ، ئەم ستراتیژە بەزۆری لە ئاخاوتن و وتاردانا بەکاردەهێنرێت و لە ڕێگەی کۆدە زمانی و نازمانییەکانەوە درک بە مەبەستەکەی دەکرێت (بڕوانە نموونەکانی ١٨-ا، ب):

١٨-ا) و٣: **چەن ڕەحمەتی خوا** ئا **ئێستە** <u>ئێستە</u>، <u>چەن ڕەحمەتی خوا</u> لە ئاسمان وەستاوە بۆئەوەی بێتە خوارەوە، چاوەڕێی دوعای تۆیە...

١٨-ب) و٤: من و تۆ **هەڵەیەک لە یەکتر نابورین**، <u>هەڵەیەک لەیەکتر نابورین</u>، بەڵام خوای گەورە لە هەموو هەڵەیەکمان دەبووری.

ئەگەر لە ڕووی بەهێزیی شێوازی دارشتنەوە نموونەکانی (١٨-ا) و (١٨-ب) لەگەڵ یەکتردا بەراوردبکەین، دەبینین شێوازی (١٨-ب) بەهێزتر دەردەکەوێت، چونکە ڕاستە ستراتیژی دووبارەکردنەوەی جەختیانە کاریگەریی بەهێزی لەسەر هزری وەرگران هەیە، بەڵام ئەگەر زیاتر لە ڕادەی پێویست بەکارهێنرا، ئەوا ئامانجەکەی لەدەستدەدات و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، لە نموونەی (١٨-ا)دا هەردوو دەربڕینی (ئێستە، چەن ڕەحمەتی خوا) دووبارەکراونەتەوە، ئەمەش وەک

جۆرێک لە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو ســتراتیژەدا دەردەکەوێت، بۆیە دەبینین لە کۆی چوار وتار (١، ٢، ٤، ٥) [٣٣] تەنها (١٢) جار پشت بەم ستراتیژە بەستراوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٩):

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمەکانی دووبارەکردنەوەی جەختیانە |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ١ | باس |
| وتاری ٢ | ٢ | یەک کچی هەبوو، نابێ مەئویس بی |
| وتاری ٣ | ١١ | متمانەت بە خودا هەبێ (٢)[٣٤]، ئەوەم بۆ بکە، نا، مردوو زینوو ئەکەینەوە، یەک دوعایە، دوعاکە وەرئەگرێ، چەن ڕەحمەتی خوا، ئێستە، نەهاتە خوارەوە، خۆیشی نازانێ |
| وتاری ٤ | ٤ | گەورەدەبێ، بە ژیانێکی خۆش، هەڵەیەک لە یەکتر نابوورین، بگەڕێوە |
| وتاری ٥ | ٥ | وا نییە، شانێک بۆ شانەکەی تری، شوێنی دانیشتنەکەی، پیاوی چاکبن، تۆزێک |
| کۆی گشتی | ٢٣ | |

**خشتەی ژمارە (٩) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی دووبارەکردنەوەی جەختیانە لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

مەرج نییە فۆرمە دووبارەکان ڕاســـــتەوخۆ بەدوای یەکدا بێن، بەڵام مەرجە لە هەمان ژینگەی ئاخاوتنیدا هاتبن (بڕوانە نموونەی ١٩-ا، ب) هەروەها مەرجیش نییە بە تەواوی هاوفۆرم بن (بڕوانە: ١٩-پ):

١٩-ا) و٢: هیچ کاتێک ئینســـــانی موســـــڵمان **نابێ مەئویس بێ** لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، نابێ مەئویس بێ.

١٩-ب) و٥: **شوێنی دانیشتنەکەی**، بەس شوێنی دانیشتنەکەی لە بە قەدەر بەینی مەکە و مەدینەیە، ...

١٩-پ) و٤: ... خوای گەورە: (يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَـــنًا)، چۆن **دەتانژێنێ ژیانێکی خۆش**، تا ئەوکاتەی، کە ئەجەلتان دێت، دەژی بە ژیانێکی خۆش ...

[٣٣] – ئەوەی جێی ئاماژەیە (و:٣) بە تەنها (١١) جار ئەم ســتراتیژەی بەکارهێناوە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە وتارخوێن وەک تایبەتمەندییەکی ئیدیۆلێکتی، خووی بە داڕشتنی ئەم شێوازەوە گرتبێت، بۆیە هەندێکجار بە مەبەست و هەندێکجاریش بەبێ مەبەست ستراتیژەکە بەکاردەهێنێت.

[٣٤]– ئەم ڕســتەیە ناونیشـانی وتارەکەیە و سـەرجەم بەڵگە و باسـەکان بە دەوری ئەم چەمکەدا دەخولێنەوە، وتارخوێن پاش هەر باسێک ئەم ڕستەیە بیری ئامادەبووان دەخاتەوە، کە دەگاتە (١٠) جار، بەڵام تەنها لە دوو شوێنی وتارەکەیدا ئەم ڕســتەیە بە دوای یەکدا دووبارەدەکاتەوە، ئەوانی تر مەودای باســێک، یان زیاتر لە نێوانیاندا هەیە (واتە لە هەمان ژینگەی زمانیدا نین)، بۆیە تەنها ئەو دوو نموونەیەمان هەژمارکردووە.

دەکرێت لە ڕێگەی هەندێک فۆرمی وەک (بەس)، کە لە نموونەی (١٩-ب) دا هاتووە، زیاتر جەخت لە ناوەڕۆک و مەبەستی باسەکە بکرێتەوە، ئەمەش بۆ دەستبەسەرداگرتنی تەواوی بابەتەکەیە لە ڕێگەی شێوازێکی ئیدیۆلێکتیی وتارخوێنەوە.

هەریەک لەو شـێوازانەی ئاماژەمان پێدان، کاریگەریی خۆیان لەسـەر هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانی و قایلکردنی وەرگراندا هەیە، بە مەرجێک بەپێی پێویسـتیی باسـەکە و بە ڕێژەیەکی کەم و لە کات و شـوێنی گونجاودا (وەک لە خشـتەی ژمارە ٩ دا خرایەڕوو) بەکاربهێنرێت، ئەگەرنا ئامانج و مەبەستی بەکارهێنانەکەی پێچەوانەدەبێتەوە.

## ٣/٢-٥) چرکەرەوە زمانییەکان لە وتاری ئاینیدا:

یەکێک لە بنەما و ئەرکە هەرە گرنگەکانی وتاری ئاینی، هاندان و ڕێنموویيکردنە، چرکەرەوەکانیش لە ئامرازە سەرەکییەکانی گەیاندنی ئەو ئەرکەن، بۆیە وتارخوێنی ئاینی ناچاردەبێت ڕێژەیەکی زۆری چرکەرەوەکان بەکاربهێنێت، بەڵام سەرکەوتنی نەخشەی زمانیی تاک/ وتارخوێن لە هەمەجۆری و پلەبەندیی سـتراتیژەکاندا دەردەکەوێت، بە جۆرێک لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە بە دروستی داڕێژرابێت (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١٠)، بە وێنە (و:١) (١٤) جار دەستەواژەی (تا ئەتوانی) لە بری هاوەڵکرداری (زۆر) بەکارهێناوە (بڕوانە ٢٠-ا، ب، پ):

٢٠-ا) <u>تا ئەتوانیت</u> سەرنجی ئەو نیعمەتانە بە، کە خوا پێی یاویت ...

٢٠-ب) تا ئەتوانی یادی خوا بکە...

٢٠-پ) تا ئەتوانی ورەبەرز بە...

هەڵبژاردنی ئەم چرکەرەوەیە (تا دەتوانیت) بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: (١) هەمەجۆریی لە بەکارهێنانی چرکەرەوەکاندا، واتە خۆپارێزی لە چەندبارەکردنەوەی تاکە فۆرمێکی چرکەرەوە. (٢) چرکەرەوەکە واتایەکی نەرمتر دەگەیەنێت، بەوەی جێبەجێکردنی فەرمانەکان بە توانای مرۆڤەوە پەیوەست دەکات: (تا دەتوانیت = بەپێی توانا). هەردوو هۆکارەکەش لە پێناوی قایلکردن و ڕاکێشانی سەرنجی ئامادەبوواندایە، بە مەبەستی چالاککردنی لێهاتووییە تاکگەراییەکان لە پێناو کۆنترۆڵکردنی سەرنجی وەرگران و هەڵکردنی زمانیدا.

| ژ. فۆرمەکانی چڕکەرەوە زمانییەکان | ژ. ستراتیژەکان | ز. وتار |
|---|---|---|
| هێندە، مەلایین، تا ئەتوانی (١٤)، هەموو (٣٤)، گەلێک، تەواو، پڕبەپڕ، هەر، ئەوەندە/ ئەمەندە (١٣)، سەرتاسەر، بە ڕاستی (٢)، زۆر (٧)، زۆر زۆر، خەفەت لەسەر خەفەت، دڵنیابە (٢)، هەتاهەتایی، زیاتر، ئەوپەڕ/ ئەوپەڕی (٥)، پەنجا، پڕە لە...، دووجار، کۆمەڵێک، پڕاوپڕ، لە خەمی بەردەوامایە، | ٩٤ | وتاری ١ |
| هەموو (٢١)، زۆر (٧)، زۆر زۆر، بە زۆری، ئەوپەڕی (٣)، هەتا ماوە (٢)، بە ڕاستی، صەد دەفتەر دۆلار، دەفتەرێک (٢) | ٣٩ | وتاری ٢ |
| هەموو (٩)، زۆر (٩)، زۆر زۆر، بە ڕاستی، پڕە لە، گەورە گەورە، چەن... (٥)، ڕەبەق | ٢٨ | وتاری ٣ |
| هەموو (٥)، هەر، بەردەوام/ بە بەردەوامی (٤)، زۆرێک (٢)، هەرچی... (٢)، زۆر (٧)، بە ڕاستی، کۆمەڵێ، چەن، ئەوەندە (٣)، دەیان، چەندان | ٢٩ | وتاری ٤ |
| هەموو (١١)، تەواو تەواو، زۆرجار (١٥)، زۆربەی کات (٢)، چەن (٢)، ئەونە (١٦)، زیاتر، هەزارەها، سەت ئەونە، دە ئەونە (٢)، زۆر زۆر، بە ڕاستی | ٥٤ | وتاری ٥ |
| ٢٤٤ | | کۆی گشتی |

**خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی چڕکەرەوە زمانییەکان لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

ئەگەر بە وردی سەرنجی چڕکەرەوەکانی خشتەی ژمارە (١٠) بدەین، چ لە ڕووی فۆرمەوە (تاک وشە، ژمارە، فرێز، دووبارەبوونەوەی چڕکەرەوە)، چ لە ڕووی فەرهەنگەوە، دەوڵەمەندی و هەمەجۆریی چڕکەرەوەکان پەیپێدەبرێت، ئەمەش وەک پێشتر باسمانکرد کاریگەریی ئەرێنی لەسەر وەرگران هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر هزریان بۆ سەرنجدانی باسەکە کەمەندکێش دەکات، بڕوانە نموونەکانی (٢١):

٢١-ا) و٢: لەو ڕۆژەی، کە خوای پەروەردگار بڕیاری داوە، هەموو خەڵک کۆ ئەکاتەوە، ...

٢١-ب) و١: ژیان هەمووی سەرتاسەری تاقیکردنەوەیە...

٢١-پ) و١: هەر شتێ خودا بیهێنێتە پێش لە بڕوادار، هەر هەمووی پڕبەپڕ خێرە بۆ دنیا و قیامەتی ئەو مرۆڤە...

٢١-ت) و٥: هەزارەهای وەکو ئێمە لەبەر دەرگاکەیا وەستاوە، داوای حیکمەتی لێکردووە...

٢١-ج) و٣: چەن ڕەحمەت هەیە لە ئاسمان چاوەڕێی دوعایەکی تۆ ئەکا...

٢١-ح) و٤: هەرچی بەڵا و موسیبەتێکی دونیا و دوارۆژیشە، کە بەسەر مرۆڤدا دێت، هۆکارەکەی تاوانە، ...

زۆرجار وتارخوێنی ســـــەرکەوتوو بۆ زیادکردنی چڕیی دەربڕینێک، جۆری تری چڕکەرەوە بەکاردەهێنێت، (نەک دووبارەکردنەوەی هەمان چڕکەرەوە)، ئەمەش دەربڕینەکان جوانتر و کاریگەرتر دەردەخات، وەک ئەو پلەبەندییەی چڕکەرەوەکانی (هەموو، هەمووی ســــەرتاســــەری، هەر هەمووی پڕبەپڕ)، کە لە نموونەکانی (٢١–ا، ب، پ)دا پەیڕەوکراون. لە (٢١–ت)دا وتارخوێن لە ڕێگەی ژمارەی (هەزارەها)وە ڕادەی چڕکردنەوەکەی چەندین جار بەرز کردووەتەوە، بە هەمانشـــێوە چڕکەرەوەی (چەن، هەرچی)یش هێزی چڕکردنەوەکەیان زیادکردووە، بۆ پاســـــاودانی ئەو ڕاســـتییەش، با لەگەڵ نموونەکانی (٢٢–ا، ب، پ)دا بەراوردیانبکەین، کە وەک هاوواتا دەردەکەون:

٢٢–ا) زۆری وەکو ئێمە لەبەر دەرگاکەیا وەستاوە، داوای حیکمەتی لێکردووە.

٢٢–ب) زۆر ڕەحمەت هەیە لە ئاسمان چاوەڕێی دوعایەکی تۆ ئەکا.

٢٢–پ) هەموو بەڵا و موسیبەتێکی دونیا و دواڕۆژ، کە بەسەر مرۆڤدا دێت، هۆکارەکەی تاوانە.

بەم بەراوردکردنە قسەکەری ڕەسەنی زمانی کوردی، درک بە جیاوازیی ڕادەی چڕکردنەوەکە دەکات، کە لە نموونەکانی (٢١–ت، ج، ح)دا ڕێژەکەی زیاترە، هاوکات لەســــەر وەرگرانی پەیام کاریگەرترە. شـــایەنی باســـە پشـــتبەســـت بە ســـامپڵی توێژینەوە، دەکرێت بڵێین چالاکترین فۆرمی چڕکەرەوە لە وتاری ئاینیی زمانی کوردیدا، وەک لە خشـــــتەی ژمارە (١٢)دا خرایەڕوو، بریتییەلە فۆرمی (هەموو)، کە (٧٩) جار بەکارهێنراوە، پاشـان فۆرمی (زۆر)[٣٥]، کە (٤٩) جار سـوودی لێبینراوە، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی، کە هەردوو فۆرمەکە دەتوانن جێگەی زۆرینەی فۆرمەکانی تری چڕکەرەوە لە هەمان دەوروبەری زمانیدا بگرنەوە و وەک هاوواتا خۆیانبنوێنن.

## ٦–٢/٣) سوێندخواردن لە وتاری ئاینیدا:

سـوێندخواردن چەمکێکی گشـتییە و پێناسـەی جۆراوجۆری بۆکراوە، بەڵام لە سـنووری کاری تێزەکەماندا بەوە لێکدەدرێتەوە، کە خۆپەیوەستکردنێکی ئاینییە بۆ جەختکردنەوە لە شتێک، یان باسێک بە ئامانجی قایلکردنی بەرانبەر.

لە کلتوری کوردیدا سوێند بە ناو و پەسنەکانی (خوا) لە دیارترین جۆرەکانی سوێندخواردنن، چونکە لە ڕوانگەی ئاینی ئیسـلامەوە (خودا) خاوەنی هەموو دەسـەڵاتێکە و تەنها دەبێت سـوێند بەو بخورێت. بەو پێودانگە وتارخوێنانیش لە میانی وتارەکانیاندا بۆ جەختکردنەوە و دڵنیاییپێدان و

[٣٥] – لە زمانی ئینگلیزیشدا (very) چالاکترین فۆرمی چڕکەرەوە زمانییەکانە.

قایلکردنی ئامادەبووان، شـێواز و سـتراتیژی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن (وەک پێشـتر لە ٣/١-٥ ی ئەم وەچەپارەدا ئاماژەپێدرا)، یەکێک لەو ستراتیژانەش سوێندخواردنە، بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی، بەراورد بە سـتراتیژەکانی تر، زۆر کەمە، لە کۆی پێنج وتاری سـامپڵی توێژینەوەکەمان تەنها (٩) فۆرمی سـوێندخواردن بەکارهێنراوە (بڕوانە خشـتەی ژمارە ١١)، جێی ئاماژەپێدانە جگەلەو ژمارەیە، چەند جارێک دەسـتەواژەی (بە خوا، وەڵڵا) بەکارهاتووە، بەڵام بۆ مەبەسـتی خودی سـوێندخواردن و جەختکردنەوە و قایلکردنی ئامادەبووان نین، چونکە لە کلتوری کوردیدا ئەوجۆرە سـوێندانە خاوەنی چەمکێکی دیاریکراو نین، بەڵکو وەکو خوویەکی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن و هەمیشـە دووبارەدەبنەوە، بۆیە بە نموونەی سـتراتیژی (سـوێندخواردن) هەژمارمان نەکردوون، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو جیاکارییە، با سـەرنجی نموونەکانی (٢٣-ا، ب، پ) بدەین و لەگەڵ نموونەکانی (٢٣-ا، ب، پ)دا بەراوردیان بکەین:

٢٣-ا) و١: وەکو شافعی ئەفەرمێ: (فرجت عنه): وەڵا جوابی بەیتەوە ئەونە دڵی خۆش ئەکەی، ...

٢٣-ب) و١: ئەم دەسـەی ئەیجولێنی، بە بەرنامەیەکی سـەرەوەیە، ئەوە بە ڕاسـتە؟ وەڵا یەک ئەندازەگیری و وردەکاریەکی بۆداڕێژاوە ...

٢٣-پ) و٢: ... خوای گەورە پێی خۆشـە ئاوا عەبدەکەی داوای لێبکا، ئاوا بڕوانێ بۆ مسـتەقبەل، نەوەکو: بە خوا لە برسا ئەمرین، بە خوا ڕەق ئەبینەوە، بە خوا ئاوارە ئەبین، بە خوا باران نابارێ ...

٢٤-ا) و٣: بە خودای گەورە ئەگەر خودا بناسین، زۆر خۆشمان ئەوێ، ...

٢٤-ب) و٢: ئەمری خوای پەروەردگار دێ، قەسەم بە خوا بەس پەلە ئەکەین و هیچی تر ...

٢٤-پ) و٢: بە خوا قەسـەم (يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا)، لەو ڕۆژەی، کە خوای پەروەردگار بڕیاری داوە، هەموو خەڵک کۆ ئەکاتەوە، ...

هەرچەندە هێز و ئاوازە و تۆنی دەنگ و کۆدە نازمانییەکانی تر ڕۆڵی سەرەکیی لە جیاکردنەوە و ڕوونکردنەوەی هەریەک لەو دوو جۆرەی سـوێندخواردن دەبینن، بەڵام ئاماژە زمانییەکانیش دەتوانن تا ڕادەیەک ڕۆڵبگێڕن، بۆ نموونە لە (٢٣-ا)دا وتارخوێن دەقێکی عەرەبی وەردەگێڕێت، کە هیچ فۆرمێکی سـوێندخواردنی تێدا نییە، کەچی لە کاتی وەرگێڕانەکەدا فۆرمی (وەڵا)ی بۆ زیادکراوە، هەروەها ئەم فۆمە تاکە وشانە (وەڵا، بە خوا)، کە "دیارخەر"ی لەگەڵدا نەهاتبێت، زیاتر وەک خوویەکی

ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن[٣٦]، کە لە نموونەی (٢٣-ب)یشـــدا هاتووە. لە نموونەی (٢٣-پ)یشـــدا وتارخوێن وتەکانی ســـــەر زاری خەڵک وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەشـــبینی بە نموونە دەهێنێتەوە، بە بێ ئەوەی مەبەسـتی خودی سـوێندخواردن بێت، بەڵام لە هەرسـێ نموونەی (٢٤-ا، ب، پ)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە وتارخوێن بە فۆرمی ســـوێندخواردن جەخت لە دەربڕینەکانی دەکاتەوە، بۆ زیاتر کارتێکردنیش، فۆرمی فراوانکراوی بەکارهێناوە (بە خودای گەورە، بە خوا قەسەم، قەسەم بە خوا)، بە مەبەستی قایلکردنی ئامادەبووان.

لە کلتوری کوردیدا سـوێندخواردن یەکێکە لە ڕێگەکانی قایلکردن و بەڵێندان بە بەرانبەر، بەڵام زۆر بەکارهێنانی ئەم ســـتراتیژە هاوکێشـــەکە پێچەوانەدەکاتەوە و دەبێتە مایەی کەمبوونەوە، یان لەدەســـتدانی متمانەی ســـوێندخۆر لای وەرگران، بەمەش کردەی کاریگەری و قایلکردن بۆ نزمترین ڕادە دادەبەزێنن، بۆیە کەســـایەتییە دیارەکان لەناویشـــیاندا وتارخوێنان هەوڵدەدەن کەمترین ڕێژەی سوێندخواردن بەکاربهێنن، وەک لە خشتەی ژمارە (١١)دا ئاماژەپێدراوە:

| ز. وتار | ژ. ستراتیژەکان | ژ. فۆرمەکانی سوێندخواردن |
|---|---|---|
| وتاری ١ | ٠ | |
| وتاری ٢ | ٥ | قەسەم بە خوا، بە خوا، بە خوا قەسەم، وەڵڵاهـ ، وەڵڵاهی |
| وتاری ٣ | ١ | بە خودای گەورە |
| وتاری ٤ | ٢ | وەڵڵا، وەڵڵاهی |
| وتاری ٥ | ١ | قەسەم بە پەروەردگار |
| کۆی گشتی | ٩ | |

**خشتەی ژمارە (١١) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی سوێندخواردن لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

چەندین ســـــتراتیژ و ئامرازی قایلکردن لە نەخشـــــەی زمانیی وتارخوێندا ئامادەن، بۆئەوەی ئاخاوتنێکی قایلکەرانەی لێدابڕێژێت، وتارخوێن پێویســـتە ئەو نەخشـــەیە پەســـەندبکات، کە لەلایەکەوە لەگەڵ پلە و پێگەی خۆی و بەشـــداربووواندا بگونجێت، لەلایەکی تریشـــەوە ڕەچاوی ژینگەی زمانی و دەوروبەری ئاخاوتنەکە بکات.

[٣٦] - ئەمجۆرە سـوێندانە تەنانەت لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسـلامیشـەوە هیچ لێپرسـینەوە و پەیوەسـتبوونێکی ئاینی لەسـەر دانامەزرێت، وەکو لە ئایەتی (٢٢٥) ی سـورەتی (البقرة)دا دەفەرموویت: (لَاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ) واتە: خودا لەسەر ئەو سوێندە سەر زارییەی، کە بێمەبەست دووبارەیدەکەنەوە، لێپرسینەوەتان لەگەڵ ناکات.

## ٧-٢/٣) دوودڵی لە وتاری ئاینیدا:

لە (٢/٢-٤-٥)ی ئەم تێزەدا ئەوەمان ڕوونکردەوە، کە دوودڵی لە ئاخاوتندا زیاتر درکیپێدەکرێت وەک لە نووسـین، چونکە نووسـین بوارێکی فراوانتری بۆ دارشـتنی نەخشـەی زمانی: (بیرکردنەوە و تێرامان و خۆئامادەکرن و نمایشـکردن و گۆڕینی شـێواز و ...) تێدایە، بە پێچەوانەی ئاخاوتنەوە، کە تەنانەت وەسـتانێکی چەند چرکەییش ڕێگەپێدراو نییە و بە خاڵی لاوازی ئاخێوەر هەژماردەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر لە میانی وتاری فەرمیدا بێت، ئەم بارودۆخەی ئاخاوتن لە کۆزمانەوانیدا بە (سـتراتیژی دوودڵی) ناودەبرێت. لە وتاری ئاینیدا و پشـتبەسـت بە سـامپڵی توێژینەوەکەمان چەند جۆرێکی "ستراتیژی دوودڵی"مان جیاکردووەتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ١٢)، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر هێزی گەیاندن و قایلکردن هەیە، بەڵام ڕێژەی کاریگەرییەکە لە هەریەکەیاندا جیاوازە، هەندێکیان بە لای بەرانبەرەوە جێی گرنگیی نین و وەک خوویەکی سـانا و ئاسـایی ئاخاوتن وەردەگیرێن، هەندێکی تریشـیان ڕاسـتەوخۆ ئاخێوەر ڕووبەڕووی توانج و ڕەخنەگرتن دەکەنەوە و ڕادەی کاریگەربوونی بەرانبەریش کەمدەکەنەوە.

لە خوارەوە خشتەی ژمارەی بەکارهێنانی دوودڵی و جۆرەکانی بەپێی سامپڵی توێژینەوەکەمان دەخەینەڕوو:

| ز. وتار | ژ. هەڵەی زمانەوانی | ژ.پچڕاندنی باس | ژ. دووبارەکردنەوە | ژ. خۆڕاستکردنەوە | ژ.هەڵەی زانستی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وتاری ١ | ١٣ | ٢ | ٠ | ٦ | ١ | ٢٢ |
| وتاری ٢ | ٦ | ١ | ٤ | ٥ | ٠ | ١٦ |
| وتاری ٣ | ١٢ | ٠ | ١٢ | ١ | ٠ | ٢٥ |
| وتاری ٤ | ٨ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٩ |
| وتاری ٥ | ٧ | ١ | ١٢ | ٥ | ٠ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ٤ | ٢٨ | ١٨ | ١ | ٩٧ |

**خشتەی ژمارە (١٢) ژمارەی سەرجەم ستراتیژەکانی دوودڵی لە کۆی (٥) وتاری ئاینیدا**

لە خشـتەی ژمارە (١٢)دا پێنج جۆری سـتراتیژی دوودڵیمان جیاکردووەتەوە، کە کاردەکەنە سەر کەمکردنەوەی ڕادەی قایلکردن و لە ئەنجامیشدا ئەگەری ڕێککەوتنی زمانی لاوازدەکەن[٣٧]:

[٣٧]- بۆ بینینی سـەرجەم نموونەکانی سـتراتیژی دوودڵی، بڕوانە نموونە هێڵبەژێرداهاتووەکانی پاشـکۆی (١-٥)ی ئەم تێزە.

## ٣/٢-٧-١) هەڵەی زمانەوانی:

هەڵە زمانەوانییەکانیش بۆ چەند لقێک دابەشدەبن:

### ٣/٢-٧-١-١) هەڵەی فەرهەنگی:

لە کۆی دەقی هەموو وتارەکاندا تەنها یەک هەڵەی فەرهەنگی ئەنجامدراوە، کە تێیدا وتارخوێن هەوڵیداوە بە مۆرفیمی (نا) دژی واتای وشـەی (دەسـتخۆشـی) بسـازێنێت، بەڵام دەکەوێتە هەڵەی زمانەوانییەوە (بڕوانە نموونەی ٢٥) و دەستەواژەی (دەستناخۆشی)، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نییە، بەکاردەهێنێت:

٢٥) و٥: خەڵک دەسخۆشی لێبکەن، ئەم هەر لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بەردەوامە، خەڵک دەسناخۆشی لێبکەن، هەر بە هەمانشێوە ...

هەرچەندە دەسـتەواژەکە لە فەرهەنگی کوردیدا بوونی نییە، بەڵام وەرگران بە سـانایی لێیدەگەن، چونکە فەرهەنگیی تاکی کورد لەگەڵ /نا/ وەک مۆرفیمی نەرێکردن ئاشـنایە، ئەمە جگەلە دەوروبەری ئاخاوتنەکە، کە پێشتر ئاماژە بە دەستەواژەی (دەستخۆشی) کراوە، ئەمەش زانیارییەکی پێشینەیە و ئاوەزی گوێگر بۆ دژواتاکەی دەخاتە ئامادەباشییەوە.

### ٣/٢-٧-١-٢) هەڵەی ڕێزمانی:

چەند لایەنێکی ڕێزمانی دەگرێتەوە، لەوانە:

### ا- ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە:

داڕشـتنی نەخشـەی زمانیی تاک پێویسـتیی بە ماوەیەک هەیە، تاکو بتوانێت بە شـێوەیەکی گونجاو لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە بدوێت، هەندێکجار ئاخێوەر لە هەڵبژاردن و ڕێکخسـتنی کەرەسـتەکانی ئاخاوتن دوودڵ دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسـە، با لە نموونەکانی (٢٦-ا، ب، پ، ت، ج) بڕوانین:

٢٦-ا) و١: وەڵا یەک ئەنـدازەگیری و وردەکـارییەکی بۆ داڕێژاوە **خوا**، یەک کەس نـاتوانێ لەو وردەکارییە دەرچێ ...

٢٦-ب) و٢: هەر خوای گەورە لەبەر ئەو مەوزوعە ئایەتی داگرد ...

٢٦-پ) و٣: بەبێ بزانێ ئەم ئافرەتە **چەن** ماوەیەکی زۆرە ویستوویەتی بگاتە لای ئەم ...

٢٦-ت) و٤: (وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ): وە پلەی چاکەکاران بەرز**یش** دەکەینەوە ...

٢٦-ج) و٥: جارێکیان پێغەمبەری خوا، جا ئەفەرمێ: <u>خزمەتکاری پێغەمبەری خوا بوو، عەبدوڵای کوڕی مەسعود</u> ...

وتارخوێن لە نموونەی (٢٦-ا)دا بە بێ هیچ مەبەستێکی واتایی (کە دەربڕینەکە بەهێز بکات)، بکەر (خوا)ی خستووەتە کۆتایی ڕستەی یەکەمەوە، بەمەش گوزارشتەکە لاواز بووە، بۆیە بە ستراتیژی دوودڵی هەژماردەکرێت. بە هەمانشێوە لە نموونەکانی (٢٦-ب، پ، ت)یشدا وتارخوێن یاساکانی فرێزی پشتگوێخستووە، بەوهۆیەشەوە دارشتنێکی ناڕێزمانی و واتانادروست بەرهەمهاتووە، پێویستبوو دەربڕینەکان بەمشێوەیە بخرێنەڕوو:

- هەر خوای گەورە لەبەر ئەو مەوزوعە (هەر لەبەر ئەم مەوزوعە، خوای گەورە ...)
- **چەن** ماوەیەکی زۆرە (ماوەیەکی چەن زۆرە)
- پلەی چاکەکاران بەرزیش دەکەینەوە (پلەی چاکەکارانیش بەرزدەکەینەوە)

لە نموونەی (٢٦-ج)دا وتارخوێن پلانی بۆ گێرانەوەی چیرۆکەکە دانەڕشتووە، بۆیە هەرکە دەستپێدەکات، تووشی دوودڵی دەبێت، کە شتی تری بیردێتەوە، ڕاستەوخۆ لە دەربڕینەکەی دەئاخنێت، بەمەش گوزارشتەکە بە تەواوی لاوازدەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئامادەبووان زانیاریی پێشینەیان لەسەر بابەتەکە هەیە و بە دەوروبەری ئاخاوتنەکە ئاشنان و پەیوەندیکردن ڕوویداوە، وتارخوێن بە پێویستی نەزانیوە، پەنا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دەربڕینەکانی ببات.

## ب- نیشانەی ڕێککەوتن:

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزیی ڕێزمانی کوردی بە لای بیانییەکانەوە (کە کوردی زمانی دووەمیانە)، بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن دەگەڕێتەوە، تەنانەت هەندێکجار هاوزمانانیش بەوهۆیەوە تووشی هەڵەی ڕێزمانی دەبن، بە وێنە وتارخوێنان لە میانی پێشکەشکردنی وتاردا توشی دوودڵی دەبن و لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی ناپێویست بەسەر شوێنی جێناوەکاندا دەهێنن، ئەمەش هێزی گوزارشتەکە کەمدەکاتەوە، ئەگەرچی پەیامەکە دەگات، با لە نموونەکانی (٢٧-ا، ب، پ، ت، ج) وردببینەوە:

٢٧-ا) و١: چەنێ بێ سەبر بی، ئەوەندە خەم بە ڕاسی گیرو گرفت **<u>بۆت</u>** دێت ...

٢٧-ب) و٣: چونکە حەتا زیاتر لە خودای گەورە نزیک بیتەوە، زیاتر لاوازی تۆ، دەوڵەمەندی ئەو، دەسەڵاتی ئەو، زانایی، توانایی ئەو **<u>بۆت</u>** دەرئەکەوێ ...

٢٧-پ) و٤: خوای گەورە لە گوناهەکەت بورا و عقوبەی نەدایت لەسەری، وە هەروەها ڕەحمیشی <u>پێکرد</u> و پلەیشی بەرزکردیتەوە ...

٢٧-ت) و٤: پەروەردگار بۆمان باسی یەکێ لە پێغەمبەرانی خۆی دەکات ...

٢٧-ج) و٤: ئەی ئەو کەسانەی، دەڵێی من ڕزقم بەستراوە ...

بە سەرنجدان لە ڕستەکانی (٢٧-ا، ب)، بۆماندەردەکەوێت، کە هەڵە ڕێزمانییەکە بەهۆی نەبوونی پلانی زمانیی پێشوەختە بۆ زیادکردن و فراوانکردنی فرێزەکان، تاکو دەگاتە ئەوەی وتارخوێن بە ناچاری نیشانەی ڕێککەوتنەکە لەسەر ساناترین بەشی ڕستەکە (کە مۆرفیمی بەندە) دابنێت، لە نموونەی (٢٧-پ)یشدا دیسان دوودڵیی وتارخوێن بەهۆی فراوانکردنی فرێزەکانەوەیە لە ڕێگەی کەرەستەکانی (وە هەروەها...) بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لەناکاو، ئەمەش وایکردووە، کە ڕستەی (ڕەحمیشی پێکرد) بە بێ نیشانەی ڕێککەوتن تێبپەڕێنێت، کە دەبوو ڕستەکە ئاڕاستەی کەسی دووەمی تاکی بکات و بڵێت: (ڕەحمیشی پێکردیت).

دەربڕینی نموونەی (٢٧-ت) بە هەمان شێوە هەڵەی ڕێزمانی بەهۆی لکانی نیشانەی ڕێککەوتن بە پێشبەندەوە (فرێزی پێشبەندی) و پێشکەوتنی بەسەر "بەرکار"دا دروستبووە، لە کاتێکدا بەپێی یاساکانی ڕستەسازیی کوردی پێویستە بەرکار پێشی (فرێزی پێشناوی) بکەوێت و نیشانەی ڕێککەوتنیشی بچێتەسەر، واتە پێویستبوو ڕێزکردنی ڕەگەزەکان بەمشێوەیەی خوارەوە بێت:

٢٨) پەروەردگار باسی یەکێ لە پێغەمبەرانی خۆیمان بۆ دەکات ...

سەبارەت بە نموونەی (٢٧-ج)یش ئەوا تەنها هەڵە لە ڕێککەوتنی نیشانەکاندا کراوە، کە لە ئەنجامی پەلەکردن و خێرا بڕیاردانی گۆڕینی ئاڕاستەی دەربڕینەکانەوە ڕوویداوە، بۆیە دەبینین بکەر کەسی دووەمی کۆیە، کەچی کردارەکە نیشانەی ڕێککەوتنی کەسی دووەمی تاکی بۆ بەکارهاتووە. ئەم جۆرە هەڵانە وەک پێشتریش باسکرا، تا ڕادەیەک هێزی دەربڕینەکە کەمدەکەنەوە، بەڵام واتای مەبەست دەگەیەنن و نابنە مایەی هەڵەتێگەیشتن لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا.

## پ- هەڵبژاردنی کەرەستەی نەگونجاو:

زۆرجار لە میانی ئاخاوتن و گفتوگۆدا ویستوومانە کەرەستە، یان گوزارشتێک بەپێی ئەو نەخشەیە دابڕێژین و بیڵێین، کە مەبەستمانە، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت فەرهەنگی ئاوەزیمان ئامادەیی ئەوەی نەبووە، کە وشە و ڕەگەزی گونجاو و پێویستمان لەو ساتەدا پێببەخشێت، لە ئەنجامدا بۆئەوەی پێواژۆی پەیوەندیکردنمان نەوەستێنین، بە کەرەستەی تر (ئەگەرچی نەگونجاویش بێت) بۆشاییە وشەییەکانمان پڕکردووەتەوە. لە میانی پێشکەشکردنی وتاردا، ڕەنگە وتارخوێن

تووشـــی ئەم جۆرەی ســـــتراتیژی دوودڵی ببێت، بۆ پراکتیزەکردنی ئەم لایەنە، چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

٢٩-ا) و٢: وتی (حي علی الصلاة) نوێژەکەت بکە، کەسێ نەخۆش بوو، سیلەی ڕەحم بکە ...

٢٩-ب) و٣: شیری یەکبەیەکیان وەرناگرێ، کەسیان وەرناگرێ ...

٢٩-پ) و٣: لە نێوان عەرش و خۆڵی زەویا چەنێک هەیە؟ مەسافەکە چەنێکە؟ بە کیلۆمەتر، بە چەنێکە؟

٢٩-ت) و٤: قیاسات لای ئێمە جیاوازە لەوەی، کە لە قیاسات لای خوای گەورە ...

٢٩-ج) و٥: ئێوە ئەزانن ئینسان لە لە لەگەڵ بونەوەرا چەنێ بچوکە؟

هەندێکجار نەخشـــەی زمانیی وتارخوێن بە هەڵە هەمان "کردار" دەبەخشـــێتە ڕســـتەی دووەم، کاتێک دوو ڕستەی لێکدراو (یان زیاتر) بەدوای یەکدا دێن، بە جۆرێک کە بۆ یەکەمیان گونجاوە، بەڵام بۆ دووەمیان ناڕاســـت و نەگونجاوە، وەک لە نموونەی (٢٩-ا) دا ڕوویداوە، فریزی لێکدراوی کرداری (نوێژ+کردن) دروستە، بەڵام دەستەواژەی (سیلەی ڕەحم+گەیاندن) تەنها ڕێگە بە وەرگرتنی کرداری (گەیاندن) دەدات. کاتێک هەڵەیەکی ڕێزمانیی وا بەسەر وتارخوێندا تێپەڕێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەی نەدات، ئەوا بە هەڵەی ڕێزمانی هەژماردەکرێت، بەڵام ئەگەر خێرا بەسەریدابێتەوە و چاکیبکاتەوە، ئەوا دەچێتە خانەی جۆرێکی تری دوودڵییەوە، کە بە "ســـــتراتیژی خۆڕاســـتکردنەوە" ناودەبرێت، وەک لە (٢٩-ب)دا بەرجەســـتە دەبێت، وتارخوێن بە هەڵە دەســـتەواژەی (یەکبەیەکیان) لە بری (هیچ یەکێکیان) بەکاردەهێنێت، دیارترین سیما جیاکەرەوەکانی ئەو دوو دەربڕینەش ئەوەیە، کە یەکەمیان بۆ ڕستەی نەرێ بەکاردەهێنرێت و دووەمیان بۆ ڕســـــتەی ئەرێ، بۆیە وتارخوێن ڕاســـــتەوخۆ درک بە هەڵەکە دەکات و بە دەربڕینی (کەســـیان وەرناگرێ) ڕاســـتیدەکاتەوە. ســـەبارەت بە (٢٩-پ) بە بێ بوونی پێویســـتییەک هەوڵدراوە بە ســێ دەربڕینی جیاواز جەخت لە چەمکێک بکرێتەوە، بەمەش لە ســێیەم دەربڕیندا هەڵەکردنی لێکەوتووەتەوە، لە بری (چەنێکە؟) (بە چەنێکە؟) بەکارهێنراوە، کە خاوەنی دوو واتای فەرهەنگیی جیاوازن و مەبەستی ڕستەکە دەشێوێنن. لە (٢٩-ت)دا وتارخوێن مەبەستێتی بڵێت (قیاسات لای ئێمە جیاوازە لەو قیاساتانەی لای خوای گەورە)، بەڵام تووشی دوودڵی و گومان دەبێت، بەهۆیەوە هەندێک دەربڕینی ســـەربار و نەگونجاوی وەک (لەوەی، کە لە قیاســـات لای خوای گەورە) بەکاردەهێنێت، ئەگەرچی واتا و پەیامەکەی بێ کێشـــە بە ئامادەبووان گەیاندووە، لاوازیی دەربڕینەکە بە ڕوونی دیارە. لە (٢٩-ج)یشدا دوو ستراتیژی دوودڵی بوونی هەیە، یەکەمیان: دووبارەبوونەوە، کە لە پێشـــبەندی /لە/دا ڕوویداوە، دووەمیان: هەڵەی ڕێزمانیی (هەڵبژاردنی کەرەســـــتەی نەگونجاو)، مەبەســـــتی وتارخوێن ئەوەیە، کە مرۆڤ بە بوونەوەرەکانی تر بەراوردبکات و بڵێت: (ئێوە دەزانن مرۆڤ بە بەراورد بە دروســـتکراوەکانی تر، چەن بچووکە؟)، بەڵام لەبری بەکارهێنانی دەســـتەواژەی (بە بەراورد)، بە هەڵە دەســـــتەواژەی (لەگەڵ) هەڵدەبژێرێت، ئەمەش مەبەســـــتەکە پێچەوانەدەکاتەوە، بەڵام بەهۆی زانیاریی پێشـینە و کۆدەکانی دەوروبەری زمانی و نازمانییەوە ئامادەبووان لە پەیامەکە دەگەن، ئەمەش وادەکات، کە وتارخوێن هەوڵی دووبارە داڕشتنەوە و خۆڕاستکردنەوە نادات.

### ٢/٣-٧-٢) پچڕاندن/ تێپەڕاندنی باس:

پچڕاندن، یان تێپەڕاندنی باس ئەو بارە زمانییە دەگەیەنێت، کە لە یەک کاتدا دوو باس/ بابەت لە ئاوەزدا بۆ دەربڕین ئامادەدەبێت، بە جۆرێک ئاخێوەر تووشـــی دوودڵی دەبێت لەوەی، کە کامیان ســـەرەتا هەڵببژێرێت و باســـی بکات، دەســـتەواژەیەک لە باســـێک هەڵدەبژێرێت و یەکســـەر پەشیماندەبێتەوە و دەیپچڕێنێت و دەچێتە سەر باسی دووەم، ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی ئاخاوتنە و ئەگەر ڕێژەکەی کەم بێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سەرنجراکێشان و هێزی قایلکردنی بەرانبەر نابێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە خشـــتەی ژمارە (١٢) بڕوانین، دەبینین لە کۆی پێنج وتاری ئاینیدا، تەنها (٤) نموونەی لەمجۆرە تۆمارکراوە (بڕوانە ٣٠-ا، ب، پ، ت):

٣٠-ا) و١: **تا ئەتوانی ...،** ئەم لاشەیەی تۆ پڕە لە ...، پڕە لەو نیعمەتانەی کە خوا پێی داویت ...

٣٠-ب) و١: **هەندێ جار ...،** کاکە لە خەمی ئێستاتا بە ...

٣٠-پ) و٢: بەڵام موسڵمانی ژیر و عاقڵ، ئینسانی **دامەزراو...،** بۆیەش ئەم بابەتەم هەڵبژارد لەمڕۆ، بە حوکمی ئەوەی تێکەڵاویمان زۆرە لەگەڵ خەڵکا ...
٣٠-ت) و٥: ئینسـان، بەڕێزەکانم حەزەکەم یەک حەقیقەت هەیە، بیزانن، یەک ڕاستی هەیە لە مێشکتانا بچەسپێ، قەسەم بە **پەروەردگار ...،** ئێوە ئەزانن بۆچی ئینسان چاویلکە لەچاو ئەکا؟

لە نموونەکانی (٣٠-ا، ب)دا وتارخوێن دەســتەواژەکانی (تائەتوانی، هەندێجار)ی بۆ دەســتپێکی بابەتێک دەربڕیوە، پاشان خێرا باسێکی تری وروژاندووە و بەردەوامی پێداوە. لە (٣٠-پ)یشدا دیسان وتارخوێن لە سەرەتای دەستپێکی وتارەکەدا ویستوویەتی ڕوونکردنەوەیەک بدات لەسەر (موسڵمانی ژیر...)، بەڵام بیری کەوتووەتەوە، کە هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشـــانی وتارەکەی باســـنەکردووە، بۆیە ڕاســـتەوخۆ پچڕاندوویەتی و باســـی دووەمی دەســـتپێکردووە. بە هەمان شـــێوە لە (٣٠-ت)یشـــدا وتارخوێن ویسـتوویەتی سـەرنجی ئامادەبووان بۆ ڕاسـتییەک ڕابکێشـێت و سـوێندی لەسـەر بخوات، بەڵام ڕاستەوخۆ دەیپچڕێنێت و باسێکی تری هاوشێوە دەستپێدەکات.

ئـەگـەر لـە نموونـەکـانی ســـامپڵی توێژینـەوەکـە وردببینـەوە، بۆمـانـدەردەکـەوێت، کـە هێنـدە ســـەرنجراکێشـــیی بابەتەکان و شـــێوازی گوزارشـــتلێکردنیان بەلای بەرانبەرەوە گرنگە، ئەوەندە ئەم جۆرە ستراتیژە نەرێیانە گرنگ نین.

### ٢/٣-٧-٣) دووبارەکردنەوە:

مەبەستمان لە "دووبارەکردنەوە" ئەو شێوازە دەربڕینەیە، کە ڕەگەزێکی ڕستە (یان زیاتر) بە بێ مەبەستێکی دیاریکراو دوو جار (یان زیاتر) دووبارەدەکرێتەوە، ئەمەش وەک خاڵێکی لاوازی ئاخێوەر

دەردەکەوێت و ڕادەی کاریگەریی وتارەکەش کەمدەکاتەوە، هاوکات دەبێتە یەکێک لە دیارترین جیاوازییەکانی نێوان (دووبارەکردنەوەی دوودڵیانە) و (دووبارەکردنەوەی جەختیانە)، چونکە لە دووبارەکردنەوەی جەختیانەدا وەک لە (٢/٣-٤-٤)دا خرایەڕوو (بڕوانە نموونەکانی ١٨-ا، ب)، وتارخوێن ئاگاییانە مەبەستی جەختکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی بەرانبەرە بۆ دەربڕاوەکە و زۆرجار ئامانجەکەش دەپێکێت. بە سەرنجدانی نموونەکانی (٣١-ا، ب، پ، ت) زیاتر بابەتەکە ڕووندەبێتەوە:

٣١-ا) و٢: **(لو أن أولکم وآخرکم وإنســکم وجنکم)، ئەفەرمێ ئەگەر هەموو ئینســانییەت لە ئادەمەوە تا ئاخر نەفەر دێتە سەر زەوی، هەموو جنۆکەکان** <u>(لو أن أولکم وآخرکم وإنسکم وجنکم)، هەموو خەڵکی بە جنۆکە و ئینسانەکانەوە</u> ...

٣١-ب) و٣: هەمان موســای پێغەمبەر، کاتێ لەگەڵ خێزانەکەیا شــەو تاریک و ئەنگوســتەچاوە، ڕێیان ونکردووە، بۆیە **ئەیانەوێ پشکۆیەک ئاگر بە دەستیانەوە بێ، مەشخەڵێکیان بەدەستەوە بێ، ڕێگایان بۆ ڕۆشنبکاتەوە و خۆشیان گەرمبکەنەوە**، ئەڕوا ئەبینێ لەســەر کێوی طوور ئاگرێک هەیە، <u>بە نیازی ئەوەیە بڕوا مەشخەڵێک وەربگرێ، ڕێی بۆ ون ، ڕوونبکاتەوە و ئینجا خۆیشی گەرمکاتەوە</u>

٣١-پ) و٥: ئەڵێی <u>ئەڵێی</u> دۆمەڵ لە بن باڵت هاتووە و خۆو هینەکەیت و ...

٣١-ت) و٥: **یەعنی**، <u>یەعنی</u>: **زۆر**، <u>زۆر</u> خۆو قورس کرد، چووی بە ناخی زەویا ...

وتارخوێن هەندێکجار بۆئەوەی دەقی بەڵگەکەی بیرنەچێتەوە، بڕگەکانی پێشتر دووبارەدەکاتەوە، ئەم بارودۆخەش دەقاودەق لە نموونەی (٣١-ا)دا بەرجەســتەکراوە، کە دەقی فەرموودەیەک دەخوێنێتەوە و وەریدەگێڕێت، دوودڵ دەبێت، بۆیە دووبارە دەقی فەرموودەکە دەخوێنێتەوە و بە جیاوازییەکی کەمەوە وەریدەگێڕێتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی دووبارەکردنەوەی دوودڵیانەوە، چونکە دووبارەکردنەوەی دەســتەواژەکان هیچ کاریگەرییەکی لەســەر بەرانبەر دروســتنەکردووە. بە هەمان شێوە لە نموونەی (٣١-ب)دا سێ بڕگەی بەسەرهاتەکە (کە هێڵی بە ژێردا هێنراوە) دووبارەکراوەتەوە، بەڵام بە شــێوازێکی هەندێک جیاواز، بەمشــێوەیە (بۆیە ئەیانەوێ پشــکۆیەک ئاگر بە دەســتیانەوە بێ، مەشخەڵێکیان بەدەستەوە بێ، ڕێگایان بۆ ڕۆشنبکاتەوە و خۆشیان گەرمبکەنەوە)، وەک دەردەکەوێت وتارخوێن بۆ خۆپاراســـتن لە دووبارەکردنەوەی دەقاودەقی دەربڕینەکە (کە کەمترین کاریگەریی هەیە)، هەوڵی گۆڕینی شێواز یان ڕیزکردنی دەربڕینەکەی داوە:

- ئەیانەوێ = بە نیازی ئەوەیە
- ئەیانەوێ پشـــکۆیەک ئاگر بە دەســـتیانەوە بێ = مەشـــخەڵێکیان بەدەســـتەوە بێ = بڕوا مەشخەڵێک وەربگرێ.
- **ڕێگایان بۆ ڕۆشنبکاتەوە** = ڕێی بۆ ڕوونبکاتەوە
- **و خۆشیان گەرمبکەنەوە** = ئینجا خۆیشی گەرمکاتەوە

بەڵام هێشـــتا نـەتوانراوە هێزی کـارتێکردن و قـایلکردن بـەرزبکاتـەوە. هـەندێکجـار هۆکـاری بەکارهێنانی "دووبارەکردنەوە"، بۆ پێواژۆی نەخشـــەی زمانیی ئاخێوەر دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت کار بۆ ئامادەکردنی دەربڕینەکانی دواتری بکات، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لـە نموونـەکانی (٣١-پ، ت)دا درکپێدەکرێت، لـە (٣١-پ)دا وتـارخوێن بـە دووبـارەکردنـەوەی ئـامرازی چوانـدنی (ئـەڵێی) خۆی ئامادەدەکات بۆ چواندنی خەڵکی خۆبەزلزان بە شتێکی شایستە و گونجاو، لە (٣١-ت)یشدا بە هەمان شـێوە وتارخوێن بە دووبارەکردنەوەی وشـەکانی (یەعنی، زۆر) بوار بە خۆی دەدات، تاکو نەخشـە زمانییەکەی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بابەتەکە ئامادەبکات.

## ٢/٣-٧-٤) خۆڕاستکردنەوە:

خۆڕاستکردنەوە ئاماژەیەکی دیاری ستراتیژی دوودڵییە، هەمان ستراتیژەکانی (هەڵەی زمانەوانی، هـەڵـەی زانســـتی، دووبارەکردنـەوە) دەگرێتـەوە، تـاکە جیاوازیی نێوانیـان ئـەوەیە، کە پێش ئـەوەی دەربڕینەکە کۆتایی پێبهێنرێت، ڕاســـتەوخۆ درکپێدەکرێت و ڕاســـت و ڕێکدەکرێتەوە، ئەمەش بە ستراتیژی (خۆڕاستکردنەوە) ناودەبرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، چەند نموونەیەک شیکاردەکەین:

٣٢-ا) و١: لۆمەی، خوا ڕزقێکی نەیاویتەتێ، لۆمەی کەس مەکە، ...

٣٢-ب) و١: ئەزانی بۆ قسەو پێئەڵێ؟ ئەوە لە داخی تۆ نییە لە داخی خۆیەتی، **لە خراپیی خۆی نییە**، لە خراپیی تۆ نییە قسەت پێئەڵێ، لە خراپیی خۆیەتی، ...

٣٢-پ) و٢: ئەگەر خوای گەورە عەبدی لە خـ...، خێری لە بەندەیەکی وەکو من و تۆ بوێ (استعمله) بەکاری ئەهێنێ، ...

٣٢-ت) و٣: کەســێکی مەزڵووم دوعایەک ئەکات ... خوای گەورە جێبەجێی ئەکا، <u>زوڵمەکەی</u>، مافەکەی بۆ ئەسێنێتەوە، زوڵمەکەی لەسەر لائەبا ...

٣٢-ج) و٤: پەروەردگار دەفەرمێ: (<u>فَلَوْلَا كَانَ</u> مِنَ الْمُسَبِّحِينَ... أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ) ...

٣٢-ح) و٥: <u>یەک هەزار مەتر درێژە</u>، دوو هەزار مەتر تا ســـێ هەزار مەتر پانە، **حەوت هەزار مەتر درێژە**، یەک هەزار مەتر بەرزە، **هەزار مەتر بەرز**، دوو هەزار بۆ ســـێ هەزار مەتر پـان، حەوت کیلۆمەتریش، کە ئەکاتە حەوت هەزار مەتر درێژ ...

زۆرینەی شـێوازەکانی دوودڵیی خۆڕاســتکردنەوە کاتێک ڕوودەدات، کە نائاگاییانە گوزارشـتە هەڵەکان بە ســـەر زاردا دێن و هەر زوو ئاگاییانە درکیانپێدەکرێت و ڕاســـتدەکرێنەوە، بەمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر کەمکردنەوەی هێزی قایلکردن نابێت، چونکە ئەو دیاردەیە نامۆ نییە و ڕۆژانـە لـە زاری هـاوزمـانـانـەوە دووبـارەدەبنـەوە، لـە (٣٢-ا)دا وتـارخوێن هـەوڵیداوە لـە دەربڕینێکی

باشەوە بۆ باشتر هەنگاوبنێت، بۆیە لە بری ئەوەی بڵێت (لۆمەی کەس مەکە) گوزارشتێکی پەسەندتر و بەهێزتری بەکارهێناوە: (خوا ڕزقێکی نەیاویەتێ، لۆمەی کەس مەکە). هەندێکجار بە بێ ویسـت دەربڕینێکی هەڵە بەسـەر زاردا دێت و دواتر ڕاسـتدەکرێتەوە، وەک لە نموونەکانی (٣٢-ب، پ، ت)دا بەرجەسـتەکراوە. هەندێکجار وتارخوێن دەقێکی بیردەچێتەوە، پاش کەمێک لەپڕ بیریدەکەوێتەوە و دەیڵێت، وەک ئەوەی لە نموونەی (٣٢-ج)دا دەبینرێت، وتارخوێن لە میانی بەڵگەهێنانەوەدا مۆرفیمی (أنه)ی دەقی ئایەتەکەی بیردەچێتەوە، ڕاسـتەوخۆ بیری دەکەوێتەوە و ڕاسـتیدەکاتەوە. هەندێکجار وتارخوێن هەڵەی زانسـتی دەکات و بەسـەریدا تێدەپەڕێت، کە بۆی ڕووندەبێتەوە، هەڵەی کردووە، ڕاسـتیدەکاتەوە، ئەمەش لە نموونەی (٣٢-ح)دا ڕوویداوە، کە وتارخوێن مەبەسـتێتی بڵێ: (یەک هەزار مەتر بەرزە)، کەچی لە بری وشـەی بەرز وشـەی (درێژ) بەکاردەهێنێت، بۆیە بەسـەریدادێتەوە و ڕاستیدەکاتەوە.

## ٢/٣-٧-٥) هەڵەی زانستی:

هەڵەی زانسـتییش یەکێکی ترە لە جۆرەکانی سـتراتیژی دوودڵی، کە پێویسـتە ئاماژەپێبدرێت، زۆرجار ئامادەبووان بەهۆی کەمیی شـارەزایی و زانیاریی ئاینییەوە درک بەو هەڵانە ناکەن، هاوکات متمانەیان بەو زانیارییانە هەیە، کە وتارخوێن پێشـکەشـیدەکات، بۆیە مەگەر هەڵەکە زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەگەرنا فەرامۆشدەکرێت، بەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ڕادەی قایلکردن نابێت.

زۆرجار وتارخوێن پشت بە "وتاری ئامادەکراوی نووسـراو" نابەستێت، (جگەلە نووسینەوەی پوختە، یان سـەردێڕی باسـەکان)، بۆیە گریمانەی هەڵەکردنی زانسـتییش بە ڕێژەی جیاواز دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز، بەتایبەتی لە میانەی بەڵگەهێنانەوەدا، بەپێی ئەوەی ژمارەی بەڵگەکان زۆرن، هاوکات واتا و فۆرمی هەندێکیان تێکەڵاو و بەناویەکداچوون. لە کۆی سـامپڵی توێژینەوەکەماندا تەنها (٥) هەڵەی زانسـتی دۆزراونەتەوە، سـەرجەمیشـیان لە سـنووری بەڵگەهێنانەوەدان، (٤) لەو هەڵانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسـەر واتا نییە و بە ئاسـانیش درکیانپێناکرێت، تەنها نموونەی (٣٣-پ) نەبێت، کە بە تەواوی واتای دەربڕینەکەی شـێواندووە، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش لە خشـتەی ژمارە (١٢)دا تەنها یەک هەڵەی زانسـتیمان تۆمارکردووە، کە گرفت بۆ پێواژۆی پەیوەندیکردن و گەیاندنی پەیامەکە دروسـتدەکات و ڕادەی قایلکردنیش کەمدەکاتەوە، بەڵام هەڵە زانسـتییەکانی تر ئەم پەسنانەیان تێدا نییە، با لە نموونەکانی (٣٣-ا، ب، پ، ت، ج) بڕوانین:

٣٣-ا) و١: (وَاصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلا)

٣٣-ب) و١: (سَيَجْعَلُ اللَّهُ من بَعْدِ عُسْرٍ يُسْرًا)

٣٣-پ) و١: فوضـــەیلی کوڕی عیاض ئەفەرمێ: (**لا یبلغ العبد حقیقة الإیمان**): مرۆڤ کاتێ ئەبێتە خاوەنی ئیمانی تەواو، ئەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە هەندێ بەڵا: موسیبەتە و هەندێ موسیبەتیش بەڵایە، ...

٣٣-ت) و٢: (**أَوَمَنْ كانَ مَيِّتاً فَأَحْيَيْناهُ**)

٣٣-ج) و٤: (**إنما طائرکم معکم**)

لە نموونـەی (٣٣-ا)دا وتـارخوێن بـە هـەڵـە فۆنیمی (ف)ی بـە (و) گۆڕیوە، کـە لـە بنـەڕەتدا بەمشێوەیەیە: (**فَاصْبِرْ**) و لە ئایەتی (٥)ی سورەتی (المعارج)دا هاتووە، هۆکاری ئەو هەڵەیەش ڕەنگە بۆ لێکنزیکی و لێکچوونی فۆرمی دەقە قورئانییەکانی تر بگەڕێتەوە، چونکە لە حەوت ئایەتی قورئانی پیرۆزدا فۆرمی (واصــبر) بەکارهاتووە، ئەم لێکدانەوەیە ڕەنگە بۆ نموونەی (٣٣-ب)یش دروســـت بێت، بنەڕەتی ئایەتەکە بەمشێوەیەیە: (**سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا**)، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو فۆرمەکە (بعد، من بعد) لە زمانی عەرەبیدا ڕێگەپێدراون و هەمان واتا دەگەیەنن (بە تایبەتیی لەو دەوروبەرە زمانییەدا)، بۆیە وتارخوێن لێی تێکەڵبووە. لە نموونەی (٣٣-پ)دا وتارخوێن بە بێ مەبەست و نائاگایانە وتەیەکی عەرەبی بە هەڵە وەردەگێڕێت، بە شـێوەیەک، کە واتاکە پێچەوانەدەبێتەوە. لە بنەڕەتدا وتە عەرەبییەکە (کە لە وتارەکە ئاماژەیپێنەکراوە) بەمشـێوەیەیە: ((**لا یبلغ العبد حقیقة الإیمان حتی یعد البلاء نعمة، والرخاء مصیبة**)) واتە: (بەندە ناگاتە حەقیقەتی ئیمان و باوەڕ، تاکو بەڵا و موســـیبەتەکان بە بەخشـــش و نیعمەت هەژمارنەکات، هەروەها تاکو خۆشـــگوزەرانی بە تاقیکردنەوە و موســـیبەت نەزانێت)، ئەنجامدانی هەڵەیەکی ئاوا زەق و هەوڵنەدان بۆ ڕاســـتکرنەوەی، بەڵگەیە لەســـەر نائاگایی ئاوەزیی وتارخوێن لە داڕشتنی دەربڕاوەکەیدا. لە (٣٣-ت)دا وشەی (**مَيْتاً**) بە هەڵە دەربڕاوە، مۆفیمی (یــ) بە (ییــ) گۆڕدراوە، واتە بە (**مَيِّتاً**) خوێنراوەتەوە، ئەمەش تەنها هەڵەکردنی فۆرمە و کاریگەریی لەســەر واتا نییە، هەروەها کەسێک تەواو شـارەزای زانستی تەجوید نەبێت، ناتوانێت درکی پێبکات. سـەبارەت بە نموونەی (٣٣-ج)، ئایەتی لەو جۆرە لە قورئانی پیرۆزدا نییە، ڕەنگە وتارخوێن ویســـتبێتی ئایەتی (٤٧)ی ســـورەتی (النمل): ( **قَالَ طَائِرُكُمْ عِندَ اللَّهِ**)، یان ئایەتی (١٩)ی ســـورەتی (یس): (**قَالُوا طَائِرُكُم مَّعَكُمْ**) وەک بەڵگە بهێنێتەوە، بەڵام تووشـــی دوودڵی بووە و لە ئەنجامدا هەڵەی زانســـتیی لێکەوتووەتەوە، ئەگەرچی لە ڕووی گەیاندنەوە: واتابەخشــە و پەیامەکە بە ئامادەبووان گەیشـتووە، ئەمە بۆ نموونەکانی (٣٣-ا، ب، ت)یش هەر ڕاســـتە، چونکە لە ڕووی واتا و زمانەوانییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە و مەبەســـت و چەمکەکە بە تەواوی بە بەرانبەر دەگەیەنن. بەم پێودانگە لە کۆی (٥) هەڵە زانستییەکە، تەنها یەکێکیان (کـە "٣٣-پ"یـە) کـاریگـەریی نـەرێنیی لـەســـــەر وەرگران دروســـتکردووە و ڕادەی قـایلکردنی کەمکردووەتەوە.

### ٣/٣) ستراتیژە زمانییەکانی وتاری ئاینی و شێوازی زمانی بەهێز/ بێهێز:

ئەگەر وتارخوێن لە پێشکەشکردنی وتاردا تەنها یەک ستراتیژ و شێوازی ئاخاوتن بگرێتەبەر و هەموو ڕستەکان بە شێوەی فۆرمی ڕستەی هەواڵیی سادە دابڕێژێت، بە دڵنیاییەوە ڕادەی کاریگەری و قایلکردن و ڕێککەوتنی زمانی بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێت، کەواتە هەمەجۆریی لە بەکارهێنانی ستراتیژەکاندا دەبێتەهۆی بەهێزکردنی شێوازی زمانی وتاردان، ئەمەش بە توندی بە لێهاتوویی زمانیی تاکگەراییەکانەوە بەستراوەتەوە، کە نەخشەی زمانیی ئاخاوتنەکان دەکێشێت.

لەم پارەدا مەبەستمانە ستراتیژەکان (کە لە (٢/٣)دا شیکارکران) بەسەر هەردوو شێوازی زمانیی بەهێز و بێهێزدا دابەشبکەین، بۆئەوەی بزانین وتارخوێنە دیارەکانی کۆمەڵی کوردی (کە وەک سامپڵی توێژینەوە وەرمانگرتوون) تا چەند توانیویانە ستراتیژەکانی شێوازی بەهێز لە وتارەکانیاندا بەرجەستەبکەن، لەم ڕێگەیەشەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بۆچی ئەو وتارخوێنانە وەک دیارترین و بەناوبانگترین وتارخوێنان لەلایەن وەرگرانەوە هەڵبژێردراون.

١. فۆرمی بەڕێزانە و پەرژینی زمانی: هەرچەندە وتارخوێن بە گشتی خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئاینی و زانستییە و لە شوێن و پێگە فەرمی و پیرۆزەکاندا وتار و باسەکانی پێشکەشدەکات، بەڵام نەک هەر فۆرمەکانی ڕێزگرتن و پەرژینی زمانیی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو وەک ئامرازێکی شێوازی زمانی بەهێز بۆ قایلکردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی و ڕێککەوتنی زمانی سوودی لێوەرگرتوون، بە جۆرێک ڕێژەی (١٣.٧٪)ی سەرجەم نموونەکانی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. لە ڕوانگەی شیکردنەوەی نموونەکانی وەچەپاری (٣/٢-١، ٣/٢-٢)وە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەردوو ستراتیژەکە ئامرازی شێوازی زمانی بەهێزن، چونکە ئەرک و مەبەستی هەموو نموونەکان بریتین لە ئامۆژگاریکردن و هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ وەرگرتنی پەیامەکان و بەدەستهێنانی هەڵکردنی زمانی، نەک بۆ مەبەستی خۆکزکردنەوە و پۆزشهێنانەوە و پاڕانەوە بن، بە وێنە دەستەواژەیەکی وەک (باوکی من) ئەم ئاماژانە لەخۆدەگرێت: (ڕێزگرتن، ڕێگەخۆشکردن (پەرژین)، هەڵکردن و ڕێککەوتنی زمانی، هاندان، ...)، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاخێوەر خاوەنی هێزی کۆمەڵایەتی (پلەوپایە) و هێزی تەمەن (بەتەمەنتر) و هێزی توخم (نێرینە)ە.

خاڵێکی تر، کە پێویستە ئاماژەپێبکرێت ئەوەیە، کە زۆرجار پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بڕیار لەسەر بەهێزی/ بێهێزیی ستراتیژی (فۆرمی بەڕێزانە، پەرژینی زمانی) دەدات، ئەگەر ئەو ستراتیژانە لەلایەن کەسێکی پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە ئاڕاستەی کەسانی خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی مامناوەند، یان نزم بکرێت، ئەوا هێز و باڵادەستی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەکە پێچەوانەبویەوە، مەبەستەکەش پێچەوانەدەبێتەوە، ئەم هاوکێشەیە زۆرجار پەیوەست بە کلتوری کوردی ئەنجامێکی ڕاستی دەبێت.

٢. فۆرمی پرســـیاری: ســـەبارەت بە فۆرمی کلکەپرســـیار، لە کۆی ســـامپڵی توێژینەوەکەماندا هیچ نموونەیەکی کلکەپرســیار تۆمارنەکراوە، لەبەرئەوەی بەپێی ئەنجامی زۆرینەی توێژینەوەکان (وەک لە ٢/٢-٥-٣ ی ئەم تێزەدا خرایەڕوو) کلکەپرسیار یەکێکە لە ئامراز و تایبەتمەندییەکانی شێوازی زمانی بێهێز، وتاردانیش بە شێوازێکی بەهێزی زمان پەسنکراوە. لەلایەکی ترەوە کلکەپرسیار پەیامی دوودڵی و نادڵنیایی و باوەڕبەخۆنەبوون دەگەیەنێت، ئەمەش لەگەڵ زمانی وتار و وتارخوێنی ئاینیدا یەکناگرێتەوە، کە هەمیشـــە باوەڕپێکراوی و هێز و دڵنیایی و ڕەهایی لە زانیاری و پەیامەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە لەبری دارشـــتەی کلکەپرســـیار، پەنابراوەتەبەر فۆرمی پرســـیاری ڕەوانبێژی و پرسیاری ئاسایی. پرسیاری ڕەوانبێژی زیاتر بۆ مەبەستی نکۆڵیکردن و سەرزەنشتکردن و هاندان و ئامۆژگارییە، کە زۆرجار پێویســـتە لەلایەن تاکێکی خاوەن پێگەی بەرزەوە ئاڕاســـتەی تاکە پێگە ناوەندی و نزمەکان بکرێت، بۆیە وتارخوێن، کە خاوەنی پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئاینییە و ژینگە نازمانییەکانی وەک: (مینبەر، بڵندگۆ، بێدەنگبوون، وەڵامنەدانەوە و تەنانەت ســـەرقاڵنەبوون و گوێگرتن تاکو کۆتایی وتار، تەمەن، توخم، ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری، ...) هاوکارن لە ڕێگەدان بە گەیاندنی ئەو مەبەست و پەیامانە، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. مەبەستی دارشتنی پرسیاری ئاساییش بریتییەلە هۆشیارکردنەوەی ئامادەبووان و سەرنجراکێشانیان بۆ وەرگرتنی ئەو وەڵامەی، کە پرســـیارەکە لەپێناویدا دارێژراوە، بە تایبەتی ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان، بۆیە زۆرینەی فۆرمی پرسـیارە ئاسـاییەکان بە مۆرفیمی (چی) دارێژراون. هەمەجۆریی فۆرم و دارشـتنەکان دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕادەی کاریگەری و قایلکردن، بەپێی ئەم بنەمایە فۆرمی پرسیاری ڕەوانبێژی و پرســیاری ئاســایی دەتوانن ببنە ئامرازی شـێوازی زمانی بەهێز، چونکە لەبری ڕســتە هەواڵییەکان دێن و زۆرجار بە شێوەیەکی بەهێزتر جێگەیان دەگرنەوە.

٣. ڕوونکردنەوە: ئامانجی ســەرەکیی هەر وتارێک بریتییەلە (تێگەیاندن، کاریگەری، قایلکردن)، بنەمای بەدەســـتهێنانی ئەو پێواژۆیانەش ســـتراتیژی ڕوونکردنەوەیە، کە لە (بەڵگەهێنانەوە، نموونەهێنانەوە، هـاوواتـایی، دووبـارەکردنـەوەی جـەختیـانـە)دا خۆیـدەبینێتـەوە. لـەم ڕوانگـەیـەوە دەتوانین بڵێین "ڕوونکردنەوە" ســتراتیژێکی چالاکی شــێوازی زمانی بەهێزە و تاکو زیاتر بەکاربهێنرێت، شــێوازێکی بەهێزتر بەرهەمدەهێنرێت، بەم پێودانگە لە کۆی (١٣١٦) نموونەی ســـامپڵی توێژینەوەکەماندا (٦٣٢) نموونـەی ڕوونکردنـەوە (بـە هـەموو جۆرەکـانییـەوە) بـەکـارهـاتوون، ئـەمـەش بـەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانە، کە دەکاتە (٤٨.٠٪)ی کۆی نموونەی ستراتیژەکان.

هێزی ســـتراتیژی بەڵگەهێنانەوە بە پلەی یەکەم لە ئاینەوە ســـەرچاوەدەگرێت، کە تەواوی موســـڵمانان بۆ ڕێنمایی و فەرمانەکان گوێڕایەڵ و ملکەچ دەکات، بەڵام مەرج نییە تەنها ئاماژەدان بە دەقە ئاینییەکان هێز بە دەربڕینەکان ببەخشــێت، بەڵکو ئاســتی شــارەزایی ئاینی و پلەوپایە و پێگەی کۆمەڵایەتیی وتارخوێنیش کاریگەریی دیاری لەسـەر بەهێزکردنی گوزارشـت و شێوازی دەربڕینەکان هەیە، بە وێنە کاتێک کەسێکی کەمزانست و ناشارەزا دەقی ئایەت و فەرموودەش بە بەڵگە دەهێنێتەوە،

ڕەنگە متمانەی وەرگران بەدەســــتنەهێنێت و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەســــەریان نەبێت. جگەلەوەی باســــکرا، دیســــان لێهاتوویی تاکگەرایی تاک/ وتارخوێن ڕۆڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی کات و شــــوێنی باسەکان و گونجاویی بابەت و ڕەچاوکردنی دەوروبەری زمانی و نازمانی -بۆ ئاماژەدان بە بەڵگە و دەقە ئاینییەکان- دەگێڕن، تاکو بەوپەڕی هێز و کاریگەرییەوە بگاتە ئامادەبووان. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین هەندێک لە ســــتراتیژەکانی وەک (بەڵگەهێنانەوە) هەردوو لایەنی "زمانی هێز" و "هێزی زمان" ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی شــــێوازی زمانی وتارخوێندا هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەمە لە هەموو ســــتراتیژەکاندا ڕووبدات، بە وێنە لە ســــتراتیژەکانی (نموونەهێنانەوە، هاوواتایی، دووبارەکردنەوەی جەختیانە)دا (بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ) تەنها هێزی زمان سەرچاوەی بەهێزکردنی شێوازی زمانیی وتارخوێنە، واتە وتارخوێن تەنها پشت بە لێهاتوویە زمانییە تاکگەراییەکانی دەبەستێت بۆ داڕشتنی زمانێکی بەهێز و قایلکەر، بە مەبەستی هەڵکردن و بەدیهێنانی ڕێککەوتنی زمانی.

هەرچەندە پێشــــتر ئاماژەمان بە (زمانی هێز، هێزی زمان) وەک دوو چەمکی جودا کرد و ســــتراتیژەکانی (نموونەهێنانەوە، هاوواتایی، دووبارەکردنەوەی جەختیانە)مان وەک بەرهەمی هێزی زمان و لێهاتوویی تاکگەرایی وتارخوێن لێکدایەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە زمانی هێز (پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، ئاینی، زانســــتی، ...) هیچ ڕۆڵێکی تێدا نەبێت، بەڵکو ڕۆڵی دیاریان لەســــەر بەرزکردنەوەی ڕادەی کاریگەریی و قایلکردن و ڕەزامەندیی ئامادەبووان هەیە و زۆرجار ناتوانرێت ســــنووری ئەو دوو چەمکە لە یەکتر جیابکرێتەوە، بە واتایەکی تر پلەوپایە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانی وتارخوێن (ناڕاستەوخۆ) لە هزر و ئاوەزی وەرگراندا وەک زانیاری و کۆزانینێکی پێشینە بنەمایەکی جێگیری هەیە و زۆرجار بەهۆیەوە نرخ و بەهای ئاخاوتن و دەربڕاوەکان دیاریدەکرێت، بۆیە کاتێک وتەیەک (بە نموونە) بۆ سەلماندن و پشتگیریکردنی بۆچوونەکانمان دەهێنینەوە، ئەوا هەڵسەنگاندنی بەهای وتەکە و قایلبوون و ڕەزامەندیی ئامادەبووان بە پلەوپایە و پێگەی خاوەنی وتەکەوە بەســــتراوەتەوە، ئەگەر کەســــێکی بەڕێز و خاوەن پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بوو (ئەگەرچی دەربڕینەکانیشــــی بە شــــێوازێکی بەهێز دانەڕێژرابێت)، ئەوا قایلبوون و ڕەزامەندیی و هاوکات ڕێککەوتنی زمانیشی بەدوادادێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٤. چرکەرەوە زمانییەکان: تەوەر و مەبەســــتەکانی وتار بە دەوری ئامۆژگاریکردن و هاندان و ڕێنموویيدا دەخولێتەوە، چرکەرەوەکان لە سەرەکیترین ئامرازەکانی بەجێهێنانی ئەو مەبەستانەن، بۆیە وتارخوێنە ســــەرکەوتووەکان بۆ بەهێزترکردنی شــــێوازی زمانییان پەنا بۆ بەکارهێنانی جۆرەکانی چرکەرەوە دەبەن، بەڵام بۆ خۆپارێزی لە زۆر دووبارەکردنەوەی هەمان فۆرمی چرکەرەوە (کە ئاماژەیە بۆ لاوازیی فەرهەنگی تاکگەرایی وتارخوێن و هۆکاری بێزارکردنی ئامادەبووان)، چرکەرەوە هەمەچەشنە هاوواتاکان بەکاردەهێنن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە، بڕوانە نموونەکانی (٣٤-ا، ب، پ، ت، ج):

٣٤-ا) و١: <u>تا ئەتوانی</u> دڵی خەڵک خۆشکە، ...

٣٤-ب) و٣: چەن ڕەحمەتی خوا لە ئاسمان وەستاوە بۆئەوەی بێتە خوارەوە، چاوەڕێی دوعای تۆیە،...

٣٤-پ) و١: گەلێک هۆکاری هەیە، لەوانە: ...

٣٤-ت) و٣: پڕە لە خێر و بەرەکەت، ...

٣٤-ج) و٥: لەوانەیە دە ئەوەنەی تۆ بەهرەی هەبێ، ...

سـەرجەم چڕکەرەوەکانی (تا ئەتوانی، چەن، گەلێک، پڕە لە، دە ئەوەندە، ...) وەک هاوواتای هاوەڵناوی (زۆر) بەکارهاتوون و دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە، تەنانەت لە کۆی (٢٤٤) نموونەی چڕکەرەوەکانی سـامپڵی توێژینەوەکەدا، تەنها (٤) جار دەسـتەواژەی (زۆر) بۆ زیاترکردنی چڕی دووبارەکراوەتەوە (زۆر زۆر). ئەگەر دیسان لە نموونەکانی خشتەی ژمارە (١٠) بڕوانین، (٤٣) فۆرمی جیاواز بۆ چڕکردنەوە لە شـێوازی زمانی وتاری ئاینیدا بەکارهێنراوە، ئەمە لەکاتێکدایە، کە هەردوو فۆرمی (زۆر، هەموو) دەتوانن وەک هاوواتا جێگەی زۆرینەی فۆرمەکانی چڕکەرەوە بگرنەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە وتارخوێنان بە ئاگاییەوە چڕکەرەوەکان بۆ بەهێزکردنی شـێوازی دەربڕین و سەرنجڕاکێشان و قایلکردنی ئامادەبووان بەکاردەهێنن.

٥. سوێندخواردن: وتارخوێن و بانگخوازان کەسانی کۆمەڵایەتین و بە تەواوی شارەزای ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسا کلتورییەکانن و ڕێزی لێدەگرن و سنوورەکانی دەپارێزن، یەکێک لە ڕێساکانی کلتوری کوردیش (لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا)، بریتییەلە کەمبەکارهێنانی سـوێند لە ئاخاوتندا بە گشـتی و لە وتاری فەرمیدا بەتایبەتی، لە بری ئەوە وتارخوێنان بۆ قایلکردن و ئاڕاستەکردنی ئامادەبووان بەڵگە و نموونەی دروست دەخەنەڕوو، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، ئەگەر چاوێک بە خشتەی ژمارە (١)دا بخشـێنین، دەردەکەوێت، کە لە کۆی (١٣١٦) نموونەی سـەرجەم سـتراتیژەکانی سـامپڵی توێژینەوە، زۆرترین ڕێژەی ڕوونکردنەوە (لە ناویشـیاندا بەڵگەهێنانەوە) بەکارهێنراوە، کە دەگاتە (٤٨.٠)، لە بەرانبەردا کەمترین ڕێژەی فۆرمی سـوێندخواردن تۆمارکراوە، کە تەنها (٩) فۆرمە و ڕێژەی (٠.٦)ی کۆی نموونەکانە، دەوروبەری بەکارهێنانیشـی بە مەبەسـتی جەختکردنەوەیە لەسـەر بەڵگە و ئارگۆمێنتە باسـکراوەکانی وتارخوێن، نەک خودی سـوێندخواردنەکە بۆ قایلکردنی وەرگران بێت.

کەواتە مەرج نییە، سـوێندخواردن لە وتاری ئاینیدا (پەیوەسـت بە کلتوری کوردی) هەمیشـە وەک ستراتیژی زمانی بێهێز هەژماربکرێت، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بە: (ا) ڕادە و بڕی بەکارهێنان. (ب) دەوروبەری زمانی.

بەم پێودانگە کلتوری کوردی ڕێگەی بە بەکارهێنانی سـوێندخواردن داوە، بە مەرجێک ڕێژەکەی زۆر نەبێت، هەروەها وەک جێگرەوەی سـتراتیژی بەڵگەهێنانەوەش نەبێت، بەڵکو بۆ پشـتگیریکردن و ڕاسـتاندنی بەڵگەکان بێت، واتە ئەگەر لە دەوروبەرێکی زمانیی گونجاودا وتارخوێن ئایەتێک بە بەڵگە بهێنێتەوە و پاشان سوێند لەسەر لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی ئەو فەرمان و بڕیارانە

بخوات (كە دەقی ئایەتەكە داوایدەكات) و دووپاتیبكاتەوە، ئەوا نەک شـــێوازەکە لاواز نابێت، بەڵكو هێزیش بە دەربڕینەكان دەبەخشێت.

٦. دوودڵی: وەک پێشـــتر لـە (٢/٢-٧)دا ئاماژەمـان پێکرد، دوودڵی، ســـتراتیژێکی زمانی بێهێزە و کاریگەریی لەســەر کەمکردنەوەی ڕادەی ســەرنجڕاكێشـان و قایلکردن و ڕەزامەندیی وەرگران هەیە، بەڵام ڕێژەی کاریگەرییەکە لـە هـەموو جۆرەکانی "دوودڵی"دا وەکو یەک نییە (وەک لـە ٢/٣-٧ دا ڕوونکرایەوە)، زۆرجار بەهۆی دەوروبەری زمانی و نازمانییەوە گومان و دوودڵییەکە دەرەوێتەوە و پێواژۆی پەیوەندیکردن و کاریگەری و تێگەیاندن بە ســـەرکەوتوویی بەئەنجامدەگات، ئەگەرچی بە شـێوازێکی تا ڕادەیەک بێهێزیش گوزارشـتی لێکرابێت، چونکە ســەرچاوەی پێدانی هێز تەنها خۆی لە شـــێوازی دارشـــتن و دەربڕینی گوزارشـــتەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو کاریگەرییە دەرەکییەکانی وەک: (هەڵبژاردنی بابەتی ســـەرنجڕاكێش، پلەوپایە و پێگەی کۆمەڵایەتیی وتارخوێن، ئاماژە نازمانییەکانی وەک بەرزکرنەوەی تۆنی دەنگ و زمانی جەســـتە و ...) ڕۆڵی بەرچاو لەو پێواژۆیەدا دەگێڕن و زۆرجاریش دەتوانن سەرنجی ئامادەبووان/ وەرگران لەسەر شێواز و دارشتەی خودی دەربڕینەکان (هەستی بیستن) لاببەن و زیاتر لە هەوڵی چالاككردنی (هەستی بینین)ی وەرگراندا بن.

## ئەنجامەكان:

پاش شیكاركردنی ناوەڕۆكی تێزەكە، پوختەی ئەنجامەكان لە چەند خاڵێكدا دەخەینەڕوو:

١. هەر تاكێك خاوەنی ئیدیۆلێكتێكی جێگیرە (بە شـێوەیەكی ڕێژەیی)، كە پێی دەناسـرێتەوە، واتە گۆڕانی ئیدیۆلێكتی سست و لەسەرخۆیە و تایبەتمەندیی و مۆركی تاكگەرایی دەنوێنێت.

٢. بواری لێكۆڵینـەوەی ئیدیۆلێكتی، تـەنها بریتییـەلـە دەركردە زمـانییـەكـان ( The linguistic output) واتە "ئاخاوتن و نووسین" نەک "توانستی زمانی".

٣. لە توێژینەوەی كۆزمانەوانیدا زمانی تاك "ئیدیۆلێكت" هاوشێوەی "زمانی كۆمەڵ" گرنگە، چونكە تـاك بچوكترین پێكهـاتـە و ئـەندامی كۆمـەڵـە، لـەلایـەكـەوە خـاوەنی پێواژۆی پـەیوەندیكردنـە، لەلایەكی ترەوە تاكگەراییانە توانای نوێبونەوەو گۆڕان و دارشـــتنی شـــێوازی داهێنەرانەی جۆراوجۆریی ئاخاوتنی هەیە.

٤. هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی جیاوازییە زمانییەكانی وەک: (نەژاد، باكگراوندی مێژوویی، شـــوێن، چینی كۆمـەڵایـەتی، تـەمـەن، توخم، كلتور، ...) لـەگـەڵ یـەكتردا لـە كـارلێک و پـەیوەنـدییـەكی توندوتۆڵدان، بۆیە لە یەكتر جیاكردنەوەیان كارێكی قورس و ئاڵۆزە.

٥. نەخشـــەی زمانیی تاك لەلایەكەوە لەژێر كاریگەریی ســـێ گۆڕاوە كۆمەڵایەتییەكەدان (توخم، تەمەن، پلەوپایەی كۆمـەڵایـەتی)، لەلایەكی ترەوە لـەژێر كاریگـەریی و كۆنترۆڵی كارامـەیی و شێوازی زمانیی تاكدان.

٦. نەخشـــەی زمانیی تاك (وتارخوێنی ئاینی بە نموونە) بەشـــدارییەكی چالاک لە هەڵكردن و ڕێككـەوتنی زمـانیـدا دەكـات، بـە جۆرێک لـەلایـەكـەوە شـــارەزایی و لێهـاتوویـیە زمـانیـیە تـاكگـەراییـەكـان دەخـاتـە خزمـەتی ڕێككـەوتنی زمـانییـەوە، لـەلایـەكی ترەوە پـارێزگـاریی لـە هەمەجۆری و جیاوازییە زمانییەكانی دەكات.

٧. هیچیەک لە ســـتراتیژە زمانییەكان بەبێ گەڕانەوە بۆ كلتور و دەوروبەری نازمانی و دۆخی بـەشـــداربووانی ئـاخـاوتن، نـاتوانێت وەک پێوەرێكی جیـاكـەرەوە ئـەنجـامی زانســـتیی بەدەســـتەوەبدات، بە واتایەكی تر ســـتراتیژەكان جێگیر نین و دەكرێت بەپێی كلتور و دۆخی گۆڕاوە كۆمـەڵایـەتییـەكـان، جـارێک وەک ســـیمـای زمـانی بـەهێز و جـارێک بـە پێچـەوانـەوە ڕۆڵبگێڕن.

٨. ستراتیژەكانی شێوازی زمانی بەهێز پەیوەست بە كلتوری كوردی لە وتاری ئاینیدا بریتین لە: (فۆرمی بەڕێزانە، پەرژینی زمانی، پرســـیاری ڕەوانبێژی، پرســـیاری ئاســـایی، بەڵگەهێنانەوە، هـاوواتـایی، نموونـەهێنـانـەوە، دووبـارەكردنـەوەی جـەختیـانـە، چركـەرەوە زمـانییـەكـان، سـوێندخواردن). سـتراتیژەكانی شـێوازی زمانی بێهێزیش تەنها بریتین لە: (١) كلكەپرسـیار (٢) دوودڵی.

٩. "ڕوونکردنەوە" بەهێزترین ستراتیژی شێوازی زمانی وتاری ئاینییە، کە ڕێژەی (٤٨.٠٪)ی کۆی نموونەکانی سامپڵی توێژینەوەکەی پێکهێناوە. بێهێزترین ستراتیژیش کلکەپرسیارە، کە ڕێژەی بەکارهێنانی "ســفر"ە، ئەم ئەنجامەش هاوڕێکە لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆری توێژینەوەکان، کە کلکەپرسیار بە ستراتیژێکی دیاری شێوازی بێهێز دادەنێن.

## سەرچاوەکان:

### ١) سەرچاوە کوردییەکان:

### ١-أ) کتێب:


١. الراجحي، عبدة، ٢٠١٣، زمان و زانســـتەکانی کۆمەڵگە، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢. الزعبي، أحمد، ٢٠١٨، دەروونزانی جیاوازی تاکایەتی و ڕاهێنانە پەروەردەییەکانی، و: عزیز، عمر إبراهیم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر.

٣. باتنی، محمد رضـــا، ٢٠١٥، دەربارەی زمان، و: کەریم، ئاکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

٤. ترادگیل، پیتر، ٢٠٢١، زمانناســـیی کۆمەڵایەتی ســـەرەتایەک ســـەبارەت بە زمان و کۆمەڵ، و: قازی، حەسەن، چاپی یەکەم، وەشانخانەی مادیار، سنە، ئێران.

٥. خرما، نایف، ٢٠١٣، چەند تیشـکێک بۆ ســەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و: شـێخ تەیب، شەهاب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

٦. عبدالعزیز، محمد حســـن، ٢٠٢١، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، و: خۆشـــناو، نەریمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧. عەبدولڕەحمان، شـــیلان عوســـمان، ٢٠٠٩، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگای موکریان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٨. فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر.

٩. محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٠، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

١٠. مەحمود، ئاڤێســـتا کەمال، ٢٠١٣، خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و کاریگەریی لەســـەر دروســـتکردنی جۆراوجۆریی زمانی و ناســـنامەی نەتەوایەتی، کۆنفرانســـی زانســـتیی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە – میدیا)- ٢٠١٢، هەولێر.

١١. ناوخۆش، ســـەلام و خۆشـــناو، نەریمان، ٢٠١٠، زمانەوانی- بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٢. نۆردنســـتام، کریســـتین، ٢٠٠٩، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، و: خورشـــید، غازی عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.


### ١-ب) نامەی ئەکادیمی:


١. ئەحمەد، محەمەد حوســـێن، ٢٠١٦، ململانێی زارەکان زاری ناوەڕاســـت و ژورو وەک نمونە، ماستەرنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، گەرمیان.

٢. ئیبراهیم، شـیلان ڕەحیم، ٢٠٠٤، شـێوازی قسـەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، ماسـتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٣. جعفر، نیگار ستار، ٢٠٢٣، پەرژینی زمانیی و خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی (دەقی ڕامیاری بە نموونە)، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٤. حاجی فرج، شـاخەوان جلال، ٢٠١١، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٥. ڕەشـید، سـەلام ڕەحیم، ٢٠١٤، یاسـا فۆنۆلۆجییەکان لە شـێوەزاری خانەقیندا، ماسـتەرنامە، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
٦. شـەمس، هێمن عبدالحمید، ٢٠٠٦، شـێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ماسـتەرنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
٧. کریم، ئاسۆ عبدالرحمن، ٢٠١٩، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٨. کەریم، ڕزگار ئیسماعیل، ٢٠١٧، باڵادەستیی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، ماستەرنامە، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٩. محەمەد، پێشـکەوت مەجید، ٢٠١٣، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانسـتی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، ماستەرنامە، سکۆڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٠. محمد، بەهار زایر، ٢٠٠٩، زمان و یاسـا کۆمەڵایەتییەکان، ماسـتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

## ١-پ) گۆڤار:

١. حەمەئەمین، خۆشـناو عەزیز و ڕەشـید، سـەلام ڕەحیم، ٢٠١٩، فەرهەنگی زمان و پرۆسـە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی(٦)، ژمارە (١)، گەرمیان.
٢. حوسـێن، شـیلان عومەر و فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠١٩)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی، المجلة العلمية لجامعة جيهان، المجلد (٣)، العدد (١)، سلێمانی.
٣. علی، سـروە طاهر، ٢٠٢٠، ڕەهەندی ئێسـتاتیکی لە دیوانی ( دەربەندی پەپوولە)ی شـێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٧)، ژمارە (٢)، گەرمیان.
٤. قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣، کاریگەریی جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، ژ (٤٠)، سلێمانی.

## ٢) به زمانی عەرەبی:

### ٢-ا) كتێب:


١. البوشـــيخي، عزالدين، ٢٠١٢، التواصـــل اللغوي مقارنة لســـانية وظيفية، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، لبنان.
٢. السعران، محمود، ١٩٦٣، اللغة والمجتمع رأى ومنهج، الطبعة الثانية، الإسكندرية، مصر.
٣. الجابري، محمد عابد، ٢٠١٠، التواصـل نظريات وتطبيقات، الشـبكة العربية للأبحاث والنشـر، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.
٤. تراسـك، ر.ل.، ٢٠٠٢، أسـاسـيات اللغة، ت: يوسـف، رانيا إبراهيم، الطبعة الأولى، المشـروع القومي للترجمة، القاهرة.
٥. پاى، ماريو، ١٩٩٨، أسس علم اللغة، ت: عمر، أحمد مختار، الطبعة الثامنة، علم الكتب، قاهرة، مصر.
٦. تشـومسكى، نعوم، ٢٠٠٩، افاق جديدة في دراسـة اللغة والعقل، ت: حسـن، عدنان، الطبعة الأولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية.
٧. جســبرســن، أوتو، ١٩٥٤، اللغة بين الفرد والمجتمع، ت: أيوب، عبدالرحمن محمد، مكتبة الأنجلو المصرية، مصر.
٨. حمداوي، جميل، ٢٠١٥، التواصـل اللسـاني والسـيميائي والتربوي، الطبعة الأولى، دار النشـر الآلوكة، المغرب.
٩. زروقي، عبدالقادر علي، ٢٠١٨، الجماعات اللســانية من منظور علم اللغة الاجتماعي دراســة في المفهوم وآلية البحث، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والإجتماعية، العدد (٣٥).
١٠. سوان، جون واخرون، ٢٠١٩، معجم اللغويات الاجتماعية، ت: الراشد، فواز محمد و أحمد، عبدالرحمن حسني، الطبعة الأولى، مركز الملك عبدالله بن عبدالعزيز الدولي لخدمة اللغة، المملكة العربية السعودية، الرياض.
١١. طعيمة، رشدي أحمد والناقة، محمود كامل، تعليم اللغة إتصاليا بين المناهج والإستراتيجيات، مطبعة بني ازناسن، سلا، المملكة المغربية.
١٢. فاســولد، رالف، ٢٠٠٠، علم اللغة الإجتماعي للمجتمع، ت: الفلاي، إبراهيم بن صـــالح، جامعة الملك سعود للنشر العلمي، رياض، المملكة العربية السعودية.
١٣. فريحه، أنيس، ١٩٨٩، اللهجات وأسلوب دراستها، الطبعة الأولى، دار الجيل، بيروت.
١٤. كزار، حســن، ٢٠١٨، اللســانيات الإجتماعية في الدراســات العربية الحديثة التلقي والتمثلات، الطبعة الأولى، الرافدين للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
١٥. محمود، منال طلعت، ٢٠٠٢، مدخل إلى علم الإتصال، جامعة الاسكندرية، مصر.
١٦. فوزي، مها محمد، ٢٠٠٩، الأنثروبولوجيا اللغة، دار المعرفة الجامعية، مصر.
١٧. هدسون، ١٩٩٠، علم اللغة الإجتماعية، ت: عياد، محمود، طبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة.
١٨. وافي، علي عبدالواحد، ١٩٨٣، اللغة والمجتمع، الطبعة الرابعة للكتاب والأولى للناشـر، شـركة مكتبات عكاظ، السعودية.
١٩. وافي، علي عبدالواحد، ٢٠٠٤، علم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة مصر للطباعة والنشر، مصر.

## ٢-ب) نامەی ئەکادیمی:

١. آمال، عايدي، ٢٠١٨، التواصل اللساني في المدرسة الجزائرية (الطور الابتدائي أنموذجا)، رسالة ماجستر، كلية الآداب واللغات، جامعة أبوبكر بلقايد، تلمسان، الجزائر.
٢. العنزي، محمد عودة، ٢٠١٤، مهارات التواصل اللغوي وعلاقتها بدافعية التعلم لدى الطلبة الموهوبين في المملكة العربية السعودية، رسالة ماجستر، كلية الدراسات العليا، جامعة البلقاء التطبيقية، السلط، الأردن.
٣. بوسعادة، شيماء وسيوان، إبتسام، ٢٠٢١، استراتيجية التواصل اللغوي في تعليم وتعلم اللغة العربية الطور الإكمالي أنموذجا، رسالة ماجستر، كلية الآداب واللغات، جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي، الجزائر.
٤. حداج، زينب، ٢٠١٨، ترجمة اللهجة الفردية فى رِواية The Call Of The Wild لجاك لندن Jack London (دراسة تحليلية مقارنة لترجمتي صبري فضل و سليم عبدالأمير حمدان)، الرسالة الماجستير، جامعة الجزائر٢، معهد الترجمة.
٥. خديجة، زرواق، ٢٠١٦، العقلانية التواصلية هابرماس أنموذجا، رسالة ماجستر، كلية العلوم الإجتماعية والإنسانية، جامعة محمد بوضياف، الجزائر.

## ٢-پ) گۆڤار:

١. الذبحاوي، علي جواد والبشير، بشرى محمد، ٢٠١٨، نظرية التواصل اللساني المفهوم والرؤية، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، جامعة بابل، عدد (٣٨)، بابل.
٢. الركيك، محند، ٢٠٠٥، نظرية التواصل في ضوء اللسانيات الحديثة، مجلة علامات، عدد ٢٤، المغرب.
٣. رئيس، أحمد، ٢٠١٧، التنوع اللغوي، مجلة (Lisanan Arabiya) Vol. I, No. 2, Tahun .
٤. زروقي، عبدالقادر علي، ٢٠١٨، الجماعات اللسانية من منظور علم اللغة الاجتماعي دراسة في المفهوم وآلية البحث، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والإجتماعية، العدد (٣٥)، جامعة قاصدى مرباح ورقلة، الجزائر، ورقلة.
٥. صادق، فاطمة الزهراء، ٢٠١٧، التواصل اللغوي ووظائف عملية الإتصال في ضوء اللسانيات الحديثة، مجلة الأثر، مجلة جامعية محكمة في الآداب واللغات تصدر عن جامعة قاصدي مرباح ورقلة ، عدد ٢٨، الجزائر.
٦. معروف، مفتاح، ٢٠٠٩، التواصل بين الموقف اللساني والموقف الإجتماعي، مجلة دراسات إنسانية و اجتماعية، جامعة وهران ٠٢/ ع: ١٠، الجزائر.
٧. نورالدين، حنان يوسف، ٢٠١٦، إشكالية التواصل اللغوي في لغة الإختصاص مقاربة تداولية، مجلة الأثر، مجلة جامعية محكمة في الآداب واللغات تصدر عن جامعة قاصدي مرباح ورقلة ، عدد ٢٦ سبتمبر، الجزائر.

## ٣) سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

### ٣-ا) کتێب:

1. Bloomfield, L., 1933, Language, printed in Great Britain by Compton printing LTD, London.

2. Chambers, J.K. and Trudgill, P., 2004, Dialectology, Second Edition, Cambridge University Press.
3. Coulmas, Florian, 1998, The Handbook of Sociolinguistics, Blackwell Publishing.
4. Crystal, David, 2008, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 6th Edition, published by Blackwell Publishing Ltd.
5. De Saussure, Ferdinand, 2011, Course in General Linguistics, Columbia University press.
6. Fought, Carmen, 2006, Language and Ethnicity, First published, Cambridge University Press, New York.
7. Hanna, Sami A. et al, 1997, Dictionary of Modern Linguistics, first impression, Librairie du Liban publishers, Beirut- Lebanon.
8. Hazen K, 2006, Encyclopedia of Language & Linguistics, Second Edition, volume 5.
9. Hernandez-Campoy, Juan M., 2016, Sociolinguistic Styles, first edition, John Wiley & Sons, Ltd, The Atrium, Southern Gate, Chichester, West Sussex, PO19 8SQ, UK.
10. Hopper, Paul (1987), Emergent Grammar, Berkeley Linguistics Society: 139–157.
11. Hudson, R., A. (1996), Sociolinguistic, 2ed, Cambridge, University Press.
12. Isomura, Kazuhito, 2021, Management Theory by Chester Barnard, published by the registered company Springer Nature Singapore Pte Ltd.
13. Jakobson, Roman, 1960, Linguistics and Poetics, in T. Sebeok (Ed.), Style in Language (pp. 350-377), Cambridge: Massachusetts Institute of Technology Press.
14. Johnstone, Barbara, 1996, The Linguistic Individual, Oxford University Press, Oxford New York.
15. Kristiansen, Gitte and Dirven, Rene, 2008, Cognitive Sociolinguistics, Language Variation, Cultural Models, Social Systems, Copyright by Walter de Gruyter GmbH & Co. KG, D-10785 Berlin.
16. Le Page, R. and Tabouret-Keller, A., 1985, Acts of Identity: Creole-Based Approaches to Language and Ethnicity, First published, Cambridge University Press, New York.
17. Llamas, Carmen et al, 2007, The Routledge Companion to Sociolinguistics, First Published by Routledge.
18. Preiss, Raymond W. and Allen, Mike, 1998, Persuasion: Advances Through Meta-Analysis (The Hampton Press Communication Series), Hampton Press Ink., printed in USA.

19.Schulze, Rainer and Pishwa, Hanna, 2015, The Exercise of Power in Communication Devices, Reception and Reaction, First published by PALGRAVE MACMILLAN, New York.
20.Sherzer, Joel et al, 2010, Dell H. Hymes: An intellectual sketch, Language in Society 39:3 (2010), Cambridge University Press.
21.Smith, Neil, 2004, Chomsky Ideas and Ideals, Second edition, Cambridge University Press.
22.Swann, Joan et al, 2004, A Dictionary of Sociolinguistics, Edinburgh University Press Ltd.

23.Tannen, Deborah, 1993, The Relativity of Linguistic Strategies: Rethinking Power and Solidarity in Gender and Dominance " Gender and Conversational Interaction, New York Oxford, Oxford University Press.
24.Trudgill, Peter, 1984, Applied Sociolinguistics, ACADEMIC PRESS, INC. Harcourt Brace Jovanovich, Publishers London Orlando San Diego Austin New York.
25.Trudgill, Peter, 2000, Sociolinguistics: an introduction to language and society, Fourth Edition, Penguin Books Ltd, Registered Offices: 80 Strand, London WC2R ORL, England.
26.Wardhaugh, Ronald, 2006, An Introduction to Sociolinguistics, Fifth edition, by Blackwell Publishing Ltd.

### ٣-ب) نامەی ئەکادیمی:

1. Dalarna, Högskolan, 2009, Idiolect Change in Native English Speakers Living in Sweden, Master’s Thesis in English Linguistics, EN3034, Megan Case.
2. Kuhl, Joseph W., 2003, The Idiolect, Chaos, And Language Custom Far from Equilibrium: Conversations in Morocco, A Dissertation Submitted to The Graduate Faculty of The University of Georgia in Partial Fulfillment of The Requirements for the Degree Doctor of Philosophy, Athens, Georgia.

### ٣-پ) گۆڤار:

1. Al Abdely, Ammar Abdul-Wahab, 2016, Power and Solidarity in Social Interactions: A Review of Selected Studies, Journal of Language and Communication, 37-48, Universiti Putra Malaysia Press.

2. Azizah, Dinda Noor, 2021, Hedges Function in Masculine and Feminine Feature's Language: A Pragmatics Analysis, Journal of Pragmatics Research, Vol. 03, No. 01 (2021), pp. (59-69).
3. Barlow, Michael, 2010, Individual usage: a corpus-based study of idiolects, University of Auckland, Corpus ID: 52490864.
4. Boonsuk, Yusop et al, 2019, Position of Hesitation Markers in Everyday, Informal Conversation in English, ABAC Journal Vol.39 No.3 (July-September, pp 129-140.
5. Bradac, James and Mulac, Anthony, 1984, A Molecular View of Powerful and Powerless Speech Styles: Attributional Consequences of Specific Language Features and Communicator Intentions, COMMUNICATION MONOGRAPHS, Volume 51, December 1984.
6. Castro, Esteban Brea, 2018, Hedging in Academic Texts: A Cross-Linguistic Comparison between English and Galician, Facultade De Filoloxía, UNIVERSIDADE DA CORUNA.
7. Chiffi, Daniele, 2012, Idiolects and Language, Springer Science, Business Media B.V. 2011.
8. Danescu-N.-M., Cristian et al, 2012, Echoes of Power: Language Effects and Power Differences in Social Interaction, the International World Wide Web Conference Committee (IW3C2), Lyon, France.
9. Díaz-Campos, Manuel, 2014, Quantitative approaches to the study of sociolinguistic phenomena across Spanish varieties, Vol. 14 No. 2 (2014) IULC Working Papers.
10. Elman, Jeffrey L., 2004, An alternative view of the mental lexicon, TRENDS in Cognitive Sciences, Vol.8, No.7.
11. George, Alexander, 1990, Some Notes on Idiolects, The Philosophical Quarterly Vol. 40 No. 160, Issn 0031-8094.
12. Gumperz, John, 1970, Sociolinguistics and Communication in Small Groups, California Univ., Berkeley, Language and Behavior Research Lab.
13. Heck, Richard G., 2006, Article on "Idiolects", Oxford: Oxford University Press, pp. 61–92.
14. Joullie, Jean-Etienne et al, 2021, The language of power and authority in leadership, The Leadership Quarterly, 32, 101491.
15. Krauss, Robert M. and Chiu, Chi-Yue, 1998, Language and Social Behavior, In D. T. Gilbert, S. T. Fiske, & G. Lindzey (Eds.), The handbook of social psychology (pp. 41–88), McGraw-Hill.

16. Lakoff, Robin, 1973, Language and Woman's Place, Language in Society, Vol. 2, No. 1 (Apr., 1973), pp. 45-80, Published by: Cambridge University Press.
17. Liebrecht, Christine et al, 2018, The Relative Power of Negativity: The Influence of Language Intensity on Perceived Strength, Journal of Language and Social Psychology, 2019, Vol. 38 (2), 170–193.
18. Louwerse, Max, 2004, Semantic Variation in Idiolect and Sociolect: Corpus Linguistic Evidence from Literary Texts, Vol. 38, No. 2 (May, 2004), pp. 207-221, Published By: Springer Computers and the Humanities.
19. Mohamad, Munthir Manhal and Sahib, Raniah Shakir, 2014, Hedges in Male and Female Language, Journal of College of Languages, issue (30), Pages 1-21, College of Languages, University of Baghdad, Baghdad - Iraq.
20. Muhammadi, Tanveer Ahmed, 2016, Language and Individual Identities, Language in India, ISSN 1930-2940 Vol. 16:3 March.
21. Nemati, Azadeh, 2007, Gender Differences in the Use of Linguistic Forms in the Speech of Men and Women: A Comparative Study of Persian and English, Central Institute of Indian Languages, Mysore, India, p. 85 -201.
22. Nim, Anisa Zakia, 2018, Pragmatic Study on Hedging as Politeness Strategy in Online Newspaper, Letters and Humanities Faculty, State Islamic University Syarif Hidayatullah, Jakarta.
23. Pennebaker, James W. and King, Laura A, 1999, Linguistic styles: Language use as an individual difference, Journal of Personality and Social Psychology, vol. 77, No 6, P. 1296-1312.
24. Rad, Shadi Khojasteh and Abdullah, Ain Nadzimah, 2012, Effect of Context on Types of Hesitation Strategies Used by Iranian EFL Learners in L2 Oral Language Tests, English Language Teaching, Vol. 5, No. 7; July 2012.
25. Salman, Isa Atallah, 2019, A Pragmatic Analysis of the Use of Intensifiers in Charles Dickens' Hard Times, Journal of the College of Languages, No (40), College of Languages, University of Baghdad, Baghdad – Iraq, P. 89-106
26. Shala, Flamur, 2019, Language conformity and the use of standard Albanian language, (April 1, 2019). Available at SSRN: https://ssrn.com/abstract=3363688.
27. Smith, Barry, 2001, Idiolects and Understanding: Comments on Barber, Mind & Language, Vol. 16 No. 3 June 2001, Blackwell Publishers Ltd., Oxford, USA, p. 284–289.

28. Susanti, Y. E. and Indarti, Yulia, 2016, Reflecting Power and Solidarity throughthe Relativity of Linguistic Strategies in Divergent Movie, Anglicist, Volume 05, No 02.
29. Swets, Benjamin et al, 2021, A Cross-Linguistic Study of Individual Differences in Speech Planning, Frontiers in Psychology, May 2021, Volume 12, Article 655516.
30. Wang, Yibei, 2021, A Study on the Use of Hesitation Markers in Varied-Level EFL Learners' L2 Speaking Process, Open Journal of Modern Linguistics, 2021, 11, P. 823-840.

## ٤) به زمانی فەرەنسی:

### ٤-ا) گۆڤار:

1. Rabatel, Alian, 2005, Idiolecte, ethos, point de vue: la représentation du discours de l'autre dans le discours d'ego, Université Lumière Lyon 2, I.U.F.M. de Lyon, ICAR U.M.R. 5191 C.N.R.S.

## ٥) ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

1- http://web.mnstate.edu/houtsli/tesl551/Socio/page4.htm
2- https://thesaurus.plus/related/idiolect/style
3- Brown, g. (2021, September 17). *Difference Between Conformity and Individuality.* Difference Between Similar Terms and Objects. http://www.differencebetween.net/miscellaneous/difference-between-conformity-and-individuality/.

٤- https://youtu.be/Wqu7vAYWMTE (٢٠٢٣/٤/١)

ناونیشانی وتار: (**غەمبار مەبە**)، وتارخوێن: م. محەمەدی مەلا فایەقی شارەزووری

٥- https://youtu.be/jtoOiAu94_0 (٢٠٢٣/٤/٢)

ناونیشـــانی وتار: (**داهاتوو بە دەســـتی خودایە لێی مەترســـە**)، وتارخوێن: م. عادل عیزەت جەباری

٦- https://youtu.be/T_80ZUpg3lg (٢٠٢٣/٤/٥).

ناونیشـــانی وتار: (**متمانەت بە خودا هەبێ، ژیان بە دڵی خۆت ئەبێ**)، وتارخوێن: د.عوســـمان هەڵەبجەیی

٧- https://youtu.be/g7TuuDLJfmA (٢٠٢٣/٤/١٠)

ناونیشـــانی وتار: (**الإســـتغفار أســـتغفر الله وأتوب إليه گەورەیی و ســـوودەکانی**)، وتارخوێن: د.عبداللطيف احمد مصطفى

٨- https://youtu.be/cqa2sK8StBk (٢٠٢٣/٤/١٢)

ناونیشانی وتار: (**لار و لەنجە**) بانگخواز: د. عبدالواحد محمد صالح

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

ناونیشانی وتاری ئاینی: **(غەمبار مەبە):**
بانگخواز و وتارخوێن: م. محەمەدی مەلا فایەقی شارەزووری

### تەواوی دەقی وتارەکە

غەمبار مەبە، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم ئەفەرمێ: (الحزن حزنان، حزن الدنيا وحزن الآخرة): خەفەت دووجۆرە: یا خەفەتی دونیاییە یا خەفەتی قیامەتییە، یانی خەفەتێ، کە لە پێناوی خوایە، کە ئەجر و پاداشتی لەسەرە، یا خەفەتێکە لە پێناو خۆت و دونیایا، کە پاداشتی نییە. ئەگەر خەمێکی ڕابردوو بێت (حوزن)ە، ئەگەر خەمێکی داهاتووبێت (هەم)ە، ئەگەر خەمێکی هەنوکەیی و ئێستا بێت (غم)ـــە. مەلایین خەڵک لە دونیادا بەم خەمۆکی و دەردانەوە دەناڵێنن، (وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ) خوای گەورە ئەفەرمێ: لە خەفەتا لە غەمباریا پێغەمبەر یعقوب هەردوو چاوی لە دەسدا، مناڵەکانی نەسیحەتیان کرد، وتیان: (حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ): ئاوا بڕوا ئەونە خەفەت بخۆی دەکەویتە سەر جێگە و نەخۆش دەکەوی تیائەچی، پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة وسلام) کاتێک لە طائف دەریان کرد، هێندە خەفەتبار بوو ئەفەرمێ: (لم أفق إلا وان في قرن الثعالب): ئەفەرمێ نەمزانی چۆن بەم خەفەتەوە ڕۆیشتم، وەختێ تەماشا ئەکەم گەیشتوومەتە لوتکەی چەقەڵەکان یان ڕێویەکان، کە ناوچەیەکە شەست کیلۆمەتر دوورە لە طائیفەوە، تۆ دوو کیلۆمەتر بە پێ بە خەفەت ئەڕۆی؟ کاتێ بوختانەکە بۆ دایکی ئیمانداران: عائیشە کرا ئەفەرمێ ئەمەنەم خەفەت خوارد (حتى ظننت أن الحزن فالق الكبد): هەتا دڵنیابووم لەوەی بە ڕاستی جەرگم پارچە پارچە ئەکا ئەم خەفەتەی کە تووشم هاتووە، بۆیە ئیبنول قەیم ئەفەرمێ: (یضعف القلب): مرۆڤ دڵی لاوازەبێ بە خەفەت، بێ وره ئەبێ، بێ توانا ئەبێ (یهدم البدن)، حەتا ناوی ناوە (جهنم حاضرا)، ناوی ناوە (نار دنيوية)، بە ڕاستی ئاگرێکی دنیاییە، ئەو مرۆڤە وردە وردە تووشی ترسەبێ، لە ترسەوە ژیانی تێک ئەچێ خەوی نامێنێ خۆراکی نامێنێ لاوازەبێتەوە، وردە وردە بەرەو ئەوە ئەڕوا کە ئەکەوێتە گومان لە خۆی و چواردەوری، عەقڵ لەدەسئەدا، تووشی کەئابەو خەمۆکی ئەبێت، تووشی خۆکوشتن ئەبێ، خوا بمان پارێزێ یا ڕەبی. گەلێک هۆکاری هەیە لەوانە وەک ئیبنو مەسعود ئەفەرمێ: خوا هەندێک جار خەفەتی داناوە بە هۆی چییەوە؟ (الشک والسخط): گومانی خراپ بەرامبەر خوا و خەڵکان، ئەمە خەفەتت دەداتێ، وە نارازیبوون بەو هەموو بەشانەی، کە خوا پێی یاوی خەفەتت دەداتێ، هەندێ جار بە هۆی لاوازی ئیمانتەوەیە، (يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا): ئەوەنە ئیمانی لاوازە دڵی پەستە، بێزارە لە خەمی بەردەوامایە. هەندێ جار لە هۆکاری لەدەسدانی خۆشەویستێکەوەیە، خەدیجە، کە وەفاتیکرد، ناونرا چی لە سیرەیا؟ عام الحزن: ساڵی غەمباری، ماتەمینی، پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام) ئەفەرمێ: (إن الله لا يعذب بحزن القلب ولا بدمع العين): خودا مرۆڤ سزا نادا لەسەر غەمگینی دڵی و فرمێسکی چاوی، لە کاتێک کە یەکێک

لەدەســـدەدا، خۆشـــەویســـتی، کاتێک کوڕەکەی خۆی وەفاتیکرد، فەرمووی: (وإنا على فراقك يا إبراهيم لمحزونون): ئێمە زۆر دڵگرانین بە کۆچی دوایی تۆ ئەی ئیبراهیم. هەندێ جاریش بە هۆی شـــکســـتەوەیە: لە غەزای ئوحودا (فَشِلْتُم): ئەها شکستان هێنا، سەرەنجامەکەی چی بوو؟ (غَمًّا بِغَمٍّ) خەفەت لەسەر خەفەتتان هاتەڕێ. هەندێ جاریش خەفەتەکە خەفەتی دینە، ئەوەندە خەفەتەخۆی لەم دینە، ئەوەنە خەفەتەخۆی لە حاڵی موسڵمانان، ئەمەش سیفەتی ئیمانی ئیماندارە، ئەگینا منافق (أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ)، تەنها بەس لە خەیاڵی خۆیایەتی، بەس لە خەمی خۆیایەتی، بیر بەس لە خەفەتی خۆی ئەکاتەوە، باکی بە کەس نییە. هەندێ جاریش هۆکاری گوناح و تاوانەکانە، وەکو ئیبنو قەیم ئەفەرمێ: (عقوبات عاجلة): ئەو خەم و خەفەتەی، کە توشـــت ئەبێ لەســەر کەم و کورتیەکانی ژیانی دونیاتە، بە خۆتا بچۆرەوە. جاری وا هەیە ئەم مرۆڤە ئەترســێ لە نەخۆشـــی، ئەترســێ لە هەژاری، ئەترســێ لە دوژمن، ئەترســێ لە گرفت و کێشـــەکان، چارەســـەری ئەم غەمبارییانە بەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ فەرمانەکانی خوا کە ئەفەرمێ: (لَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا): خەفەت مەخۆن، مەبەزێن، بڕوادارە ڕاســـتەقینەکان کەســـانێکن (لا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ): ناترســـن و خەفەتیش ناخۆن و ناشــــیەتە ڕێیان، خۆت ســـــەرقاڵکە بە باوەڕ و بە کردەوەی چاکەوە، بەڵێن دراوە بەو جۆرە مرۆڤانە: (فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً): ژیانێکی پڕ لە خۆشـی و کامەرانیان بۆ فەراهەم ئەهێنین، ئەوانەی ڕێگای خوا بەرنادەن (فَلَا يَضِــلُّ وَلَا يَشْــقَىٰ)، هەرگیز تووشـــی بەدبەختی و نەهامەتی و خەفەت نابن إن شـــاء الله، بیر لە دونیا کەرەوە، ئەرە کاکە تۆ درووســـت بووی بۆچی؟ خۆ ئێرە بەهەشـــت نییە (ســـجن المؤمن): ســـجنە، تۆ لە لەدایکبوونتەوە (فی كبد): لە مەشـــەقەتای، (إِنَّكَ كَادِحٌ) لە تێکۆشـــانای هەتا ئەوســـاتەی دەگەڕێیتەوە لای خوا (سبحانە وتعالى)، ژیان هەمووی سەرتاسەری تاقیکردنەوەیە، وەکو جبریل فەرمووی: (عش ماشئت فانك میت): چەنێک ئەژی بژی بەس ئەبێ هەر بمری، ها. کێت خۆشـــەوێ خۆشـتبوێ هەر ئەبێ لێی جیابیتەوە، چی دەکەی بیکە، بەسەرتەوە تێناپەڕێ، کاکە کێشەی دونیا ئەوەیە، هیچ شتێکی تا سەر نییە:

وَلا حُزنٌ يَدومُ وَلا سُـرورٌ ... وَلا بُؤسٌ عَلَيكَ وَلا رَخاءُ

إِذا ما كُنتَ ذا قَلبٍ قَنوعٍ ...

دڵنیابە (فَأَنتَ وَمالِكُ الدُنيا سَـــواءُ) وەکو ئیمامی شافعی ئەفەرمێ، ئەم ژن و مێردە پەنجا ساڵ ژن و مێردن، هەر ئەونە تەڵاق کەوتە بەینیانەوە، ئەڵێی کەسیان یەکتر ناناسن، سبحان الله، چەنە خۆشت دەوێ، هەر ئەونە بەین تێکچوو، تەواو... ئەڵێی هەر نەتبینیوە، هەر نەتناسیوە، یانی دونیا لە گۆڕانایە کێشـەکە لەمایە، ئەوانەی تۆ خۆشـــت دەویســـتن، هەمووی نەما، ئیتر تۆ ژیانت بۆچییە؟ (إذا مات أقران الرجل) وەکو ئیمامی ئەعمەش ئەفەرمێ (مات الرجل): مرۆڤ کە هاوپێڕەکانی مرد، خۆی بە تەنیا ئەڵێی لە کاروان بەجێماوە کەس نایناســێ، ئەصــحابول کەهف بۆ داوای مردنیان کرد؟ پێڕی ئەوان هیچی نەماوە، لەبەر ئەوە دونیا دڵنیابە لە گۆڕانایە، مادەم لە گۆڕانایا **دەبێ** چاوەڕێی دڵخۆشـی مەبە، وەکو شـافیعی ئەفەرمێ (سروره يأتيك كالأعياد): بە خوا چۆن لە ساڵێکا دوو جەژن هەیە، لەوەچێ لە ساڵێکا دووسێ جار دڵت خۆشبێ، ئەوە بە ڕاستە؟!، ئیبنو عەطا ئەفەرمێ: (لا يتم لمؤمن فرح يوم): بە خوا ئینسانی ئیمانداری ڕاستەقینە لەوەچێ لە ڕۆژێکا یەکجار دڵی خۆشـــنەبێ، بەیانی تا ئێوارە ئیلا خەفەتێ لابەلا هەردێ، ئینســـان کە مرد، بڕوادار، کە چووە بەهەشت ڕۆحیانەتی بڕواداران لێی کۆ ئەبنەوە ئەڵێن: (دعوه فإنه كان في غم الدنيا): کورە دە لێیگەڕێن ئێستا لە

خەفەتی دونیا ڕزگاری بوو، کاتێکیش برواداران دەچنە بەهەشــت دەڵێن چی؟ (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ): ســـوپـاس بۆ ئەو خوایەی، کە لە هەموو غەم و پەژارەکـان ڕزگـاریکردین و نەجـاتمـان بوو، بیر لە پاداشــتەکەی بکەرەوە، پێغەمبەری خوا (علیه الصلاة والسلام) ئەفەرمێ (ما یصیب المسلم من نصب ولا وصب): ئینســانی بڕوادار توشــی هەر شــتێک بێ (غم ولا حزن ولا أذی): تووشــی هەر خەفەتێکی ئێســتا و ڕابردوو داهاتوو بێت، (إلا کفر الله به عن خطایاه): ئەو خەفەتە ئەبێتە سڕینەوەی گوناحەکانی، وای لێدێ (حتی یلقی الله وما علیه خطیئة): دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا (ســبحانە وتعالی) هیچ گوناحێکی پێوە نییە بە ئیزنی خوا، لەبەر ئەوە تا ئەتوانی ورەبەرز بە، وەکو یەکێ لە پیاوچاکان ئەفەرمێ: (یزید في الحســنات): ئەم غەمبارییە چاکەکان زیادەکات، بیشـــری حافی ئەفەرمێ: (داعیة إلی طول الفرح یوم القیامة): ئەم خەفەتانەی دونیات، کە لەبەر خوایە (إن شاء الله) هۆکاری ئەوەیە، کە شادیی هەتا هەتایی بەدەست بێنی لە بەهەشتی خوایا سبحانە وتعالی. خەفەت مەخۆ بیر لە مردن بکەرەوە هەموو شــتێک کۆتایی پێدێ (ما ذکره أحد وهو في ضیق من العیش إلا وسـعه علیه) هەر خەم و خەفەتێکە، مردن کۆتایی پێناهێنێ؟ جەناتت ئەبێ، ئەمڕۆ بێ یا ســـبەی، ئەوەندە خۆت دڵگران مەکە، ئینسانی ئیماندار (یموت ویستریح): نەجاتی ئەبێ، ئاسودە ئەبێ إن شاء الله، ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا ســـبحانە وتعالی، بۆیە داوا بکە لە خوا، بڵێ: (اللهم اجعل الموت راحة لي من کل شــر): خوایە مردن بکەرە ئاسوودەییم ، پارێزراویم لە هەموو شەڕ و خراپەیەک. سەڵاوات و درود بنێرە بۆ پێغەمبەر (علیه الصلاة والســلام) یەکێ لە هاوەڵان فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من هەموو دوعاکانم کردووەتە ســەڵاوات و درود بۆ تۆ، فەرمووی: (إذا تکفی همك): کەواتە إن شـــاء الله دڵت خۆش ئەبێ و ئەونە خەفەت ناخۆی، بە چی خەفەت ناخۆی؟ بە سـەڵاوات، ئێ دە سـەڵاوات بە باخەفەتت نەمێنێ، (ویغفر لك ذنبك): وە إن شـاء الله خوا لە گوناحەکانت دەبورێ. ئەوندە هەر خەفەت ئەخۆی، خەفەتی قیامەتت بێت کاکە، (کونوا من أبناء الآخرة) وەکو ئیمامی عەلی ئەفەرمێت، لە کوڕانی دنیا مەبن، دۆسـتانی خوا بن، کوڕانی قیامەت بن، پێغەمبەر علیه الصــلاة وســـلام ئەفەرمێ: (من جعل الهموم هما واحدا، هم المعاد کفاه الله ما أهمه من أمور الدنیا): هەر کەســێ هەموو خەفەتەکانی کۆبکاتەوە، تەنها لە خەمی قیامەتا بێ، ئێ، خوا هەموو کارەکانی بۆ ئەبا بەڕێوە، پێویســت بە عەزێت ناکا، هەمووی بۆ ئەبا بەڕێوە، دڵی دەوڵەمەن ئەکا، ڕزقی زیا ئەکا هەمووشـــتێکی ئەیاتێ، ئەی ئەگەر یەکێ هەموو خەفەتەکانی کۆکردەوە بەس لە دونیایا <u>بۆ بەدەســتهێنان **و** پارە و پول و ســامان **و** دەسەڵات</u>؟ خوا کارەکانی تێکەڵئەکا بەسەر یەکا، دڵی فەقیر ئەکا، ئەگەر ئەو شارە هی ئەو بێ، ئەڵێ هیچم نییە، وە ئەوەشـــی خوا بۆی داناوە، لەوە زیاتری پێنابەخشـــێ، لەبەر ئەوە داوامان لێکراوە لە ئەخیری مەجلیســا بڵێین: (اللهم لا تجعل الدنیا أکبر همنا): خوایە وامان لێمەکە دنیا تەواو جێی خەم و خەفەتەکانمان بێ، <u>پیاو دەبێ لە **خەم،** خەمی قیامەتیا بێ زیاتر</u>. تا ئەتوانی پشت ببەســە بە خوا سـبحانە وتعالی، خوا بەڵێنی یاوە: (فهو حسبه): پشت بە من ببەستە ئەفەرمێ: خەمی هیچت نەبێ، سیقەو بە خوا هەبێ، ئیعتیمادی بکەرە ســەر (ســبحانە وتعالی) هەر خوایە کە هەموو شــتێکی بەدەســتە، لە فەرموودەیەکی ضـــەعیفا هاتووە ئەفەرمێ: هەچکەس حەوت جار بڵێت: (حســبي الله الذي لا إله إلا هو علیه توکلت وهو رب العرش العظیم): هەرچەن ضـــەعیفە ئەم حەدیســـە، ئەفەرمێ: (کفاه الله ما أهمه)، خوا خەمەکانی لێدوورەخاتەوە، لێ ئەڕەوێنێتەوە، پێغەمەر (علیه الصــلاة والســلام) لە هیجرەتا بە ، چی فەرموو بە ئەبوبەکر؟ (لاتحزن): غەمبار مەبە، (إن الله

معنا): خودا پشـتیوانمانه، لەگەڵمانە. تا ئەتوانی دڵی خەڵک خۆشـکە، با خوا دڵت خۆشـکا، خەفەت مەیە بە خەڵک ، خوا خەفەتت ئەیاتێ، ئەوە بەڕاستە؟! (سرور تدخله على قلب رجل مسلم) پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرمێ: دڵی موسڵمانێ خۆشکە، قەرزێکی بۆ بەرەوە، هاوکارییەکی بکە، موسییبەتێکی هەیە، دوو قسەی خۆشی بۆ بکە، با دڵی بدەیتەوە، بۆ ئەوەی گرفتەکانی کەمبێتەوە. تا ئەتوانی نوێژکە، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) بە بیلالی ئەفەرموو چی؟ (أرحنا بها یا بلال): دڵمان خۆشکە بەو بانگە، بەو نوێژە، ئەی بیلال، بە چی دڵمان خۆشـکە؟ بە بانگ و نوێژ، هەیە دڵی دائەگیرێ پێی، (جعل قرة عین في الصلاة): ئەوپەڕ شـادی و کامەرانی من لە نوێژایە، پێغەمبەر ئەفەرمێ (صـــلی الله علیه وســـلم)، بۆیە کان (إذا حزبه أمر فزع إلی الصـــلاة): هەرکاتێ خەفەتێکی قورســـی هەبوایە، چی ئەکرد؟ یەکســـەر دەســـی ئەکرد بە نوێژ، وە بە هاوســـەرەکانیشـــی دەفەرموو نوێژکەن، دوو ڕکات نوێژکە، دووڕکاتی تر، دووڕکاتی تر، هەتا خوا ئەیرەوێنێتەوە. تا ئەتوانی ئارامگر بە: (اسْـتَعِينُوا بِالصَّـــبْرِ وَالصَّـــلَاةِ): بەرامبەر هەموو کێشـــەکان بە چی بووەســـتنەوە؟ بە ئارامگری و نوێژ ، خوای گەورە ئەفەرمێ ســـبحانه وتعالی ، بەڵام: (واصْـــبِرْ صَـــبْرًا جَمِيلا): سـەبرەکەت با جوان بێ، ئەوەنە سـکاڵا مەکەرەوە، ئەوەنە گلەیی مەکە لە خوا، ئەوەندە بێزاری دەرمەبڕە، ئەوەندە بێ سـەبر مەبە، با سـەبرەکەت جوان بێ، وەکو ئیمامی عومەر ئەفەرمێ: (وجدنا خیر عیشـنا بالصـبر): خۆشـترین سـاتەکانی تەمەنمان بە چی بەدەسـمان هێنا؟ سـەبر، بە ئارامگری، سـوفیانی ثەوری ئەفەرمێ: (الحزن على قدر الصبر)، چەنێ سـەبرت هەبێ ئەوەندە خەمت لێئەڕەوێتەوە، چەنێ بێ سـەبر بێ، ئەوەندە خەم بە ڕاسـی گیرو گرفت بۆت دێت، ئیبنو جەوزی ئەڵێ: (الدنیا وضعت للبلاء، فینبغي للعاقل أن یوطن نفسه على الصـبر): کاکە دنیا خوا بۆ بەڵای داناوە بۆ تاقیکردنەوە، عاقڵ ئەوکەســـەیە، کە بەڕاســـتی هەر لە ئێســـتاوە خۆی ئەکاتە ئارامگر: (من یتصبر) قورسیش نییە (یصبره الله): هەرکەس بەس لە سەرەتای یەکەما دان بەخۆیا بگرێ: (عند الصـــدمة الأولی) وەکو حەدیســـەیەکە ئەفەرمێ، وردە وردە ئارامگر ئەبێ أن شـــاء الله و تێئەپەڕێت، تا ئەتوانی بێ ئومێد مەبە، خوا ئەفەرمێ: (لَا تَيْأَسُوا): بێئومێد مەبە، (لا تَقْنَطُوا): بێ هیوا مەبە، (إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ)، هەر کێشـەیەک هاو، هەر چارەسـەرەکەی لەگەڵ خۆیەتی (مع)، هەندێ جار نەخێر: (سَيَجْعَلُ اللَّهُ من بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا): هەندێ جار گرفت هاو، ماوەیەکی دەوێت، خەمت نەبێ إن شـــاء الله دەڕەوێتەوە، ئەو خەفەتە نامێنێ، بە ئیزنی خوای گەورە و میهرەبان. گومانت باشـــبێ بە خوا: (أنا عند ظن عبدي بي): خوا ئەفەرمێ، من لەگەڵ بڕوای عەبدەکەمام، بڕوات وایە نەجاتت ئەبێ، نەجاتت ئەبێ، بڕوات وایە خەمت دەڕەوێتەوە، دەڕەوێتەوە، تا دەتوانی ئاگات لە پیلانەکانی شەیطان بێ، چونکە شەیتان ئیشی چییە؟ (لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا): بەس بۆ ئەوەی تۆ خەفەتبار کا، (لیس شـــیء أحب إلی الشـــیطان من حزن المؤمن): وەکو ئیبنول قەیم ئەفەرمێ، هیچ شـــتێک نییە خۆشـــەویســـتتر بێت لای شـــەیتان، لە چی؟ لەوەی جەنابت ببینێ غەمباری، بۆ دونیا تەبعەن. تا ئەتوانیت ســـــەرنجی ئەو نیعمەتانە بە، کە خوا پێی یاویت، ڕاســـــتە هەندێکت لێســـــەنراوەتەوە بەڵام چەنێکت بۆ هێشـــراوەتەوە؟ عورووەی کوڕی زوبەیر پورزازای پێغەمەر (صـــلی الله علیه وســـلم)، کە قاچی بڕایەوە، قاچەکەی هێنا، بەرزی کردەوە، وتی: خوایە خۆت ئەزانی پێی نەچووم بۆ حەرام ، ســـوپاس بۆ تۆ خوایە، پەلێکت لێسەندمەوە، چوار پەلت پێ یاوم سیانت بۆ هێشتوومەتەوە، محەمەدی کوڕمت لێسەندمەوە، سێ کوڕی ترت بۆ هێشـتوومەتەوە، بیرکەرەوە عەقڵت هەیە، هەیە هەر عەقڵی تیا نییە، ئیمانت هەیە، هیدایەتت

هەیە، ئەو چاوانەو بایی چەنە؟ ئەو گوێیەو؟ ئەو هەموو نیعمەتەی خوا پێی یاوی، لە ڕوکەش و لە ناخا؟ ژنت هەیە، منداڵت هەیە، لای ئیبنو عەمر، عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاص، هەر چ کەســـێ: (هل لک مســـکن تســـکن؟): مـاڵـت هەیە؟ بەڵێ، ژنـت هەیە؟ بەڵێ، (أنت من الأغنیاء): تۆ دەوڵەمەنی، وتی وەڵا خزمەتکارێکیشــمان هەیە، وتی: (فأنت من الملوك): کەواتە تۆ پاشــایت. خەفەت لەچی دەخۆی؟ خۆو بەراورد مەکە بە فلان و فیسار، کاکە هەریەکی ژیانی سەربەخۆی خۆی هەیە، (انظروا إلى من هو أسفل منکم): تەماشای خوار خۆتەوە کە، **تۆ خەفەتێکت هەیە، هەیە پەنجای هەیە**، هەنـدێ جـار خەفەتەکـانی خوارەوە زۆر قورسترە، تەماشای سەروو خۆت مەکە، بۆ ئەوەی نیعمەتەکانی خوات بۆ دەرکەوێ سبحانە وتعالی.

**تا ئەتوانی** ئەم لاشـــەیەی تۆ پرە **لە ...**، پرە لەو نیعمەتانەی کە خوا پێی داویت، زۆربەشـــی وزەی دەوێ، ڤیتامینی ئەوێ، خواردنی ئەوێ، (التلبینة): پێغەمبەر صـــلی الله علیه وســـلم هەرچ کەس خەفەتی هەبوایە، چیی ئەکرد، یا یەکێ یەکێکی لەدەســـبایە، یا یەکێ نەخۆش بووایە، بۆ ئەوەی خەفەتەکەی بڕەوێتەوە، چی ئەکرد؟ ئادەی مەنجەڵەکە بێنن و چیبکەن؟ شـــۆربا دروســـکەن، شـــۆربای چی؟ یا گەنم یا جۆ، پێی ئەڵێن: (التلبیة، تذهب ببعض الحزن): چونکە مرۆڤ برسی بێ، دووجار باری گرانە، خەفەتی قورسترە، **ئینجانەیە ئاوێ لێئەبڕێ چۆن ســـیس و لاوازە، ئەگەر ئاوت کردە ژێری چۆن ئەبوژێتەوە، ئینســـانیش وایە** خۆراکی پێویســـتە. **هەندێ جار** کاکە لە خەمی ئێســـتاتا بە، هی وا هەیە خەمی ســـاڵێکی ترێتی الله اکبر، **کێ ئەڵێ دەقەیەکی تر تۆ ئەژی**؟ (إذا أصـــبحت فلا تنتظر المســـاء)، بابە خەمی ئێســـتاوبێ، بەیانییە خەمی ئێوارە مەخۆ، خوا ئەزانێ ئەمێنی، ئێوارەو لێهات: (فلا تنتظر الصباح): خەمی بەیانی مەخۆ خودا ئەزانی پێیدەگەی یا پێی ناگەی. تا ئەتوانی سەرنجی ئەو هەمووە سوودە بە، کە خوا لە ڕێی ئەم خەم و خەفەتەوە بە تۆی بەخشـــیوە (ســـبحانە وتعالی)، دڵنیابە ئەو خەفەتەی بۆ پێشـــهێناوی (وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا): خێرێکی زۆر زۆری تۆ لەو خەفەتا هەیە، لەو گرفتا هەیە، لەو دەرد و بەڵایا هەیە، بەمە خەفەتی خۆو بڕەوێنەرەوە، ئەم بەڵایەی، کە بۆت پێشـــهاتووە، چونکە (إن الله إذا أحب قوما): بەڵایان ئەداتێ، (من یرد الله به خیرا یصـــب منه): خوا بەرنامەی خێری بۆ هەر کەســـێ بوێ بەڵای تووش ئەکا، (إن العبد لتکون له منزلة): مرۆڤی وا هەیە پلەیەکی زۆر بەرزی بۆ داناوە **خوا**، بە هیچ شـــتێ پێی ناگا، ئەم دەرد و بەڵایانە وا دەکات، کە تۆ پێی بگەی، گومانت باش بێ بە خوا، **ئەرە کاکە ئەم موســـیبەتە کێ هێناویەتییە پێش؟** الله ســـبحانە وتعالی، لە خۆت باشتر خۆت ئەناسێ، (هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ): **لە خوا بەڕەحمتر هەیە؟ لە خوا زاناتر و داناتر و بەتواناتر هەتا دوایی، دادپەروەرتر هەیە؟** بە ئەوپەڕی عەدل و عیلم و حیکمەت و ڕەحمەتی خۆی ئەمەی بە باش بۆ تۆ داناوە، ئیعتیراز بۆ ئەگری؟ هەی مرۆڤی داماو، بۆ بۆڵەبۆڵ ئەکەی؟ بۆ ناڕازیت بە بڕیارەکانی خوا ســـبحانە وتعالی؟ ئەم خەفەتە دەرمانە بۆ جەنابت، ئەم خەفەتە پەروەردەبوونە، ئەم خەفەتە ئەم گرفتە، کە هاتووە خوای گەورەو میهرەبان بیرکەرەوە بەم موســـیبەتە چەندان موســـیبەتی گەورەتر لە پێشـــتا **لایبرد**، ئەمە قوتابخانەیەکە، مالیکی کوڕی دینار ئەڵێ: (أنضـجني الحزن): وەڵا من لە ڕێی خەفەتبارییەوە بووم بە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو، بۆ؟ چونکە خەمی دینم ئەخوارد، خەمی قیامەتم ئەخوارد، وام لێهاو، کە ڕاســـی دنیا بناســـم و ڕاســـی قیامەتیش بناســـم، فوضـــەیلی کوڕی عیاض ئەفەرمێ: (لا یبلغ العبد حقیقة الإیمان): مرۆڤ کاتێ ئەبێتە خاوەنی ئیمانی تەواو، ئەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە هەندێ بەڵا: موســـیبەتە و هەندێ موســـیبەتیش بەڵایە،

پێچەوانەی هەموو خەڵک، سوفیانی ثەوری ئەفەرمێ: (ليس بفقيه من لم يعد البلاء نعمة والنعمة البلاء): تەواو لە شەرع شارەزا نەبووە، ئەو کەسەی نەگاتە ئەو قەناعەتەی: هەندێ بەڵا ئەوپەڕ نیعمەتە بۆ تۆ، وە هەندێ نیعمەتیش وریابە ئەوپەڕ تاقیکردنەوەی سەختە بۆ تۆ: (عجبا لأمر المؤمن) پێغەمبەر ئەفەرمێ صلی الله علیه وسلم، سەرسامم بە کاری ئیماندار: (إن الله لا يقضي له قضائا إلا كان خيرا له): هەر کارێ، هەر شتێ خودا بیهێنێتە پێش لە بڕوادار، هەر هەمووی پڕبەپڕ خێرە بۆ دنیا و قیامەتی ئەو مرۆڤە ئەو موسڵمانە. هەندێ جار خەفەتەکانت بە هۆی ئەوەیە ئیشەکانت بەسەر یەکا کەوتون، دە ئیشەکانت زوو بکە دوای مەخە کاکە: (إذا كثرة الحوائج فبدأ بأهمها): ئیمامی شافعی ئەفەرمێ، ئەگەر کۆمەڵێک ئیشت بۆ هاتەپێش، تێکەڵی مەکە بەسەر یەکا موسڵمان، بڕۆ چی لێبکە؟ کامەی زۆر گرنگە لە پێشا ئەوەیان ئەنجام بە، کاکە بەتاڵ مەبە، کورد ئەڵێ: شەڕ لە بەتاڵی باشترە، خۆی شەڕ لە هەمووی خراپترە، بەتاڵ مەبە، خۆو مەشغوڵ کە بە فێربوونی زانستی بەسوودەوە، بەکاری چاکەوە، کاکە دڵسۆز بە، چاوەڕێی پاداشتی کەس مەکە، ئیتر خەفەت لەسەر چی ئەخۆی؟ تۆ بۆ خواو کردووە یا بۆ خەڵک؟ (لا تلم أحدا على مالم يؤتك الله) وەکو ئبن مەسعود ئەفەرمێ: **لۆمەی**، <u>خوا ڕزقێکی نەیاویتەتێ، لۆمەی کەس مەکە</u>، حەسوودیش بە کەس مەبە، هەوڵیش مەدە خەڵک ڕازی کە لە خۆت لەسەر حسابی ڕازیبوونی خوا سبحانە وتعالی، ئینجا هێشتا لە کوێتە کاکە تۆ؟ ئەوە بە ڕاستە؟ هێشتا ژیان خوا دەزانێ چیت لە پێشە، هەر لە ئێستاوە ئامادەباش بە، پێشبینی ئەوە بکە، نەکا موسیبەتی دەرەجە "دە" هاو، بە خوا "سەد"یش لە ڕێیایە ئەوە بە ڕاستە؟ تۆ مرۆڤ نیت؟ وەکو ئەو خەڵکە نیت؟ ئەرەوەڵا هەتا بژیت قوربان، شتی وا ئەبینی و وا دێتە ڕێت، مەگەر خوا خۆی بزانێ سبحانە وتعالی، لەبەر ئەوە هەر ئێستا خۆتی بۆ ئامادە کە، بە ورە بە، ئازا بە، بوێر بە، دلێر بە، کورە ژیان کورتە، بە خەفەتەوە ئەیبەیتە سەر؟ خەفەت چییە؟ بە شتی لاوەکی و کەمنرخەوە ئەیبەیتە سەر؟ جارجار شوێنەکەو بگۆڕە با کۆمەڵێ خەفەتت لێبڕەوێتەوە، ئیمامی شافعی ئەفەرموێ: سەفەرکە، چونکە لە سەفەرا پێنج سود هەیە، یەکێ لەوانە: (تفرج هم)، تۆزێ خەم بە با ئەکەی کاکە، تۆزێ مەشغوڵ ئەبی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم: (كان رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَبْدو إلى هذه التِّلاعِ)، گەشتی ئەکرد بۆ ئەو چەم و بەرزاییانەی چوار دەوری مەدینە جارجار، کە خەمێک، بێتاقەتییەک ڕووی تێئەکرد، بۆ ئەوەی تۆزێ ورەیەکی بۆ بگەڕێتەوە. کاکە ژیانت تۆزێ ئاڵوگۆڕێکی تیا بکە، لەسەر یەک ڕێتم ڕۆیشتووە قوربان ئیتر، کاکە ژیان ئەگۆڕێ، ئەوەتا چوار فەسڵە ئەگۆڕێ، باوکی من، تۆ بۆ نەگۆڕای؟ لای ئەو هەر زستانە، ئێ کاکە بوو بە بەهار، بوو بە هاوین، بوو بە پایز، الله أكبر، ژیانت گۆڕانکاری تیابکە، تێکۆشە: (عليكم بالجهاد): خۆ جیهادی شەڕ و تفەنگمان نەماوە، (عليكم بالجهاد): خۆ جیهاد ئەوەنە مانایەکی فراوانە هەمووتان دەزانن، هەموو تێکۆشانێ بۆ ڕازیبوونی خوا جیهادە، برا هاتنت بۆ مزگەوت، ئەبو هومامە نافەرمێ: (من الجهاد في سبيل الله)؟ بە ئیسنادێکی سەحیح لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدا، ئێه تێکۆشە: (فإنه باب): ئەوە دەروازەیەکە (يدفع الله به عن نفس الهم والحزن): خوا هەموو خەم و خەفەتێک لە ئینسان دەڕەوێنێتەوە. بە خوا ژیان ئەونە کورتە، تخوا حەسوودی بە خەڵک مەبەو توورە مەبەو ناڕازی مەبەو: (لِكَيْ لا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ): خەفەت مەخۆ لەوەی لەدەست چوو، کورە هی تۆ نەبوو، هی تۆ بوایە لە دەست نەئەچوو، دڵخۆشیش مەبە ئەمەی لە دەستایە، بە خوا لەوەئەچێ لە دەست بچێ ماوەیەکی تر، ژیان لە

ئاڵوگۆڕایە، لەبەر ئەوە هەتا ئەتوانین: (لَا تُشَدِّدُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ): پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرمێ، کار لە خۆو گران مەکە، ئەمەنەی لە خۆی گران کردووە: (فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُــورًا)، دوایی مەگەر هەر داخی لێبخوا، بە ئاسـانی وەریگرە، (لَا تَخَافُواْ): خوای گەورە ئەفەرمێ چی؟ (لَا تَخَافُواْ): مەترسـن، شـەیتان ئەڵێ: بترسـن، بە قســەی کامیان ئەکەی؟ بە قســەی خوا ئەکەی سـبحانە وتعالی، یا بە قســەی شــەیتان ئەکەی؟ لە چی ئەترســی؟ ها؟ هەیە لەم ســەر ئەرزە قازانج و زەرەری بەدەســت بێت، جگە لە (الله) ســبحانە وتعالی؟ هەموو سەر زەوی کۆبێتەوە ناتوانێ پوشێکت لێبا، ناتوانێ زیانێکت لێبا، ناتوانێت قازانجێکت ...، دە تەواو، (كل ما فوق التراب) وەکو رابیعەی عەدەوی ئەفەرمێ: (تراب): هەموو ئەوەی لەســـەر زەوییە هەمووی خۆڵە، هەموو ئەوەی لەسـەر خۆڵە هەر خۆڵە، لە تەوراتا هەر لەمێژە نوسـراوە: (أكثر ما تخاف منه) دڵنیابە: (لا يكون): زۆرینەی ئەوەی تۆ لێی دەترسـی، مەترسـە نایەتە ڕێت، خوا نایهێنێتە ڕێت سـبحانە وتعالی. چاکەکار بە، کاکە یەکێ خراپەیەکت لەگەڵ ئەکا، ئێ دە عەفوی کە لەبەر خوا، ئەم ڕق و قینە بۆ ئەخەیتە دڵتەوە هەر خەفەت بخۆی؟ (ولما عفوت ولم أحقد أرحت نفسي من هم العداوات) ئیمامی شافعی ئەفەرمێ: کاتێ بەرامبەرم عەفو کرد لەبەر خوا، خۆمم ڕزگار کرد لەم خەم و خەفەتە، کورە یەکێ قســـەو پێئەڵێ جوابی مەیەرەوە، تۆ جوابی کێ ئەیەیتەوە؟ <u>ئەزانی بۆ قســـەو پێئەڵێ؟ ئەوە لە داخی تۆ نییە لە داخی خۆیەتی، **لە خراپی خۆی نییە**، لە خراپی تۆ نییە قسـەت پێئەڵێ، لە خراپی خۆیەتی</u> (إن كَلَّمتَهُ) وەکو شـافعی ئەفەرمێ: (فرجت عنه): وەڵا جوابی بەیتەوە ئەونە دڵی خۆش ئەکەی، (وإن تركته): ئەگەر جوابی نەیەیتەوە: (كَمَداً يَموتُ): بە داخەوە ئەمرێ، ئینجا دانیشتووە جوابی ئەم ئەیاتەوە، جوابی ئەو... ، دنیا بەشی ئەوە ناکا: جوابی ئەم بەرەوە، جوابی ئەو بەرەوە، خوا ماڵت ئاوا کا. ئەرێ کاکە تاوان و گوناح کەم کە باوکی من: (فَبِمَا كَسَـبَتْ أَيْدِيكُمْ): ئەشـــەو بیلا <u>زۆربەی ئەو گرفتانەی دێتە ڕێتان، هەتا خەفەتەکانیش بە هۆی چییەوەیە؟ **بە هۆی خەم و خە...**، بە هۆی کەموکورتییەکانتانە لەگەڵ خوایا</u> سـبحانە وتعالی، لەگەڵ چواردەورا، ئیمامی عومەر ئەفەرمێ: (إذا كان رجل مقصــرا في العمل): ئەگەر مرۆڤ کەموکورتی هەبوو لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوا ســبحانە وتعالی: (ابتلاه الله بِالْهَمِّ): خوا چی ئەخـاتە ڕێی؟ خەفەت، بۆ؟ بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو خەفەتەوە پـاکی بکـاتەوە، کەواتە کەموکورتیو نەبێ، با خەفەت نەیەتە ڕێت. موتەقی بە، خۆو بپارێزە لە حەرام: (يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْــرًا): کار ئاسـانیو بۆ ئەکا خوا، لە هەموو بوارێکا، (يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا): دڵنیابە خەفتت ناهێڵێ و ڕزگارت ئەکا إن شـاء الله. <u>کاکە هاوڕێیەتی ڕەشبین و دڵتەخۆش و دڵڕەشەکان و بەرچاوڕەشەکان **مەبە**</u>، برۆ هاوڕێی کەسی ساڵح و باش بە: (المرء على دين خليله): تا ئەتوانیت، عەونی کوری عبدالله ئەفەرمێ: (صحبت الاغنياء)، ماوەیەک بووم بە ڕەفیقی هەندێ دەوڵەمەن، خوا ئاگای لێیە ئەڵێ ئەوەنە دڵم تەنگبوو، هەرچەن سەیری بەراوردی ئەو و خۆمم ئەکرد، هـای زۆر جیـاوازین، بەڵام: (صـــحبت الفقراء): مـاوەیە چووم بووم بە ڕەفیقی هەژارەکـان: (فاسـترحت): ئۆخەیش سـەیر ئەکەم کورە خۆ من لە هەموویان دەوڵەمەنترم لەناو هەژارەکان، کەواتە بزانە ئەبێتە هاوڕێی کێ. کاکە باوەڕت بە قەزا و قەدەری خوا هەبێ، ئێ وەڵایی هەموو شـتێک: (كل شـيء بقدر): هەموو جوڵەیەک، هەتا: (وضع يدك على خدك) وەکو ابن مسعود ئەفەرمێ: وەڵا ئا ئەم دەسەی ئەیجوڵێنی، بە بەرنامەیەکی ســـەرەوەیە، ئەوە بە ڕاســـتە؟ <u>وەڵا یەک ئەندازەگیری و وردەکاریەکی بۆداڕێژاوە **خوا** یەک کەس ناتوانێ لەو وردەکارییە دەرچێ</u>، خوا بە ئەوپەڕ عەدالەتی خۆیشـــی، زوڵمیش لە کەس ناکا. لەبەر

ئەوە خەمت نەبێ، خوا ئەگەر کێشــەیەکی هێنابێ، خۆی هەر لەمێژە چارەســەرەکەشــی بۆ داناوە، لەبەر ئەوە: (فمن رضـي فله الرضـا): ڕازی بە بەرنامەکەی خوا بە پێشــهاتەکان، با خوا ڕازیو کا، چونکە بە خوا خەفەتی ئینسـان وەکو ئبن مەسـعود ئەفەرمێ: دڵخۆشـی ئینسـان بە چییە؟ (اليقين والرضا): ڕازی بە بەشـی خوا، دڵنیابە لە بەڵێنەکانی خوا، تۆ ئەوپەڕ دڵشــادی، قەناعەتت هەبێ بەو جوانییە، هەیە قەناعەتی نییە بە لوتی، ئەوەنەی دەســکاری ئەکا، قەناعەتی نییە بە قژی، قەناعەتی نییە ســەرو چاوی، قەناعەتی نییە بە نازانم بە چی، کاکە هەر قەناعەتەکەت نییە، ئێ داواکە لە خوا، بڵێ: (اللهم قنعني بما رزقتني وبارك لي فيه وأخلف لي على كل غائبة لي بخير يا رب العالمين): یارەبی خوایە قەناعەتم بەیتێ بە هەموو ئەو ڕزقانەی پێت بەخشــیوم. تا ئەتوانی ذیکر کە،

خوا بە پێغەمبەرەکەی ئەفەرمێ علیه الصــلاة والســلام: ئەزانین زۆر غەمبار ئەبی لەســەر قســەی بەرامبەرەکان، چونکە پێغەمبەران بە ڕاسی ژیانی سەختیان بردۆتە ڕێ: (أشد الناس بلاء الأنبياء): ناخۆشترین ژیان، گوزەراندبێتیان، پێغەمبەرانی خوا بووە، ئەنجا زانایان، ئەنجا پیاو ســاڵحان، هەموو مرۆڤێ بە هێندەی دین و ئیمانی تاقی ئەکرێتەوە، دین و ئیمانی قایم بێ بەڵایشــی قایم ئەبێ، ســەرنجی پێغەمبەر ئادەم دە، ئەها لە بەهەشت دەرکرێیت و هاتە سەر ئەرز، هەموو شێک عایدی خۆتە و کوڕەکەش یەکیان کوشــت، وەکو پێغەمبەر نوح قەومێکی کەلەڕەق و ژنێکی کافر و کوڕێکی کافر، هەر پیایا وەرە خوارەوە بە پێغەمبەر ئادەما هەتا دەگەیتە پێغەمبەر خاتم، کە موحەمەدە علیه الصـلاة والسـلام، (لا تَحْزَنْ عَلَيْهِم): ئەمە قسـەی کێیە؟ خوا بە پێغەمبەرەکەی ئەفەرمێ خەفەتیان لێمەخۆ، (لا يَحْزُنْكَ قَوْلُهُم): قسـەکانیان نیگەرانت نەکا ئەی پێغەمبەری خوا، (فَلا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ): کورە بۆ وەختە خۆت ئەکوژی لە خەفەتی ئەو قەومە، کە باوەڕ ناهێنن یا قســەی نابەجێ ئەکەن، فەرامۆشـیان کە، (دَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ على الله): لەبەر ئەوە تا ئەتوانی یادی خوا بکە، ئەفەرمێ کە ئاوا غەم دایگرتی چی بکە؟ (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّـاجِدِينَ): (سبحان الله وبحمده) بڵێ بۆ ئەوەی دڵت خۆش بێ ئەی پێغەمبەری خوا، وە ســوجدە بەرە: واتە نوێژ بکە، (لا حول ولا قوة لا بالله) بڵێ، کاکە (أســتغفر الله) زۆر بکە، (وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْــتَغْفِرُونَ): مەگەر عەزابی ئەم خەفەتە بە چی لاچێ؟ اســتغفار، نافەرمێ هەر کەس داوای لێخۆشــبون لە خوا بکا: (جعل الله من كل هم فرجا): هەموو خەفەتێک ڕزگاری ئەکا خوای گەورە و میهرەبان سبحانه وتعالى، چونکە ذیکر چی ئەکا؟ دوو شت ئەکا بۆ مرۆڤ: (تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ): دڵی ئارامەکا و دڵیشی خۆشەکا، ئەی چۆن دڵی خۆش ناکا؟ خوا ئەفەرمێ: (أنا معه إذا ذكرني): لەگەڵ عەبدەکەمام کاتێ ناوی من ئەهێنێ، ئەی چۆن دڵی خۆش ناکا؟ (مثل الحي والميت): یەکێ زیکر کا و یەک زیکر نەکا، وەکو زیندوو و مردوو وایە، ئاخر شـتیش دوعایە، خوا بەڵێنی داوە: (أَسْتَجِبْ لَكُمْ) دە داوا کە، بڵێ خوایە دڵم خۆشــکەی، ئەم خەم و خەفەتەم لێبڕەوێنیتەوە، کاکە ئەوەی لە دڵتایە باســیکە باس، بەس بۆ لای من نا، من هیچم لە دەســەڵات نییە، باسـیکە بۆ لای خوا، بڵێ: (إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ): با لە دڵت نەمێنێ. یەزیدی ڕەققاشــی ئەفەرمێ: (دعاء المسـتجاب الذي يهيجه الأحزان): دوعای قبوڵکراو ئەوەیە تۆزێ بە غەمبارییەوە داوای کەی، (نعم مِعوَلُ الكَمَدِ البُكاء): بە فرمێســکی چاوەکانت بەرامبەر خوا زۆرێک لە خەفەتەکانت دەرئەچێت، بڵێ: (رب اشرح لي صدري): خوایە دڵم خۆشکەی، دڵم بەیتەوە یا رب العالمين، چونکە خوای گەورە: (فارج الهم، كاشــف الغم، مجيب دعوة المضــطرين): خوای گەورە، هەر ئەوە، کە ئەتوانێ غەم لە دڵ

دوورخاتەوە، هەر ئەوە دەتوانێ دەرد و بەڵا لە ئینســـــان لابا و ڕزگاری بکا، ئەنەس ئەفەرمێ: من لە خزمەت پێغەمبەر بووم صلى الله عليه وسلم: (كنت اسمعه كثيرا يقول): لە خزمەت پێغەمبەر بووم (صلى الله عليه وســـلم): زۆر زۆر جار گوێم لێ بوو ئەم دوعایەی دەکرد، (اللهم إني أعوذ بك من الهم والحزن، ومن العجز والكسل ومن الجبن والبخل ومن الضِلعِ الدَينِ وغلبت الرجال): کێ ئەم دوعایەی زۆر ئەکرد؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: خوایە پەنا ئەگرم بە تۆ لە غەمی داهاتوو و ڕابردوو، پەنا ئەگرم بە تۆ لە تەمەڵی و بێدەســەڵاتی، پەنـا ئەگرم بە تۆ لە قەرزاری، پەنـا ئەگرم بە تۆ لە پیســـــکەیی و ترســـــنۆکی، پەنـا ئەگرم بە تۆ لە ژێردەســـتەیی. ئیبنو مەســـعود ئەفەرمێ پێغەمبەری خوا صـــلى الله عليه وســـلم دوعایەکی فێرکردین بۆ خەفەت، فەرموی: هەر چ کەسێ تووشی هەر خەفەتێک بوو، با ئەم دوعایە بکات: (اللهم إني عبدُك ، ابنُ عبدِك ابنُ أمتِك ، ناصيتِي بيدِك ، ماضٍ فيّ حكمُك ، عدلٌ فيّ قضاؤُك ، أسألُك بكلِّ اسمٍ هو لك ، سميتَ به نفسَك ، أو أنزلتَه في كتابِك أو علمته أحدًا من خلقِك ، أو استأثرت به في علمِ الغيبِ عندك أن تجعلَ القرآنَ العظيم ربيعَ قلبِي ، ونورَ صدري ، وجلاءَ حزنِي ، وذهابَ همي وغمي) ئەفەرمێت: هەرکەســـێک ئەم دوعایە بکات بە یەقینەوە: (إلا أذهب اللهُ همَّه وحزنه وأبدل مكانه فرحًا): إن شـاء الله خوا غەمی ناهێڵێ، غەمگینی ئەڕەوێنێتەوە، وە دڵی پڕاوپڕ دڵخۆشـەکا إن شـاء الله، کەواتە وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەم دوعایە لەبەر کەین؟ فەرموی: (ينبغي لمن سمعها أن يتعلمها): هەموو موســــڵمانێ ئەم دوعایەی بیســـت پێویســـتە یەکســـەر لەبەری کات، وە بەکاری بێنێ، سـبحانه وتعالى بۆ خوای گەورە و میهرەبان.

# پاشکۆی ژماره (٢)

ناونیشانی وتاری ئاینی: (داهاتوو به دەستی خودایه لێی مەترسه):

بانگخواز و وتارخوێن: م. عادل عیزەت جەباری

## تەواوی دەقی وتارەکه

موسـڵمانانی بەڕێز، میوانانی ماڵی خوا (سـبحانه وتعالی)، ئێمەی موسـڵمان بەردەوام له هەوڵ و تەقەلای دەستخستنی هەموو خۆشییەکین، بەلام موسڵمانی ژیر و عاقڵ، ئینسانی دامەزراو،... بۆیەش ئەم بابەتەم هەڵبژارد لەمڕۆ، به حوکمی ئەوەی تێکەلاویمان زۆره لەگەڵ خەڵکا. خەڵکی نەوعه قەلەقییەک دەرئەبڕێ به ڕاستی، له گۆشەنیگای باوەڕکزی ئیمانکزی و خۆتەسلیمنەکردنێتی به خوا (سبحانه وتعالی). عەزیزانم واز له مستەقبەل بێنه بۆ خوای پەروەردگار، واز له داهاتوو بێنه بۆ خوای پەروەردگار، ئەوەی، که لەم ڕۆژەیا زیندووی، هەوڵ بده خۆت له خوای پەروەردگار به کردەوەی چاک نزیککەرەوه، خوای پەروەردگار له قورئانا ئەفەرمێ (أَتَىٰ أَمْرُ اللَّهِ فَلَا تَسْـتَعْجِلُوهُ)، ئەمری خوای پەروەردگار دێ، قەسـەم به خوا بەس پەله ئەکەین و هیچی تر، ڕزقمان بۆ دیاریکراوە، تەمەنمان بۆ دیاریکراوە، هاوسـەرگیریی کچ و کوڕەکەمان کاتی دیاریکراوە، جیهێشـتنی خۆشـمان بۆ دونیا کاتی دیاریکراوە، نەفخی صـور و زیندووبوونەوه و حەشر و حیساب و پردی صیراط و (وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا) هەمووی دیاریکراوە، به بەلام چی پێویسـته بۆ من و تۆی موسـڵمان؟ پێویسـته من و تۆی موسـڵمان، پێویسـته تەنها ئەوه بزانین، که خوای پەروەردگار هەموو ئیشـێکمان بۆ تەرتیب ئەکا، ئەگەر ئێمه ئیمان و یەقینمان هەبێ به خوای پەروەردگار (لا تسـتبق الأحداث)، تکایه پێش ڕوداوەکان مەکەوه، وەکو خوای پەروەردگار ئەفەرمێ (فَاسْـتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا)، پێش ڕووداو مەکەوه، پێش لێکدانەوەی شـتەکان مەکەوه، عیبادەتی خوا بکه، نوێژ و ڕۆژووت مەزبووت بێ، ماڵ و منالت لەسەر ئەخلاق و ڕەوشت پەروەردە بکه، هەوڵده ڕزقێکی حەلاڵ پەیاکه، واز له داهاتوو بێنه بۆ الله (عز وجل)، واز له داهاتووی خۆت و ماڵ و منالت بێنه بۆ الله (عز وجل)، خۆت تەسـلیمی خوا که، ناچیته سـەرجێ، کاتێ که ئەخەوی له زیکری شـەوانه ئەڵێی (اللهم أسـلمت نفسـي إليك وفوضـت أمري إليك ووجهت وجهي إليك وألجأت ظهري إليك)، ئەمه دوعای خەوه، کاتێ، که ئەخەوی، خوایه من شـتەکانم تەسـلیم تو کرد، کوڵێ منالم هەیه، کەسـابەتم هەیه، وا ئەخەوم، لەوه ئەکا هەڵنەسـمەوه، چوکم ئینسـان، که خەوت، مردنی بچووکی بەسـەرا دێ، بۆیه عولەما ئەفەرموون ئەبێ موسڵمانی دامەزراو هەموو شـەوێک وەسـێتنامەکەی بنووسـێتەوه، شـەرت نییه هەموو شـەوێ بینووسـێ، بەلام چەندێ پارەت لای خەڵکه، چەندێ خەڵک پارەی لاته، (اللهم أسـلمت نفسـي إليك وفوضت أمري إليك) بۆیه (فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ) شوێن، پێشبڕکێ بکه له خێر (أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا)، به خوا له هەر کون و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەیا بین، له قەصـرێکی موحەصـنا بین، له خێمەیەکی ئاوەرەیا بین، لەوپەڕی دەسـەلاتا بین، له ژێر کوت و زیندان و ئینفیرادیا بین، له ئەوپەڕی ئەوپەڕی داماوی و قەرزاری و خۆشاردنەوەیا بین، به خوا قەسـەم (يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا)، لەو ڕۆژەی، که خوای پەروەردگار بڕیاری داوه، هەموو خەڵک کۆ ئەکاتەوه، کەواته لەسـەر من و تۆ یەقینێکی دامەزراوە، ئیمانێکی کامڵه به خوا، داهاتوو

بدەینە دەســـت خوای پەروەردگار عەزیزەکانم. خوای پەروەردگار بە پێغەمەر ئەفەرمێ (علیه الصـــلاة والسـلام): (وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَحْنُ نَرْزُقُكَ) خۆت نوێژ کە و ماڵ و منالّت ڕابێنە لەسەر عیبادەت، داوای ڕزق و ڕۆزیت لێناکەین، ئیشـــەکانت بۆ تەرتیب ئەکەین، (وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ)، (فَاسْـتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ)، سەر سەر سەرئەنجام بۆ کەسێکە، کە لە خوا بترسێ، ئەو کەسەی، کە وەها خراپەکارە، وەڵلاهـــ لە دنیا دەرەچێ، خەڵکی نەفرەتی لێئەکا، وە ســــەر زەوی ئیســـراحەت ئەکا، وە مەلائیکەتەکانیش لە دەســـی ئیسـراحەت ئەکەن، بەڵکو شـەیاطینیش لە دەسی ئیسراحەت ئەکا، بەڵام کەسی چاکەکار هەموو شوێن و ڕێگە و کاتێکی یادگارییە، عەزیزەکانم پێغەمەری خۆشـەویست (صلى الله علیه وسلم) ئەفەرمێ: (إذا أحب الله عبدا) (إذا أراد الله بعبد) لە ڕیوایەتێکی ترا (خیرا اسـتعمله) ئەگەر خوای گەورە خێری لە عەبدێک بوێ، ئەگەر خوای گەورە عەبدی لە خـــــــ ، خێری لە بەندەیەکی وەکو من و تۆ بوێ (اســـتعمله) بەکاری ئەهێنێ، صـــحابەکان فەرموویان (کیف یسـتعمله یا رسـول الله –صـــلى الله علیه وسـلم–؟)، وتیان چۆن بەکاری ئەهێنێ؟ فەرمووی: (یوفقه لعمل صـالح قبل الموت) موەفەقی ئەکا بۆ کردەوەی چاک، تۆ ئەو هەموو غەمەت هەڵگردووە، کردەوەت چاکە؟ ئەو هەموو ڕاکەڕاکە ئەکەی لە بازاڕا، لەســـر حەڵاڵ پەیای ئەکەی؟ ئەو هەموو ماڵ و منالّەت هەیە، تەربیێتێکی جوانت داوە؟ ئاگات لە خۆتە؟ ئاگات لە نوێژتە؟ بۆیە ئینسانی چاکەکار، کە خوای گەورە خێری لێ بوێ، پێش مردن ئامادەی ئەکا، بۆوەی لێی خۆش بێت، دەی من و تۆ ئەگەر لەســـر ڕێگە نەبین، چۆن خوای پەروەردگار ئامادەمان بکا؟ لە ڕیوایەتێکی ترا (عســـله) ئەیکا بە هەنگوین، هەنگوینیش خۆی شـــیفایە، نادرەیە، شـــاخ بە شـــاخ و دۆڵ بە دۆڵ ئەگەڕێی بۆی ئەوەنە هەنگوینت دەسکەوێ، ئەگەر عەبدێک خوا خۆشـی ویسـت، ئەیکاتە هەنگوین، چ عەبدێکە ئەو عەبدە؟ گوێڕایەڵی خوا ئەکا، ناترســـێ لە مســـتەقبەل، بەڵکو خۆی تەســـلیمی "الله" کردووە (عز وجل)، عەزیزەکانم تۆ بۆچی ئەترســـی؟ لە چی ئەترســـی؟ داوای چ لە خوا ئەکەی؟ لە کاتێکا خوای پەروەردگار لە فەرموودەیەکی قودسـی صـەحیحا، کە لە صـەحیحا هاتووە، ئەفەرمێ: (یا عبادي) ئەی بەندەکانم، جوان گوێگرە (لو أن أولكم وآخركم وإنسـكم وجنكم)، **ئەفەرمێ ئەگەر هەموو ئینســـانییەت لە ئادەمەوە تا ئاخر نەفەر دێتە ســـەر زەوی، هەموو جنۆکەکان** (لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم)، هەموو خەڵکی بە جنۆکە و ئینسانەکانەوە (قاموا في صعید واحد فسألوني) ئەگەر لە یەک شـوێنێکا بوەسـتن و هەرکەسـە بە کەیفی خۆی داوای چی ئەکا بیکات (فأعطیت کل إنسان مسألته) هەموو ئینس و جنۆکەیەک، ئیشـەکەی بۆ دەبر ئەکەم (ما نقص ذلك من ما عندي) لە موڵکیشـم کەم ناکا، تۆ معامەلە لەگەڵ زاتێکی دەوڵەمەنا ئەکەی، زاتێکی قەویا ئەکەی، جەبار و عەظیمە، پێویســـتە ئەم عەقیدەت هەبێ، کاتێ کە داوا دەکەی وەکو منال ورکت لێ ئەگرێ، ئەڵێ سـەیارەی کونترۆڵم گەرەک، کورە ڕۆڵە ســـەیارە پێم ناکرێ، ئەڵێ ئیلا گەرەکمە و ئەیکاتە هاوار، خوای گەورە پێی خۆشـــە ئاوا عەبدەکەی داوای لێبکا، ئاوا بڕوانێ بۆ مستەقبەل، نەوەکو: بە خوا لە برسا ئەمرین، بە خوا ڕەق ئەبینەوە، بە خوا ئاوارە ئەبین، بە خوا باران نابارێ. باس ئەوەشـتان بۆ ئەکەم، ئەفەرمێ (ما نقص ذلك من ما عندي، إلا كما ینقص مخیط إذا أدخل البحر) لـە موڵکی من کـەم نـاکـاو وەکو چۆن دەرزییـەک بکـەیتـە دەریـایـەکا، بڕۆ دەرزییەک بکەرە ئاوەکەی "گۆپتەپە"یا، کە ڕوباریشە دەریا نییە، چەنێ نوک دەرزییەکە ئاو ئەبا، ئا ئەوەنە لە موڵکی خوا کەم ئەکا. بۆیە عەزیزەکانم سـەعدی کوڕی ئەبی وەقاص نەخۆشکەوت، نەخۆشییەکی زۆر

خراپی گرت، کەی نەخۆشکەوت؟ لە حەجەتل ویداع، لە حەجی ماڵئاوایی پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام)، **حە** ، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ئەو پیاوەیە، کە سنگی موبارەکی خۆی نایە بەردەم سنگی موبارەکی پێغەمەر (صلی الله علیه وسلم)، خۆی دایە بەردەمی بۆ ئەوەی تیرەکان بەر سنگی خۆی کەوێ، بەر ئەو نەکەوێت، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) ئەیفەرموو بیهاوێژە سەعد، دایک و باوکم قوربانت بێ، سەعد نەخۆشکەوت، نەخۆشییەکی زۆر خراپ، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) لەگەڵ ئەبوبەکر و ئیمامی عومەر و چەن صەحابەیەک چوونە سەردانی، بۆ ئەوەی ... وەکو نەخۆشی سەردانی بکەن، ئەم پیاوە بەڕێزە وایزانی ئەمرێ، سەیر ئەکا ماڵ بەش ئەکا، یەک کچێکی هەبوو سەعد یەک کچ، وتی ئەی پێغەمەر (صلی الله علیه وسلم) من یەک کچم هەیە، حیسەی کچەکەم دەرەکەم و ئەودواکەی ئەکەمە خێر، وا ئەمبینی خەریکە ئەمرم، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) ئەمری کرد سێیەکی ماڵەکەت بکەرە خێر، خوای پەروەردگار بە خومس ڕازییە، تۆ سێیەکی بکەرە خێر، یەعنی بیکە سێ بەش، بەشێکی بکەرە خێر، ئەوەکەی دانە بۆ کچەکەت و بۆ خۆت، کە نەخۆشی، ئەمرەکەی تەطبیقکرد. عەزیزەکانم ئەزانن چەن ساڵ دوای ئەوە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ژیا؟ بە مەزەنە چەن ساڵ مەزەنە ئەکەن؟ ساڵێ، دوو، دە، پانزە، بیس، بیسپێنج؟ چل و پێنج ساڵ دوای ئەوە ژیا، خوای گەورە حەڤدە کوڕ و دوانزە کچ تری پێئەدا. کورە برام تۆ خەریک چیت؟ پەتایەک ئەگری، ئەمرم تەواو، تەواو ماڵمان کاولبوو، ئیتر ئێمە ئیسفادە لەم دونیایە ناکەین، کورە برای بەڕێزم بۆچی ئەمەت بۆ باس ئەکەم؟ صەحابەش ئەمەی هەبووە، ماڵی بەشکرد، پای درێژکرد، وتی ئەمرم، چل و پێنج دانە ساڵی تر دوای ئەوە حەڤدە کوڕ و دوانزە کچی پێبەخشی. بۆیە هیچ کاتێک ئینسانی موسڵمان نابێ مەئویس بێ لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، نابێ مەئویس بێ، هەتا جابری کوڕی عەبوڵڵا (رضی الله عنه) ئەویش عەینەن بەسەرهاتی هەیە، لە هۆش خۆی ئەچوو، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) چوو بۆ لای، فەرمووی ئەی پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) من "کەلالە"م، کەلالە لە سوڕەتی نیسائا هاتووە، کەسێکە منالی نییە و وەرەسەی نییە، هەر خوای گەورە لەبەر ئەو مەوزوعە ئایەتی داگرد، وتی من هیچم نییە، ئەیبەخشم ماڵەکەم. چەن ساڵ دوای ئەوە ژیا؟ پەنجا ساڵ زیاتر دوای ئەو مەوزوعە ژیا، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) دەسنوێژێکی گرت، بە ئاوی دەسنوێژی موبارەکی پرژانیە بانیە، جابر چاکەوە بوو. وە نەزانی ئەمڕۆ تو وەسیەت ئەکەیت و ئەمری، بۆیە وەک وتراوە ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەفەرمێ:

دع المقادير تجري في أعنتها ... ولا تبيتن إلا خالي البال
ما بين طرفة عين وانتباهتها ... يغير الله من حال إلى حال

ئەفەرمێ (دع المقادير تجري في أعنتها) کورە واز لە قەزاوقەدەر بێنە، وتی (حي على الصلاة) نوێژەکەت بکە، کەسێ نەخۆش بوو، سیلەی ڕەحم بکە، پارەت زۆرە، زەکات دەرکە، ئەزانی زۆر زۆرە صەدەقە بکە، پارەت هەیە حەج و عەمرە بکە، گەنجێک ژن ئەهێنێ، دڵی خۆشکە ملیۆنێکی بەرێ، (دع المقادير تجري في أعنتها ... ولا تبيتن إلا خالي البال)، کە خەوتی مێشکت فۆرماتکە، ئا ئەم سەرە هیچی تیا مەهێڵە، حیچی تیا مەهێڵە، (خالي البال) بخەوە، وەکو ئەفەرمێ (ما بين طرفة عين وانتباهتها) لە یەک چاوتروکانن (يغير الله من حال إلى حال) لە یەک حاڵێکەوە بازت پێئەدا بۆ حاڵێکی تر.

خوای پەروەردگار لە قورئانا ئەفەرمێ (إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ)، عەزیزەکانم چپەچپ ئەچپێنێتە بن گوێتا: بترسە، بە خوای ئەمساڵ بێتەوە نان نابێ بیخۆی، بە خوای ئەو کوڕەت هەتا ماوە ژن ناهێنێ، ئەو کچە هەتا ماوە ئەبێ پەلکی سپی بیەستێتەوە، لە ماڵتا شووناکات، بە من ئەڵێ، بە تۆ ئەڵێ، بە گشتمان ئەڵێ، (لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا) ئەو دڵسەغڵەتییە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص شەیتانە، ئەچپێنێتە بن گوێتا: ئەمری، ماڵەکەت زوو بکەرە خێر با پێش خۆت بچێ بۆ قیامەت، نەء، بۆیە خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی ترا ئەفەرمێ: (رِجَالٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا)، خۆت مەدەرە دەس شەیتان، جارێ کەسێ وەسواسەی هەیە هاوڕێتی مەکە، هەر هاوڕێیەکت هەیە مەشئوومە، کەسێکی ڕەشبینە، وەلیکە با بڕوا، هەر کەسێکە. مامۆسا نەتبینی؟ چیبوو؟ سەیر ئەکەم کابرایەکە خ ئیخبارێکی بڵاوکردۆ، کورە بابە ئەوە ئەزانی چی ئیخبارێکە، ئەوە "لۆمۆندی فەڕەنسی" بڵاوی کردەتۆ، کورە لۆمۆندی فەڕەنسی درۆ ئەکا. ئەزانی لەسەر زەوی ئیتر قات وقڕی ئەبێ؟ بابە ئەم زەوییە هی خوایە (سبحانە وتعالی). عەزیزەکانم پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام)، عەبدوڵڵای کوڕی حارس ئەفەرمێ: (ما رأيت أحدا أكثر تبسما من رسول الله –صلى الله عليه وسلم–)، پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام)، هیچ کەسێکم نەبینی ئەوەنەی ئەو دەم بە خەندە بێ. کاکە ڕەشبین مەبە، ئەوەش موتەفائیلی ئەگەیەنێ، ئینسان ئەبێ گەشبین بێ، کاکە ڕەشبین مەبە، کاکە ماڵ، وا لە ماڵ خۆت مەکە، ماڵەکەت ئاوەدانی تیا نەمێنێ، گیرفانت خاڵی بوو، چووی بۆ بازاڕ، بڵێ خوای پەروەردگار: بە تەمام شت بکڕم و میوانم دێ، ئیلا ئەبێ بۆم ئاسان کەی، قەسەم بە خوا بە عەلاگەی پڕەوە دێیتۆ بۆ ماڵ، ئێ کاکەی گیان تۆ دەفتەرێکت لە ماڵا بێ، وەکو ڕەزیل بیربکەیتەوە و دەفتەرێکت لە ماڵا بێ، وەکو سوڵکەر بیربکەیتەوە، ئێ خوای پەروەردگار هەر بە دڵی خۆت دەکا، (أنا عند ظن عبدي بي): من لای گومانی بەندەکەمم. وەڵاهی هیچت نەبێ خۆت بە دەوڵەمەن بزانە، خەڵک حساب دەوڵەمەنت بۆ ئەکا، دەوڵەمەن بە وەکو ڕەزیل تەصەڕوفات بکە، صەد دەفتەر دۆلارت هەبێ، هەزار صوڵح و پیاوەتی و دەعوەت هەبێ، کەس پێت ناڵێ: ئەرێ کاکە ئەوە دەعوەتێکمان بکە، لەبەرئەوە ئەزانن لە دەست نایە، بۆیە عەزیزەکانم پێویستە ئێمەی موسڵمان زۆر دەم بە خەندە بین، بۆ داهاتوو گەشبین بین، بۆیە سەیر کەن یەعقوب، (سیدنا یعقوب علیه الصلاة والسلام)، کاکە کوڕێکیان برد، گومیانکرد بە منالی، کوڕێ تریان برد، ئەویش نەهاتەوە، بە کوڕەکانی ئەڵێ: (يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ)، ئەڵێ بڕۆن بگەڕێن بە دوای یوسف، یوسف بە منالی براوە، **ئاخە تۆ سەی لەم لەم لەم دەس و دڵە بکە**؟ ئەو هەموو تەمەنە زۆرە بگری بۆ کوڕێکی منال، ئەڵێ کوڕەکانم: بۆ یوسف و براکەی بگەڕێن، ناڵێ: بڕۆن بە دوای "بنیامین"ـا، تازە یوسف هیچ. (وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ) لە ڕەحمەتی خوا، لە بەخشندەیی و میهرەبانی خوا، لەو تەفائولە بێبەش مەبن، ئەگەر بێبەش بوون، ئیلا خەڵکی کافر ئەوە تەصەڕوفاتێتی، بۆیە عەزیزەکانم ئێمەی موسڵمان پێویستە نەترسین. تەنها خوا بپەرستە، خوای گەورە هەموو شتێکت بۆ دابینەکا، من و تۆ میوانین برام، دوو ڕۆژی تر ئەڕۆین. خوای گەورە لە قورئانا ئەفەرمێ: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ): ئەگەر بەندەکەم لە خۆی ببورێ و داوام لێبکا، من لێوەی نزیکم، وریاش بە نوری ئیسلام لە دڵتا نەکوژێتەوە، خوای گەورە لە قورئانا ئەفەرمێ (أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ): نابینی ئەو کەسەی مردووە، کە زیندووی **ئەکەنەو**، کەسێک مردووە،

زینووی ئەکەینەوە، (وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِــي بِهِ فِي النَّاسِ): بلاجکتۆرێکی ئەدەینێ، ڕێگەیەکی ئەدەینێ، کەتەلۆکێکی ئەدەینێ، (يَمْشِــي بِهِ فِي النَّاسِ): لە ناو خەڵکیا پێی ئەڕوا، ئەزانێ چییەکا، دەوڵەمەنە زەکات ئەدا، دەســەڵاتدارە عادلە، کاتێ کە عیبادەت ئەکا موخلیصــە، کە کەســابەت ئەکا حەڵاڵخۆرە، (يَمْشِــي بِهِ فِي النَّاسِ): لە ناو خەڵکیا موستەقیم ئەڕوا، کەس ناتوانێ لایبدا لە خەت، ئەوەش ڕێگای قورئان و ئیسـلامە، (كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا): وەکو کەسـێک وایە، کوێرەوەرە: دەوڵەمەنە زەکات نادا، دەسی گەیشتووە بە تۆزێ دەسـەڵات، زوڵم ئەکا و خەڵک ئەکوژێ و خەڵک ئەچەوسـێنێتەوە، کە هەر شــتێ ئەدەیتە دەســتیەوە، ئیلا غەدر و خیانەت ئەکا (كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ): وەکو کەسـێک وایە لە تاریکیا بەردەم پای خۆی نەبینێ، ئەوە ئیســلامە براکانم ، ئینجا ئێوە نەبوون ئەتانووت: وشــکەســاڵییە، کاکەی گیان بە قورعان باران نابارێ، ســەدەکان وشــک ئەکا، بارانی باران زۆر بە زۆری، وە بەفری باران، بۆ ئەوەی میکرۆب بکوژێ، بۆ ئەوەی کانیاو بتەقێ، بەڵام لێرە شــتێک هەیە، بۆ ئەوەی پێتان بڵێم، هەر لە بەفرەکا بینیتان ئەو هەموو ژن و کچە، هەر کەسـێک لە ئێوە ژنی، کچی، دایکی، خوشـکی، سـناپی کردووە، ئەوە ئیسـتدراج بووە ئەو بەفرە، بەفری باران، سەر زەوی سپی کرد، یەکێکە لە نیعمەتەکانی خوا، کاتێ کە بەفر باری و خوشکەکەت دەرچوو بە جلی ناسـک و تەنکەوە، خ ڕەسـمی خۆی گرد و لە ئەنتەرنێت و لە ئنسـتاگرام و سـناپ تەڕەماش بڵاوی کردەوە، بزانە تۆ پیاوێکی زەلیلی، پیاوێکی بچووکی، نەتتوانی بەو ئیســـتدراجە نیعمـەتی خوا لـە خۆتا طەطبیق بکەی. نەتانبینی ئەو هەموو کچ و کوڕە؟ خۆ ئەلحەمدولیللا من لەم وڵاتە نەبووم ، سپاس بۆ خوا فریای هیچی نـەکـەوتم ببینم، کاتێ کـە بـەفر باری، لـەجیاتی ئـەوەی شــوکوری خوا بکـەین، ئـەگـەر ڕۆیشـتینیشــە دەرەوە، منداڵەکان خۆمان لە شـوێنێکا ئەگەر بردوومانە نیعمەتەکانی خوا لە خۆمانا غەزن کەین، نەیەڵین خەڵک ببینێ، بەڵکو نەخێر هەر لە بەفرەکەوە چاوەڕێی بەهاریش بکەن، بزان بەهار چی ڕوو ئەدا، ئەمە بەفرەکە ئەوەڵی بوو، سـەیری بەهار بکە کاتێ کە سـەوزبوو، پەرژینی قایم بێ لە ڕووتان، چۆن وڵاخ مل ئەناتە ئەو سـەوزیە و ئەیخوا، سـەیری خەڵک کە ماوەیە تر بزان چۆن خوشـک و دایک و کچەکانیان ڕووت ئەکەنەوە و گۆشت ئەبرژێنن، سناپ ئەکەن، لە ئنستاگرام عەورەت و ناموسی خۆیان بۆ خەڵکی بەیان ئەکەن، ئەوە ئستدراجە براکانم. خوای گەورە بەفرت بۆ ئەبارێنێ، بۆ ئەوەی بزان شوکر ئەکەی، بارانت بۆ ئەبارێنێ، بزان شـــوکر ئەکەی، کانیاوت بۆ ئەتەقێنێ، بزان شـــوکر ئەکەی، بەڵام تۆ بە شێوازێکی تر، لە ڕۆژی قیامەتا هەمووشی ئەبێتە بەڵگە لە سەرت، بۆیەش وتم تۆ، پێویستە لەسەر من و تۆ عیبادەت بکەین و لە داهاتوو نەترسـین، بەڵام کە خوای پەروەردگار دەرگایەکی خۆشـیمان لێ ئەکاتۆ، هەمووی بە مەعصییەت کۆتایی پێئەهێنین، هەمووی بە خراپەکاری کۆتایی پێئەهێنین.

## پاشکۆی ژماره (٣)

ناونیشانی وتاری ئاینی: (متمانەت بە خودا هەبێ، ژیان بە دڵی خۆت ئەبێ):
بانگخواز و وتارخوێن: د.عوسمان هەڵەبجەیی

### تەواوی دەقی وتارەکە

خۆشەویستان، کەسێ، کە بڕوادار بوو، بەڕاستی ئەبێ زۆر زۆر دڵی خۆش بێ، پیاوێک ئیشی کەوتۆتە خوا، پێویستی بە خودای گەورە هەیە، بەڵام نازانێ دوعا بکا، گومانی هەیە، کە دوعا لە لایەن خوای گەورەوە قبوول بێ، بێتە خزمەتی زانایەک و پێی ئەڵێ:مامۆستای بەڕێز، ئەرێ کەسێک ناناسی دوعای قەبوول بێ، مامۆستای زاناش ئەفەرمێ: نەوەڵا، بەڵام من زاتێک ئەناسم هەموو دوعایەک قەبووڵەکا، ئەڵێ کێیە؟ ئەڵێ: خوایە. تۆ بۆ ئەگەڕێی، با بڕۆم بۆ لای فلانە کەس، بەڵێ داوا لەویش بکە، بەڵام ئەوەت بیر نەچێتەوە، تا کەسێک ئەدۆزیتەوە و متمانەت هەبێ، کە دوعای قەبووڵە، ئەگەری قەبووڵبوون و قەبووڵنەبوونی هەبێ، خۆت بپاڕێرەوە، بڵێ: خودایە من ئاتاجی ڕەحمەتی تۆم من پێویستم بە ڕەحمەت و میهرەبانی تۆیە، بزانە خودای گەورە دوعات لێقەبووڵ ئەکا یان قبووڵ ناکا، گوێبگرن بزانە خوای گەورە چۆن فێرمانەکا یەکسەر، موباشەڕەتەن ڕوو بکەینە خوا، داوای لێبکەن، بزانە خوای گەورە چۆن دوعامان لێوەرئەگرێ، بزان چۆن ئەوەی بمانەوێ، ئەگەر حیکمەت وخێری تیابێ، پێمان ئەبەخشێ، جاری وایە دوعاکەشمان لێ قەبووڵ ئەکات و ئینجا بە خۆشمان نازانین، کە خودای گەورە ئەو دوعای لێقبووڵکردووین، لە هەمووی قورئانا سەیر بکەن: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُل)، دوای ئەوە هەموو (قل)ێکی لەگەڵایە، هەموو سوئالێک: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ) (يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ) (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَىٰ) (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ)، هەمووی (قل)ـە (قل)، کاتێ بێتە سەر بابەتی پاڕانەوە، ئەفەرمێ: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي)، نافارمێ (فقل)، یەکسەر خوای گەورە لەگەڵ تۆا قسە ئەکا ئەفەرمێ: (فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ)، الله اكبر: ئەگەر ئەی محەمەد بەندەکانی من پرسیارت لێئەکەن، دەربارەی من، نافەرمێ: (ئەی محەمەد پێیان بڵێ)، یەکسەر خودای گەورە ڕاستەوخۆ پێمان ئەڵێ من نزیکم لە ئێوەوە، چیتان ئەوێ پێتان ئەبەخشم، سەیری کەن ئەو گەورەییە، (أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ): بەڵام بە مەرجێ وەکو (مُضْطَرَّ) پاڕانەوە و نزا و دوعات لە خودای گەورە بێ، نەک (خوایە بمەیتێ، خوایە، شیفام بەی خوایە)، هەر ئاگات لە دوعاکەشت نییە، کەسێ (مُضْطَرَّ) بێ، وا دوعا ناکا، کەسێ (مُضْطَرَّ) بێ، وا دوعا ناکا، ئەچێ خۆی بە تەنها بە بێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێ فرمێسکی عبوودییەت ئەڕێژێ بۆ خودای گەورە و ئەپاڕێتەوە، ئەڵێ: خودایە تۆ گەورە و من لاواز و بچووک، تۆ میهرەبان منیش ئاتاجی میهرەبانی، تۆ زانا من نەزان، تۆ دەسەڵاتدار من بێدەسەڵات، داوات لێئەکەم خودایە، بەشێک لەو میهرەبانییە بە من ببەخشی، ئەوەم بۆ بکە، ئەوەم بۆ بکە. خۆشەویستان با متمانەتان بە خودای گەورە هەبێ، موسا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) منالێکە لە کۆشک و تەلاری فیرعەونایە، برسییەتی، تینوویەتی، هاوار ئەکا، دەنگ و فوغانی و گیریان و زاری، کۆشکی سەرقاڵکردووە بە خۆیەوە، هەر ئافرەتێکی بۆ ئەهێنن، شیری یەکبەیەکیان وەرناگرێ، کەسیان

وەرناگرێ، باشە، ئەمە تاقیکردنەوەیە، ئەمە سەختییە، نا نا سەختی نییە، ئەو هەموو ئافرەتە دێنە پێشەوە و شیری خۆیان ئەیەن بەم منالە**یە**، ئەم منالە شیری یەکێکیان قبوڵ ناکا، متمانەت بە خودا هەبێ، ئەزانی لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی دڵی دایکێک سەرقاڵە پێیوە و سۆز و میهرەبانی دایکێک بیری ئەکاتەوەو خودای گەورە ئەیەوێ ئەم منالە بگەڕێتەوە بۆ لای کێ؟ بۆ لای دایکی، متمانەت بە خودا هەبێ، متمانەت بە خودا هەبێ، تۆ نازانی خودای گەورە چ بەرنامەیەکی بۆ داناوی، کە پڕە لە خێر و بەرەکەت، هەمان موسای پێغەمبەر، کاتێ لەگەڵ خێزانەکەیا شەو تاریک و ئەنگوستەچاوە، ڕێیان ونکردووە، بۆیە ئەیانەوێ پشکۆیەک ئاگر بە دەستیانەوە بێ، **مەشخەڵێکیان بەدەستەوە بێ، ڕێگایان بۆ ڕۆشنبکاتەوە و خۆشیان گەرمبکەنەوە،** ئەڕوا ئەبینێ لەسەر کێوی طوور ئاگرێک هەیە، بە نیازی ئەوەیە بڕوا مەشخەڵێک وەربگرێ، ڕێی بۆ ڕوونبکاتەوە و ئینجا خۆیشی گەرمکاتەوە، نازانێ کاتێ ئەگاتە ئەوێ قسە لەگەڵ خودا ئەکا، مناجات لەگەڵ خودا ئەکا. متمانەت بە خودا هەبێ، یوسف پێغەمەر (علیه الصلاة والسلام) لە زیندانایە، خودای گەورە بومەلەرزەیە نانێرێ بۆ ئەوەی زیندانەکە بڕوخێت و بێتە دەرەوە، خودای گەورە چەن سەربازێک نانێرێ: بڕۆن قوفڵی زیندانەکە بشکێنن، یاخود کودەتا بکەن بەسەر جەنابی پاشا و زیندانییەکان بێنە دەرەوە، نا، خودای گەورە **خەونێک بە ئارامی شەو ئەنێرێتە خەیاڵی پاشاوە،** لە ڕێگەی ئەو خەونەوە لە ئارامی شەودا هاتۆتە خەیاڵی پاشاوە، یوسف بێتە دەرەوەو ئەبێتە عەزیزی میصر، متمانەت بە خودای گەورە هەبێ. ئیبراهیم پێغەمەر (علیه الصلاة والسسلام) کۆرپەکەی ئێنێ، جەرگەکەی ئێنێ، خۆشەویستەکەی، جگەرگۆشەکەی ئێنێ بۆ ئەوەی بیکاتە قوربانی، کوڕەکەش بە باوکی ئەڵێ (افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ)، بەڵام نازانن خودای گەورە بەرانێکی ئامادەکردووە، بێتە قوربانی لەجیاتی ڕۆڵەکەی، متمانەت بە خودا هەبێ، متمانەت بە خودا هەبێ. بۆیە کاتێ ئەپاڕێیتەوە قەت سەقف بۆ دوعات دامەنێ، شتی بچووک داوا ئەکەی، داوا بکە، بەڵام شتی گەورە گەورەش داوابکە، مەڵێ ئەمە زۆرە، لەسەر خودا زۆرە (نعوذ بالله)، ئەوکاتە گومانت هەیە، کە خودای گەورە دەسەڵاتی وای نەبێ، نا هەمیشە با سەقفی دوعات بەرزبێ، سەقفی بۆ دامەنێ، چی داوا ئەکەی داوای بکە لە پەروەردگار، لە دەسەڵاتدار، خۆ ناپاڕێیتەوە لە سواڵکەر، خۆ ناپاڕێیتەوە لە هەژار، لە نەدار، لە نەزان، نا ئەپاڕێیتەوە لە زاتێک دەوڵەمەنە، دەسەڵاتدارە، بەتوانایە، زانایە، دانایە، حەکیمە، لەو ئەپاڕێیتەوە، بۆیە بزان سەیری پێغەمبەران بکەن، چۆن سەقفیان دانەناوە بۆ دوعاکانیان، ئیبراهیم پێغەمەر چی ئەفەرمێ؟ (رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي): ئیبراهیم پێغەمەر ئەفەرمێ: خودایە پیشانم بە، بۆیە ئەمە ها زۆر سەختە داوای شتی وا بکەی! پیشانم بە خودایە چۆن مردوو زینوو ئەکەیتەوە، باوەڕت نییە؟ با باوەڕم هەیە، بەڵام چۆنێتیکەی ئەمەوێ بزانم. خودای گەورە چی پێ خەڵات ئەکا؟ موعجیزەیەکی گەورەی پێ خەڵات ئەکا، ئەفەرمێ: چوار پەلەوەر بێنە، گۆشتیان تێکەڵ بکە، ئینجا هەر بەشێکو بیخەتە سەر چیا و کێوێک، بانگیان بکە، دێن بۆ لات، ئاوا بەو شێوەیە مردوو زینوو ئەکەمەوە، مردوو زینوو ئەکەمەوە. سەیری سولەیمان پێغەمەر بکەن، ئەها سەقفی دانەناوە بۆ دوعاو پاڕانەوە، چونکە حەتا زیاتر لە خودای گەورە نزیک بیتەوە، زیاتر لاوازی تۆ، دەوڵەمەندی ئەو، دەسەڵاتی ئەو، زانایی، توانایی ئەو **بۆت** دەرئەکەوێ، بۆیە هەر چی داوا بکەی، ئەڵێی هیچ نییە لە دەسەڵاتی خودای گەورەدا. سلێمان پێغەمەر چی داوا ئەکا (وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي

**لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ)** (الله أكبر): نیعمەتێکم پێببەخشــە، موڵکێکم پێببەخشــە، بۆ کەســی دیکە نەبێ ئەو موڵکە بتوانێ هەیبێ، **تا ئێســـتەش زانســـت نەگەیشـــتۆتە ئەو کارانەی، کە ســـولەیمان پێغەمەر کردوویەتی**، خوای گەورە بای بۆ ڕامکرد، بۆ ملکەچکرد، خوای گەورە فێریکرد چۆن قســـە لەگەڵ باڵندە بکا، (**عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطيرِ**): بزانێ مێروولە چی ئەڵێ، ئاخاوتنی مێروولە، ئەو هەموو زانســـتە! لەبەر ئەوەی سەقفی بۆ دوعاکانی دانەنابوو، سەقف بۆ دوعات دامەنێ، داوای شتی گەورە گەورە لە خوای گەورە بکە. ئەها **زەکەریا پێغەمەر کاتێ خۆی بەسالاچووەو پیرەو کەنەفتە و خێزانەکەیشی نەزۆکە** و منالّی نابێت و ئەیەوێ داوا بکا لە خودای گەورە، بپاڕێتەوە بڵێ: خودایا منالّم پێئەبەخشی، بەڵام سـەیری خۆی ئەکا، من لاوازم، پیرم، کەنەفتم، بەسالاچووم، خێزانەکەشم نەزۆکە، لەو کاتا سـەیری دەسـەڵاتی خوا ناکا، سـەیری لاوازی خۆی ئەکا، بۆیە شـــەرم ئەکا، داوا ناکا لە خودای گەورە، بەڵام کاتێ (**كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا)**: هەر کاتێ زەکەریا بچواتایەتە لای مریەم خاتوون، ســـەیر ئەکا ڕیزقی ئەبینی، باشـــە ئەم رزق و ڕۆزییەت لە کوێوە بۆ هات؟ ئەو مەریەمە ئەبێتە مامۆســـتای پێغەمەرێک، (**قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ**): ئەو ڕزق و ڕۆزییە لە لایەن کێوە بۆم هاتووە؟ لە لایەن خوداوە، کێشە لە تۆدا ئەی زەکەریا چییە؟ حیساب و کیتاب لەگەڵ خوا ئەکەی (**إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَـاءُ**) چی؟ (**بِغَيْرِ حِسَـابٍ**): بە بێ حیســـاب خوا ڕیزق و ڕۆزی ئەدا، یەکسەر ئەهـــــا! باشە من چەن ساڵە بۆچی غافڵ بووم لەم مەعنا جوانە؟! هەر یەکسەر (**هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ**) هەر یەکســـەر بیری کردەوە، ئافەرین مریەم، منت فێری یەکتاپەرســتی کرد بەو شـێوازە متمانەم بە خودا هەبێ، یەکســـەر پاڕایەوە، ئیتر بیری نەکردەوە: من بەتەمەنم، بەسـالاچووم، خێزانم نەزۆکە، (**هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَـلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّـرُكَ بِيَحْيَىٰ)** ئەڵڵاهـــــا! یەکســـەر چووە ناو نوێژ، یەکســـەر پاڕایەوە: خوایە منالّم پێببەخشـە، یەکســـەر خوا فریشـتەکان ئەنێرێتە خوارەوە: ئەی زەکەریا مژدە بێ، خودای گەورە یەحیات پێئەبەخشـــی، ئەڵڵاهـــــــا! گوێبگرن ئازیزەکانم، بە خودای گەورە ئەگەر خودا بناسین، زۆر خۆشـمان ئەوێ، ئیمامی عەلی، پرسـیاریان لێکرد، وتیان: (كم ما بين العرش والتراب؟): **لە نێوان عەرش و خۆڵی زەویا چەنێک هەیە؟ مەســـافەکە چەنێکە؟** بە کیلۆمەتر، بە چەنێکە؟ فەرمووی: (دعوة المســتجابة من مظلوم غفلنا عنها ولم يغفل عنها الله، يرفعها الله فوق الغمام ويقول لأنصرنك ولو بعد حين): لە نێوان زەوی و عەرشا چەنێک هەیە؟ مەسافەکەی چەنێکە؟ ئەفەرمێ: یەک دوعایە، یەک دوعا، کەســێکی مەزڵووم دوعایەک ئەکات لەو کەســەی زوڵمی لێکردەوە، یەکســـەر خودای گەورە دوعاکەی بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاســـمان و یەکســـەر، خوای گەورە جێبەجێی ئەکا، زوڵمەکەی، مافەکەی بۆ ئەســـێنێتەوە، زوڵمەکەی لەســـەر لائەبا. یەحیای بەرمەکی ناوتان بیســـتووە، بەڕامیکە نزیک بوو لە هارونەڕەشـید، یەحیای بەرمەکی وەزیری دەسـتەڕاسـی هارونەڕەشـیدە، لە ناز و نیعمەت و زێڕ و زیو و زۆر و هێز و هۆز و، لە ناز و نیعمەتێکی خۆشـــایە، بەڵام دوای ئەوە هارونەڕەشـــید لێیان تورە ئەبێ، ئەیانکاتە زیندانەوە، پیرەکان ئەکاتە زیندانەوە، گەنجەکان ئەکاتە زیندانەوە، منالّەکان و ژنەکانیش ئەهێڵێتەوە، **حەوت ســـاڵی ڕەبەق لە زیندانا تروســـکاییەکی ڕوناکی نابینێ، برۆکانی، برژانگەکانی درێژ ئەبن، نینۆکی درێژ ئەبێ، ناتوانێ نینۆکگیرێک دەســـتناکەوێ، ئەو هەموو ناز و نیعمەتە، نینۆکی بکا،** ئەو کاتە یەکێ لە کوڕەکانی پێی ئەڵێ: بابە گیان ئێمە لەو نازو نیعمەتا بووین، چی وایلێکردین بێینە ئەم

زیندانە تاریکییە، حەوت ساڵە ڕوناکیمان نەبینیوە، نینۆک ناتوانین بکەین، برژانگمان درێژ بووە، برۆمان درێژ بووە، ناتوانین کورتی بکەینەوە، ئەمە چییە؟ ئەویش ئەڵێ چی؟ (دعوة مظلوم سرت في ظلام الليل غفلنا عنها، ولم يغفل عنها الله): زوڵملێکراوێک، پیرەژنێکە، پیرەپیاوێکە، منداڵێکە، بێوەژنێکە، هەتیوێکە، زوڵممانلێکردووە لە شەوی ئەنگوستەچاوی تاریکا دوعا ئەکات، هەموومان غافڵین لەو دوعایە، کەچی خودای گەورە غافڵ نییە، دوعاکە وەرئەگرێ، دوعاکە وەرئەگرێ، جا با پێتان بڵێم خۆشەویستان، چەن ڕەحمەتی خوا ئا ئێستە ئێستە، چەن ڕەحمەتی خوا لە ئاسمان وەستاوە بۆ ئەوەی بێتە خوارەوە، چاوەڕێی دوعای تۆیە، بڵێ: خودایا ئەوەت لێداوا ئەکەم، لەبەر ئەوە بینێرێتە خوارەوە، چەن ساڵ زەکەریا پێغەمەر ڕەحمەتێکی بۆ دانرابوو، ئەویش یەحیایە، نەهاتە خوارەوە، نەهاتە خوارەوە، ساڵ لە دوای ساڵ ئەخیر ئەبوو تا دەسی بەرزکردەوەو فەرمووی: یا ڕەبی منالم پێببەخشە، چەن ڕەحمەت هەیە لە ئاسمان چاوەڕێی دوعایەکی تۆ ئەکا، چەن موسیبەت هەیە دێتە خوارەوە، بە دوعایەکی تۆ بەرز ئەبێتەوە، بە سزایەک دێتە خوارەوە، بە دوعا و پاڕانەوەیەکی تۆ بەرز ئەبێتەوە، متمانەتان بە خودای گەورە هەبێ. پێغەمەری نازدارمان (علیه الصلاة والسلام)، خەدیجەی خێزانی چەن ناز و نیعمەتی بە پێغەمەر بەخشیوە (علیه الصلاة والسلام)، وەفات ئەکا کۆچی دوایی ئەکا، دڵی تەنگ ئەبێ، مامی کۆچی دوایی ئەکا دڵی تەنگ ئەبێ، ئەو ساڵە ناو ئەنرێ ساڵی چی؟ ساڵی غەم و دڵتەنگی (عام الحزن)، بەڵام پێغەمەر نازانێ (علیه الصلاة والسلام) خودای گەورە لەو ساتەوەختەدا جبرەیل ئەنێرێتە خوارەوە و شەوڕەوی پێئەکات و بەرەو ئاسمان ئەیبا، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرانی پێ پیشانا، دڵی بەنەوە، فریشتەکانی پێ پیشانا دڵی بەنەوە، لەبەر ئەوەی قسە لەگەڵ زاتی خوا بکا، الله أکبر، ئەها ئێمە نازانین، بەم چیرۆکە کۆتایی بە بابەتەکە ئەهێنم، خۆشەویستان، پزیشکێک، ناسراوە لە سلێمانی، باسی ئافرەتێکی ئەکرد، ئەیوت: ئەو ئافرەتە پێویستی بە نەشتەرگەری بوو، نەشتەرگەرییەکەش حەزی ئەکرد لای دکتۆرێکی ناوداری سلێمانی هەیە، لای ئەو نەشتەرگەرییەکە بکا، بەڵام زۆر هەوڵی ئەدا نەئەگەشتە ئەو، ئەوەندە مۆڵەتی زۆر بوو، چوار مانگ و پێنج مانگ و ئەمانە، هەرچەنی ئەکرد نەیئەتوانی بچێتە لای ئەو، کەسیشی نەئەناسی بێتە واسطە، شەفاعەت و تکایەکی بۆ بکا، بچێتە لای. پارەیەکی زۆری ئەویست، ئەو نەشتەرگەرییە، ئەم ئافرەتە هەمیشە ئەپاڕایەوە، ئەیوت: خودایە داوات لێئەکەم ئەو پزیشکە با نەشتەرگەریم بۆ بکا، بەڵام ڕێگە نەدرا، بۆیە مۆڵەتی وەرگرت لە نەخۆشخانەی حکومی یا لە سلێمانی نەشتەرگەرییەکە ئەنجامبدا، ئەو ڕۆژەی، کە بەنج ئەکرێت و ئەبرێتە هۆڵی نەشتەرگەرییەوە، ئەو پزیشکەی، کە ئەم داوای لێئەکرد، سەردانی چارەخانەکان ئەکا، ئەبینێ ئەچێتە ئەو ژوورە، کە ئەو ئافرەتەی لێیە، یەکسەر دڵی بۆ ئەجولێ، بەبێ بزانێ ئەم ئافرەتە چەن ماوەیەکی زۆرە ویستوویەتی بگاتە لای ئەم، ئەڵێ وازم لێبێنن، من خۆم نەشتەرگەری بۆ ئەکەم، پزیشکێکی ناودارە، ئەوانە قوتابیی ئەون، نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجام ئەدا، ئەڵێ ئێمەش ویستمان دوای ڕۆژێک دوو ڕۆژ بچینە لای، بڵێین: دایەی گیان دوعاکەت لە لایەنی خوای گەورە قبووڵکراوە، بەڵام ئەڵێ: کاتێ ویستمان بچینە لای ئەو ئافرەتە نورانییە، سەیر ئەکەین ئافرەتەکە چۆتە دەرەوە، خەستەخانە و چارەخانەی بەجێهێشتووە، خودای گەورە دوعاکەی لێ قبووڵکردووە، بە بێ ئەوەی بە خۆیشی بڵێ، خۆیشی نازانێ، خۆیشی نازانێ دوعای لێقبووڵکراوە، متمانەتان بە خوا هەبێ.

## پاشکۆی ژمارە (٤)

ناونیشانی وتاری ئاینی: **(الإستغفار أستغفر الله وأتوب إليه گەورەیی و سوودەکانی):**

بانگخواز و وتارخوێن: د.عبداللطيف أحمد مصطفى

### تەواوی دەقی وتارەکە:

حاجتنا إلى الاستغفار، پێویستی ئێمە بە داوای لێخۆشبوونکردن لە پەروەردگار، پێغەمەری خوا (عليه الصلاة والسلام) دەفەرمێت: (إنَّه ليُغان على قلبي، وإني لأستغفر الله وأتوب إليه في اليوم سبعين مرة) دەفەرمێ: منیش مرۆڤێکم جار وا هەیە سەهو، لەبیرچوونەوە بەسەر دڵمدا دێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم، کە حەفتا جار بڵێم (أستغفر الله وأتوب إليه): ئەی خوای پەروەردگار داوای لێبوردنت لێدەکەم لەو غەفڵەت و لەبیرچوونەوەیەم ببوریت، وە دەگەڕێمەوە بۆ تاعەت و عیبادەتی تۆ، ئەو پێغەمبەرەی (عليه الصلاة والسلام)، کە خوای گەورە لە گوناهی ئەوەل و ئاخیری خۆش بووە، تەنها سەهویەک، کە بە دڵیدا بێ و بێئاگاییەکی کەم بە دڵیدا بێت، کە بەردەوام یادی خوای دەکرد، ئەوە بە تاوان دەزانێ و حەفتا جار داوای لێخۆشبوون لە خوای پەروەردگار دەکا، ئەی ئێمە براکانم، کە کار لەوە چووەتە دەرەوە: غافلین بێئاگاین کار لەوە چووەتە دەرەوە، کە کەمتەرخەمین لە تاعەت و عیبادەت، کار لەوە چووەتە دەرەوە، کە تەنها گوناهی بچوک کەین، بەڵکو زۆرێک لە گوناهە گەورەکان، زۆرێک لە موسڵمانان تێی کەوتووە، کەممان هەیە تووشی غەیبەت و بوهتان نەبووبێت، کەممان هەیە تووشی خواردنی گۆشتی براکەی نەبووبێت، تووشی خواردنی ماڵی حەرام نەبووبێت، تووشی ئەزێتدانی موسڵمانان نەبووبێت، کەممان هەیە، کە کەمتەرخەمی ڕووی تێنەکردبێن، وە هەرچی بەلا و موسیبەتێکی دونیا و دوارۆژیشە، کە بەسەر مرۆڤدا دێت، هۆکارەکەی تاوانە، (ما نزل بلاء إلا بذنب): هیچ بەڵایەک دانابەزێت بۆ مرۆڤ، جا هەر جۆرە بەڵایەک بێت، نەخۆشی بێت، ترس بێت، ناخۆشی بێت، فەقیری بێت، وە شکست بێت، زەرەرمەند بێ لە تیجارەت و بازرگانیدا، خەم و خەفەت بێت، لەدەسدانی خۆشەویستانی بێ، هەرچی بەلا و موسیبەتێک تووشمان دەبێ، هۆکارەکەی تاوانە، بۆیە هەر کاتێ هەستت کرد دڵت تەنگە، هەر کاتێ هەستت کرد خەم و خەفەت باڵی کێشاوە بە سەرتدا، لە هەر دەرگایە دەدەی، داخراوە بە ڕووتدا، ڕزقت بەرەکەتی تێدا نییە، ماڵ و منداڵت گوێڕایەڵ و لە تاعەتتدا نییە، خۆت لە خۆت ڕازی نی و نامورتاحیت، بزانە تووشی نەخۆشی تاوان بوویت، بزانە هۆکارەکەی تاوانە وە چارەسەریەکەشی ئەوەیە، کە زۆر بڵێی: (أستغفرالله وأتوب إليه): ئەی پەروەردگار داوای لێبوردنت لێدەکەم، لێم خۆشبی و عەفوم کەیت، پێغەمبەرمان (عليه الصلاة والسلام) دەفەرمێت: (إنَّ العبدَ إذا أخطأَ خطيئةً أو أذنب ذنبا نُكِتت في قلبِهِ نُكْتةٌ سوداءُ): مرۆڤ هەرکاتێ تاوانێک دەکا یەکسەر خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی پەیدا دەبێت، (إن هو تاب ونزع واستغفر سقل قلبه): ئەگەر هاتوو دەستی لە تاوانەکە هەڵگرت بە سەریعی و بەپەلە، تەوبەی کرد و گەڕایەوە لای خوا، ئەوە دڵەکەی پاکدەبێتەوە، دڵەکەی لووسدەبێتەوە، (وإن عاد زيدت عليه): ئەی، کە گەڕایەوە و بەردەوام بوو لەسەر تاوان، ئەو خاڵە ڕەشە گەورە دەبێ، گەورە دەبێ (حتى يعلو قلبه): هەتا وای لێدێ ئەو ڕەشییە دڵی دەگرێت، (كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ): ئەو تاوانانەی، کە دڵی مرۆڤ دادەپۆشێت، هەر کاتێکیش دڵ چووە ناو قەفەسی تاوانەوە،

پەردەی ڕەش بەسەریدا درا، چاوەڕێی هیچ سەعادەتێک و بەختەوەریەک و سەرفرازیەک و سەرکەوتنێک و خۆشــحاڵییەکی دنیا و دواڕۆژ مەبە وەڵڵا، بۆچی؟ چونکە (وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ): هەر ناڕەحەتییەکت بۆ بێ، بچوکترین ناڕەحەتیش بێ، کەس لایندا خوا نەبێ، کە تۆش دڵت داخرا لە خوا، ئەوە خوای گەورە یارمەتیت نادا، وە ئەگەر خێرێک حەز کەی تووشت بێ، تا خوای گەورە نەینوسێ بە نسیبت نابێ، ئێســتە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ خوا پچڕاندووە، بۆیە براکانم (ما أحوجنا إلى الاستغفار): زۆر پێویسـمانە بە ڕاستی، کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەین.

فائیدەی، وە سوود و قازانجی ئیستیغفار بریتییە لە چی؟ یەکەمیان: تكفير السيئات، دووەمیان: ورفع الدرجات: ئینسـان، کە داوای لێخۆشـبوون لە خوای گەورە بکات، دڵت خۆشـبێ ئەی موسـڵمان، تۆ مامەڵە لەگەڵ خالقێک دەکەیت، ئەوەندە غەفور و ڕەحیمە، نەک لێت دەبورێ و بەس، دەرەجاتیشت بەرزدەکاتەوە، پەروەردگارمان دەفەرمێ: (وَمَن يَعْمَلْ سُــوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَـــهُ ثُمَّ يَسْتَـــغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا): هەر کەســـێک کردەوەیەکی خراپ بکات یا زوڵم و ستەم لە خۆی بکات، بەڵام داوای لێبوردن بکات و پەشـیمان بێتەوە، ئەوە دەبینێ خوای پەروەردگار لێی خۆشدەبێ، گوناهەکانی دەسڕێتەوە، (رَحِيمًا): ڕەحمیشی پێدەکا و پلەی بەرزدەکـاتەوە، بە چی؟ تۆ کۆمەڵێ گونـاه و تـاوانـت کرد، بە هۆی (اســـتغفرالـلـه): بە هۆی داوای لێخۆشبوونکردن لە خوای پەروەردگار، خوای گەورە لە گوناهەکەت بورا و عقوبەی نەدایت لەسەری، وە هەروەها ڕەحمیشی پێکرد و پلەیشی بەرزکردیتەوە، کەواتە چۆن خوای گەورە دەفەرمێ: (لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ): بۆ داوای لێخۆشـــبوون لە خوا ناکەن بەشــکو خوا ڕەحمتان پێ بکا، نەک هەر لێتان ببورێ، ڕەحمتان پێ بکا و پلەشـــتان بەرزکاتەوە، (قُولُوا حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَــنَزِيدُ الْمُحْسِـنِينَ): بڵێن خوای گەورە گونـاحەکـانمـان لەســـــەر لادە و لێمـان ببورە (نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ) پەروەردگـار دەفەرمێ: وەعـد بێ لە گوناهەکانتان دەبورین، داوای لێبوردن بکەن، لێتان دەبورین، (وَسَـــنَزِيدُ الْمُحْسِـــنِينَ): وە پلەی چاکەکاران بەرزیش دەکەینەوە، کەواتە ئەمە دوو فایدەی گەورە: (تكفير الذنوب ورفع الدرجات). لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ڕۆژی قیامەت پیاوێک دەبینێ پلەی بەرز دەبێتەوە لە بەهەشـتا، دەفەرمێ: (أي رب بم هذا؟): باشــە پلەی من بۆ وا بەرزدەبێتەوە لە بەهەشت، (يقال: بإستغفار ولدك لك): هۆکاری پلەبەرزبوونەوەت لە بەهەشتدا، تۆ دوای خۆت منالی سالحت جێهێشتووە، داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەن لە خوا، تۆ مردوویت ئەوان ڕۆژانە تۆیان لەبیر نەکردووە، دەڵێن: (رب اغفر لي ولوالدي): ئەی خوایە لە منیش و لە دایک و باوکم خۆشـبە، بە هۆی ئەو داوای لێخۆشـبوونەی منالەکانت، ئیسـتا تۆ بەردەوام پلەت بەرزدەبێتەوە لە بەهەشـت. فائیدەی سـێهەم و چوارەم: دفع البلاء ورفعه: داوای لێخۆشـــــبوونکردن براکانم، هەم بەڵا دووردەخاتەوە لێت، وە هەم کە تووشـیشـت بوو، لەســـەرت لادەبا، چۆن دووری دەخاتەوە؟ هەر بەڵایەک، کە بڕیار بێ تووشـــی خودی خۆت یا منالت یا حاڵ و وەزعت یا ماڵ و ســـامانت بێت، ئەگەر (أســـتغفر الله) بکەیت، ئەو بەڵایە خوای گەورە دەتپارێزێت لێی، ئەو نەخۆشـــی و ناڕەحەتییە خوا دەتپارێزێ لێی، بەڵگەمان چییە؟ خوای گەورە دەفەرمێ: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْـتَغْفِرُونَ): پەروەردگار عەزابیـان نـادا، بەڵاو موســـیبەتیان بەســـەردا ناهێنێت، تا تۆ لە ناویاندا بی ئەی موحەمەد (عليه الصـــلاة والســـلام)، کە تۆش ڕۆیشـــتی (وَهُمْ يَسْـتَغْفِرُونَ)، ئەمانی یەکەم: (وجوده عليه الصـــلاة والســـلام بيننا، فإذا ذهب أمان الأول بقي

الثاني، وهو الإســتغفار)، (وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ): پەروەردگار ســزایان نادا، عقووبەیان نادا، بەڵا و موســـیبەت و ناڕەحەتییان بەســـەردا ناهێنێ، لە حاڵەتێكدا ئەوان (يَسْـــتَغْفِرُونَ): داوای لێخۆشـــبوون لە پەروەردگاریان دەكەن. كەواتە بزانە چەن عەزابی خوا هەیە لە تۆ لادراوە، بە هۆی چی؟ بە هۆی ئەوەی (أســـتغفر الله) دەكەی ڕۆژانە، بۆیە براكەم، كە دەتەوێ پارێزراو بی لە بەڵا و موســـیبەت و لە عقوبە و سزای خوا (عليك بالإستغفار): ڕۆژانە لەیادی نەكەی، زۆر بڵێ: أستغفر الله وأتوب إليه، بەڵات لێ دوور دەخاتەوە، ناهێڵێ تووشـت بێ، ئەی كە تووشـت بوو؟ دیسـانەوە بە أسـتغفرالله لە سـەرت لادەچێت. پەروەردگار بۆمان باسـی یەكێ لە پێغەمبەرانی خۆی دەكات، یونس (عليه الصلاة والسلام)، بە سـەبەبی هەڵوێستێكی، خوای گەورە عقوبەی دا خستییە ناو بەحرەوە، لە ناو بەحریش بۆ ناو سكی حوتێك، ئینجا پەروەردگار دەفەرمێ: (فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ... أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ): ئەگەر ئەو عەبدەی ئێمە لە ناو سـكی حوتەكەدا زیكری خوای نەكردبا، زیكرەكەش چی بوو؟ (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُـبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ): ئەی پەروەردگار من زوڵمم كرد، من تاوانم كرد، داوای لێبووردنت لێدەكەم، پەروەردگار دەفەرمێ: ئەگەر ئاوا داوای لێبووردنی لە ئێمە نەكردبـا و یـادی خوای نەكردبـا، (لَلَبِـثَ فِي بَطْنِـهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ): تـا ڕۆژی زیندووبوونەوە یونس لە ناو سـكی حوتدا دەمایەوە، بە چی لەو بەڵایە ڕزگاری بوو؟ بە زیكری خوا و أستغفر الله و داوای لێخۆشبوونكردن لە خوای گەورە. كەواتە براكانم دەتەوێ لە بەڵا بەدووربی؟ أستغفر الله بكە، كە بەڵات تووش بوو دەتەوێ لەسـەرت لابچێ؟ (أسـتغفر الله) بكە، چۆن زانایان فەرموویان: (ما نزل بلاء إلا بذنب وما رفع إلا بتوبة): هیچ بەڵایەك دانابەزێ ئیلا بە تاوان نەبێ، لە سـەریشـت لاناچێ ئیلا بە إستغفار نەبێت. فائیدەیەكی تری داوای لێخۆشبوونكردن لە خوای پەروەردگار، بریتییە لەوەی، كە خوای گەورە ژیانێكی خۆش، وە دڵێكی ئارامت پێدەبەخشێ، چۆن پەروەردگار دەفەرمووێ: (اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَـنًا إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَـمًّى)، ئێوە (أسـتغفر الله وأتوب إليه) بكەن، ئینجا بزانن چۆن خوای گەورە: (يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَـنًا)، چۆن **دەتانژێنێ ژیانێكی خۆش**، تا ئەوكاتەی، كە ئەجەلتان دێت، دەژی بە ژیانێكی خۆش، دەتەوێ لە دونیادا ژیانت خۆش بێ؟ مەچۆ دەسـكەی بە جوێندان و حەسـوودیبردن بەرامبەر بەوانەی ژیانیان خۆشـە و تۆمەتباركردن و ...، كاكە وازبێنە، چاو مەبڕە ماڵی خەڵك، حاڵی خەڵك، ژیانی خەڵك، جنێو مەدە بە كەس، (إنما طائركم معكم): سـەبەبی بەدبەختی تۆ و نەهامەتی خۆت: خۆتیت، تاوانباریت و دووریت لە خوا، عیلاجەكەشی لە دەستی كەسدا نییە، لە دەستی خۆتە دوای ئیزنی خوای گەورە، دەتەوێ خوای گەورە ژیانت خۆشكا؟ (اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ): داوای لێخۆشـبوون زۆر بكە لە خوا، زۆر تەوبە بكە و بگەڕێرەوە لای پەروەردگـارت، وەعـدی خوایە (يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَـنًا): ژیـانتـان خۆشدەكات، ژیانێكی ئارام تا ئەو كاتەی، كە لەسەری نووسیون ئێوە لە ژیانی دونیادا بن.

فائیدەی شەشەم لە فەوائد و سودەكانی أستغفر الله: خوای گەورە هێز و توانات پێدەبەخشێ، تەندروستی و لەشساغیت پێدەبەخشێ، هەروەكو چۆن لە ئایەتێكدا دەفەرموێ: (اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ): بەو دوو شـــتە: أســـتغفر الله یەعنی: ئەی پەروەردگار من داوات لێدەكەم لە تاوانەكانم ببوریت، عقوبەم نەدەی لەسەری، أتوب إليه: یانی دەگەڕێمەوە لای تۆ، لە خراپەدا بووم، دەست هەڵدەگرم و دێمە سەر چاكە و تاعەت. بەم دوو وشەیە، أستغفر الله وأتوب إليه، خوای گەورە دەفەرمێ:

(وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ): ئەو قوەتەی، کە ئێســـتا هەتە، خوای گەورە بۆت زیاد دەکات، قوەتی لاشــەت، قوەتی سەبر و تەحەمولت، قوەتی ولات و نیشتیمان، کە بیەوێت بەقوەت بێت پێویستە ڕوو لە خوا بێت، (وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ): وا مەزانە، کە چووی یاری ئاســـنت کرد، تۆ بەرگەی زۆر شـــت دەگری، تۆ بەرگەی دوو ڕکات نوێژی بەیانی ناگری بیکەیت، قوەتی چی؟ هێزی چی؟ پاڵەوانی چی؟ پیاو بە هەســـتە دوو ڕکات نوێژی بەیانی بکە، تاقەتت هەیە؟ ناتوانم، ناتوانێت، ئەوە قوەت نییە، تۆ جارجار ئاوا بکەیت و سەیرمکەن، کەسێ قسە بکا بە بۆکسێک دەیخەم، قوەت ئەوەیە تەحەمولی مەصائیب و ناڕەحەتییەکانی ژیانی دونیا بکەیت، قوەت ئەوەیە ســەبر بگری لەســەر تاعەتی پەروەردگارت، قوەت ئەوەیە چاکە بکەیت و لە خراپە خۆت بە دوور بگریت، قوەت ئەوەیە ســـوودت هەبێ بۆ خەڵک، ئەوە کەســێکی بەهێزە، بە چی خوای پەروەردگار ئەو قوەتەت پێ دەبەخشێ؟ (وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ): بە أستغفرالله وأتوب إليه.

فائیدەی حەوتەم وە هەشتەم وە نۆیەم، مناڵت نابێت چارەسەریەکەی دەزانی چییە؟ باران نابارێ، دەزانی چارەســـەریەکەی لە چیدایە؟ ماڵ وســامانت کەمە، دەزانی چارەســـەری لە چیدایە؟ هەر هەمووی خوای گەورە کۆی کردۆتەوە لە (أسـتغفر الله)دا: (فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا): أسـتغفر الله بکەن، خوای گەورە بارانتان بە بەردەوامی لە کاتی پێویسـتیدا بۆ دەبارێنێ، (وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ): خوای گەورە ماڵیشتان پێدەدا، مناڵیشتان پێدەدا، لە سەردەمی نوح (علیه الصلاة والسلام)، کە هەر سەرکەشییان کرد و عینـادییـان کرد، خوای گـەورە عقوبــەی دان، بـارانی لێگرتنەوە، ئـاویـان نەمـا، مـاڵ و سامانیان بەهەدەردا چوو، زرعاتیان وشک بوو، ئافرەتەکانیان نەزۆک دەرچوون، مناڵیشیان نابێت، هاتنە لای نوح: شتێکمان بۆ بکە، نوح دەفەرمێ پێم وتن: (اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ): ڕاست دەکەن، دەتانەوێ مناڵتان هەبێ؟ دەتانەوێ خوای گەورە ڕزق و ڕۆزیتان بدا؟ دەتانەوێ بارانتان بۆ بباری؟ (اسْـتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ... يُرْسِـلِ السَّـمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا)، ڕاسـتکەن، داوای لێخۆشـبون لە پەروەردگارتان بکەن، لەو تاوانانەی، کە کردووتانە ســـەیری فەرقەکە و بەرهەمەکەی بکەن، بۆیە شـــیخل ئیســـلام ئیبن تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێ دەیفەرموو: (إذا رأيت تبدلا في حالك وضـــيقا في عيشـــك وكثرة الهموم والأحزان، فعليك بالإســـتغفار): هەر کاتێ بینیت ژیانت تێکچووە وەزعت تێکچووە، تەواو نییە لە هیچ لایەکەوە بۆت نایەت، دەســـتکە بە أســـتغفرالله، دەفەرمێ دەفەرمێ: من جاری وا هەیە، کە شـــتێکم لێ ئاڵۆز بووە، کێشـــەیەکم هاتوەتە ڕێگا، دەستم کردووە بە أستغفر الله، جار وا هەیە هەزار جار لەسـەر یەک أسـتغفر الله، لە بازاڕ بووبم، لە مزگەوت بووبم، لە دەشـت بووبم، لە هەر شـوێنێک بووبم: أسـتغفر الله وأتوب إليه أسـتغفر الله وأتوب إليه هەزار جار، دەڵێ: وەڵڵاهی یەکســـەر دەرگای ڕەحمەتی خوام بۆ کراوەتەوە، لەو موشـــکیلەیە ڕزگارم بووە. بۆیە براکەم خێر و خۆشی و سەعادەتی دونیا هەمووی بە چی بەدەست دێت؟ بە أسـتغفر الله و گەڕانەوە بۆ لای خوا، ئەی ئەو کەسانەی دکتۆر نەماوە نەیکەن، مناڵتان نابێت، ئەی ئەو کەسانەی، دەڵێی من ڕزقم بەســتراوە (وەکو خۆیان دەڵێن)، وشـکە سـاڵییە، بیرەکەمان ئاوی تیا نەماوە، أسـتفر الله بکەو تەجروبەی کە براکەم، دەبینیت، کە تۆ گەڕایتەوە لای خوا، بەڕاستی، بەنییەتێکی خالص، چۆن خوای گەورە ڕەحمت پێدەکات و بەرەکەتت بەســـــەردا دەڕێژێت. یەکێکی تر لە فەوائیدی ئیســـــتیغفار، دەیەم: پێغەمبەر (علیه الصـلاة والسـلام) دەفەرمێ: (من لزم الاستغفار جعل الله له من كل هم فرجا ومن كل ضيق مخرجا ورزقه من

حيث لا يحتسب): هەر كەسێك زۆر أستغفر الله بكا و بەردەوام بيلێ، هەموو هەم و غەمێكى، خواى گەورە لەســـەرى لادەبا، خەم و خەفەتى ناهێلێ، وە لە هەر تەنگ و چەڵەمەيەكدا بێ، خواى گەورە دەرگاى بۆ دەكاتەوە و رزگارى دەكا، وە رزقى دەدا لە شوێنى واوە، كە خۆيشى هەستى پێناكات، بە هۆى چى؟ بە هۆى أستفر الله. أستغفر الله سەبەبى چوونە بەهەشتمانە، پەوەردگارمان دەفەرمێ: ئەوانەى، كە (وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَـةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَـهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِـرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ أُولَٰئِكَ جَزَاؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا): ئەوانەى، كە فاحيشـــەيشـــيان كردووە: تاوانى زۆر خراپ و قيزەونيان كردووە، (إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَـةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَـهُمْ): يان زوڵميان لە خۆيان كردووە: كەمتەرخەم بوون لە تاعەت، نوێژى نەكردوە، ڕۆژووى نەگرتووە، واجبەكانى بەجێنەگەياندووە، سـەيريكە لە هەردوو لاوە، لە لاى تاوانەوە (فَعَلُوا فَاحِشَـةً)، لە لاى عيبادەت و تاعەتيشـــەوە زوڵميان كردووە و هەڵنەســتاون بە واجبى سەرشانيان، (أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ): ئێستا بيردەكاتەوە و خواى گەورە دێتەوە دڵى، بيردەكاتەوە: باشە بۆ من نەگەڕێمەوە؟ (فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ) داواى لێخۆشبوون لە خوا دەكەن، لە تاوانەكانيان ببورێ، (وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ): كێ لە تاوان خۆشـــدەبێ جگە لە الله؟ من و تۆ هەڵەيەك لە يەكتر نابورين، هەڵەيەك لەيەكتر نابورين، بەڵام خواى گەورە لە هەموو هەڵەيەكمان دەبوورێ، ئينجا دەفەرمێ: (أُولَٰئِكَ جَزَاؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ): ئەوانە پاداشـــتيان لێبوردنى لاى خوايە، (وَجَنَّاتٌ): وە ئەو باغ و خۆشـــييەش، كە لە ناو بەهەشـــتا خواى گەورە بە نسـيبيان دەكا و دەيانخاتە بەهەشـــتەوە. كەواتە براكانم بۆمان دەركەوت يانى دە فائيدەى أســـتغفر الله و داواى لێخۆشـــبوونكردن لە خواى گەورە، بزانە هەموو ســـەعادەتێك بەوەوە بەندە، با كەمتەرخەم نەبين، بە تايبەتى لە ڕۆژگاريكدا دەژين فيتەن ئەوەندە زۆرە، كە كەس لە تاوان ســـەلامەت نەبووە و رزگارى نەبووە. پرســـياريان لە يەكێ لە صـــالحين كرد: (كيف أنت مع دينك؟ قال أمزقه بذنوب وأرقعه بالاســـتغفار) وتى: وەڵڵاهى دينەكەم، بە گوناه دينەكەم دەدڕێنم، يانى تەشـــبيهى كرد بە جلێك، كە گوناه دەكەم دەدڕێت، دوايى بە أســـتغفر الله پينەى دەكەمەوە، بە أستغفر الله پينەى دەكەمەوە بۆ ئەوەى جلەكەم بمێنێ، براكەم خواى گەورە دەفەرمێ لە حەديسى قودسـيدا: (يا عبادي إنكم تخطئون بالليل والنهار): ئێوە بە شـەو و بە ڕۆژ گوناه دەكەن، بە شـەو و بە ڕۆژ هەڵە و تاوان دەكەن، (وإني أغفرها لكم): وە منيش لێتان خۆشـدەبم، (فاستغفروني أغفر لكم): داواى لێخۆشـبوونم لێ بكەن، عەجيب! كە تۆ تاوانت كردبێ بەرامبەر كەســـێك، دەيان كەس دەنێرى، چەندان وەفد دەنێرى، كاكە پێى بڵێن: دێمە دەرگاكەى، تەشـــبوس بە ئەنواع و ئەشـــكال خەڵك دەكەى بەس قەبوڵت كا، لێت ببورێ، ئامادەى چيشـــت لەســـەر دابنێ، وەفدێكت نارد ڕەتى كردەوە، دووەم دەنێرى: قبول... نا ئەبەدەن هەر قبوڵم نييە، لێخۆشـــبوونم نييە، ئێســـتا بە عەكســەوە خواى گەورە خۆى پێمان دەفەرمێ: داوام لێبكەن تا لێتان خۆش بم، (ومن يستغفرني فأغفر له): كێ هەيە لە ئێوە بڵێ: ئەى خوايە لێم خۆشـبە تا يەكســـەر لێى خۆشـــبم؟ ئەى تخوا ئەوەنە تەمەڵ بين، ئەوەندە عاجز و بێ دەسـەڵات بين، نەتوانين بڵێين خواى گەورە لێشـمان خۆشـبە، بەس ئەوە. بۆيە براكانم موحتاجى ئەوەين شـەو و ڕۆژ، كە ئێمە كەمتەرخەميمان نەكردووە لە گوناه و تاوان با پينەى كەين، بەچى؟ بە أستفر الله وأتوب إليه، وتمان أســـتغفر الله: داواى لێبوردنى خوايە لە تاوانەكەت، أتوب إليه: گەڕانەوەيە بۆ لاى خوا، هەردووكى بە يەكەوە تەواوە، تۆ مەڵێ: تاوانێكم كردووە، خوايە لەو تاوانەم خۆش بە، بەڵام من ســـبەى دەيكەمەوە، تۆزێكى تر دەيكەم، نا، أتوب إليه، دە بگەڕێوە لاى خوا بگەڕێوە، دەست هەڵگرە لێى.

## پاشکۆی ژمارە (٥)

ناونیشانی وتاری ئاینی: (**لار و لەنجە**):

بانگخواز و وتارخوێن: د. عبدالواحید محمد صالح

### تەواوی دەقی وتارەکە

لە وانەی پێشووا باسی مناڵەکەی لوقمانمان کرد، کە وردە وردە گەورە ئەبێ، باوکیشی وردە وردە هانی ئەدا، کە بێتە ناو کۆمەڵگاوە، بۆ ئەوەی، کە گەورەی کا، بۆ ئەوەی، کە بیکا بە بانگخوازێک، ڕێوشوێنەکانی پیشان ئەدات، پێی ئەڵێت: (وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ)، بەڵام ئەزانێت هەر کاتێک ئینسان کەوتە سەر ئەو شوێنە، ئەو میمبەرە، لە پشتی مایکەوە وەستا، قسەی کرد، ئینجا تووشی کێشەو مەشاکیل ئەبێ، ئەبێ لە ئاستی مەسولیاتا بێ، بۆیە پێی ئەڵێت: ئەگەر وات کرد، ئینجا: (وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا أَصَابَكَ): ئارام بگرە لەسەر ئەوەی تووشت ئەبێت، ئینسان، کە بەم ڕێگەیەیا ئەڕوا، بە ڕێگەی دەعوەیا، خۆشەویستەکانم، تووشی هەموو شتێک ئەبێ، تووشی نارەحەتی ئەبێ، تووشی لێدان ئەبێ، تووشی سجن ئەبێ، تووشی مەحکەمە ئەبێ، تووشی زەرەر و زیانی مادی ئەبێ، تووشی کێشەی مناڵ ئەبێ، تووشی کێشە لەگەڵ دەسەڵاتا ئەبێ، تووشی کێشە لەگەڵ خەڵک و دەوروبەرا ئەبێ، یان ئەوەیە ئینسانەکە ئەبێ تەواو تەواو تەسلیمی پەروەردگار بێ، یان ئەبێ تەسلیمی خەڵک بێ، بۆیە ئەبێ لایەکیان هەڵبژێریت، یان لای خوا هەڵبژێریت یان لای خەڵکی، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی قورسە، بۆیە ئەبێ ئەو کەسەی کە یەتە نێو ئەم ڕێباز و ئەم ڕێگەیەوە، دەعوە و بانگەواز هەڵئەبژێرێ بە هەر دیوێکیانا بێ، لەوانەشە بە دیوە خۆشەکەیا بێ، چونکە تا ئێستاکە ئێمە لە بەرهەمی دەعوەمان خواردووە، لە هەر شوێنێ چووین، خەڵک دەسی بەسەر سنگەوە بۆ گرتووین، ڕێزی لێناوین، گەورەی کردووین، دەعوەتی کردووین، خزمەتی کردووین، هەدیەی بۆ هێناوین، بە چاوێکی گەورە سەیری کردووین، نەیانهێشتووە لەسەر عەرزا بڕۆین، فەرشیان بۆ ڕاخستووین، ئەمەش هەر بۆ خۆی تاقیکردنەوەیەکی ترە بۆ داعێکان، بۆیە: (وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا أَصَابَكَ) زۆر جار داعی ئا لێرانەیا ئەکەوێت، کە ئەبینێ خەڵک دەنگی پێئەدا، خەڵک خۆشی ئەوێ، خەڵک ڕێزی لێئەگرێ، خەڵک ناهێڵێ بە پێوە بێ، زۆربەی کات ئەم دانیشتووە و خەڵک بەپێوەیە، ئەم ئەخوات و خەڵک سەیری ئەکا، ئەم ئەڕوات و خەڵک بەدوایەوەیەتی، لەبەر ئەوە هەرکاتێ ئەم ڕێگەی دەعوەیەمان هەڵبژارد، ئینسان هەر لە خۆیەوە شتێکی بۆ دروس ئەبێت، ناوێ پەیا ئەکات، شوهرەتی لێ لێئەوەرێت، خەڵک بەم چاوە سەیری ئەکات، بەڵام خۆی لە ناخی خۆیا خۆی باش ئەزانێ بایی چەنە، ئەگەر بێتو ئەمە لەگەڵ خوای گەورەیا پێشتر عیلاقەی خۆش نەکردبێ، بە نوێژەکانی هاوتای خۆی نەدابێتەوە، وای لێدێت ئەفەوتێ، وای لێدێ تووشی عوجب و کیبر و گەورەبوون ئەبێت، بۆیە زۆرجار لە ئێمە ئەپرسن: کاک دکتۆر لە کاتێکدا خەڵک دائەنیشێ گوێت لێئەگرێ، لە کاتێکا خەڵک لایکت ئەکا، لە کاتێکا خەڵک کۆمێنتت بۆ ئەنوسێ، هیچ شتێ بە مێشکتا نایەت؟ نەخێر، بۆ؟ چونکە من خۆم ئەناسم چەن تاوانبارم، وە خوای گەورەی خۆشم ئەناسم، نایەم خۆم بەراورد بکەم بە خەڵکی، بۆیە هەر کاتێ ئینسان خوای گەورەی خۆی لەسەر سەری خۆی دانا، لەبەرچاوی خۆی دانا، ئیتر خەڵکی تر نابینێ،

نازانێ خەڵکی تر هەیە، خەڵک دەسخۆشی لێبکەن، ئەم هەر لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بەردەوامە، خەڵک دەسناخۆشی لێبکەن، هەر بە هەمان شێوە، بۆیە مەوقیفی خەڵک نایگۆڕێ، خەڵک هەرچییەک بڵێن ئەم ڕێبازێکە بۆ خوا گرتوویەتیە بەر، بۆ خوا ئەمەی هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە تووشی هەر نارەحەتی و هەر کێشەیەک بێت، با هەموو خەڵکی بڵێن: کاکە دەمی خۆی نەگرت، لەسەر دەمی خۆی وای لێهاو، ئەونە قسەی کرد و ئەونە پۆستی کرد و ئەونە نارەزایی دەربڕی، هەتاوەکو وایان لێکرد، دە بچوا دەردی بێ، ئەم زیاتر سوور ئەبێ: (الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ). هەر کاتێ ئینسان ئەم سەبرەی گرت لەگەڵ خوای گەورەیا: (إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ)، ئەمە پێویستی بە دانبەخۆداگرتنە، ئەم ڕێگەی دەعوەیە پیاوی ئەوێ، ڕیجالی ئەوێ، خەڵکێکی ئەوێت لە ئاستێکی بەرزا بێت، تەحەمولی هەبێ، هەموو شتێک لە پێناوی خوای گەورەیا بخاتە ئەولاوە ئینجا ئەگاتە ئەم مەوقیفە، ئینجا ئەگاتە ئەم پلەیە، بۆیە ناوەکەی بەوەی، کە زۆر دژایەتی بکرێ، یان بەوەی کە زۆر بەناوبانگ بێ، هەردوو ناوەکە بەرز ئەبنەوە، بۆیە لقمان لە کوڕەکەی ئەترسێ لەم مەوقیفە، ئینجا پێی ئەڵێ: هەر کاتێ کوڕەکەم گەیشتیتە ئەم مەوقیفە گەیشتیتە ئەم ئاستە، گەیشتیتە پلەیەکی بەرز، دەرەجەیەکی بەرزت بەدەست هێنا، لە ژیانا سەرکەوتوو بوویت، تاجیرێکی لێهاتوو بوویت، ئینسانێک بوویت خەڵک چاوی لێکردی، ئینسانێک بووی خەڵک گوێی لێگرتی، وەکو باوکت، لقمان باوکێک بووە ڕەش بووە، خەڵکی (نوبە) بووە، خەڵکی (سودان) بووە، بۆچی خوای گەورە ئەم حیکمەتەی پێداوە؟ بۆ ئەوەی، کە کەس نەڵێت: ئەو ڕەشپێستانە هەر ئەقڵیان بچوکە، ئەو ڕەشپێستانە هەروا بۆ خۆیان تۆزێک تۆزێک لە لە ئاژەڵ هەڵکەوتووترن، چونکە خەڵکێ هەتاوەکو دواتریش ئیسلام هات، وای هەست ئەکرد، ئەوانە بەندەن، ئەوانە لە حەیوانات تەطەوریان کردووە، وەکو نەزەرییەی تەطەور باسی ئەکا، زۆر جار ئەمانەیان ئەخستە ناو سجنەوە، ئەیان خستە ناو حەدیقەی حەیوانەوە، خەڵک سەیری ئەکردن. لقمان پیاوێکی ڕەشی ناشرین بووە بە شکل، بەڵام هەزارەهای وەکو ئێمە لەبەر دەرگاکەیا وەستاوە، داوای حیکمەتی لێکردووە، داوای عەقڵی لێکردووە، پێی بفرۆشێ، لقمان حیکمەتەکانی ئەو ئەونە گەورە بوون، بەو ڕەشپێستییە، پێی ئەڵێ: کوڕم ڕەشپێست و سپیپێست، جوان و ناشرین، دەوڵەمەن و فەقیر، زیرەک و تەمەڵ، هەمووی هەر خوا درووستی کردووە، نەکا خوای گەورە بەهرەیەکی دایتێ، لە خۆت بگۆڕێی، بیر لەوە نەکەیتەوە بڵێی: من شتم، من ڕەقەمم، من هەم، من گەورەم، نەخێر ئەمە تۆ نیت، ئەمە بەهرەکانی خوایە وای لە تۆ کردووە، بۆیە ئەبێت هەموو جارێک بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە، خوای گەورە فێری ئەوەمان ئەکا لەسەر زمانی لقمان ئەفەرمێ: ئەم سیفەتە ناشیرینە، خەڵک هات موراجەعەی کردی، ئەگەر ئیستعلاماتێکی بەردەرگا بووی، ئەگەر پۆلیسێ بووی، ئەگەر موەزەفێ بووی لە دائیرەیەکا، ئەگەر دکتۆرێ بووی، موهەندیسێ بووی، مەکتەبێکت هەبوو، مامۆستایە بووی، بانگخوازێ بووی، هەر چیە بووی، سەر سەرم، سەر چاوم، وەزیرێ بووی، ئاوا لەگەڵ خەڵکا قسە مەکە، ها، بەڵێ، فەرموو، ناکرێ، خواحافیز، ئەو تەعامولە چییە؟ بۆ هەر کەسێکمان، ئەگەر شتێکی بەدەست بێت ئەبێ ئاوا بە لالوتێکەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکا بکا؟ ئەوەش بەرامبەرت وەستاوە بەشەرە، لەوانەیە دە ئەوەنەی تۆ بەهرەی هەبێ، لەوانەیە سەت ئەونەی تۆ خەڵکی لەبەردەسا بێ، لەوانەیە دە ئەونەی تۆ عاقڵ و وریا و ژیر بێ، ئێستا کە مامەڵەیەکی کەوتووەتە تۆ، بۆ بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵا ئەکەی؟ هەر سەیرێ ناوچاوانی کە، پێغەمبەری خوا صلی

الله عليه وســـلم قەت لەگەڵ خەڵکا ئاوا ئاوڕی بۆ نەیاوەتەوە، بە هەموو ڕووی خۆی ســـەیری کردووە، لەگەڵ خەڵکا ئاوا مامەڵەی کردووە، ڕووی کردووەتە ڕووی، ســـنگی کردووەتە ســـنگی، ئەبێ وا فێربین، (وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ): کوڕم، باوکی من:_لوتت لەگەڵ خەڵکا (وَلَا تُصَعِّرْ)، یەعنی چی (تُصَعِّرْ)؟ ئاوا (بە ئاماژەی بینراو پەیامەکە دەگەیەنێ)، حوشـــتر، بۆچی حوشـــتر دەم و چاوی وا لێئەکا؟ بۆچی حوشـــتر ملی ئاوای لێئەکا؟ (وَلَا تُصَــعِّرْ): خوای گەورە ئەفەرموێ: ملت وەکو ملی حوشـــتر لێمەکە، ئاوای لێبکەی، حوشـــتر لە خۆشییا وا ناکا، حوشتر توشی نەخۆشییەک ئەبێ، پێی ئەوترێ: (تُصَعِّرْ)، پێی ئەوترێ: "صعر"، لە ئینسانا پێی ئەوترێ: تورتیکولیس، خۆمان پێی ئەڵێین: ملخوار، بینیوتانە خەڵکێک هەیە، دەمارێکی ئا لێرانەیا (بە ئاماژەی بینراو پەیامەکە دەگەیەنێ) گرێیەکی بۆ درووس ئەبێ، گرێکە گەورە ئەبێ، ملی ڕائەکێشـــێ بەلایاکا، هەم ڕای ئەکێشـــێ بەو لایە و هەم ڕایئەکێشـــێ بۆ ســـەرەوە، ئاوای لێیەت (بە ئاماژەی بینراو پەیامەکە دەگەیەنێ)، پێی ئەڵێن: ملخوار، بینیوتانە زۆرجار کۆتر وای لێیەت، ئەم نەخۆشییە زۆربەی کات، چونکە حوشتر ملی درێژە، لە حوشترا ئەم نەخۆشییە هەیە، واتە بە زمانی حاڵ بە کوڕەکەی ئەڵێ: کوڕم ئەم ســیفەتە ناشــرینە، ئەمە هی تۆ نییە، هی حوشــترە، هی حوشــترێکی ســاغیش نا، هی حوشــترێکی نەخۆش، دە وا لەگەڵ خەڵکا مەکە، بۆیە هەر کاتێ بیرت لەوە کردەوە لەگەڵ خەڵکا لوتت بەرزبێت و ئاوا بکەیت، شـەرم لەخۆت بکەی، حەیا بتگرێ. پێغەمبەری خوا صلی الله عیە وسلم ئەفەرمووێ: (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر): پەنا ئەگرم بە خوا، هەر کەسێک مسقاڵە زەڕەیەک کیبر لە لەشیا بێ، مسقاڵە زەڕە، کە نابینرێ، ئەها خەردەلەکەی لوقمان بۆ کوڕەکەی باسکرد، ئەفەرمێ: ئا ئەوە لە دڵیدا بێت، ناچێتە بەهەشــتەوە، ســەحابەیەک فەرمووی: یا رســول الله، (لە خۆی ئەترســێ) دایمە جلی جوان و کەشــخە و پێڵاوی بۆیاخکراو و ئوتوکراو جلی و ڕێکوپێک و بۆنی خۆش و قژی داهێنراو و زەیتی لێیاوە، سەحابەکە ئەفەرمێ: (يا رسول الله، إن المرء يحب أن يكون ثوبه حسنا ولباسه حسنا) ، ئەفەرمێ: ئەی پێغەمبەری خوا من حەزەکەم جلەکانم جوان بێ، من حەزەکەم جلەکانم شــاڵ بێ، ئەی تۆ بە من ئەڵێی چی؟ ئەمە کیبرە خوانەخواســتە تیاما؟ پێغەمبەری خوا صــلی الله علیه وســلم ئەفەرمێ: (إن الله جميل)، ئەفەرمێ: (إن الله جميل): خوا چییە؟ خوا جوانە، (يحب) چی؟ (الجمال): جوانیشـــــی خۆشـــــەوێ، (الكبر بطر الحق وغمط الناس)، کیبر ئەوە نییە، خۆبەزلزانی ئەوەیە (بطر الحق): حەقێکت پێ بڵێن، بڵێی وانییە، وانییە من وانیم، تۆ غەڵەتیت، نەیســـــەلمێنی، وە (وغمط الناس): خەڵکیش بە بچوک بزانیت، ئەو خەڵکە هەمووی بە خزمەتکاری باوکت و بە کەســـوکار و بە بە بە هینی شـەیتان بزانی، خۆیشت بە ئاغا و کوێخا بزانیت، ئا ئەمەیە، ئا ئەمەیە ئینسان ئەباتە ناو ناو قورەوە، خۆشــــویســــتەکانم، ئەبێ ئاگامان لەم نوقتەیە بێت، مەوزوعی کیبر پەنا ئەگرم بە خوا. (وَلَا تُصَــعِّرْ)، ئەها خوای گەورە بۆچی باســـی حوشـــتر ئەکات، ئەزانن؟ لەبەر ئەوەی، کە منداڵ، ئەم قیصــــەیە بۆ مناڵە، ئەم چیرۆکە بۆ مناڵە، لەبەر ئەوە ئەبێ چیرۆکەکان بە حوشـــــتر و بە چی بێنێتەوە؟ بە گوێدرێژ بێنێتەوە، چونکە مناڵ حەزی لەمەیە، بۆیە ئەبینی هەموو کارتۆنەکان لەســـەر ئەمە دروسـئەکرێ، ئەها قورئان چەن ئیعازی تیایە، کە فێرمان کا، بەڵام پێمان ئەڵێ ئەم ســـــیفەتانە ناشـــــیرینە، لە حوشـــــتری وەرنەگرن ها، ئینسـانێک، ئەبێ بچێ نەسـیحەتی کا، کە لەسـەر پشتی حوشترەکە وەستاوە نەک حوشـتر و گوێدرێژەکە نەسیحەتکەربن، ئەمانە ئەبێ لە پەروەردەی قورئانەوە، وەرگرین جارێکی تر، (وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي

الْأَرْضِ مَرَحًا)، قۆڵیشت با مەیە، ئەڵێی ئەڵێی دۆمەڵ لە بن باڵت هاتووە و خۆو هینەکەیت و، ئینسان چۆن ئەڕوا، کە ئەوە بێ، خۆی بە زل بزانێ؟ ئاوا سەیری ئەرز ناکا، خۆی زۆر بە شت ئەزانێ، بۆیە پێی ئەڵێن لوتی بەرزە، بۆ؟ چونکە لوتی ئەکاتە ئاسمان، ئەمەیە خۆشەویستەکەم، کە ئینسان پەنا ئەگرم بەخوا، یەکەم جار، کە خوای گەورە باسی "قەول" ئەکات: (وَلَا تُصَعِّرْ) دەمووچاوت لە خەڵکی دوور مەخەرەوە، ئینجا: (وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا): ئاوا مەبە لەگەڵ خەڵکیبا باوکی من، تۆ زۆر لەوە بچوکتری خۆت ئەوەنە بە گەورە بزانی، ئینسان، بەڕێزەکانم حەزەکەم یەک حەقیقەت هەیە، بیزانن، یەک ڕاستی هەیە لە مێشکتانا بچەسپێ، قەسەم بە پەروەردگار ...، ئێوە ئەزانن بۆچی ئینسان چاویلکە لەچاو ئەکا؟ بۆ ئەوەی شتە بچکۆلەکان ببینێ، ئێوە ئەزانن ئینسان لە لە، لەگەڵ بونەوەرا چەنێ بچوکە؟ ئەزانن؟ هەندێ شتتان پێئەڵێم، هەندێ نمونەتان پێئەڵێم، با بزانم کەس باوەڕی پێئەکات؟ پێغەبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرمێ: کەڵبەی کافر لە ئاگرا بە قەدەر کێوی ئوحودە، چیی؟ کەڵبەی کافر لە ئاگرا بە قەدەر کێوی ئوحودە، کێوی ئوحود ئەزانن چەنە؟ یەک هەزار مەتر درێژە، دوو هەزار مەتر تا سێ هەزار مەتر پانە، حەوت هەزار مەتر درێژە، یەک هەزار مەتر بەرزە، هەزار مەتر بەرز، دوو هەزار بۆ سێ هەزار مەتر پان، حەوت کیلۆمەتریش، کە ئەکاتە حەوت هەزار مەتر درێژ، ئەمە کێ؟ ئەمە کەڵبەی یەک کافر، یەعنی کافرێ لە ئاگرا بێنە بەرچاوی خۆت، یەک ڕیز شاخی ئوحودی هەیە، لە سەروو و خوار، ئەچێتە عەقڵەوە؟ قورسە، پێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ: شانی کافر بۆ شانەکەی تری سێ دانە ڕۆژە بۆ سوارچاکێ نایبڕێ، شانی بۆ شانی، پێستی کافر ئەستوریەکەی لە جەهەنما سێ دانە ڕۆژە، پێستێک کە ئێستاکێنە زۆر زۆر بێت یەک سانتیمەترە، لە قیامەتا، لە جەهەنما پەنا ئەگرم بەخوا ئەبێ بە یەک سێ ڕۆژ ڕۆژە ڕێ برۆیت؟ شتی وانابێت، دانیشتنی کافرێک لە جەهەنما پەنا ئەگرم بە خوا، کە خۆی کوشکەڵە کردووە، بۆ ئەوەی ئاگر زۆر نەیگرێتەوە، شوێنی دانیشتنەکەی، بەس شوێنی دانیشتنەکەی لە بە قەدەر بەینی مەکە و مەدینەیە، چوارسەد و ئەونە کیلۆمەتر، بەس شوێنی دانیشتنەکەی، یەعنی چی؟ ئێوە ئەزانن بۆچی وایە باوکە گیان؟ ئەزانن بۆچی ئەم حەقیقەتانە ئاوا باس ئەکرێ؟ لەبەر یەک شت، لەبەر ئەوەی بزانی تۆ لە دونیایا لە ژێر مایکرۆسکۆپا درووسکراوی، ئەونە بچکۆلەین ئێمە، ئەونە وردیلەین، ئەونە مێرولەین، ئەونە کەمین، لە قیامەتا حەجمی حەقیقی خۆمان وەرەگرین، ئا لێرە ئەونە قەزەم و بچکۆلەین، یەک هەزار میکرۆسکوب دانەی، ئینجا ئینسان ئەدۆزیتەوە، هههە ئەوە ڕاستییەکەیە با پێتان بڵێم، لە ناوەڕاستی کەونەوە هەتاوەکو ئێرانە (٩٩.١)، چی نۆ پۆ... نا عەفو، غەڵەتم کرد، (٩١)، (٩١) ساڵ، (٩١) ساڵ تیشک پەت، ناگاتە زەوی، غەڵەتم کرد، نە... ئا (٩١) ملیۆن ساڵ، ئەوەی تەمەنمان درێژ بێ ٩١ ساڵە، تەواو، ٩١ ملیۆن ساڵ تیشک لە چەقی زەوییەوە هاتووە، ئێستاکانە بگاتە زەوی، نامانگاتێ، ٩١ ملیار ساڵی تیشکی، خۆر بەرێوەیە بۆ زەوی نامانگاتێ، باوکی من تۆ خۆت لێ بووە بە رەقەم، لێو بووە بە شت، باڵت فش کردۆتەوە، تۆ چیت؟ تۆ خۆت ناناسی بۆیە خوا ناناسی، تۆ زۆر شتت لێ ونە، بۆیە خۆو لێبوە بە شت، ئاخر هیچت نەبینیوە، هەر لادێکەی خۆتان و چوار حەیوان و چوار ئاژەڵ و چوار گوێدرێژت بینیوە، لەچاو ئەوانا، تۆ خۆو لێبووە بەشت، ئەگینا تۆ لەچاو دەوروبەرەکەشتدا هێشتا هیچ نیت، مادەم خۆو لێبوو بە شت، هەر هیچ نیت، ئینسان چۆن ئەبێت ئەمە لە دڵیا بێت؟ بۆیە خۆشەویستەکەم

ئینسان ئەونە بچوکە، ئەونە قەزەمە، لە قیامەتا حەجمی خۆی بۆ دەرەکەوێت، خوای گەورە ئەفەرمێ: (إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الْأَرْضَ): کورە خۆ تۆ زەوی کون ناکەیت، (وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا): درێژیشـــت بە قەو شـــاخەکان نییە، یەعنی، یەعنی: زۆر، زۆر خۆو قورس کرد، چووی بە ناخی زەویا ئادەی، پێغەمبەری خوا صـلی الله علیە وســلم ئەفەرمێ: کابرایە زۆر دڵی بە خۆی خۆش بوو جلێکی لەبەرا کردبوو، باســی کابرایەک ئەکات لە پێش پێغەمبەری خوایا ژیاوە ئەفەرمێ: جلێکی زۆر بە لاوە جوان بوو، عەبایەکی لە شـــانا بوو، قژی بە شـێوەیەک بوو، ئاوا ئەڕۆیشــت لەســەر ئەرزا، خوای گەورە ئەرزەکەی بۆ کونکرد، ئەها خۆمان ئەڵێین: ئەرزەکە بەسەرتا بڕۆم؟ ئەڵێ ئەونە لار و لەنجە، یەعنی چی؟ یەعنی: ملی لارە، لەنجەش ئەکات بە ڕێگەیا، بە خوا کورد ناوێکی جوانی بۆ دۆزیوەتەوە، سـبحان الله ڕێک لە نەصـی ئایەتەکەی دەرهێناوە، (وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا)، ڕێک پێکاوێتی، کورد ، کە ئەڵێ: لار و لەنجە ئەکات، خۆی بە زل ئەزانێت، ئەفەرمێ: ئەم کابرایە بە ڕێیا ئەڕوات بە ئەرزەکە ئەڵێ: ئەرزەکە بەســـەرتا بڕۆم، ئەرزەکە ئەڵێ: فەرموو وەرە ناومەوە، خوای گەورە ئەرزی بۆ کونکرد، (فهو يتجلجل فيها إلى يوم القيامة)، ئەفەرمێ تا ڕۆژی قیامەت ئەچێ بە نـاخی عەرزا، ئەزانن چەن کیلۆمەتر؟ ٦٣٨٠ کیلۆمەتر هەتـا ئەگـاتە نـاو کرۆکی زەوی، ئەگەر بیەوێ لە لاکەی تری زەویەوە دەرچێ پێویسـتی بە شـەش هەزار و ئەونەی تر کیلۆمەترە، سـبحان الله، بۆیە باوکی من ئەمە، ئەمە سـیفەتی تۆ نییە: (وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ)، خوای گەورە ئینسانی خۆبەزلزانی خۆشناوێ، ئەمە سیفەتی پەروەردگارە، چۆن بۆ خۆتی شک ئەبەیت؟ تۆ عەبدی، تۆ کە عەبدی ئەبێ ملت کەچ بێ، ئەبێ خۆو بچوککەیتەوە، نابێ خۆو بە گەورە بزانی، نابێ خۆو بەشـــت بزانی، نابێ خۆو بە ڕەقەم بزانیت، ئەها بەڕێزەکانم ئەفەرمێت: دایکێک ، دایکێک شـیری ئەدا بە منالەکەی، پێغەمبەری خوا صـــلی الله علیە وســـلم لە حەدیســـی بوخاریا باســـی دایکێک ئەکات لە زەمەنی بەنی ئیسـرائیلدا، کە ئەفەرمێ: شـیری ئەدا بە کوڕەکەی، سـوارچاکێ بە لای... بە لایا تێپەڕی بە لای دایکەکەیا، بینی شـــارەیەکی پێوە بوو، مەدالیایەک و، ئەڕۆی بە ڕێگـایـا، وتی: (اللهم اجعل ابني مثله): خوای گـەورە کوڕەکەم وەکو ئەو پیاوە لێبکەیت، ئەها سەیری ئەو هەموو حیمایە و سەیارە درعە و ئەو هەموو پارە و سـەروەت و سـامان و ناو و ناوبانگ و دەسـەلات و سـەرۆکایەتییە، خوایە کوڕەکەم وا لێبکەی، دیارە پیاوێکی زۆر گەورە بووە لەو کاتەیا، ئەفەرمێ: کوڕەکەی وتی، کوڕەکەی وتی؟! کوڕەکەی شـــیر ئەخوا، ئەفەرمێ دەمی، دەمی لە شـــیری دایکەکەی کردەوە، لە مەمکی دایکەکە کردەوە، وتی: خوایە وەکو ئەو پیاوەم لێنەکەی، سـێ منالّ قسـەیان کردووە، یەکێکیان ئەم منالە بووە، وتی: (رب لا تجعلني مثله)، سـەحابێکە ئەفەرمێ: سـەیری پێغەمبەری خوام ئەکرد صـلی الله علیە وسـلم پەنجەی ئەمژی، ئەها پێغەمبەری خوا چەن جوان تەمســـیلەکە ئەکا بۆ منالّ، بۆ ئەوەی، کە منالّ فێربێ، ئەفەرمێ: ئینجا بە لای بەندەیەک و کەنیزەکێکا ڕۆی، تەعزیبیان ئەدا، لێیان ئەیا، ئەیانوت: زیناو کردووە، دزیو کردووە لە ماڵەکە، تۆ چۆن کارەکەرێکی؟ ئێمە لە وڵاتێکەوە هێناومانیت و ئێســتە تۆ ئەچی خیانەتمان لێئەکەی، دایکەکەش وتی: (اللهم لا تجعل ابني مثلها): خوای گەورە منالەکەم وەکو ئەم ئافرەتە لێقەوماوە داماوە لێنەکەی، ئەفەرمێ منالەکە دیسـان دەمی لە شیر کردەوە و وتی: (اللهم اجعلني مثلها)، خوای گەورە وەکو ئەو ئافرەتەم لێبکەی، دایکەکە وتی کوڕم بۆ؟ تۆ بۆ وا خۆت زەلیـل و ڕەزیـل ئەکەی؟ وتی: دایکە ئەوەی تریـان پیـاوێکی لوتبەرزی

جەباری کوڕی جەبار بوو، پیاوێکی جەباری موتەکەبیر بوو، بەڵام ئەم ئافرەتە داماوە لێقەوماوە، کە کەســـــی نییە، پێی ئەڵێن زینات کردووە، پێی ئەڵێن دزیت کردووە، واش نییە، ئەوە بەندەیەکی خوایە و ڕاســتگۆیە، خوایە وەکو ئەوم لێبکەیت، ئەها قیاســات لای ئێمە جیاوازە لەوەی، کە لە قیاســات لای خوای گەورە، بۆیە ئەبێ بە پێی ئەم قیاســاتە بڕۆین، نابێ خۆمان لا بێ بە شــتێک، خۆمان لا گەورە بێ، خۆمان لا بێ بە ڕەقەمێک، لەبەر ئەوەی، کە ئەمڕۆ شــتێکمان بەدەســت هێناوە، پارەیەکمان هەیە، ماڵێکمان هەیە، باخێکمان هەیە، ناوێکمان هەیە، شـەهادەیەکمان هەیە، پۆسـتێکمان هەیە، دەسـەڵاتێکمان هەیە، پیاوی چاک بن، پیاوی چاک بن، با واز لەم سیفەتە ناشیرینە بێنین، هەر لە ئێستەشەوە مناڵەکانمان وا فێرکەین، ئەگەر دەرەجەیان هێنا، ئەگەر گەورە بوون، ئەگەر هاتن لێرە دانیشتن و وتاریان دا، ئەگەر دەعوە و بانگەوازیان کرد، ئەگەر پۆستیان کرد، خۆیان پۆز لێنەدەن بە پۆستەکانیانەوە، کەواتە نابێ ئینسان بەوەوە پۆز لێبات، ئینســان لای خوا ڕەقەمەکەی چەنە، لە ئەرزیشــا ڕەقەمەکەی ئەوەنەیە بەڕێزەکەم ، تۆ گرنگ ئەوەیە لای خوای گەورە بەڕێز بیت. عەبدوڵڵای کوڕی مســــعود مناڵێکی بچکۆلە بوو شــــوان بوو لە مەکەیا بوو، پێغەمبەری خوا صـــــلی الله علیە وســـــلم چووە لای لەگەڵ ئەبوبەکرا فەرمووی: ئەی مناڵە جوانەکە، ئەی مناڵە جوانەکە شــیرێکمان نایەیتێ بۆ خۆمان، شــیرێکی ئەمانە، فەرمووی: بەڵێ من شــوانم، بەڵام ئەمینم لەســـــەر ئەمە، چۆن شـــیری ئەم حەیواناتەتان بۆ بدۆشـــم، ســبحان الله، مناڵێکی بچکۆلە هێشـــتا ئیمانی نەهێناوە لەمە تێئەگا، ئەفەرموێ: (أنا مؤتمن): من پیاوێکم، کراوم بە ئەمیندار لەســـــەر ئەم حەیوانانە، ناتوانم شــیری حەیوانێکیشــت بۆ بدۆشــم. پێغەمبەری خوا بە ئەبوبەکر ئەڵێ، نایانناســێ، پێغەمبەری خوا ئەفەرمێ: حەیوانێکم بۆ بانگکە، هێشـــتا نەزابێ، حەیوانێکی بۆ ئەهێنێ، پێغەمبەری خوا دەســـت بە گوانیا ئەهێنێ، پڕ ئەبێ لە شیر، جا خۆی لە شیرەکا ئەخواتەوە و ئەشیدا بە ئەبوبەکر، عەبدوڵای کوڕی مەسعود هەر ئاوا ســــەیریان ئەکا، ڕووداوەکەی زۆر بەلاوە عەجیب ئەبێ، ئەڵێ: کابرا تخوا فێری ئەوەم کە، کە ئێســتاکێنە کردت، وا ئەزانێ ســیحرەکا، پێغەمبەری خوا صــلی الله علیە وســلم ئەفەرمێ: (إنك غلام معلم): دەســت بەســەریا ئەهێنێ، دوعای بۆ ئەکا، عەبدوڵای کوڕی مسعود بە مناڵی ئا لەویانەیا موسڵمان ئەبێ، مناڵێکی بچکۆلەی شوان ئیمان ئەهێنێ، هەر لەگەڵ پێغەمبەری خوا ئەمێنێتەوە صلی الله علیە وسلم، هەتا پێغەمبەری خواش صـــلی الله علیە وســـلم ئەچێ بۆ مەکە، پیاوێکی ئەوەنە زەعیف، ئەوەنە بچکۆلە، هەموو کێشـــــێکی لەوانەیە چل کیلۆ نەبووبێ، جارێکیان پێغەمبەری خوا، جا ئەفەرموێ خزمەتکاری پێغەمبەری خوا بوو عەبدوڵای کوڕی مەسعود، ئەفەرمێ نەعلەکانی پێغەمبەری خوا لە بن باڵیا بوو دایمە، گۆچانەکەی لای ئەو بوو، شــوێنی ڕاخســتنەکەی لای ئەو بوو، ئاوی دەســنوێژەکەی لای عەبدوڵای کوڕی مەســعود بوو، حوزەیفە ئەفەرمێ کەســم نەبینیوە لە ســونەتی پێغەمبەری خواوە نزیک بێ لە عەبدوڵای مەســعود زیاتر، ئەوەنە نزیک بوو لە پێغەمبەری خواوە، پێغەمبەری خوا زۆری خۆشـئەویسـت، جارێکیان ئێشـێکی کەوتە ســـەر دار خورمایەک، پێغەمبەری خوا فەرمووی بڕۆ عەبدوڵا ئەو شـــتەم بۆ بێنە لەســـەر دارەکە، ئەفەرمێ: عەبدوڵای کوڕی مەسعود بەسەر دارەکەیا هەڵگەڕا، قاچێکی بچکۆلەی ئەوەنەی هەبوو، کەوتبووە سەر دار خورماکە، باش ئەیشەکان، سەحابەکان سەیری عەبدوڵای کوڕی مەسعودیان کرد، بە خوا ئێسە بەرەبێتەوە ئەها ســەیری کەن، پێئەکەنین، پێغەمبەری خوا صــلی الله علیە وســلم فەرموی: (أتعجبون من دقة ساقیه): ئەوە سەیرتان لێ یە لە دووقاچی عەبدوڵا، (والله إنها عند الله أثقل من جبل أحد): ئەفەرمێ قەسەم بە خوا

ئا ئەو قاچانە لای خوای گەورە لە کێوی ئوحود سەنگینترە، قورسترە، ئەزانی کێوی ئوحود چەن کیلۆیە؟ ڕەقەمێ لێیەن، عەبدوڵا خۆی ٤٥ کیلۆ نەئەبوو، ٤٥ ملیار طەن، ٤٥ ملیار طەنە، قاچێکی عەبدوڵا لە بەهەشت و لەناو قیامەتا، کە ئێستە خەریکە با ئەیشەکێنێ و با ئەیبا، بۆیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرمێ: (يحشر المتكبرون على صور ذر يوم القيامة تطؤهم الناس لهوانم على الله تعالى): موتەکەبیرەکان ئەزانن لە ڕۆژی قیامەتا چۆن حەشر ئەکرێن؟ ئیفلام کارتۆنتان بینیوە، فلیمتان بینیوە، ئینسان دەرمانێ ئەخوا بچوک ئەبێتەوە؟ یاخود لە تیشکێکی ئەیەن بچوک ئەبێتەوە، ئاوای لێیە، ئەفەرمێ ئەبێ بە مێرولەی زەرد، کە سەت دانەیان بە قەدەر ئەنگوستیلەیە نابن، ئەفەرمێ لە ژێر پێی خەڵکا ڕائەکەن: (على صور رجال): نابن بە مێرولە، ئەفەرمێ هەر ئینسانەکەیە، هەر ئەم خۆبەزلزان و خۆبەگەورەزان و بە هینەیە کە ئیساکە، دانیشە کاکە بۆ وا خۆو شپرز ئەکەی، خۆی لێبووە بە شتێ، (وَلا تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا)، (مَرَح): ئەها، کە ئەوەی ئیتر شوێن بە خۆی ناگرێ، ئیتر هەر هین ئەکات و ئەبێ کامێرە لە دەوری بێت و یەک کۆمەڵ منەصەی بۆ ڕیزکرابێت و قسە بکات و بەس ئەم قسە ئەکا، باشە، لە قیامەتا خوای گەورە ئەزانی ئەیکا بە چی؟ ئەیکا بە مێرولە زەردەکان، ئەکەوێتە ژێر پێی خەڵکەوە، شێوەی مێروولە نییە، شێوەی ئینسانەکە خۆیەتی، بینیوتانە لە ئیفلام کارتۆنەکە ئاوا بچوک بونەتەوە و لە ژێر پێی ئینسانەکانا ڕائەکەن بۆ ئەوەی کەس نەیانشێلێ، (تطؤهم الناس لهوانهم على الله تعالى): ئاوایان لێیەت، ئینجا ئەفەرمێ: ئەبرێن بۆ شوێنێ بە زیلەتی ئەیانبەن بۆ سجنێ پێی ئەوترێ سجنی (بۆڵەس)، سجنی چی؟ سجنی بۆڵەس، لە چی ئەچێ بۆڵەس ئەو کەلیمەیە، کە پێغەمەری خوا ئەفەرمێ؟ پۆلیس، سبحان الله، ئەم کەلیمەیە پێغەمبەری خوا لە حەدیسا باسی ئەکا، ئەفەرمێ: سجنێکیان بۆ ئەکەنەوە، ئاگر و ئاسنیان بەسەرا دائەبارێنێ، پێی ئەوترێ: (سجنی بۆڵەس)، باشە خۆشەویستەکانم، باشە باوکی من، لەبەر ئەوە بەڕێزەکانم ئینسانێک بە کیبر خۆی بگەیەنێتە ئەم دەرەجەیە، خۆی موستەحەقی ئاگر کات، هی ئەوە نییە بە ڕاستی بەزەییت بێتەوە پێیا لە دنیایا؟ بڵێی: کوڕی من تۆزێ لەسەرخۆبە، ئەوەی کە لەبەردەمتایە ئەویش هەر بەشەرە، ئینسانە، (كلكم من آدم، وآدم خلق من تراب): هەمووتان لە ئادەمن، وە ئادەمیش لە گڵ درووسبووە، لەبەر ئەوە تۆزێک تۆزێک هادیئبەرەوە، تۆزێ وەرەوە بە هۆشی خۆتا، خۆت ئەوەنە بە شتێک و بە ڕەقەم مەزانە، (لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ): دروستکردنی ئەرز و ئاسمانەکان گەورەترە لە دروستکردنی ئینسانەکان، (وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ).

# الملخص


هذه الاطروحة بعنوان (مشـــاركة الخارطة اللغوية للفرد في التوافق اللغوي: مشـــاركة اللغة الإليكترونية أنموذجا) محاولة لإبراز وتوضيح مفهوم و المجال العملي لـــ (خارطة اللغة الفردية) والـــ(إديولكت) ودورهما في التوافق اللغوي. والدراسة تدخل في ميدان علم اللغة الاجتماعي ، ) الذي استعملنا فيه المنهج الوصفي التحليلي، والمراد من اللغة الإليكترونية كما جاء في العنوان الفرعي للدراسة، ذلك المجال الواسع غير المحدود وتشمل استعمال أسلوبي اللغة: التعبيري والكتابي؛ لذلك كانت عينة الدراسة لغة الخطابة الدينية في موقع اليوتيوب حصرا.

وتكمن أهمية الاطروحة في ســـد فراغ كبير في مجال علم اللغة الاجتماعي باللغة الكوردية، لأنه ولغاية كتابة هذه الدراســـة لم تسـجل أي دراســـة مسـتقلة في مجال الخارطة اللغوية للفرد باللغة الكوردية، أما اختيار العنوان فقد كان بسـبب النظرة العرفية السـائدة للغة الفرد والتباين اللغوي بوصـفهما مشـكلة وعائقا في طريق التوافق اللغوي واللغة المشـتركة وكانوا يعدونه سـببا للاختلاف وتشـتت اللهجات واللكنات. في هذه الاطروحة اثبتنا عكس تلك النظرة، إذ يمكن أن يكون التباين اللغوي للفرد (عن طريق استعمال الأسلوب اللغوي القوي) عاملا أساسا للتوافق اللغوي بين أفراد المجتمع.

محتويات الاطروحة إذا استثنينا منها (المقدمة والنتائج) يمكن تقسيمها على ثلاثة فصول.

الفصـل الأول: كان لإبراز قيمة اللهجة الفردية في علم اللغة الاجتماعي، بعد التعريف وبيان مفهومه، مع الاسـتنارة بآراء المتخصـصـين في بيان قيمة لهجة الفرد ضـمن اتجاهين متضـاديين: الاتجاه الأول يجعل من المجتمع اللغوي مركزا للدراسـة؛ ومنها ينتقل إلى المكونات الصـغيرة للهجة الفردية ويحللها. والاتجاه الثاني بالعكس من ذلك يجعل التعبير الفردي مركزا وأساسا للتحليل اللغوي ومنها يدرك النظام اللغوي للمجتمع، وبعدها يبدأ دراسة مفهوم التباين اللغوي وأسبابها بشكل أدق؛ ويتضح من ذلك: أن كل التباين اللغوي تدور حول عاملين هما (الوراثة و البيئة).

الفصـــل الثاني: جاء لتعريف مفهوم الخارطة اللغوية للفرد ودورها في العملية التواصـــلية مع مراعاة المتغيرات الثلاثة (الجنس، العمر، الطبقة الاجتماعية)، ومن ثم بيان أثر قوة اللغة ولغة القوة على إقناع المتلقيين، وبعدها تم التحقق من الاســـتراتيجيات اللغوية التي تعد من الأدوات الرئيســـة للأبحاث المعاصـــرة، أثبتنا فيه أن تلك الاستراتيجيات لايمكن أن تكون أسـاسـا وذات خصـائص للأسـلوب القوي أو الضـعيف مطلقا، إلا بمراعاة الأبعاد الثقافية والسياق غير اللغوي والجنس والعمر وموقف المتكلم والمتلقي ورتبتهما.

الفصل الثالث: القسم التطبيقي؛ إذ تم تخصيصه لتطبيق الاستراتيجيات اللغوية في الخطب الدينية في اللغة الكوردية، ودورها في التوافق اللغوي. ومن مجموع سـبع اسـتراتيجيات لغوية مسـتعملة اسـتطعنا أن نحصـل على (١٣١٦) مثالا من العينات الخمس للاطروحة، وبعدها قمنا بتحليل كل واحدة منها في الأمثلة المحصـــلة لها بما يناســـبها وصـولا إلى الأهداف وهي: (١) تعيين اسـتراتيجيات القوة والضـعف في اللغة (٢) إبراز المهارات اللغوية الفردية للخطباء (إديولكت) من صياغة واستعمال الاستراتيجيات اللغوية القوية لإقناع المتلقي وإرضائه وصولا إلى التوافق اللغوي. وكل الاستراتيجيات اللغوية المستعملة ما عدا (استراتيجية التردد) كانت تمثل أسلوبا قويا .

في الختام، تم عرض نتائج الاطروحة وقائمة بالمصـــادر والمراجع ومســـتخلصـــين للاطروحة باللغتين العربية والإنجليزية.

# Abstract

This dissertation, which is entitled "The Contribution of the Language Map of Individual in Language Patterning: Contributions of Electronic Language as Example", is an attempt to introduce and explain the concept and the relevant scopes of *language map of individuals*, idiolect, as well as these concepts' roles in language patterning. This study falls into the field of (sociolinguistics) in which the analytical descriptive approach has been employed. The term "electronic language" as the subtitle includes has a broad area of language including written and spoken. Hence, the sample of the study is limited to the language of religious speeches on YouTube website.

The significance of this study lies in the fact that it fills a huge gap in the existing literature in sociolinguistics in Kurdish. To this date, no studies have been conducted to address (language map of individuals) or (idiolects) in Kurdish language. The rationale behind the selection of this title is to rebut the traditional perception of viewing language of individuals and language differences as not only hindrances and obstacles before standard language, language development and survival but also as factors to scatter and disperse dialects. This study proves that it is possible for language differences of individuals, by using strong language styles, to become fundamental factors of language agreement among the individuals of a society.

The content of this dissertation, apart from the introduction and the conclusion, is divided into three chapters:

The first chapter is concerned with the significance of idiolects in sociolinguistics. It defines the term idiolect and presents the experts' views in two contradictory directions. The first direction has a top-down nature, as the core of the investigation of this direction of views is the discourse of the society; and from this point on, the smaller components of the individual's discourse is analyzed. On the contrary, the second direction of the experts' views has a bottom-up nature. This direction considers the individua's discourse as the core and the base of its investigation; and from there on, the discourse of the society is looked at and recognized. Later on, the concept of "language differences" and its factors are studied. It is found out that such differences were affected by two factors: inheritance and environment/learning.

The second chapter, however, defines the concept of *language map of individuals* "idiolect". The role of idiolect, considering the three variables of gender, age and social status, in the process of communication is also studied. After that, this chapter explains how the power of language and the language of power affect a recipient's persuasion. Later in the chapter, it is proven that the strategic language variables employed in the modern researches cannot be effective and strong traits of strong or weak language styles unless other variables of culture, non-linguistic environmental variables, gender, age and social status are also taken into account.

The third chapter is an empirical part of the dissertation, and it is devoted for the impacts of language strategies in the Kurdish religious speeches. From the seven language strategies used in the study, we could extract (1316) instances from the five samples of the dissertation. Each strategy is later analyzed with examples in order to 1) distinguish the strong strategies from the weak ones, and 2) present the preachers' own language skills "idiolect" in the construction and usage of powerful language strategies in the quest of attaining the listeners', recipients', agreement and persuasion and language patterning. All the used language strategies, apart from *hesitation strategy*, are seen as effective characteristics of language styles.

In the conclusion chapter, the findings of the research are presented. This is followed by a list of the references as well as the abstract of the study in both Arabic and English languages.